حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زمان/ بەشی زمانی کوردی

# ڕەنگدانەوەی ژانرە ئەدەبییەکان

# لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی تاراندا (١٩٥٩-١٩٦٣)

نامەیەکە

اوارە خدر محمود

پێشکەشی بەشی زمانی کوردی-کۆلێجی زمان- زانکۆی سلێمانی کردووە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت

پ. د. مەریوان عمر حسن

٢٧٢٢کوردی ٢٠٢٢زایینی

ئەم نامەیە: ((ڕەنگدانەوەی ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی تاراندا ١٩٥٩-١٩٦٣))، بە سەرپەرشتی و چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت

ناو : پ. د. مەریوان عمر حسن

ڕۆژ: / / ٢٠٢٢

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ.ی.د. محمد عومەر عەول

سەرۆکی بەشی کوردی

/ / ٢٠٢٢

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بەپلەی: (                    ) بڕاونامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.**

**ناو :**
**ئەندام :**
**ڕۆژ :   /   / ٢٠٢٢**

**ناو :**
**ئەندام:**
**ڕۆژ:   /   / ٢٠٢٢**

**ناو:**
**ئەندام و سەرپەرشت:**
**ڕۆژ :   /   / ٢٠٢٢**

**ناو :**
**سەرۆکی لیژنە:**
**ڕۆژ :   /   / ٢٠٢٢**

**لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجەوە پەسەند کرا.**

**ناو :**
**ڕاگری کۆلێجی زمان**
**ڕۆژ:   /   / ٢٠٢٢**

## پێشکەشە بە:

- دایک و باوکم ..
- هاوسەر و منداڵەکانم.

# سوپاس و پێزانین :

سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ئەم بەڕێز و لایەنانەی خوارەوە دەکەم :

- سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و ڕاگرایەتیی کۆلێجی زمان و بەشی زمانی کوردی.
- سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین و ڕاگرایەتیی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت و بەشی زمانی کوردی.
- بەڕێز مامۆستای سەرپەرشتم (پ. د. مەریوان عمر حسن)، کە بەدڵسۆزییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ و بەڕێنمایی و سەرنجەکانی ئەو نامەکەی دەوڵەمەند کرد.
- فەرمانبەرە بەڕیزەکانی هەردوو کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی ڕاپەڕین.
- هەموو ئەو کەسانەی، کە بەوشەیەک یارمەتیان داوم.

# ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ٢-١ |
| دەستپێک | ٥-٣ |
| بەشی یەکەم/<br>- ناساندنی چەمک زاراوەی ژانر (سەرهەڵدان و گەشەسەندن) | ٤٧-٦ |
| پاری یەکەم/ چەمک و زاراوەی ژانر | ٩-٦ |
| سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ژانرەکان | ١٧-١٠ |
| پۆلێنکردنی ژانرە ئەدەبییەکان | ٢٢-١٧ |
| ئاوێتەبوونی ژانرەکان | ٢٦-٢٣ |
| پاری دووەم/ سەرهەڵدانی ژانرەکان و پۆلێنکردنیان لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا | ٣٦-٢٧ |
| ژانرە پەخشانی و گێڕانەوەییەکان | ٤٢-٣٦ |
| پۆلێنبەندی ژانرەکان لە ئەدەبی نوێی کوردیدا | ٤٧-٤٢ |
| بەشی دووەم/<br>شێوە بنەڕەتییەکانی ژانری شیعر لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی تاراندا | ٩٣-٤٨ |
| پاری یەکەم/ شێوە بنەڕەتییەکانی ژانری شیعر | ٤٨ |
| یەکەم/ شیعری لیریکی | ٥٠-٤٨ |
| شیعری لیریکی لەڕووی ناوەڕۆکەوە | ٥٠ |
| شیعری دڵداری | ٥٣-٥٠ |
| شیعری نیشتیمانی و نەتەوایەتی | ٥٥-٥٣ |
| شیعری کۆمەڵایەتی | ٥٨-٥٦ |
| شیعری ئاینی | ٦١-٥٨ |
| شیعری وەسف | ٦٥-٦٢ |
| شیعری لاواندنەوە و شیوەن | ٦٧-٦٥ |
| شیعری ستایش | ٦٩-٦٨ |
| شیعری شانازی | ٧٠-٦٩ |

| | |
|---|---|
| شیعری مەینۆشی | ٧٢-٧١ |
| شیعری بۆنە | ٧٤-٧٢ |
| نامەی شیعری | ٧٥ |
| دووەم/ داستانە شیعر | ٧٩-٧٦ |
| سێیەم/ شیعری درامی (شانۆیی) | ٨٢-٧٩ |
| چوارەم/ شیعری فێرکاری | ٨٥-٨٢ |
| پاری دووەم/ شێوەکانی دیکەی شیعر | ٨٦ |
| چیرۆکە شیعر | ٨٨-٨٦ |
| سروود | ٩١-٨٨ |
| شیعری وەرگێڕدراو | ٩٣-٩١ |
| بەشی سێیەم/ ژانرە پەخشانییەکان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا | ١٤١-٩٤ |
| پاری یەکەم/ وتار | ٩٤ |
| چەمکی وتار | ٩٦-٩٤ |
| ڕەگەزەکانی وتار | ٩٧-٩٦ |
| جۆرەکانی وتار | ٩٧ |
| یەکەم/ وتاری کۆمەڵایەتی | ٩٩-٩٨ |
| دووەم/ وتاری زمانەوانی | ١٠٠-٩٩ |
| سێیەم/ وتاری ئاینی | ١٠٢-١٠١ |
| چوارەم/ وتاری ئەدەبی و هونەری | ١٠٢ |
| پێنجەم/ وتاری ئابوری | ١٠٣ |
| شەشەم/ وتاری مێژوویی | ١٠٥-١٠٤ |
| حەوتەم/ وتاری سیاسی و نشتیمانی | ١٠٦-١٠٥ |
| هەشتەم/ وتاری زانستی | ١٠٦ |
| پاری دووەم/ چیرۆک | ١١٢-١٠٧ |
| چیرۆکی وەرگێڕدراو | ١١٥-١١٢ |
| پەخشانی هونەری | ١١٧-١١٥ |

| | |
|---|---|
| شانۆنامە | ١٢١-١١٧ |
| پاری سێیەم/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | ١٢٤-١٢٢ |
| نامەی ئەدەبی | ١٢٦-١٢٤ |
| ژیاننامە | ١٢٩-١٢٦ |
| پاری چوارەم/ ئەدەبی فۆلکلۆر | ١٤١-١٣٠ |
| ئەنجامەکان | ١٤٣-١٤٢ |
| سەرچاوەکان | ١٥٣-١٤٤ |
| الملخص | ١٥٤ |
| Abstract | ١٥٦-١٥٥ |
| پاشکۆ | ١٥٨-١٥٧ |

# پێشەکی

ژانرەکان پانتاییەکی فراوانیان لە ئەدەبیاتی کۆن و نوێی جیهانیدا داگیر کردووە، یەکێک لەو ڕۆژنامانەی، کە گرنگی زۆری بە ئەدەبیاتی کوردی و ژانرە ئەدەبییەکان بە گشتی داوە، بەشێکی زۆر لە ڕووپەڕی ژمارەکانی ڕۆژنامەکەی بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم مەبەستە تەرخان کردووە، بریتییە لە ڕۆژنامەی (کوردستان) لە شاری تاران بە زمانی کوردی و دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی دەرچووە.

یەکێک لە بایەخەکانی ئێمە بۆ بەسەرکردنەوەی ئەم ڕۆژنامەیە ئەوەیە، کە تا ئێستا هیچ توێژەرێک توێژینەوەی سەربەخۆی لەسەر ژانرەکانی نێو ئەم ڕۆژنامەیە نەکردووە، کە بۆ ماوەی زیاتر لە (٤) ساڵ بەردەوام بووە، لە کاتێکدا ئەم ڕۆژنامەیە لە (٢٠٩) ژمارەیدا بایەخێکی گەورەی بە ژانری شیعر و ژانرە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکان داوە، ئەم ڕۆژنامەیە یەکەم ژمارەی لە بەرواری (٦/ ٥/ ١٩٥٩) دەرچووە، هەروەها دواهەمین ژمارەی ڕۆژنامەکەش لە بەرواری (٢٩/ ٥/ ١٩٦٣) دەرچووە، ڕۆژنامەی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی تەمەنیدا گرنگی زۆری بە ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکان داوە، بە شێکی زۆر لە ڕووپەڕی ژمارەکانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردووە.

**سنوری توێژینەوەکە:** سنووری ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی تاران (١٩٥٩-١٩٦٣) دایە، کارکردنمان لە چوارچێوەی ژانرە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکانی نێو ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەیە، کە ژمارەیەکی زۆر لە ژانرە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکانی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ڕوونکردنەوەی چەمک و بنەمای ژانرەکان و پیشاندان و خستنەڕووی هەموو ئەو ژانرە ئەدەبییە جیاوازانەی، کە لە نێو ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان- تاراندا بڵاوکراونەتەوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** لەبەر ئەوەی لە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا، ژمارەیەکی زۆر لە ژانرە ئەدەبییەکانی تێدا بڵاوکراوەتەوە، ئەم توێژینەوەیەی ئێمە هەوڵێکە بۆ ناساندنی ڕۆژنامەکە و پیشاندانی ژانرە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکانی نێو ڕۆژنامەکەیە، لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا هیچ توێژەرێک هیچ توێژینەوەیەکی سەربەخۆی دەربارەی ئەم ڕۆژنامەیە و ژانرە ئەدەبییەکانی نێو ئەم ڕۆژنامەیەی نەکردووە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە چوارچێوەی میتۆدی چۆنییەتی ( Qualitative Method)، وەسفی – شیکاری بۆ شیکردنەوەی زانیارییەکان (Data) بەکارهێناوە.

**گیروگرفتی توێژینەوەکە:** لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەکە ژمارەکانی زۆرە، هەروەها ژمارەیەکی زۆری ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکانی تێدا بڵاوکراوەتەوە و سنووری توێژینەوەکەی ئێمەش دیاری کراوە، بۆیە ناتوانرێت هەموو ئەو ژانرە ئەدەبییە جیاوازانەی کە لە رۆژنامەکەدا بڵاوکراونەتەوە لە هەموو ڕوویەکەوە بخرێنەڕوو، وە هەروەها لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەکە بە هەمان شێوەی خۆی چاپکراوەتەوە، هەر بۆیە بەشێک لە نووسینەکان وەک پێویست ناخوێنرێنەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بەسەر پێشەکی و دەستپێک و سێ بەش و ئەنجام و سەرچاوەکاندا، لە **بەشی یەکەمدا**، ناساندنی چەمک و زاراوەی ژانر (سەرهەڵدان و گەشەسەندن)مان خستۆتەڕوو، دابەشکراوە بەسەر دوو پاردا، لە پاری یەکەمدا سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ژانرەکان و پۆلێنکردن و ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان خراوەتەڕوو، هەروەها لە پاری دووەمدا، سەرهەڵدان و پۆلێنکردنی ژانرەکان لە ئەدبیاتی کوردیدا پێشان دراوە.

لە **بەشی دووەمدا**، کە دابەشکراوە بەسەر دوو پاردا، لە پاری یەکەمدا پێشاندانی شێوە بنەڕەتییەکانی ژانری شیعر لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا بە نموونەی شیعری نێو رۆژنامەکە و شیکردنەوەی پێویستەوە خراونەتەڕوو، هەروەها لە پاری دووەمدا، جۆرەکانی دیکەی شیعری نێو ڕۆژنامەکە خراوەتەڕوو.

لە **بەشی سێییەمدا**، ژانرە پەخشانییەکان لە ڕۆژنامەکەدا خراونەتەڕوو، لەگەڵ خستنەڕوو و پێشاندانی سەرەتاییەکی تیۆری بۆ هەریەک لەو ژانرانەی، کە لە توێژینەوەکەدا خراونەتە بەرباس، دابەشی چوار پارمان کردووە، لە پاری یەکەمدا چەمک و بنەما و ڕەگەزەکانی وتار و جۆرەکانی وتار لەنێو ڕۆژنامەی کوردستاندا خراونەتەڕوو، هەروەها لە پاری دووەمدا چیرۆک و چیرۆکی وەرگێڕدراو و پەخشانی هونەری و شانۆنامە پێشاندراون، لە پاری سێیەمدا لێکۆڵینەوە و نامە و ژیاننامەی ئەدەبیمان خستۆتەڕوو، هەروەها لە پاری چوارەمدا ژانرە فۆلکلۆرییەکان خراونەتەڕوو، لە کۆتایدا ئەنجامەکان و سەرچاوەکان بەپێی ئەلف و بێی کوردی و بەپێی زمانەکان ڕیزمانکردوون و جیاکراونەتەوە.

# دەستپێک

## ناساندنی ڕۆژنامەی کوردستان:

ئەدەب بەگشتی دابەشی چەندین ژانری جیاوازی شیعر و پەخشان دەکرێت، کە مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی و ئەدەبی کوردی بە ژانری شیعر دەستپێدەکات، ئەمەش پەیوەندی بە تایبەتمەندی شێواز و پێکهاتەی ژانری شیعرەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ئامێری چاپ و چاپەمەنی و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، جیاوازیەکی ئەوتۆی لە نێوان ژانرە شیعری و پەخشانییەکان نەهێشت.

دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامە بە زمانی کوردی بە نێوی ڕۆژنامەی (کوردستان) لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرەی پایتەختی میسر، لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانیەکانەوە، سەرەتایەک بوو بۆ وەرچەرخانێکی نوێ لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، کە دواتر چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە بەزمانی کوردی دەرچوون، کە بوون بە کانگا و مەڵبەندی ژانرە ئەدەبییەکان و سەکۆیەک بوون بۆ گەیاندنی پەیامی ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکان، یەکێک لەو ڕۆژنامانەی کە گرنگی زۆری بە ئەدەبیاتی کوردی داوە و بەشێکی زۆر لە ڕووپەڕی ژمارەکانی ڕۆژنامەکەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە، بریتییە لە ڕۆژنامەی (کوردستان)، کە لە ساڵی ١٩٥٩ لە شاری تاران بە زمانی کوردی و دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی دەرچووە، بۆ ماوەی (٥) ساڵ بەردەوام بووە، بەڵام لە سەرەتای ساڵی پێنجەمدا تەنیا بۆ ماوەی (٤) هەفتە و (٤) ژمارەی لێ چاپکراوە، واتە لە سەرەتای دەرچوونییەوە تا کۆتا ژمارەی هەموو هەفتەیەک ژمارەیەکی لێ چاپکراوە، کە ژمارەکانی بەم شێوەیە بەسەر ساڵەکانی دەرچوونیدا دابەشکراون:

- ساڵی یەکەم (٥١) ژمارە.
- ساڵی دووەم (٥٢) ژمارە.
- ساڵی سێییەم (٥١) ژمارە.
- ساڵی چوارەم (٥١) ژمارە.
- ساڵی پێنجەم (٤) ژمارە.

واتە کۆی گشتی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە، کە لە ماوەی دەرچوونیدا بڵاوکراونەتەوە بریتییە لە (٢٠٩) ژمارە، یەکەم ژمارەی لە بەرواری (١٩٥٩/٥/٦) دەرچووە و کەوتۆتە بەر دیدەی خوێنەران، هەروەها دوواهەمین ژمارەی ڕۆژنامەکەش لە بەرواری (١٩٦٣/٥/٢٩) دەرچووە، بەڵام لەم بەروارە بەدواوە ئەم مۆمەش لە ئاسمانی ڕۆژنامەگەری و وێژەی کوردیدا کوژاوەتەوە.

لەم ڕۆژنامەیەدا دەستەیەک لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد کاریان کردووە و لەدەوری ڕۆژنامەکە کۆبوونەتەوە، دیارە لەسەرەتادا نووسەران و خوێندکارانی کورد ڕەتیان کردەوە، کە لەژێر دەسەڵاتی ئەو کاتەی ئێراندا کاری ڕۆژنامەگەری بکەن و هەوڵی بڵاوبوونەوەی بەرنامەی دەسەڵاتی ئەو کاتەی ئێران بدەن، بەڵام دوای لێکدانەوەی بارودۆخی ئەوکاتەی کورد لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەلایەن کۆمەڵێک لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردەوە، بڕیاریاندا بچنە نێو ئەم کارە گەورەیە و بەهۆی ئەم ڕۆژنامەیەوە خزمەتی کورد و زمان و ئەدەبی کوردی و کلتور و ناسنامەی کوردی بکەن، هەر وەک (محەمەد صدقی موفتی زادە) سەرنووسەری ڕۆژنامەکە دەڵێ: (هەرچەندە ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ژێر چاودێری سەختی حکومەتدا دەرئەچوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕاستەقینەدا خزمەتێکی گرنگی بە زمان و ئەدەب و مێژووی گەلی کورد کردووە، بەڵام پاش زیاتر لە چوار ساڵ لە چاپدانی ڕۆژنامەکە، بۆ دەوڵەت دەرکەوت جگە لە زیان بۆ سیاسەتی دەوڵەت، سوودێکی تێدا نییە، لەبەر ئەوە لە سەرەتای بەهاری (١٣٤٢) ڕۆژنامەکە داخرا)(کوردستان، ح، ٢٠١٢).

لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە، ژمارەیەکی زۆر لە شیعری شاعیرانی کوردی تێدا بڵاوکراوەتەوە، واتا ڕۆژنامەی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی تەمەنیدا زیاتر لەهەموو ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، بایەخی گەورەی بە ژانری شیعر داوە، لە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە شیعری جۆراوجۆری شاعیرانی کوردی تێدا بڵاوکراوەتەوە، ئەو شاعیرانەی لەو سەردەمەدا ژیاون و شاعرانی کۆنی کورد و شاعیرە نەناسراوەکان شیعریان لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکراوەتەوە، ئەمە جگە لە چەندین وتار و چیرۆک و پەند و بابەتی دیکەی ئەدەبی کە بە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی تێیدا بڵاوکراوەتەوە.

ئەم ڕۆژنامەیە خزمەتێکی گەورەی بە بواری زمان و ئەدەبی کوردی کردووە، هەر بۆیە لە دوای چوار ساڵ و چوار هەفتە لە دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان، سەران و دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی ئێران بۆیان دەرکەوت، کە بەم کارەیان زیاتر هەوڵی بڵاوبوونەوە و ناساندنی زمان و ئەدەب و

کلتوری کوردیان داوە، هەر بۆیە لە ساڵی (١٩٦٣) بریاری ڕاگرتنی ڕژنامەکەیان دا، لە بەرواری (٢٩/ ٥/ ١٩٦٣) کۆتا ژمارەی رۆژنامەی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

(د. مارف خەزنەدار) لە بەرگی یەکەمی کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا، بەم شێوەیە باسی ڕۆژنامەی کوردستانی تاران دەکات و دەڵێ: ((بە کاریگەری شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە عێراق، وای لە حکومەتی ئەو کاتەی ئێران کرد، ڕۆژنامەیەکی هەفتەیی بەنێوی (کوردستان) ١٩٥٩ لە تاران چاپ و بڵاوبکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕۆژنامەیە هەوڵی داوە خەباتی چینایەتی و ڕزگاری نەتەوایەتی لە ئێران کپ بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وتاری زانستی و ئەدەبی و هونەری بەکەڵکی بڵاودەکردەوە))(خەزنەدار، ٢٠٠١، ١١٨).

(د. عوسمان دەشتی) لە لێکۆڵینەوەیەکدا، کە لە گۆڤاری (ئەکادیمیای کوردی)دا لە ژمارە (٢٤)ی ساڵی (٢٠١٣) بڵاوکراوەتەوە، چۆنیەتی ناونیشانی ڕۆژنامەکە و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی دەخاتەڕوو، واتە مەبەست و ئامانجی دەزگای (ساواک) کە هەوڵی بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوەیەکی داوە بە زمانی کوردی، کە بۆ ئامانج و مەبەستی خۆیان بەکاریان هێناوە، لە هەمان کاتیشدا ئامانج و مەبەستی سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی ڕۆنامەکە دەخاتەڕوو، کە وەک خۆیان ئاماژەی پێدەکەن مەبەستیان خزمەتکردنی زمان و ئەدەبی کوردی بووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئامانجی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پیشاندانی ژانرە ئەدەبییەکانن لەم ڕۆژنامەیەدا، کە چەندین ژانری ئەدەبی جیاوازی تێدا بڵاوکراوەتەوە و خزمەتێکی گەورەی بە ئەدەبیاتی کوردی کردووە.

## بەشی یەکەم/

## ناساندنی چەمک زاراوەی ژانر (سەرهەڵدان و گەشەسەندن):

## پاری یەکەم/

## چەمک و زاراوەی ژانر:

زاراوەی (ژانر) وەک زۆربەی زاراوە ئەدەبییەکانی دیکە، سەرچاوەکەی لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاواییەوە دەرکەوتووە، بە شێوەیەکی فراوان لەبواری ئەدەبدا بەکاردەهێنرێت، واتە ڕەگ و ڕیشە و بنج و بناوانی وشەکە لەنێو ئەدەبدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبیاتی کۆنی گریکی و ڕۆمانی، ئەگەر بڕوانینە وشەی ژانر دەبینین ئەم زاراوەیە: ((ژانر لە وشەی genre ی فەرەنسییەوە هاتووە، بە مانای جۆر، چەشن، ڕەگەز، توخمی ئەدەبی دێت))(هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٥٢). واتە لە زمانی فڕەنسی وشەی genre بە واتا کۆنەکەی بە مانای: (نەوە) دێت، بەڵام بە مانا نوێیەکەی بە مانای: ئایدیای گشتی (کۆنسێپت = مفهوم، فۆڕمێکی دیاریکراو) دێت، ئەم وشەیە بە مانای وردتری (espece)یش دەگرێتەوە، کە بە کوردی دەبێتە (بن جۆر)، واتە genre بە مانای جۆر دێ و espece بە مانای بن جۆر دێ، کە واتا زۆربەی ئەو سەرچاوانەی لەبارەی ژانرە ئەدەبییەکانەوە نووسراون، ئەسڵی زاراوەی ژانر دەگێڕنەوە بۆ زمانی لاتینی، بەڵام خودی زاراوەی ژانر دەگێڕنەوە بۆ زمانی فەڕەنسی، کە وەک زاراوەیەکی تایبەت بۆ ژانرە ئەدەبییەکان بەکارهێنراوە.

هەروەها ((لەزمانی عەرەبی کۆندا (الفنون الادبیە)یان پێگوتووە، بەڵام لەچەرخی نوێدا پتر (الاجناس الادبیە)یان بۆ داناوە، هەروەها لە زۆر سەرچاوەی تردا (الانواع الادبی) یان بۆ بەکارهێناوە))(مەنتک، ٢٠١٩، ٢٧). هەروەها لە ئەدەبیاتی فارسیشدا زاراوەی ((انواع ادبی) بەرامبەر زاراوە فەرەنسیەکە دانراوە، هەندێک جاریش زاراوەی (گونەهای ادبی) لەجیاتی بەکاردەهێنرێت))(مەولود و نازم، ٢٠١٨، ٢٠).

ئەگەر بڕوانینە هەر دوو فەرهەنگە ئەدەبییەکەی ( د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد) بە ناونیشانەکانی (فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠١٥، ٢٢٧)، هەروەها (فەرهەنگی زاراوە ئەدەبی ڕەخنەیی، ٢٠١١، ٣٩)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە (وشەی ژانر یان جۆری ئەدەبی، کە لە

عەرەبیدا (الجنس الادبی) پێدەوترێت، هەموو ئەو وشە و زاراوانەش لە بنەڕەتدا لە زاراوەی (genres)ی فەڕەنسیەوە وەرگیراون).

لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەم زاراوەیە بە چەندین شێوە و جۆری جیاواز هاتووە و بەکارهێنراوە، وەک: ( د.شوکرییە رەسوڵ) بە (هونەرەکانی ئەدەب) و (د. هەڤاڵ ئەبوبکر و د. حەمە مەنتک) بە (چەشنە ئەدەبییەکان) بەکاریان هێناوە، بەڵام بەشێکی دی لە شارەزایان و توێژەرانی دیکەی ئەدەبیاتی کوردی بە (جۆری ئەدەبی یان ژانری ئەدەبی) ناوی دەهێنن، ئەم بەکارهێنانی فرە زاراوەیە بۆ ژانرەکان لە ئەدەبیاتی کوردیدا، وەک: (ژانر، چەشن، شێوە، توخم، جۆر، هونەرەکانی ئەدەب ...هتد)، بەڵام لەهەمان کاتدا هەموو ئەم زاراوانە بۆ یەک واتا و مەبەست بەکارهاتوون و جیاوازیەکی ئەو تۆ لەنێوانیاندا نەکراوە، لەکاتێکدا مەبەست و ئاراستەی بیری هەندێک لەم زاراوانە لە یەکدی جیاوازە، ئەم بەکارهێنانی فرە زاراوەییە بۆ ژانرە ئەدەبییەکان، نەک هەر لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا هەیە و بەدی دەکرێت، بەڵکو لەنێو ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی و تەنانەت لەنێو ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایشدا بەدی دەکرێت، کە بۆ بابەتە ئەدەبییەکان و ژانرەکان وشە و زاراوە گەلێکی دیکەیان بەکار هێناوە.

چەمکی ژانر هەموو ئەو چوارچێوە و قاڵبە هونەریانە دەگرێتەوە، کە شاعیران و نووسەران بۆ داڕشتن و نووسین بەکاریان دەهێنن و لە قاڵبدانی ئەو بیر و هەست و سۆزەی دەیانەوێت لە چوارچێوەی بەرهەمێکی جوان و بە پێزی ئەدەبیدا دەری ببڕن، کە تایبەتمەندیی هەریەک لەو ژانرانەی، کە نووسەران و هونەرمەندان بۆ داڕشتنی بەرهەمەکانیان بەکاری دەهێنن، هەڵبەت و ئەو بیر و مەبەستەشی، کە وا دەیانەوێت دەریبڕێت، جیاوازن لەگەڵ یەکدی، بۆ نموونە ژانری داستان (ئیپێک) لە کۆندا لەگەڵ ژانری (دراما)دا جیاواز بووە و هەر یەک لەم ژانرانە شێوازی نووسین و داڕشتنی تایبەت بەخۆیان هەبووە، هەروەها ناوەڕۆک و بیر و مەبەستەکەشیان زۆر لەیەکدی جیاوازبوون، هەر چەندە هەردوو بەرهەمە ئەدەبییەکە بە شیعر هۆنراونەتەوە.

ڕوونکردنەوەی چەمکی ژانر لە چەند دێڕێکدا و پێناسەکردنی لەهەموو ڕوویەکەوە، کارێکی ئاسان نییە، هەر یەک لە نووسەران و توێژەران بە شێواز و تێگەیشتن و بیروبۆچوونی خۆیان لێیان ڕوانیوە، زۆرجار بیر و بۆچونەکانیش لە یەکتر جیاوازن، لەهەمان کاتدا چەند بنەمایەک کراونەتە پێوەر بۆ هەریەک لە ژانرەکان، ئێمە هەوڵدەدەین بەپێی پێویست بیر و بۆچوون و مەبەستی کۆمەڵێک لە توێژەران و بیرمەندانی بواری ژانرە ئەدەبییەکان بخەینەڕوو:

بەکارهێنانی قاڵبی جیاواز بۆ ژانرە ئەدەبییەکان دەبێتە هۆی بەرهەم هێنانی ژانری جیاواز و واتا و مەبەستی جیاواز، هەر وەک (جۆن فراو) دەڵێ: ((ژانر بریتییە لە کۆمەڵێک ئیلتیزاماتی قاڵبی، خاوەن یاسا و ڕێسای بەتەواوەتی ڕێکخراو، کە کاریگەریان لەسەر شێوەی بەرهەم هێنان و لێکدانەوەی مانا هەیە))(مەولود و نازم، ٢٠١٨، ٢٧)، یان مەبەست لە ژانر: ((بریتین لە قاڵبی گشتی هونەر بۆ ئەدەب))(شریف، ١٩٩٢، ٢٥). لەبەر ئەوەی چەمک و زاراوەی ژانر پەیوەندی بە قاڵب و شێوە ئەدەبییە جیاوازەکانەوە هەیە، هەر وەک پێشتر وتمان، ئەم بەکارهێنانی شێوە جیاوازانە بۆ ژانرەکان، دەبێتە هۆی بەرهەم هێنانی ژانری ئەدەبی و شێوەی ئەدەبی جیاواز، (د.سیروس شەمیسا) دەربارەی پێناسەی ژانرە ئەدەبییەکان، دەڵێ: ((ژانرە ئەدەبییەکان لەلای پێشینان بە (قاڵب) وەرگیراوە و باس و لێکۆڵینەوەی واتای تێدا نە ئاخێنراوە، واتا ژانر لە چەمکی پێشیناندا بریتییە لە قاڵبی ئەدەبی بەبێ شیکردنەوەی لایەنی واتا))(شەمیسا، ٢٠١٨، ٢٤). کەواتە ژانر هەموو ئەو قاڵب و شێوە ئەدەبی و هونەریانە دەگرێتەوە، کە ژانرە ئەدەبییەکانی پێداڕێژراون، وەک (داستان، دراما، ڕۆمان ...هتد)، بەڵام بەکارهێنانی ئەم قاڵبە جیاوازانە بۆ ژانرەکان، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی ژانری جیاواز و واتا و مەبەستی جیاواز،

لە دووبارە بوونەوەی بنەماکانی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لەنێو بەرهەمێکی ئەدەبی دیکەدا، دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و پەیدابوونی ژانری ئەدەبی نوێ، هەر بۆیە زاراوەی ژانر ئاماژە بە دووبارەی چەندین (ژانر – جۆر)ی ئەدەبی دەکات، هەر وەک (ئەبرامز) لە پەرتووکی (کورتەیەک دەربارەی زاراوە ئەدەبییەکان)دا، دەربارەی زاراوەی ژانر دەڵێ: ((ژانر زاراوەیەکە ئاماژە بە دووبارە بوونەوە و چەند بارە بوونەوەی جۆرێک لە ئەدەب دەکات، یان ئەوەی ئێستا بە فۆڕمی ئەدەبی ناو دەبرێت))(حسین، ٢٠٠٧، ٣٧).

(میخائیل باختین) دەربارەی ژانر، دەڵێت: ((ژانر– بیرخەرەوەی داهێنانە لە پرۆسەی گۆڕانی ئەدەبدا))(هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٥٢). لە هەر قۆناغێکدا کە ژانرەکان دووچاری گۆڕانکاری هاتوون، بەشێوازی تازەتر و داهێنراوتر دەرکەوتوون، کە داهێنانی ئەدەبی ئەو قۆناغەبووە کە کە ژانرەکە تێیدا سەری هەڵداوە.

زۆرجار بۆ جیاکردنەوە و خستنەڕوو و پێناسەکردنی ژانرە ئەدەبییەکان پەنا دەبرێتە بەر لایەنی هونەری، واتە: ((مەبەست لە چەشنە ئەدەبییەکان چوارچێوەی گشتییە بۆ ئەدەب، چونکە چەشنێک بەهۆی بونیاتی هونەرییەوە لە چەشنێکی دیکە جیاوازە، نەک بەهۆی نووسەر، سەردەم و شوێن و

زمانەکەی))(مەنتک، ٢٠١٩، ٢٩). هەروەها (تۆدۆرۆف) دەربارەی ژانرەکان، دەڵێ: ((ژانر لە سروشتی خودی زمان خۆیدایەتی، کە لە ئەبستراکشوون (تجرید) و ژانردا جموجۆڵ دەکا. ئەوەی هی تاکە کەس بێ لە زماندا نییە، ئەو تایبەتمەندییە، کە لە تێکستدا باسی دەکەین، یەکسەر دەبێتە باسی ژانر، کە تایبەتمەندی خودییەتی و هەوەڵین پرس و نموونەی بەرهەمەکە – ژانرەکەیەتی))(هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٢٩٠).

(رینیە ویلیک)ە دەربارەی ژانرە ئەدەبییەکان بەم شێوەیە لێیان دەڕوانێت و دەڵێ: ((ژانری ئەدەبی وەک دامەزراوەکانی دەوڵەت وایە، وەک بینای قوتابخانە و نەخۆشخانە و بینای پەرلەمان و کڵێسا و چەندین دام و دەزگای دیکە، کە مرۆڤ دەتوانێت لە نێویاندا کاربکات و گوزارشت لە خۆی بکات و دامەزراوەی نوێ دابمەزرێنێ))(دوزە، ٢٠١٨، ٦١). لێرەدا مەبەست ئەوەیە، کە ژانرە ئەدەبییەکان (شیعر و رۆمان و چیرۆک ...هتد) وەک ئەو دام و دەزگایانە وان، کە شاعیران و نووسەران دەتوانن لە نێویاندا کاربکەن و ژانری نوێ و بەرهەمی نوێ دروست بکەن و بهێننە کایەوە.

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین پێناسە و ڕێکەوتنێکی ورد و گشتگیر نییە بۆ زاراوە و چەمکی ژانر، کە شارەزایانی بواری ئەدەب لەسەری ڕێککەوتبن، بەڵکو هەر یەکێک لە توێژەرانی ئەم بوارە بە پێی تێگەیشتنی خۆی بۆ ژانرەکان لە چەمکی ژانری ڕوانیوە، هەر وەک ڕەخنەگری ئەڵمانی (کارڵ فیاتور) لە توێژینەوەکەیدا باس لە ژانرەکان دەکات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە: ((پێناسەکردنی ژانر یان ڕەگەزی ئەدەبی لەڕووی زاراوەوە قورس و گرانە، هەروەها باسی ئەو کۆنگرە زانستییە دەکات، کە دەربارەی پەیوەندی ژانرەکان بە یەکەوە بەسترا، ئەم کۆنگرەیە تایبەت بووە بە ناساندنی شیعری داستانی، لیریکی، شانۆیی، کە ناسراون بە ژانرە گەورەکان، بەڵام تێیدا نەتوانرا پێناسەیەک بۆ ژانر بکرێت، لەبەر ئەوەی دەستەواژەی ژانر پەیوەندی بەلایەنی زمانەوانییەوە هەیە))(ستالونی، ٢٠١٤، ٢٣-٢٤). بەم جۆرە دەبینین دەیان بیر و بۆچوونی جیاوازی توێژەرانی ئەم بوارە هەیە دەربارەی چەمکی ژانر، هەر یەکەیان لە گۆشەنیگای خۆیەوە لێی ڕوانیوە.

## سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ژانرەکان:

پێش ئەوەی ئاماژە بە سەرەتای سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ژانرەکان بکەین، پێویستە بزانین کە، هەرکاتێک باس لە فەلسەفە و ئەدەب، یاخود ژانرە ئەدەبییەکان دەکرێت، ڕاستەوخۆ پەیوەست دەکرێنەوە بە مێژووی ئەدەبیاتی یۆنانی و ڕۆمانییەکانەوە، چونکە سەرەتای تیۆرە فەلسەفی و ئەدەبی و هونەرییەکان بۆ سەردەمی گریکی کۆن دەگەڕێنەوە، (ئەفلاتوون و ئەرستۆ) یەکەمین کەسانێک بوون، کە ڕەخنە و گفتوگۆ و وتوێژیان لەبارەی ئەدەب و هونەرەوە کردووە، بەڵام ئەوەی کە گومانی تێدا نییە مێژووی ئەدەب زۆر لەپێش بیر و بۆچوونی ئەم بیرمەندانەوە هەبووە، ئەگەر بڕوانینە بەرهەمەکانی (ئەلیادە و ئۆدیسە)ی هۆمیرۆس کە (٤٠٠ساڵ) پێش ئەفلاتوون و ئەرستۆ نووسراون، دەبینین هۆمیرۆس ئەم داستانانەی بەشێوەیەک نوسیوون، بەبێ ئەوەی سنووری داستان (ئێپیک) ببەزێنێت و تیکەڵاوی سنوری ژانرێکی دی ببێت، ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەی ئەوەیە، کە هۆمیرۆس سنووری نێوان ئەم ژانرانەی ناسیووە و لەیەکدی جیا کردوونەتەوە.

ئەفلاتوون یەکەمین کەسە لە نووسینەکانیدا گفتوگۆ و قسەی لەبارەی ژانرەکانەوە کردبێت، لە کتێبی (کۆمار)دا بەشی دەیەمی بۆ بابەتی هونەر و ئەدەب تەرخان کردووە، لەم بەشەی کۆماردا باسی بەرهەمی شیعری شاعیرانی کردووە، ئەم تێڕوانینانەی ئەفلاتوون وەک سەرەتای بنچینەی تیۆری ژانرەکان ئاماژەی پێدەکرێت، بەڵام لە ئەنجامی هەموو ئەو بۆچوونە فەلسەفی و هونەریانەی دەربارەی شیعر و شاعیران و ئەرک و سروشتی دەقی شیعری گفتوگۆی لە بارەیەوە کردوون، بەرئەنجامی چەمکی لاساییکردنەوە دێنێتە پێشەوە و بەرهەمی شیعری شاعیران بە لاساییکردنەوە و بێکەڵک لە قەلەم دەدات، ئەمانەش کۆنترین بۆچوونی ئەدەبی و هونەرین دەربارەی شیعر و شاعیران، چونکە ((کۆنترین شت دەربارەی هۆنراوە لای ئەفلاتوونە، کە پێی وایە هونەر لاساییکردنەوەی سروشتە، ئەفلاتوون بە هونەرەکانی لاساییکردنەوە دەڵێت: هونەرە جوانەکان، وەکو (شیعر، وێنەکێشان، مۆسیقا) و پێی وایە ئەو لاساییکرنەوەیە لاساییکردنەوەیەکی تیپییە (حرفییە) ئەو چەمکەش ئەو مانایە دەگەیەنێ، کە هونەر لاساییکردنەوەی واقیعە و لاساییکردنەوەی خودی وێنە ئەسڵیەکەیە لەبووندا بەبێ هیچ زیاد و کەموکورتیەک))(مصطفی و علی، ١٩٨٩، ١١-١٢). هەر بۆیە بۆچوونەکانی ئەفلاتوون دەربارەی شاعیران هەستیارن.

لاساییکردنەوە لای مرۆڤ شتێکی سروشتیە و ڕۆژانە لەو کار و کردەوانەی ئەنجامیان دەدات، پرۆسەی لاساییکردنەوە دووبارە دەکاتەوە، ئەمە نەک هەر لای مرۆڤ، بەڵکو لای زیندەوەرانی

دیکەیش بەدی دەکرێت، لەپێناو مانەوە و بەردەوامیدان بەژیان کرداری لاساییکردنەوە ئەنجام دەدەن، ئەم لاساییکردنەوەیەش مەرج نییە دەقا و دەق کۆپیکراو بێت، کەواتە یەکەمین تیۆری ئەدەبی کە سەری هەڵداوە، بریتییە لە (تیۆری لاساییکردنەوە)، ئەم تیۆرە بەشێوەیەکی گشتی پشت بە بیر و بۆچوونەکانی (ئەفلاتون و ئەرستۆ) دەبەستێت.

تێروانینی ئەفلاتوون لە بواری فەلسەفە و چەمکە هزرییەکان و ئەدەب و هونەردا گرنگی زۆری هەیە، بەڵام ئەفلاتوون لە دوو ڕوانگەوە بۆ شیعر و شاعیرانی ڕوانیوە:

- بە پێی فەلسەفەی ئایدیا، بە پێی بناغەی ئەم بۆچوونە بەرهەمی شاعیران بە لاساییکردنەوە دادەنێت.

- بە پێی فەلسەفەی ڕەوشتی.

بڕواشی وایە، کە ئەو بابەت و باسانەی شاعیران بە شیعر دەیهۆننەوە، هیچ پەیوەندیەکی بە عەقڵەوە نییە و شیعر تەنیا لاسییکردنەوەیە، بەم جۆرە بۆچوونەکانی ئەفلاتوون، کە لەسەر بنەمای چەمکی لاساییکردنەوە بنیاتنراون، بە یەکەم دارێژەری تیۆر لە بواری ئەدەب و هونەر دادەنریت.

لە ڕاستیدا ئەفلاتوون بە پێی تیۆری لاسایکردنەوە جۆرەکانی (ژانرەکان)ی دابەشکردووە و باشترینیان ئەوەیانە کە لاسایی کەمتر تێدابێت، (لیریک) پاشان (داستان) و دواتر (دراما)، کەواتە ئەفلاتوون بەگشتی دووژمنی شیعر نەبووە، بەڵکو تەنیا دژی ئەو شیعر و شاعیرانەیە، کە بوونەتە هۆی تێکدانی دەروونی خەڵکی، تەنانەت ئەو شیعر و شاعیرانەی بەلاوە پەسند بووە بەو مەرجەی، کە ستایشی خواوەندەکان بکەن، لەهەمان کاتدا ئەو شیعرانەش بەباش دەزانێت، کە بۆ بواری سەربازی بەکارهاتوون و ئامانجیان خزمەتکردنی بواری سەربازی وڵات بووە و یارمەتی وڵاتیان داوە، هەر لەبەر ئەوەیە، کە ئەفلاتوون لەڕووی ئەرکەوە لە شیعری ڕوانیوە و بەراوردیان دەکات.

دوای ئەفلاتوون، ئەرستۆ وردتر قسەی لەسەر ژانرە ئەدەبییەکان کردووە و پۆلێنی کردوون، (ئەرستۆ) بە داڕێژەری یەکەمین تیۆری دابەشکاری ژانرە ئەدەبییەکان دادەنرێت، لە مێژووی تیۆری ڕەخنەی ئەدەبی جیهانیدا، ئەو تیۆرییە ڕەخنەیانەی ئەرستۆ دایڕشتوون بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، واتا تا کۆتایی سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم کاریان پێکراوە، نووسەران و شاعیران پەیڕەوی و لاسایی بیروڕا و بۆچوونە ئەدەبی و ڕەخنەییەکانی ئەویان کردۆتەوە.

ئەرستۆ بەهەمان شێوەی (ئەفلاتوون) شیعر و بەرهەمی شاعیران بە لاساییکردنەوە دادەنێت، لە بنەما گشتییەکانی لاساییکردنەوەدا هاوڕان، بەڵام لەبارەی شیعر و شاعیرانەوە پێچەوانەی ئەفلاتوونە

و بۆ چوونی جیاوازی هەیە و تێڕوانینی بۆ لاساییکردنەوە جیاوازە، واتە ((ئەگەر ئەفلاتون چەمکی لاساییکردنەوەی بەسەر هەموو شتێک لە واقیع و جیهانی سروشتدا گشتاندبێ، ئەوا ئەرستۆ لاساییکردنەوەی تەنیا بۆ هونەر بەکارهێناوە، ئەرستۆ پێی وایە نووسەر کاتێ لاسایی دەکاتەوە تەنیا شتەکان ناگوازێتەوە، بەڵکو دەستکاریان دەکات، تەنیا لاسایی ئەو شتانەش دەکاتەوە کە لەوانەیە نەبیت))(الماضی، ٢٠١٠، ٣١-٣٣).

ئەفلاتوون لاساییکردنەوە بەسەر هەموو بابەتە داهێنراوەکانی عەقڵ لە جیهانی داهێنراوی فەلسەفە و هونەردا دەسەپێنێت، بەڵام ئەرستۆ چەمکی لاساییکردنەوەی سنوردار کرد و پەیوەستی کرد تەنیا بە چەند لایەنێکەوە وەک: ((هونەرە جوانەکان ئەوانیش بریتین لە مۆسیقی و وێنەکێشان و هونەری تەشکیلی و جۆرەکانی شیعرەوە))(مەلازادە، ٢٠٢٠، ١١٥). کەواتە بە پێی بیر و بۆچوونی ئەرستۆ شیعر بە قۆناغی لاساییکردنەوەدا تێدەپەڕێت، هەر ئەم لاساییکردنەوەیەش دەبێتە هۆی درووستبوونی جۆری شیعری جیاواز و سەرهەڵدانی ژانری ئەدەبی جیاواز.

(ئەرستۆ) لە پەرتوکی (هونەری شیعر)ەکەیدا پۆیەتیکا، کە ئەم کتێبە زنجیرەیەک لە وانەکانی بووە بۆ خوێندکارەکانی، بە بنچینە داڕێژەر و یەکەمین تیۆرنووسی بواری ژانرە ئەدەبییەکان دادەنرێت، لەبەرئەوەی ئەم بابەتە لەلای گرنگ بووە، هەربۆیە لە زنجیرە وانەیەکدا کە دواتر لە شێوەی کتێبێکدا چاپکراوە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە، ئەمەش گرنگی ژانرەکان لای ئەرستۆ دەردەخات، لەم پەرتووکەدا ژانرە ئەدەبییەکان دابەش دەکاتە سەر سێ جۆر، ئەوانیش بریتین لە (تراژیدیا، داستان، کۆمیدیا).

ئەرستۆ سەرهەڵدانی شیعر بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە: ((کە پەیوەندیان بەسروشتی مرۆڤەوە هەیە، لاساییکردنەوە لە بوونی مرۆڤ سروشتییە و هەر لەمنداڵیەوە لەگەڵیدا پەیدا دەبێت و خدووی لاساییکردنەوەی بە میرات بۆ ماوەتەوە، ئەمەش یەکێکە لەو خەسڵەتە تایبەتمەندییانەی مرۆڤ لە ئاژەڵانی تر جیادەکاتەوە، مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە لە لاساییکردنەوەدا چاکترینە و بە لاساییکردنەوە خۆی فێردەکات، چێژ لەلاساییکردنەوە وەردەگرێت))(ئەریستۆ، ٢٠١٠، ٢١).

ئەرستۆ دەڵێ بابەتی لاساییکردنەوەکە کاریگەری لەسەر درووستبوونی ژانری جیاواز هەیە، چونکە شاعیر هەندێک جار وەک خۆی مامەڵە لەگەڵ بابەتی لاساییکردنەوەکە ناکات، بەڵکو ((لەبەر ئەوەی شیعر لاسایی کردەوەکانی مرۆڤەکان دەکاتەوە، مرۆڤیش باشە یان خراپە))(ئەرستو، ٢٠١١، ٢٦). چونکە ئەگەر شاعیر لاساییکردنەوەکەی بەرەو سیفەتە بەرزەکان بەمەش تراژیدیا دروست دەبێت،

هەندێک جاریش شاعیر لەساییکردنەوەدا خراپتر لە خۆی سەیری دەکات، لەهەمان کاتدا سیفەتە نزمەکان و خراپەکان پیشاندەدات، ئەمەشیان کۆمیدیا دروست دەکات، سەبارەت بەشێوەی لاساییکردنەوەش ئەرستۆ ئەوە دەخاتەڕوو، کە شاعیران شێوەی جیاواز بۆ لاساییکردنەوە بەکاردەهێنن، ئەگەر لاساییکردنەوەکە بەشێوەیەک بوو لەسەر شانۆ پێشکەشکرا ئەوا دراما دروستدەبێت، بەڵام ئەگەر شێوەی کەسێک بەیەکێکی دی بگۆڕێت ئەوا داستان دروستدەبێت، وە لاسایی بەشێوەی خۆیی لیریک دروستدەبێت.

ژانرەکان هەر وەک چۆن لەڕووی چەمک و زاراوەوە، زاراوەی جیاواز و بیروڕای جیاواز لەسەر بەکارهێنانی خودی وشەی ژانر هەیە، بەهەمان شێوەش لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکان بیر و بۆچوونی جیاواز هەیە، هەر یەکە لە توێژەران و بیرمەندانی بواری ژانرە ئەدەبییەکان پەیدابوون و سەرهەڵدان و دروستبوونی هەریەک لەو ژانرانە بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێننەوە، چونکە بەپێی ئەو کات و سەردەمەی، کە ژانرە ئەدەبییەکانی تێدا سەرهەڵدەدا و دروستبووە، ژانری جیاواز سەرهەڵدەدات، چونکە سەرچاوەی گەشەی ژانرە ئەدەبییەکان لەڕووی دروستبوون و لەنێو چوونی هەر ژانرێک: ((بریتییە لەوەی کەهەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی، پەیوەندییە ئیستیتیکییەکانی بە جیهانەوە لە ژانری ئەدەبییدا بەرجەستە دەبێت و گونجاو دەبێت لەگەڵ تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ جیهانی سروشتی و کۆمەڵایەتی، بە جۆرێک ئەوەی هونەر و ژانرە ئەدەبییە باوەکان دیاری دەکات، لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵایەتیدا، ئەو پێداویستییە روحی و ئەزموون و بەها ئیستێتیک و فکری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو قۆناغەن))(نوری ئەمین، ٢٠١٧، ٦٦ – ٦٧).

لەسەرەتای پەیدابوونی ئەدەب و ژانرە ئەدەبییەکانەوە، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار و سەردەم، بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی، ژانرە ئەدەبییەکان بە شێوازێکی نوێتر لە قۆناغی پێش خۆیان دەرکەوتوون، واتە دەتوانین بڵێین بۆ هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵگا لە لایەنی (فکری و کۆمەڵایەتی و ئابووری ...هتد) ژانرێک و جۆرێکی ئەدەبی جیاواز هاتۆتە کایەوە لە بەرامبەر ژانرەکانی تردا، لەبەر ئەوەی ژانرە تازەکە لەگەڵ ئەزموون و داهێنانی ئەو قۆناغەی تێیدا لەدایک بووە گونجاوە، لەکاتێکدا بەشێک لە توێژەرانی بواری ژانرەکان پێیان وایە، کە ژانری ئەدەبی هەرگیز لەنێو ناچێت، بەڵکو کۆمەڵێک لە تایبەتمەندیەکانی ژانرە کۆنەکە دەمێنێتەوە و لەسەردەمێک و بارودۆخێکی دیدا و بەشێوازێکی تازەتر دەردەکەوێتەوە و ژانری ئەدەبی نوێ

دروستدەكات، هەر وەک (برۆنتێر) وای دەبینێت، كە: ((چۆن لە سروشتدا هیچ شتێک لەناو ناچێت، بەم جۆرەش لە ئەدەبدا هیچ شتێک لەناو ناچێت، چونكە جۆری ئەدەبی وەكو جۆری بایۆلۆجی وایە سەرهەڵدەدات و گەشەدەكات و لەناو دەچێت، بەڵام لەناوچوونی ئەدەب وەک لەناوچوونی زیندەوەرەكان نییە و بەتەواوەتی لەناو ناچێت، بەڵكو هەندێک لە ڕەگەزەكانی بەردەوام دەبن، لە جۆرێک یان لەو جۆرانەی كە لێی جیابوونەتەوە))(الماضی، ٢٠١٠، ٩٧).

بە بڕوای (جیرار جینێت) لە بارەی دروستبوونی ژانری نوێ، وای دەبینێت كە: ((بە چوونە ناویەكی چەشنەكان، چەشنێكی نوێ درووست دەبێت، بەڵام بەو مەرجەی داهێنانی تێدا بكرێت))(مەنتک، ٢٠١٩، ٤٩ – ٥٠). هەروەها (میخائیل باختین)ی رووسی لە بارەی سەرهەڵدان و دروستبوونی ژانرە ئەدەبییەكانەوە دەڵێ: ((هەر ژانرێكی ئەدەبی، كە سەری هەڵداوە و پەیدا بووە نوێكاری ژانرە كۆنەكەیە، بە شێوەیەكی تازە نوێكراوەتەوە و زیندوو كراوەتەوە و بەشێوەی ژانری تازە لە دایک بووە))(الاسدی، ٢٠١٩، ٣٢). لێرەدا نووسەر سەرهەڵدانی ژانر و داهێنانی ئەدەبی پابەندی گۆڕانی قۆناغە جیا جیاكانی ژیانی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەكات، كە دەتوانین بڵێین ژانرە ئەدەبییە تازەكە پێویستی ئەو سەردەمە و قۆناغی ئەو كۆمەڵگایەی هێناوەتە كایەوە، كە تێیدا سەری هەڵداوە، هەروەها بە بڕوای (تینیانۆڤی) فۆرمالیستی ڕووسی ((ژانرەكان بەردەوام لە گۆڕاندان، بیری ژانر لە قەبارەیەكی گۆڕاو لە سیستەمێكی دینامیكیدا بەرجەستە دەكرێت))(حەمەئەمین، ٢٠١٤، ٢٠).

(تۆدۆرۆڤ) كە بڕوای بە سەرهەڵدان و گەشەسەندن و گۆڕانی ژانرەكان هەیە، بە بڕوای ئەو: ((بنەچەی چەشنە ئەدەبییەكان گوزارشتە لە چەشنی دیكەی كۆن، چونكە چەشنی نوێ لە ئەنجامی گۆڕانێكی بەردەوامی چەشنی كۆن، یان چەند چەشنێكی كۆنەوە پەیدا دەبێت، جا چ بە پێچەوانەكردنەوە، گواستنەوە، یان ڕێككەوتن بێت))(مەنتک، ٢٠١٩، ٥٠). هەر ئەمەشە ((لە تیۆری ڕەنگدانەوەدا دەبینین، دەركەوتن و لەناوچوونی جۆرەكانی ئەدەب پەیوەستە بە پێویستییە ئیستاتیكییە كۆمەڵایەتیەكانەوە، واتە: سیستەمی كۆمەڵایەتییە كە دەركەوتنی جۆری ئەدەبی گونجاو بۆ پلەی پێشكەوتنی خۆی دەسەپێنێت))(الماضی، ٢٠١٠، ٩٨). بەپێی ئەم بۆچوونە بۆ دەركەوتنی هەر ژانرێكی ئەدەبی، ئەوا بارودۆخە كۆمەڵایەتییەكانە، كە ژینگەیەكی گونجاو دەڕەخسێنێت بۆ سەرهەڵدانی ژانری جیاواز، بۆ نموونە ((ڕۆمان هەرگیز لە كۆمەڵگایەكی بەدەوی بیابان نەدەهاتە ئاراوە، بەڵكو دەركەوتنی پێویستی بە پەیوەندی كۆمەڵایەتی چڕی (شار) و دەركەوتنی چاپخانە و خوێنەر و ئاستێک لە فێربوون و ڕۆژنامەگەری و كتێبخانە ...هتد هەیە))(هەمان سەرچاوەی پێشو، ٩٨).

هەموو ئەو بیر و بۆچوونانەی سەرەوە لەبارەی سەرهەڵدان و لەنێوچوونی ژانرەکان، لەگەڵ بیر و بۆچوونی (د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ)دا دەربارەی ژانرەکان ئەدەبییەکان یەک دەگرێتەوە، کە دەڵێ: ((ئاوێک دێت و بەناو لمدا دەڕوات، دەبێ بەدوو، سێ، چوار ... تاد، لەپڕ دووان یەک دەگرنەوە، یەکێک وشک دەکات، یەکێک بەردەوام دەبێت لە ڕۆیشتن))(حسەین، ٢٠٠٧، ٣٨). کە ئەمەش ئاماژە بۆ جۆری ژانرەکان دەکات: ((کە لەسەرەتادا چەشنە ئەدەبییەکان لە شیعردا کۆبوونەتەوە و خۆیان لە ئەدەبی داستان و شیعری لیریکی و ئەدەبی درامیدا دەبیننەوە، بەڵام دواجار ئەم هەموو جۆرەیان لێ بۆتەوە))(هەمان سەرچاوەی پێشو، ٣٨).

لەسەرەتادا ژانرەکان سادە و ساکار بوون، چونکە تێگەیشتن و بیر و بۆچوونەکانی مرۆڤیش سادە و ساکار بووە بەرامبەر بە ژیان و دەوروبەر و کۆمەڵگا و ئەو دیاردانەی، کە لە دەوروبەری ڕوویان دەدا، کە دواتر لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگا و فراوان بوونی بوارەکانی ژیان، ژانرە ئەدەبییەکانیش گۆڕانی زێتریان بەسەردا هات و پێشکەتووتر دەرکەوتوون لە چاو قۆناغی پێش خۆیان، کەواتا: ((ژانرە ئەدەبییەکان جێگیر نین، بەڵکو لە جوڵانەوەیەکی هەمیشەیدان، لە چەرخێکەوە بۆ چەرخێکی تر و لە ڕێبازێکی ئەدەبییەوە بۆ ڕێبازکی ئەدەبی دیکە، گۆڕانکاری هونەریان بەسەردادێت))(ئەسوەد، ٢٠١١، ٤٢). هەر ئەم گۆڕانکاریە هونەریانە و گۆڕانی قۆناغەکان دەبنە هۆی هێنانە کایەی ژانری ئەدەبی جیاواز، ئەمەش وا دەکات، ژانرە ئەدەبییەکان لە ژانری پێش خۆیان جیاواز تر دەرکەون و ژانری ئەدەبی جیاواز دروست بێت، کە ئەم جیاوازی و گۆرانە لە ژانرەکاندا تەنیا لایەنی ئێستاتیکی ناگرێتەوە، بەڵکو ئەم جیاوازی و گۆڕانکارییە هەم لە فۆڕم و هەم لە ناوەڕۆکدا دەردەکەوێ، واتە دەتوانیین بڵێین لەهەموو گۆڕانکارییەکدا، کە ڕوودەدات، ژانرە ئەدەبییەکان بەدوای فۆڕم و شێوە و قاڵبی تازەدا گەڕاون، یان دەتوانین بڵێین ژانرە ئەدەبییەکان لە گەشەسەندنی بەردەوامدان، هەندێکیان لە ئەنجامی هەندێکی دییان دێنە کایەوە و بەمەش جۆری تازە و نوێ سەرهەڵدەدا و دروست دەبێت، هەموو ئەمانەش دەبنە هۆی ئەوەی، کە داهێنان و گۆڕانکاری لە ئەدەبدا ڕوودەدات.

(د. هەڤاڵ ئەبوبەکر) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چەشنە ئەدەبییەکان، لەگەڵ گەشەسەندنی مرۆڤایەتیدا گەشەیان کردووەم، بەڵام ئەم گەشەکردنە لەسەر تەوەرەیەکی دیاری کراو نە چۆتە پێشەوە، بەڵکو بە جۆرێک لە جۆرەکان گۆڕان بەسەر فۆڕم یان ناوەڕۆک، یان هەردوو لایەنیدا هاتووە. کە لە چوار خاڵدا ئاماژەی پێکردووە، وەک:

(( ١- مانەوە وەک خۆی لە فۆڕمی گشتیدا و گۆڕان لە ناوەڕۆکدا، وەک ئەوەی لە درامای نوێدا دەردەکەوێت.

٢- کۆبوونەوەی چەند چەشنێک لە چەشنێکی نوێدا، وەک لە پەخشانە شیعردا دەردەکەوێت، کە گێڕانەوە هی چیرۆکە، بەڵام هاتۆتە ناو شیعرەوە.

٣- گۆڕان لە خودی چەشنێک (ژانرێک) بۆ چەشنێکی دی، بە گۆڕان لە ناوەڕۆک یان ڕووخسار.

٤- گۆڕان لە ناوەڕۆکدا و مانەوەی فۆڕم وەکو خۆی، وەک لە شیعری ئەورووپی نوێ دا دەرکەوت، کە زانست ئاوێزانی دەقی ئەدەبی دەبێت.))(حسەین، ٢٠٠٧، ٣٥-٣٦). بەڵام پێویستە ئەوەشمان لەبیربێت، کە: ((مەرج نییە بەتەنیا بە سەرنج خستنەسەر تایبەتمەندییە فۆڕمییەکان، بتوانین ڕەوتی گەشەسەندن و سەرهەڵدانی جۆرە ئەدەبییەکان دەستنیشان بکەین، هەندێک سەردەم ئەوە ناوەڕۆکەکان بوون بە جۆرێک لە جۆرەکان بەدوای فۆڕم و شێوەی نوێ لە دەربڕینەوە بوون و دواجار فۆڕمێکی نوێیان بۆ خۆیان دۆزیوەتەوە))(عەبدولغەفور، ٢٠١٣، ١٧٨).

بەشێکی دی لە شارەزایانی بواری ژانرە ئەدەبییەکان، سەرهەڵدان و لە دایک بوونی ژانری ئەدەبی بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی ئەدەبی دەگێڕنەوە و پەیوەستی دەکەنەوە بە ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکانەوە، واتە ((ژانری ئەدەبی لە ڕێبازەوە سەری دەرهێناوە، هەر ڕێبازێک واتە هەر ڕوانینێک و فەلسەفەیەک، ژانرێکی ئەدەبی تایبەت بە خۆی هەڵدەبژێرێت، بۆ نموونە لە ڕیالیزمدا چیرۆکنووسی و لە کلاسیزمدا تراژیدیا باو بووە. هەروەها ژانرەکان لە ڕێبازەکاندا دووچاری گۆڕانکاری دەبن، بۆ نموونە تراژیدیای کلاسیکی بە شیعر بووە، بەڵام ئەمڕۆ پەخشان ئامێزە)).(شەمیسا، ٢٠١٨، ٢٣). کەواتە هەر ئەم گۆڕانکاریانە دەبنە هۆی درووستبوونی ژانری نوێ، چونکە بە گۆڕان و گواستنەوەی ئەدەب، لە ڕێبازێکەوە بۆ ڕێبازێکی تر، واتە گواستنەوەی هەموو ئەو بیر و باوەر و تێڕوانین و هۆشی مرۆڤ (نووسەران و شاعیران) بەرامبەر بە دەوروبەر و کۆمەڵگا، سەرئەنجامیش ژانری ئەدەبی تازە درووست دەبن، کە بە شکڵی نوێ و بیر و مەبەستی نوێ دەردەکەون.

بەشێکی دیکە لە شارەزایان پەیدابوون و سەرهەڵدانی ژانری ئەدەبی تازە دەگێڕنەوە بۆ خودی گۆڕانی ژانرە ئەدەبییەکان، کە ئەم گۆڕانە لە ژانرەکان بەپێی سەردەمەکان خاسیەت و تایبەتمەندی سەردەمەکەی خۆی وەردەگرێت، چونکە ((کەم نین ئەو مێژوونووس و ڕەخنەگرانەی کە پێیان وایە

بەگوێرەی سەردەمەکان و بەگوێرەی زاڵبوونی شێواز و تایبەتمەندیەکانی ژیان جۆرە ئەدەبییەکان دەرکەووتون))(عەبدولغەفور، ٢٠١٣، ١٧٨).

بەشێکی دی لە شارەزایان و توێژەرانی ئەدەبیات، سەرهەڵدانی ژانری ئەدەبی پەیوەست دەکەن بە دەروونی مرۆڤەکانەوە، بەپێی پێویستی و خواستی لایەنی دەروونی مرۆڤەکان ژانرە ئەدەبییەکان سەرهەڵدەدەن، بۆ نموونە (هیدسۆن) وای دەبینێت، کە ژانری ئەدەبی بەهۆی پێویستییە دەروونی و خودییەکانمانەوە دێتە ئاراوە ، کە دابەشی دەکاتە سەر چوار بەش وەک:

((١- ئارەزووومان لە گوزارشت کردنی خود هەبێت (شیعر بینرایەوە).

٢- گرنگی دانمان بە خەڵک و کارەکانیان (دراما هاتە ئاراوە).

٣- گرنگی دانمان بە جیهانی واقیعی کە تێیدا دەژین، وە بە جیهانی خەیاڵ کە بۆ بوونی دەگوازینەوە (ئەدەبی چیرۆک هاتە ئاراوە).

٤- خۆشەویستیمان بۆ وێنە وەک ئەوەی، کە وێنەیە (کیانێک بۆ ئەدەب هاتە ئاراوە، کە لەسەر خودی خۆیا بنیات نراوە، باڵای کردووە، هەڵچووە))(الماضی، ٢٠١٠، ٩٦).

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە ڕوانینی ناوەندی ڕەخنەی جیهانی ئەمڕۆ بۆ ژانرە ئەدەبییەکان چییە؟ ئایا دونیای (پۆست مۆدێرنیتیۆ) بە چاوی پەنجا ساڵ پێش ئێستا سەیری دونیای ژانرە ئەدەبییەکان دەکات؟ نەخێر، ناتوانین بڵێین ئێستا لە ناوەندە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوا و لە زانکۆیەکان بە هەمان چاو و ڕوانین سەیری ژانرە ئەدەبییەکان دەکەن، لەبەر ئەوەی لە دونیای ئەمڕۆدا دەبینین، کە (سینەما و ڕۆمان) وەک دوو جۆری ئەدەبی و هونەری باڵا دەست زۆر شتیان لە نێو بردووە و لەوانەیە ببنە تەنیا دوو ژانری داهاتوو و جێگەی تەواوی ژانرەکانی دیکە بگرنەوە لە دونیای (پۆست مۆدێرنیتیۆ).

## پۆلێنکردنی ژانرە ئەدەبییەکان:

جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی ژانرە ئەدەبییەکان لەم سەردەمەدا کارێکی قورس و گرانە و هەروا ئاسان نییە، لەبەر زۆری ژمارەی ژانرەکان و ئەو گۆڕانکارییە خێرایەی، کە بەسەر ژانرەکاندا دێت، لەهەمان کاتدا تێکەڵبوون و سنوربەزاندنی ژانرەکان لەنێو یەکتردا، ئەمەش جیاوازی لەنێوان

توێژەراندا دروست کردووە، کە نەتوانن سنووری نێوان ژانرەکان دیاری بکەن و ڕەگەز و بنەمای هەر ژانرێکی ئەدەبی دەستنیشان بکەن، هەر وەک (رنییێ ویلیک) دەربارەی جیاکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان لەم سەردەمەدا پێیوایە، کە: ((جیاکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان گرنگی زۆری لە لێکۆڵینەوەکانی ئەم سەردەمەدا پێنەدراوە، لەبەر ئەوەی جۆری ژانرەکان بەردەوام لە گۆڕانکاریدان و تێکەڵاون و جۆری تازەی ژانر دێتە ئاراوە))(ویلیک، ١٩٨٧، ٣١٢).

زۆربەی توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن، کە چەمک و بنەمای ژانرەکان بە تێپەڕبوونی کات و ڕۆژگار بەرەو پێشەوە دەڕۆن و ئاڵۆز دەبن، کە ئەمەش بەتەواوەتی پێچەوانەی سەردەمی کۆن (کلاسیک)ە، چونکە ((لەڕووی تیۆرییەوە بەتەواوەتی کار لەسەر ژانرەکان نەکراوە، لە قۆناغی کلاسیزمدا لەسەر بنەمای (پاکژی) ژانر، بەڕوونی پێناسە کراوە و دابەش کراوە))(هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٢٨٩). یان (ڕینێ ویلیک و ئۆستن وارین) لە کتێبی (تیۆری ئەدەبی)دا، لە بارەی پۆلێنکردنی ژانرە ئەدەبییەکان، دەڵێن: ((ژانرە ئەدەبییەکان پڕەنسیپێکی سیستەماتیکە، ئەم تیۆرە ئەدەب بە پێی کات و شوێن و قۆناغ و زمانی نەتەوەیی پۆلێن ناکات، بەڵکو بە پێی بونیاد و سیستمی هەر ژانرێکی جیاواز پۆلێنی دەکات))(ئەسوەد، ٢٠١١، ٤١).

لەراستیدا، کە سەیری ژانرەکان دەکەین، دەبینین بە جۆرێک تێک ئالاون و سنوری یەکدییان بەزاندووە و تێکەڵاوی یەکدی بوون، بۆیە هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی ئەم سنوورە لە نێوان ژانرە ئەدەبییەکاندا، هەروا کارێکی سادە و ئاسان نییە، بۆنموونە ((ئەو چیرۆکە شیعریانەی کە (شێرکۆ بێکەس) نووسیونی، دەشێت هەندێک جار ئەم چیرۆکە شیعریانە بە ڕۆمانی شیعریش لە قەڵەم بدرێن، چونکە خۆی لەناو نەریتی (گێڕانەوەی شیعری) کوردیدا دەدۆزێتەوە))(عومەر، ٢٠١٢، ١٠٠). لەبەر ئەوەی کاتێک بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس دەخوێنیتەوە، دەبینین لە شوێنێک شیعرە و لە شوێنێکی دیکە پەخشانە و لەلایەکی دیکە ڕەگەزەکانی چیرۆکی تێدایە، یان ئێستا ڕۆمانە شیعر هەیە، لەبەر ئەوە ئەو قودسیەت و پیرۆزی و سەربەخۆییەی، کە جاران هەبوو بۆ سنوری ژانرەکان لە یۆنان و تا زەمەنێکیش لە ئەورووپا، کە بنەما و دەستوریان بۆ دانابوو، لە سەردەمی تازەدا ئەو یاسا و دەستوور و سنووری ژانرەکان شکێنرا.

زۆرجار بۆ جیاکردنەوەی سنوری نێوان ژانرەکان لەگەڵ یەکدی، دیاریکردنی سنووری هەر یەکێکیان توێژەران: ((پەنا دەبەنە بەر ئەو زمانەی کە لەنووسیندا بەکارهاتووە، وەک بنەمایەکی جیاکردنەوەی نێوان ژانرە ئەدەبییەکان، بۆ ئەوەی هەر ژانرێک (جۆرێک) زمانێکی جیاوازی

هەبێت))(المعمودی، ٢٠١٧، ٢). چونکە ئەو زمانە ئەدەبییەی ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکانی پێ دەنووسرێت جیاوازن لەیەکدی.

لەژێر تیشک و ڕۆشنایی زاراوەی ئەدەب گەلێک جۆر لە ناو و زاراوە و ڕەگەز و ژانرە ئەدەبییەکان ڕیزکراون، وەک: (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، شانۆگەری، کورتە چیرۆک ...هتد)، هەر یەکێک لەمانەش لەنێو خۆیاندا، گەلێک شێوە و جۆری دیکەیان لێ بۆتەوە، لە مێژووی دروستبوون و پۆلێنکردنی ژانرە ئەدەبییەکان، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بەچەندین شێوە و جۆری جیاواز پۆلێن کراون، کە توێژەرانی ئەم بوارە هەریەک بەپێی درووستبوون و تێگەیشتن لە جەوهەری ژانرە ئەدەبییەکان پۆلێنیان کردوون.

وەک وتمان یەکەمین کەس دەربارەی ژانرە ئەدەبییەکان قسەی کردووە (ئەفلاتوونە)، ئەم بیرمەندە گەورەیە بەپێی تیۆری لاساییکردنەوە ژانرەکان پۆلێن دەکات و گفتوگۆیان لەبارە دەکات، بەڵام یەکەمین تیۆری پۆلێنکردن و دابەشکاری، کە بۆ ژانرە ئەدەبییەکان کراوە، دەگەڕێتەوە بۆ (ئەرستۆ)، کە بە پێی ناوەرۆک شیعری دابەش کردۆتە سەر سێ جۆر، ئەوانیش بریتین لە شیعری (تراژیدیا، داستان، کۆمیدیا)، کە لە پەرتوکەکەیدا (هونەری شیعر) بنەماکانی تراژیدیا و داستانی دیاریکردووە، هەر یەک لەو ژانرانە سەربەخۆن و بنەما و یاسا و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، ئەمە یەکەمین دابەشکارییە، کە بۆ ژانرە ئەدەبییەکان کراوە، ئەم دابەشکردنەی ئەرستۆ لە مێژووی تیۆری ئەدەبیدا، بە دابەش کردنی سیانی ناسراوە، بەڵام ئەرستۆ باسی شیعری لیریکی نەکردووە، هەروەها ژانرە بچووکەکانیشی لەنێو ژانرە گەورەکاندا بزرکردوون، چونکە ((خاڵێکی گرنگ لە تیۆری کلاسیک، یان پاکی جۆرەکان ئەوەیە کە حیساب بۆ ژانرە بچوکەکان ناکات، بەڵکو تەنیا ژانرە گەورەکانی وەک (تراژیدیا، کۆمیدیا، داستان، لیریک) بە ژانر دادەنێت، هەروەها تێکەڵاوی ژەنرەکان لەگەڵ یەکتردا بەتەواوی ڕەتدەکاتەوە))(مەولود و نازم، ٢٠١٨، ٤٢). کە بۆ زیاتر لە (٢٠٠٠ ساڵ) رەخنەگران و ئەدەبیاتناسان کاریان بەم دابەشکردنەی ئەرستۆ کردووە، بەم شێوازە بەردەوام بوو تا دەرکەوتنی ڕۆمانسیزمەکان، چونکە ڕۆمانسییەکان بەدەرکەوتنیان سیستەمی کلاسیکیان تێکشکاند، پیرۆزی و سنووری نێوان ژانرەکانیان بەزاند.

یەکێکی دی لە پۆلێنکردنی ژانرە ئەدەبییەکان، کە گرنگیی خۆی هەیە، بریتییە لە تیۆرە سیانییەکەی (گۆتە)، چونکە گۆتە پێی وایە، کە (سێ) جۆر شیعر هەبووە، ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی دابەش دەکاتە سەر سێ ژانری گەورە، لەبەر ئەوەی سێ پێداویستی و داخوازیمان هەبووە بۆ شیعر، کە

هەرچی ئەدەبە لە چوارچێوەی ئەم سێ ژانرەدا دەرناچێت، کە لە (دیوانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات)ەکەیدا ئاماژەیان پێدەکات و دەڵێ: ((شیعر لە سێ جۆر زیاتر نییە، ئەوەی کە بە ڕوونی و ڕۆشنی چیرۆک دەخاتەڕوو، ئەوەی کە لە تامەزرۆیی و پەرۆشی و وروژان سەرچاوە دەگرێت، ئەوەی کە کاری خودی و کەسی بەرجەستە دەکات، ئەمانەش بریتین لە داستان و شیعری لیریکی و دراما، ئەم سێ شێوەیەش دەشێ لەیەک شیعردا کۆببنەوە، یان پەرش و بڵاو بێتەوە))(مەولود و نازم، ٢٠١٨، ٥٠ – ٥١). هەروەها (هیگڵ)یش دابەشکاری بۆ ژانرەکان کردووە کە: ((شیعری بۆ دوو جۆر دابەش کردووە کە (داستانی و گۆرانی)ە، کە یەکەمیان داستانییە و دووەمیان گۆرانییە، بەیەکداچونیان کۆتایی بە جۆری سێیەم دێت کە درامییە، هەروەها شیعری درامیش دوو شێوەیە، (تراژیدیا و کۆمیدیا)، چونە ناویەکیان بە شێوەی سێیەم کۆتایی دێت، ئەویش درامای هاوچەرخە))(الماضی، ٢٠١٠، ٩٧).

یەکێکی دیکە لەو توێژەر و نووسەرانەی، کە قسەی دەربارەی دابەشکردنی ژانرەکان کردووە (ئیمیل ستایگەر)ە، کە لە: ((بەرهەمەکەیدا بەناوی (چەمکی بنەڕەتی شیعر) لە ساڵی ١٩٤٦دا نایەوێت و مەبەستی نییە زاراوەی لیریک و ئێپیکی، درامی بەکاربهێنێ، لەبەر ئەوەی بەگوێرەی بیروڕای ئەم نووسەرە، ئەو بۆچونە دێتە ناو، کە دەبێت هەمیشە بەرهەمی شیعری بدرێتە پاڵ یەکێک لەم سییانە، واتە (لیریک، ئێپیک، دراما) وە پێشی وایە کە ئەم سێ زاراوەیە زێتر ڕێبازێک دەگرنەوە، تا ئەوەی پەیوەندیەک، یان هەڵویستێک بن))(هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٣٥).

(ت. س. ئەلیۆت) ئەدەبی دابەشی سێ هەڵوێست کردووە: (لیریکی و داستانی و دراما)، لە بارەیانەوە دەڵێ: ((دەنگی یەکەم دەنگی شاعیرە کاتێک ڕوودەکاتە خۆی، قسە لەگەڵ دەروونی خۆیدا دەکات، دەنگی دووەم دەنگی شاعیرە کاتێک قسە ئاراستەی جەماوەر دەکات، دەنگی سێیەمیش دەنگی شاعیرە کاتێک گفتوگۆ لە نێوان چەند کەسایەتییەکی خەیاڵیدا دادەهێنێت، وە ئەوەش دەخاتە ڕوو کە کارە شیعریەکان لە خودی خۆیاندا ئەم جیاکارە تیژەیان تێدا بەدی ناکرێت، کە شیعرێک تەنیا لەسەر یەکێک لەم سیانە بنیات بنرێت، بەڵکو زۆر جار هەر سێ جۆرەکە لەیەک شیعردا چوون بەیەکدا))(الماضی، ٢٠١٠، ٩٩). ئەمانە و دەیان و سەدان بیر و بۆچوون و پۆلێنکردنی دیکە هەیە بۆ ژانرە ئەدەبییەکان، کە توێژەران و ڕەخنەگرانی ئەم بوارە قسە و گفتوگۆیان دەربارەی دابەشکاری ژانرەکان کردووە.

یەکێکی دی لە پۆلێنکرن و دابەشکردنی ژانرە ئەدەبییەکان، کە زۆر بەربڵاوە لە جیهانی ئەدەبیدا، توێژەرانی ئەم بوارە پشتی پێدەبەستن، ئەمەش بریتییە لە دابەشکردنی ئەدەب بۆ دوو ژانری گەوری

وەک (شیعر و پەخشان) کە: ((بەشێوەیەکی گشتی هەموو ڕەخنەگر و بیرمەندان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەدەب بۆ دوو بەشی گەورەی شیعر و پەخشان دابەشدەبێت))(حسەین، ٢٠٠٧، ٣٦). چونکە ئەم پۆلێنکردنە: ((لەسەر بنەمای زمان دانراوە و پێوەرێکی بنەڕەتییە بۆ دیاریکردنی ژانرەکان لە چوارچێوەی دووانەی بەناوبانگی (شیعر و پەخشان)دا دابەش کراوە))(مەولود و نازم، ٢٠١٨، ٤٠)، چونکە کە سەیر دەکەین دەبینین، کە: ((دابەشکردنە کۆنەکان تا سەدەی هەژدەیەم وابەستەی دابەشکردنی شیعرن، بەو ئاراستەیەی ئەدەب تا ئەو سەردەمە  بە (شیعر) دەناسرا، هەر ئەمەشە وا دەکات، کە پۆلێنکردنی چەشنە ئەدەبییەکان لە ئەرستۆوە تا دەگاتە بە (برۆنتێر و هیگڵ و ئیلیۆت) پۆلێنکردنی شیعرە نەک شیعر و پەخشان))(حسەین، ٢٠٠٧، ٣٤).

لە بەرامبەر ئەم پۆلێنکردن و سنووردانان بۆ ژانرە ئەدەبییەکان، کۆمەڵێکی دیکە لە توێژەران و شارەزایانی ئەدەب، دیاریکردنی سنوور لەنێوان ژانرەکان و پۆلێنکردنیان بەهەموو شێوەیەک ڕەتدەکەنەوە و بە لە قاڵبدانی هونەر و بەرتەسکردنەوەی داهێنانی ئەدەبی لە قەڵەم دەدەن، بۆ نموونە (بینديتۆ کرۆچە) لە کتێبی (کورتەیەک لە فەلسەفەی هونەر)دا، دەڵێ: ((دابەشکردنی ئەدەب بۆ ئەوەی بڵێین ئەوە داستانە، یان درامایە، یان شیعری گۆرانییە ڕەتدەکاتەوە، بە بڕوای ئەم فەیلەسوفە کە ئەدەب بەشێوەیەکی لە خۆوە لەلایەن نووسەرەوە دەنووسرێت، بەبێ ئەوەی نووسەر خۆی لە چوارچێوەی چەشنێک قەتیس بکات، خۆی بەهیچ یاسایەکەوە پابەند ناکات، وە دابەشکردن بۆ چەشنە ئەدەبییەکان بە یەکێک لە هەڵەکان دادەنێت))(مەنتک، ٢٠١٩، ٤٣).

(بارت) یەکێکی دیکەیە لەو نووسەرانەی، کە دژی پۆلێنکردنی ژانرە ئەدەبییەکان وەستایەوە، ئەم نووسەرە ((خاوەنی تیۆری مەرگی نووسەرە، وەک چۆن مەرگی نووسەر ڕادەگەیەنێت، بە هەمان شێوەش مەرگی ژانرە ئەدەبییەکانیش ڕادەگەیەنێت، بە شێوەیەکی توند ڕووبەڕووی دابەشکاری ژانرەکان دەبێتەوە، لە نووسینەکانیدا پتر وشەی دەق و نووسین بەکاردەهێنێت))(هەمان سەرچاوەی پێشو، ٤٥). ئەم نووسەرە لەساڵی ١٩٧١ دا توێژینەوەیەکی بڵاوکردەوە بە نێوی (لە کارەوە بۆ دەق) لە بارەی سروشتی ئەدەبەوە دەڵێت: ((دەق لە ئەدەبدا بەند ناکرێت، ئەو ناچێتە ناو چوارچێوەی ڕێکخستن و تەنانەت دابەشکاری چەشنەکانەوە، دژی دابەشکارییە کۆنەکانە، ئەو دەق وەک سروشتی ئەدەب لێک دەداتەوە، بەبێ ئەوەی ناوێکی دیکەی وەکو: شیعر، ڕۆمان، چیرۆک، شانۆ... هتد لێبنێت))(هەمان سەرچاوەی پێشو، ٤٥). بەم شێوەیە دەبینین بیر و بۆچوونێکی زۆری توێژەرانی ئەم بوارە دەربارەی پۆلێنکردنی ژانرە ئەدەبییەکان و ڕەتکردنەوەی سنووربەندی نێوانیان هەیە.

لە ئەدەبی کۆنی عەرەبیدا یەکەم پۆلێنکردنی ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ ((ئەبو هیلالی عەسکەری – کتێبێکی داناوە بەنێوی (الصناعتین)، دابەشی دوو جۆری دەکات، واتە سەنعەتی (شیعر و پەخشان)، هەریەکەشیان چەند جۆرێکی بچوکتر لەخۆ دەگرێت))(الماضی، ٢٠١٠، ١٠٠). هەروەها ((قودامەی کوری جەعفەر – خاوەنی دوو کتێبە بەناوی ڕەخەنی شیعر و ڕەخنەی پەخشان، کە مەرجی دروست بوونی هەریەکەیان دەستنیشان دەکات و جۆرەکانیان دیاری دەکات))(مەنتک، ٢٠١٩، ٥٦). ئەمانە و سەدان دابەشکارییی دی بۆ ژانرە ئەدەبییەکان بەرچاو دەکەوێت، دەربارەی پۆلێنکردنی ژانرەکان لە ئەدەبی عەرەبیدا، کە مەبەستی ئێمە لە پیشاندانی ئەو دابەشکارییە، کاریگەرییەتی لەسەر ئەدەب و پۆلێنکردنی ژانرەکان لە ئەدەبی کوردیدا بوونی هەیە.

سەبارەت بە پۆلێنکردنی ژانرەیەدەبییەکان لە ئەدەبیاتی کوردیماندا، هەموو ئەو نووسەر و ڕەخنەگرانەی کە ئەدەبی کوردیان دابەشکردووە و بیروڕای خۆیان لەم بارەیەوە دەربڕیوە، دەبینین، کە نووسەران و توێژەرانی کورد، بەشێوەیەکی گشتی ئەدەب دابەشی دوو ژانر و شێوەی سەرەکی دەکەن، کە بریتین لە (شیعر و پەخشان)، وە هەریەک لەم ژانرانەش دابەشی چەندین جۆری دی دەکەن، هەر بۆیە، کە سەیری پۆلێنکاری هەر یەکەیان دەکەین، دەبینین دووبارەیە و جیاوازیەکی ئەو تۆ بەدی ناکرێت.

(مامۆستا عەلائەددین سەججادی) لە کتێبەکانی (مێژووی پەخشانی کوردی، ٢٠٠٠، ل١٩ – هەروەها ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، ٢٠١٢، ل٣٦) لە هەردوو کتێبەکەیدا ئەدەب دابەشی شیعر و پەخشان دەکات و دەڵێ: (ئەدەب دوو چەشنە: ئەدەبی هۆنراوە – کە پێشی دەڵێن ئەدەبی شیعر. ئەدەبی پەخشان – کە نەسر فەننی – ئەگرێتەوە)،هەروەها (د. شوکریە ڕەسول) لە هەردوو بەرهەمەکەیدا: (زمان و ئەدەبی کوردی، ١٩٨٧ – ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ١٩٨٩) پۆلێنی ئەدەب بۆ دوو ژانر دابەشدەکات، بە دوو شێوە ناویان دەبات: (هونەرەکانی شیعر و هونەرەکانی پەخشان)، هەروەها (عەزیز گەردی) لە (پەخشانی کوردی، ١٩٨٧)دا و چەندین نووسەری دیکەی کورد، بەهەمان شێوە ئەدەبی کوردی بۆ (شعر و پەخشان) دابەشدەکەن، هەریەک لەمانەش چەندین ژانری دیکە لەخۆ دەگرێت، ئەم پۆلێنکردنی ئەدەب بۆ هەردوو ژانری شیعر و پەخشان، لە هەموو ئەو لێکۆڵینەوە تازانەشدا بەدی دەکرێت، کە لە شێوەی کتێبدا نووسراون، یان نامەی ئەکادیمین و لە زانکۆکاندا نووسراون و بەردیدی ئێمە کەوتوون.

## ئاوێتەبوونی ژانرەکان:

ئاوێتەبوون یان تێکەڵبوون و چوونە ناویەکی ژانرەکان بەگوێرەی شارەزایانی ئەم بوارە شتێکی نوێ نییە، چونکە سنوور بەزاندنی نێوان ژانرەکان هەر لە کۆنەوە هەبووە، بۆ نموونە بەلای ڕەخنەگر (بادیس فۆگالی)ەوە: ((ئاوێتەبوونی ژانرەکان لە ئەدەبە هاوچەرخەکاندا شتێکی تازە نییە، بەڵکو ئەدەبیاتی مرۆڤایەتی لە کۆنەوە ناسیویەتی، لە ئەدەبی یۆنانیدا داستان بنیاتنراوە لەسەر جۆرەها ژانری دیکە، بەڵام هەرسی کردون و وا دەرکەوتووە کە لەسەر خۆی وەستاوە، کەچی لە ڕاستیدا شێوەی گرتووە لە ژانری دیکەی جیاوازی ئەدەبییەوە))(مەولود و نازم، ٢٠١٨، ١٠١).

لە تێڕوانینی نوێی تیۆری ژانرە ئەدەبییەکاندا ((کە ئەم تیۆرە باوەڕی بە ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان هەیە، چ لەناو خۆیاندا، یا لەدەرەوەی چوارچێوەی ئەدەبدا، سەرەتای ئەم بۆچوونە بۆ سەدەی نۆزدەهەم و سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕێبازی ڕۆمانتیکی دەگەڕێتە، ئەم تیۆرە باوەڕی بە پاکی ژانرەکانی ئەدەب نییە، چونکە لەو باوەڕەدان، کە خاسیەتە تایبەتییەکانی هەر ژانرێکی نوێ لە ناکاو و لە نەبوونەوە سەریان هەڵنەداوە، بەڵکو ئەو خاسیەتە لەژێر خاسیەتی ژانرەکانی تردا دەمێنێتەوە، لەهەمان کاتیشدا هەندێک خاسیەتی ژانرە کۆنەکانی تێدا دەمێنێتەوە))(قاضی، ٢٠٢١، ٣٥). بەڵام وەک زاراوە کە ئاماژەی پێدەکرێت دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاست سەدەی ڕابردوو، کە: ((تیۆری ژانرەکان، گۆڕانکاریان بەسەردا هات، دەرکەوتنی شەپۆلە رەخنەیەکانی هەڵوێستی خوێنەر و دەقئاوێزان و هەڵوەشاندنەوەگەرایی، گۆڕانەکانیش لە بنەڕەتدا وابەستە بوون بە چەمکی پیرۆزی و پاکژی دەق، چیتر دەقیان وەک یەکەیەکی سەربەخۆ و دوور لە کارتێکرد سەیر نەدەکرد، پاکی دەقیان بە گشت شێوەیەک ڕەت دەکردەوە، بە بۆچوونی ئەوان دەق تێکەڵەیەکە لە بەرهەمی پێشینان و بەرهەمی سەردەمی نووسەر))(مەولود و نازم، ٢٠١٨، ١٠١). چونکە ((ژانرەکان بەردەوام سنووری یەکدی دەبەزێنن و تێکەڵ یا ئاوێتە بە یەک دەبن، کۆنەکان لەبەین دەچن و نوێ دێتە کایەوە، ئەمەش دەبێتە جێگەی مشتومڕ و تێڕامان))(نوری ئەمین، ٢٠١٧، ٩). دیسان ئێمەش دەڵێین، کە هەر ئەمەشە دەبێتە جێگەی گفتوگۆی توێژەران ڕەخنەگرانی ئەم بوارە، کە هەڵبەت ئەمەش پێچەوانەی سەردەمی کۆن (کلاسیکە)، چونکە (ئەرستۆ) لەسەر بنەمای پاکژی جۆر ژانرەکانی دابەش کردووە و تایبەتمەندیی هەریەکەیانی دیاریکردووە و سنوور و بواری هەریەکەیانی ئاماژە پێداوە، لەبەر ئەوەی ((هەندێک لە ڕەخنەگران پێیان وابوو کە دەبێت ژانر (پاک) بێ، واتە تێکەڵی هیچ جۆرێکی تری ئەدەب نەبێت، بۆ نموونە تێکەڵکردنی تراژیدی و کۆمیدی، چونکە لایان وابوو کە دەبێت یاسا و ڕێساکانی بونیاد و

ستایل و دەربڕینی هەست و ئەندێشەی هەر ژانرە جیابێ لە ژانرێکی تر))(هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٥٢).

سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆن گەورەکردنی کۆمەڵێک کەس بووە بەسەر کۆمەڵێک کەسی دیکەدا، جیاوازی چینایەتی تارادەیەکی زۆر لە کۆمەڵگاکاندا ڕەنگی دابۆوە، ئەم جیاوازیەش گوازراوەتەوە بۆ نێو ئەدەب و لە وێدا ڕەنگی داوەتەوە، کە (ئەرستۆ) تراژیدیا بە بەرزتر دادەنێت لە کۆمیدیا، تێکەڵکردنی ئەم دوو ژانرە ڕەتدەکاتەوە.

لە دوای تێکشکاندنی سیستەمی کۆن و کلاسیک، سەرهەڵدان و دروستبوونی دەیان ڕێبازی ئەدەبی و فکری و فەلسەفی و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان و نەمانی جیاوازی چینایەتی، لێک نزیکبوونەوەی چینەکانی کۆمەڵگا و تێکشکاندنی سنوورەکان و تێکەڵبوونی بنەما فکری و کلتورییەکان، بەهەمان شێوەش ئەم تێکەڵبوونە کاریگەریی گەورە و بەرچاوی لەسەر ژانرە ئەدەبییەکان دروستکرد و جێهێشت، نووسەرانی بواری ژانرە ئەدەبییەکان ئەم گۆڕانکاری و تێکەڵبوونەی کۆمەڵیان گواستەوە بۆ نێو بواری ژانرەکان و سنوور و یاسا سەپێنراوەکانی بواری ژانرەکانیان تێکشکاند و سڕییەوە، بنەمای ژانرەکانیان تێکەڵ بە یەکدی کردوو و ژانری ئەدەبی نوێ دروستبوو، لە بەر ئەوەی: ((لە نێوان شێوە ئەدەبییەکاندا پەیوەندی هەیە، خاڵە نزیکەکانیان بوونەتە هۆی پەیدابوونی ژانری نوێ و تێکەڵ، بەتایبەتی لە دوای سەدەی هەژدە و نۆزدەوە ئەو ژانرانەی، کە زیاتر برەویان هەبووە، شیعر و پەخشان بە هەموو جۆرەکانیانەوە، بە هۆی بوونی خاڵی هاوبەش لەلایەکەوە و پێویستی سەردەمیش لەلایەکی ترەوە، وردە وردە بەرەو تێکەڵبوون و چوونە ناویەکی ڕەگەز و تایبەتمەندییەکانی یەکتر چوون))(حەمەدەمین، ٢٠١٤، ٢٨). واتە بەلێکدان و تێکەڵکردنی زێتر لە کەرەسەیەکی کۆن یان نوێ، دەبێتە هۆی دروستبوونی بابەت و ژانری ئەدەبی جیاواز، کە بە شێوەیەکی جیاوازتر و سەردەمیانەتر دەردەکەوێ، پێداویستیی سەردەمەکەی خۆی پڕدەکاتەوە، کە ژانری نوێ و سەردەمیانە دەخوڵقێنێت.

(ڕینیە ویلیک) وای دەبینێت، کە ژانرەکان لە بارودۆخ و سنورێکی جێگیردا نامێننەوە، ئەوە دەخاتەڕوو: ((لەبەر ئەوەی ژانرەکان لە دۆخێکی هەمیشە جووڵاودان، چونکە جیاکاری لە نێوان ژانرە ئەدەبییەکاندا گرنگی خۆی لە زۆرینەی نووسینە ئەدەبییە هاوچەرخەکاندا لە دەستداوە، سنووری نێوان ئەم ژانرانە بەردەوام بەزێنراوە، ژانرەکان تێکەڵ و ئاوێتە دەبن، کۆنەکان گرنگیان لەدەست دەدەن یا وندەبن، وەیا ژانرێ دەخوڵقێ و دێتە کایەوە)) (نوری ئەمین، ٢٠١٧، ٥٦).

زۆر لە ڕەخنەگران و توێژەرانی  دی بیر و بۆچوونی خۆیان دەربارەی ئاوێتە بوون و چوونە ناویەکی ژانرە ئەدەبییەکان خستۆتەڕوو، بۆ نموونە (تۆدۆرۆف) لەم بارەیەوە دەڵێ: ((بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە ئەوە دەخاتەڕوو، کە پێویست ناکات بەرهەمی ئەدەبی بە شێوەیەکی وەفادارانە لەسەر سفرە و خوانی ژانرێکی تایبەت بمێنێتەوە))(مەولود و نازم، ٢٠١٨، ١٠٢). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە نووسەران ئازادن لەوەی ژانرە ئەدەبییەکەیان چۆن دادەڕێژن و سود لەکام ژانر وەردەگرن، کە پێویست ناکات نووسەر خۆی لە چوارچێوەیەکی دیاری کراوی ژانرێکدا قەتیس باکات و نەتوانێت بیر و هۆشی خۆی ئازادانە دەربڕیت، و بتوانێت بیر و مەبەستی جیاوازی ناخی خۆی تێکەڵ بەیەکدی بکات و لە یەک ژانری ئەدەبیدا دەربڕێ.

(دریدا) وایدەبینێت: ((کە لە ڕاستیدا دەقی ئەدەبی پێوەندی نییە بە هیچ ژانرێکی تایبەتەوە، لە هەمان کاتدا دەتوانرێت لەناو یەک دەقدا چەندین ژانری ئەدەبی تێدا ببینرێت، کە (دریدا) دەیویست لە ڕێگەی هێنانە پێشەوەی هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە مەبەستیەتی دەق لەو داخراوییە ڕزگار بکات، کە پێشتر بونیاتگەرەکان وا سەیری دەقی ئەدەبییان دەکرد، کە خاوەن تاکە دەلالەتێکە))(هەمان سەرچاوەی پێشو، ١٠٣).

(نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد) دەربارەی تێکەلاوی ژانرەکان و کۆبوونەوەی چەند ژانرێکی جیاواز لە ناو یەک دەقدا، بەتایبەت لەبارەی سەرچاوەی شیعرەوە دەڵێ: ((هەمیشە شیعر بەدوای سەرچاوەی دیکەدا گەڕاوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تر بونیادە زمانی و وێنەکانی درووست بکاتەوە، بەتایبەتی دوای ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لەشیعری هاوچەرخی نوێدا بەسەر فۆرم وبونیاد و زمانی شیعریدا هات، چیتر شیعر باوەڕی بە سنوورەکانی خۆی  نەماوە و پەڕیوەتەوە بۆ نەک تەنها ئەو دیوی سنووری ژانرە ئەدەبییە نزیکەکان، بەڵکو بۆ هونەرەکانی تریش، کە ئەمەش تێکەڵبوونی شیعرە بە ژانرەکانی تر))(ئەسوەد، ٢٠٠٦، ١١٨). ئەمانە و دەیان بۆچوونی دیکەی توێژەران و ڕەخنەگرانی ئەم بوارە هەیە، دەربارەی تێکەڵبوونی ژانرە ئەدەبییەکان لەگەڵ یەکدیدا، کە لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی نێوان ژانرەکان، ژانری ئەدەبی نوێ درووست دەبێت، باشترین نموونەش لەم سەردەمەدا، کە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە لە دونیای ئەدەبیدا بریتین لە: (پەخشانە شیعر و چیرۆکە شیعر).

ئەگەر چی بەشێکی  دی لە ڕەخنەگران و شارەزایانی بواری ژانرە ئەدەبییەکان، تێکەڵکردن و چوونە ناویەکی ژانرەکان ڕەتدەکەنەوە و بە گەرانەوە بۆ چاخە دێرین و کۆنەکان ناوی دەهێنن، بۆ نموونە (زاهیر ڕۆژبەیانی) پێی وایە: ((بەزاندنی سنووری ژانرە ئەدەبییەکان و تێکەڵکردنەوەیان،

گەڕاندنەوەی ئەدەبە بۆ ڕۆژانی سەرەتای پەیدابوونی ئەم داهێنانە مەزنەی مرۆڤ، بە ڕادەیەک، کە تەنانەت ناوبراو بە (کاریکی ناپەسند)یشی دەزانێت، چونەک پێی وایە هەر ژانرێکی ئەدەبی بۆ خۆی ناسنامە و کەرەستە و تەکنیک و تەنانەت ئامانجی جیاوازیشیان هەیە، کە نابێ و ناکرێ لە یەک بەرهەمی ئەدەبیدا هەموو بسڕێنەوە)) (خەیات، ٢٠١٥، ٩٤).

## پاری دووەم/

## سەرهەڵدانی ژانرەکان و پۆلێنکردنیان لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا:

میللەتی کورد وەک زۆربەی گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵات و جیهان خاوەنی ئەدەبیاتی تایبەت بە خۆیەتی، سوودی لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری وەرگرتووە بۆ داڕشتنی سەرەتاکانی ئەدەبی نووسراوی خۆی، کورد خاوەنی زمان و خاک و کلتوور و ناسنامەی خۆیەتی، خاوەنی مێژوویەکی دوور و درێژە، مێژوویەکی ئەدەبی دێرینی هەیە، چ بەشێوەی ژانری نووسراوبێت، یان بەشێوەی ژانری نەنووسراو لە چوارچێوەی ئەدەبی دەوڵەمەندی فۆلکلۆری کوردیماندا بێت، بەشێکی فراوانی ئەدەبی کوردی پێک دەهێنێت، کە دەماودەم و پشتاوپشت بەسەر زاری خەڵکەوە ماوەتەوە، بۆتە سەرچاوەیەکی گەورەی ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی، چونکە ((فۆلکلۆر بناغەی ئەدەبیاتە، زۆر لە نووسەران و ئەدەبیاتناسان وتویانە – ئەوەی ئاگای لە فۆلکلۆر نەبێ، یا شارەزای فۆلکلۆر نەبێ ئاگای لە ئەدەبیاتی سەردەمی خۆشی نابێ، چونکە بناغەی ئەدەبیات لە فۆلکلۆر دایە))(رەسول، ٢٠١٢، ٢٧).

سوود وەرگرتن لە ئەدەبیاتی سەرزارەکی بۆ سەرەتای ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی، نەک لەنێو ئەدەبی کوردیدا هەیە و پەیڕەو کراوە و سوودی لێوەرگیراوە، بەڵکو لەنێو گەلانی دیکەی جیهانیش بەهەمان شێوەیە، سوودیان لە ئەدەبی سەرزارەکی پێش خۆیان وەرگرتووە بۆ داڕشتن و دەستپێکی سەرەتای ئەدەبی نووسراوی خۆیان، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین: ((مێژووی ئەدەبی کوردی لەو ڕۆژەوە دیاری بکەین، کە بەرهەم بەم زمانە تازەیە پەیدا بووە و تۆمار کراوە، ئەگەر نا ئەدەبی کوردی بە تایبەتی ئەدەبی میللی (فۆلکلۆر) وەکو سامانی نەتەوایەتی دیارە لە باب و باپیرە هەرە کۆنەکانی کوردەوە دەست پێدەکات، کە ئەدەبە تازەکە هێزی لە سامانی کۆن وەرگرتووە))(خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٥٧).

لە ئەدەبی نووسراوی کوردیدا چەندین ژانری ئەدەبی جیاوازمان هەیە، هەر یەک لەم ژانرانە هەڵگری ناسنامەی ئەو سەردەمەی خۆیەتی، کە ئەو ژانرەی تێدا نووسراوەتەوە و سەری هەڵداوە، هەر لە زووەوە مرۆڤی کورد لە ڕێگای ئەدەبەوە کار و کردەوەی ڕۆژانە و ژیانی خۆی تۆمار کردووە، لە ڕێگای ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکانەوە هەست و سۆز و بیر و ئەندێشەی خۆی دەربڕیوە، دیارە ئەو ژانرانەی لە سەرەتا و لە کۆندا ئەدەب و بیر و هۆش و هەستی مرۆڤیان پێنووسراوە، لە سەرەتادا زۆر سادە و ساکار بوون، لەگەڵ ئەو هەستە سادەیەی مرۆڤی ئەو کات گونجاوە، بەڵام

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکردووە، کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار و سەردەمەکان ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکان درووستبوون و سەریان هەڵداوە، واتە لەگەڵ بەرەو پێشچوونی قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و بارودۆخە ئابوری و ئاینی و ڕۆشنبیرییەکانی مرۆڤ و پێشکەوتنی بیر و هۆشی مرۆڤ، ژانرە ئەدەبییەکانیش بەرەو پێشەوە چوون و پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە دیوە، چونکە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا لەگەڵ پێشکەوتنی بیر و هۆشی مرۆڤ، ژانرە ئەدەبیەکانیش بەرەو پێشەوە چوون و گەشەی بەرچاویان بەخۆیانەوە دیوە، بەڵام بە پێچەوانەوە دەتوانین بڵێین لەگەڵ دواکەتنی بیر و ئەندێشەی مرۆڤ، ژانرەکانیش پاشەکشە و دواکەتنیان بە خۆیانەوە دیوە.

ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی پەیوەندیەکی بە هێزی بە ناوەڕۆکی ئەدەبیاتی کوردییەوە هەیە، هەر ئەم ژیانە کۆمەڵایەتییەی کورد و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا، سەرئەنجام دەبێتە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدان و درووستبوونی ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکان و بەرەو پێشچوونیان لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی.

دەربارەی سەرەتاکانی ئەدەبیاتی کوردی و سەرهەڵدان و دروستبوونی یەکەمین ژانرەکان، بیروبۆچوون و دیتنی جیاوازی نووسەران و شارەزایانی ئەدەبیاتی کوردی لەم بارەیەوە هەیە، کە لە سەرچاوە گەلی جیاوازەوە باسی لێوەکراوە، واتا ئەگەر بڕوانینە ئەو سەرچاوانەی، کە دەربارەی ئەدەبیاتی کوردی نووسراون، بیروڕای جیاواز هەیە لەلایەن نووسەرانی ئەم بوارە، ئەمەش بە پشت بەستن بەو بەڵگە مێژوویانەی، کە بەردەستیان کەوتوون دەربارەی سەرەتاکانی ئەدەبیاتی کوردی، هەروەها بیروڕای جیاوازیش هەیە دەربارەی ئەوەی، کە سەرەتای ئەدەبی کوردی بە ژانری شیعر دەستی پێکردووە، یان بە ژانرە پەخشانیەکان، چونکە: ((هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردییەوە، لەو کاتەوەی کە مرۆڤی کورد هەوڵی داوە هەستی خۆی دەرببڕێت، ئەم کارەی لەڕێگای فۆرم و شێوازی جۆرا و جۆرەوە ئەنجام داوە))(عەبدولغەفوور، ٢٠١٣، ١٧٩). چونکە پێشتر ئەوەمان خستەڕوو، کە ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی لە ڕوانگەی نووسەران و توێژەرانەوە دابەش دەکرێتە سەر دوو ژانری سەرەکی، ئەوانیش بریتین لە: (شیعر و پەخشان)، کە هەریەک لەمانەش چەندین جۆری جیاواز لەخۆ دەگرن.

زۆربەی نووسەران و توێژەرانی ئەدەبی کوردی لەسەر ئەوە کۆکن، کە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی بە ژانری شیعر دەستی پێکردووە، واتە ئەو بەڵگە و دیکۆمێنتە مێژوویانەی لە کۆنەوە دەست

شارەزایانی ئەدەبی کوردیمان کەوتوون و خراونەتەڕوو بە شیعر نووسراون نەک پەخشان، کە دیارە بە شێک لە شارەزایانی ئەدەبیاتی کوردی سەرهەڵدانی ژانرە پەخشانییەکان دەگێڕنەوە بۆ سەرهەڵدان و درووستبوونی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە، چونکە ژانرە پەخشانییەکان زێتر پێویستیان بە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و بڵاوبوونەوەی چاپەمەنییەوە هەیە.

سەرهەڵدانی ژانری شیعر پێش پەخشان نەک تەنیا لەنێو ئەدەبی کوردیماندا هەیە و بەدی دەکرێت، بەڵکو لەنێو ئەدەبیاتی گەلانی دیکەش هەر وایە، ژانری شیعر پێش ژانرە پەخشانییەکان سەریهەڵداوە و مێژووی ئەدەب بە ژانری شیعر دەستپێدەکات نەک پەخشان، بۆ نموونە داستانی (گلگامێش) ((گلگامێش لە مێژووی ئەدەبی میسۆپۆتامیای کۆن پاڵەوانی چیرۆک و داستانەکە بووە، یەکێکە لە پاشماوەکانی دەوڵەتی سۆمەری (٣٠٠٠-٤٠٠٠ پ.ز))(مەولود و نازم، ٢٠١٨، ٢٣٤-٢٣٥). هەروەها داستانی ((ئەلیادە و ئۆدێسە)ی هۆمیرۆسی یۆنانی لە سەدەی هەشتەمی پێش زاین))(هەمان سەرچاوەی پێشو، ٢٤٧)، بە شیعر هۆنراونەتەوە، نەک پەخشان، کە (ئەفلاتوون و ئەرستۆ) تیۆرە ئەدەبییەکانیان لەسەر بنیات ناوە، کە باس لە هۆنراوە دەکەن، کە ئەم داستانانەی ئاماژەمان پێکردن بەسەرەتای ئەدەبی نووسراوی جیهانیش دادەنرێن، کە ئەدەب بە شیعر دەستی پێکردووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە: ((ژیانی مرۆڤ لە سەدەکانی ڕبردوودا لەوانەیە ئەوەندە ئاڵۆز نەبووبێ و لە توانای شیعردا بووە بابەتە سادەکانی ئەو قۆناغە دەرببڕێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە شیعر بە چەند بەیتێکی سەروادار و مۆسیقی داڕێژراوە، کە بۆ لەبەرکردن ئاسان بووە و توانیویانە بیپارێزن))(عەبدولغەفوور، ٢٠١٣، ٢٨٥).

شیعر زێتر کار لە هەست و سۆزی مرۆڤ دەکات و بەسەر زارەوە دەمێنێتەوە، کە ئەمەش پێچەوانەی پەخشانە، چونکە پەخشان: ((پێویستی بە کاغەز و ڕووپەڕی ڕۆژانامەکانە، لە ڕووی قەبارەوە درێژترە و بابەتەکانی فراوانترە و کەمتر لا لەسۆز و مۆسیقا و خەیاڵ و ئەندێشە دەکاتەوە، لەسەر بناغەیەکی ژیری و مەنتیق و بیر و هزرەوە دەڕوات))(هەمان سەرچاوی پێشو، ٢٨٥)، کەواتا دەبینین، کە لە ئەدەبیاتی کوردی و ڕۆژهەڵاتیدا شیعر سەرمەشق بووە و یەکەمین ژانرە ئەدەبییەکان بە شیعر هۆنراونەتەوە، ئەمەش پەیوەندی بە خودی شیعرەوە هەیە، کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی جیاوازی تێدایە جیای دەکاتەوە لە پەخشان و هۆکاری زووتر سەرهەڵدانی شیعرە پێش پەخشان، کە ئەمە نەک تەنیا بۆ ئەدەبی کوردیماندا هەیە و بەدی دەکرێت، بەڵکو هەمان ڕاستی بۆ گەلانی دیکەی رۆژهەڵاتی و دەوروبەرمان ڕاستە و بەرچاو دەکەوێت، هەر بۆیە ئەگەر سەیری تۆمارەکانی

مێژووی ئەدەبی کوردی بکەین دەبینین، کە سەرەتای ئەدەبی نووسراوی کوردیمان بە شیعر دەست پێدەکات، کە شاعیران و نووسەرانی کورد چەندین قاڵبی شیعری جیاوازیان بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی مەبەستی شیعری خۆیان.

شیعر هەر لەزووەوە لەنێو کوردا سەری هەڵداوە، مرۆڤی کوردیش وەک میللەتانی دیکەی جیهان خاوەنی بەهرە و توانا و لێهاتووی خۆیەتی، خاوەنی هەست و سۆز و خۆشەویستی و کلتور و ئەزموون و خاک و نیشتیمان و مێژووی سەروەری خۆیەتی، ئەمانە و دەیان بابەت و هۆکاری دیکە هەن، کە بوونەتە سەرچاوەی دروستبوونی ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکان بەتایبەت ژانری شیعر، لە ئەدەبیاتی کۆنی کوردیدا هەر یەک لە شێوەکانی (شیعری لیریکی، شیعری داستان، شیعری فێرکاری)مان هەیە، کە شاعیرانی کورد لەسەردەمە جیاوازەکاندا بیر و ئەندێشە و هەست و سۆز و خەم و حەز و ئارەزوەکانیان بە یەکێک لەم شێوە شیعریانە دەربڕیوە، کە بەشێکی گەورەی ئەدەبیاتی کوردی پێکدەهێنن، ئێمە لێرەدا کورتەیەک دەربارەی هەریەکەیان دەخەینەڕوو، کە دواتر لە بەشی دووەمدا هەریەکەیان بە نموونەی شیعرییەوە پێشان دەدەین و دەیان خەینەڕوو.

## یەکەم/ شیعری لیریکی:

لەبەر ئەوەی شیعری لیریکی دەربڕینی هەست و سۆز و هەڵچونەکانی ناوەوەی مرۆڤە، دەبینین، کە شیعری لیریکی بە چەندین شێوە و جۆری جیاواز پێناسە کراوە، زۆربەی پێناسەکانیش جەخت لەسەر خودییەتی شیعری لیریکی دەکەنەوە، هەر وەک (ن. ئەی. دوبرولیۆبۆڤ) لە بابەت شیعری لیریکییەوە دەڵێ: ((شیعری لیریکی بریتییە لەو ساتەوەختی گوزارشتکردنەی، کە ڕەنگدانەوەی ناوەکی شاعیرە لەسەر هەستەکانی خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ))(حسەین، ٢٠٠٧، ٥٣). لەبەر ئەوەی شیعری لیریکی دەربڕینی ناخی شاعیرە، هەر بۆیە هەست بە بوونی شاعیر دەکەی لە دووتوێی ناوەڕۆکی شیعرەکەیدا، چونکە (شیعری لیریکی لە ناخ و دەروونی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ، ئاماژە بە خۆشی و ناخۆشی و ترس و ئازایەتی ...هتد دەکات، وێنەی شاعیر بەشێوەیەکی ڕوون لەودیو دەربڕینەکاندا بەدی دەکرێت)(بڕوانە حوسێن و مەولود، ٢٠١٨، ١١٤).

شیعری لیریکی ڕەنگدانەوەی ناوەوەی ناخی مرۆڤە و کار لە ناخی خوێنەر دەکات، لەبەر ئەوە دەبینین، کە ((شیعری لیریک نە کارێکە و نە گێڕانەوەیە، بەڵکو دەربڕینی حاڵەتە دەروونی و

ناوەکیەکانی ناوەوەی مرۆڤە، بابەت و مەبەستەکەی دەربڕینی هەست و سۆزی کەسێکە، کە مەرج نییە شاعیر خودی خۆی بێت))(سیماداد، ١٣٩٠، ٣١٦). هەروەها شیعری لیریکی (پارچە شیعرێکی کورتە لە مەبەستەکانی دڵداری و جوانی و سروشت و ژیانی بکۆمەڵایەتی و سیاسی و دانایی و ئاین و فەلسەفە و سۆفیزم و ...هتد دەدوێ)(بڕوانە: خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٧٣). ئەم مەبەستانەش بەشی زۆری ناوەڕۆکی شیعری کوردی دەگرنەوە، وە بەشێکی زۆر لەم مەبەستانەی شیعری کوردی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە.

ئەگەر بڕوانینە تۆماری مێژووی ئەدەبی نەتەوایەتیمان، زۆرن ئەوانەی دەربارەی سەرەتا و یەکەمین دەقی نووسراوی کوردی دواون، بەتایبەتی ژانری شیعر، لەم بارەیەوە بیروڕا و بەڵگەیان خستۆتەڕوو، لەهەمان کاتدا بیروڕای جیاوازیش هەیە لەم بارەیەوە، ئەمەش بەشێکی زۆری پێوەندیی بەوە هەیە، کە گەلی کورد چ بەهۆی ئەو داگیرکاریەی، کە لەلایەن دووژمنەکانیەوە دووچاری بووە، یان بەهۆی ئەو بارودۆخە جیاوازانەی، کە لە مێژوودا تووشی بووە، بەشێکی زۆر لە سامانی نەتەوایەتی و کلتوری و ئەدەبی خۆی لەدەستداوە، هەر بۆیە توێژەرانی بواری ئەدەبی کوردی، بە پێی ئەو بەڵگە و دیکۆمێنت و دەستنووسانەی، کە دەستیان کەوتوون و توێژینەوە و پشکنین و بەدوادا چوونیان بۆ کردوون، سەرەتای ئەدەبی نووسراوی کوردی دەستنیشان دەکەن و بیروبۆچوونی خۆیان دەخەنەڕوو، ئێمە بەپێی پێویست بیروبۆچوونی کۆمەڵێک لەو نووسەر و توێژەرانەی ئەدەبی کوردی دەخەینەڕوو.

(مامۆستا عەلائەددین سەجادی) دەربارەی سەرەتای ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی، دەگەڕێنێتەوە بۆ دوو سەردەمی جیاواز، یەکەمیان بۆ پێش ئاینی ئیسلام و دووەمیشیان بۆ دوای ئاینی ئیسلام، بۆ نموونە لە کتێبی (دەقەکانی ئەدەبی کوردی)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە: ((سەرەتای ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاینی زەردەشتی، بەتایبەت ئەو شێوە زمانەی، کە لە ئاڤێستادا بەشی (گات)ەکانی پێ نووسراوە و ناو ئەبرێ بە زمانی ئاڤێستایی، کە ئاڤێستا بەرهەمێکی ئاینی کۆنی ئێرانیەکانە و زمانی کوردیش لە ڕووی مێژووییەوە نزیکایەتیەکی زۆری لەگەڵ زمانە ئێرانییە کۆنەکاندا بە تایبەت ئاڤێستایی و پەهلەویدا هەبووە))(سەجادی، ١٣٩٣، ٢٠ -٢٣). چونکە زۆرێک لە شارەزایان و توێژەران لەو باوەڕەدان، کە پەیوەندی و نزیکایەتی زۆر هەیە لە نێوان زمانی کوردی و زمانی ئاڤێستایی، کە ئاینی زەردەشتی پێنووسراوە، چونکە: ((بە پێی بۆچوونی هەندێک لە زانا و

ڕۆژهەڵاتناسەکان، زمانی ئاڤێستا زمانی ماددەکانە و کوردیش پاشماوەی ماددەکان و لەسەر هەمان ناوچەی جوگرافی ماددەکان دەژین))(شوان، ٢٠١٢، ١١).

زۆرێک لە توێژەرانی بواری مێژووی ئەدەبی کوردی دیاریکردنی سەرەتای ئەدەب و شیعری کوردی بەکارێکی قورسی دادەنێن و هەروا کارێکی ئاسان نییە، چونکە زمانی کوردی لە چەندین زاری جیاواز پێکدێت، لە هەر سەردەم و قۆناغێکدا یەکێک لەو لەهجانەی زمانی کوردی بۆتە زمانی سەردەمەکەی خۆی و شیعر و ئەدەبیاتی پێ نووسراوە، بۆ نموونە (د. مارف خەزنەدار) دەڵێ: ((ئەدەبی کوردی بە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی پەیدا بووە، کە دوو بەیتەکانی (بابا تاهیر) بە سەرەتای شیعری کوردی دادەنرێت بەشێوەیەکی گشتی، کە بیر و بیلیمەتی بابا تاهیر لەگەڵ بیر و باوەڕی ئاینی یارسان و سۆفیزمی کۆزمۆسی و گۆرانی میللی ناوچەیی دوو بەیتییەکانی بابا تاهیریان درووست کردووە، کە شیعری ئاینی و لیریکی (غنائی) لە دیالێکتی گۆراندا کۆنترین شیعری زمانی کوردییە))(خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٦٠).

کەواتا ئەدەبیاتی (گۆران) دابەشی دوو سەردەمی جیا دەکرێت، یەکەمیان پێش ئیسلام کە ئاینی زەردەشتی پێنووسراوە، دووەمیان دوای هاتنی ئاینی ئیسلام، کە لە (بابا تاهیر)ەوە دەستپێدەکات، ئەدەبیاتی زاری (گۆران)، کە ئەدەبی کوردی پێنووسراوە بە کۆنترین شێوە زار دادەنرێت، کە ئەدەبی پێنووسرابێ، واتە دەتوانین بڵێین ئەدەبی نووسراوی کوردی بە شیعری لیریکی لەهجەی گۆران دەستی پێکردووە، چونکە بەپێی زۆربەی شارەزایانی ئەدەبی کوردی یەکەمین دەقی نووسراوی ئەدەبی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاینی (یارسان و ئەهلی حەق)، کە بە زاری (لوڕی) لەلایەن (بابا تاهیر)ەوە نووسراوە، بەڵام زۆر لە نووسەران و شارەزایانی دیکەی ئەدەبی کوردی مێژووی درووستبوون و سەرهەڵدانی شیعر و بەرهەمی ئەدەبی کوردی دەگێرنەوە بۆ سەردەمێکی زۆر زوتر، بەڵام تا ئێستاش هیچ دەسنووسێکی کۆنی ئەدەبی لەلایەن هیچ کام لە نووسەران و ڕەخنەگرانی مێژووی ئەدەبی کوردی هی خۆی و هەم ڕۆژهەلاتناسانەوە نەخراوەتەڕوو و نەتوانراوە بیسەلمێنن و واتە ساغ نەکراوەتەوە و نە خراونەتە قاڵبی بەڵگەی تەواوەتی و نەیانتوانیوە بیسەلمێنن، کە فڵان دەقی ئەدەبی چ ژانری شیعر یان ژانرە پەخشانییەکان بێت، دەکەوێتە پێش هۆنراوە دوو بەیتیەکانی بابا تاهیر و ئەدەبیاتی گۆرانەوە.

## دووەم/ داستانە شیعر:

داستانە شیعر یەکێکە لە شێوە بنەڕەتییەکانی ژانری شیعر، زاراوەی داستان یاخود ئیپێک ((Epic -ئیپیک لە وشەی یۆنانی (epos)ەوە هاتووە، بەواتای وشە، ئەوەی وتراوە، یان دەگێڕدرێتەوە هاتووە))(هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ). هەروەها ((لە زمانی لاتینیدا وشەی (EPICUM) بەکاردێت و لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر بەمە وشەی (EPIC) و لە زمانی عەرەبی (ملحمە) و لەزمانی کوردیدا (داستان) بەکارهاتووە))(مەولود و نازم، ٢٠١٨، ١٩١). لەبەرامبەر وشەی داستان ((ئەفسونیش هەیە، داستان زۆرتر بۆ نەبەردی پاڵەوانان بەکار ئەهێنرێت، وشەکە لە بنەڕەتا (داواستانە)ە، واتە شوێنی جەنگ و شەڕ و شۆڕ))(سەججادی، ١٣٨٩، ١١٩). هەروەها دکتۆر (عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) بەم شێوەیە باسی داستان دەکات و دەڵێ: ((ئیپۆس، بەرهەمێکی چیرۆکئامێزە، لە فۆڕمی وێنەدا، باری ژیان و بوونی گەل و پێوەندیی کۆمەڵایەتی و نەخشەی بەرەو پێشچوونی مێژوویی دەردەخا))(ڕەسووڵ، ٢٠١٠، ٣١).

داستانە شیعر ((وێنای عادات و تەقالید و بیروباوەڕ و ئەفسانە و خواوەندی گەلان دەکات، دەتوانرێ بوترێ وەک تۆماری ژیانی پێشینانی گەلان دادەنرێ، کە وەک ئاوێنەیەک ڕۆڵ دەگێڕێت لە پاراستن و گێڕانەوە و گواستنەوەی ژیانی گەلانی پێشوو، لەبەر ئەوەش بە کۆنترین جۆری شیعری دادەنرێ))(مندور، ٢٠٠٦، ١٢). کەواتا داستان گێڕانەوەی ڕووداوێکە بە شیعر، بە زمانێکی بەرز دەهۆنرێتەوە، ناوەڕۆکەکەی باسی ڕوداوێکی قارەمانێتی و ئازایەتی و دڵداری دەکات، واتە هەموو ئەو شەڕ و نەهامەتییانەی، کە تووشی مرۆڤ بووە لە سەردەمە جیاوازەکاندا پیشان دەدات، نووسەری داستان لەسەرخۆ و بەشێوەیەکی زنجیرەیی ئاسایی وەسفی ڕووداوەکانی نێو داستانەکەی دەکات.

لە داستاندا ڕووداوە ڕاستەقینەکان و مێژووییەکان تێکەڵ بە خەیاڵ و ئەفسانە دەکرێن، نووسەری داستان لەبەرژەوەندی گەلەکەی دایدەڕێژێتەوە، لە داستاندا ڕووداوەکان هەمیشە لە خزمەت پاڵەوانی سەرەکیدان و لە دەوری پاڵەوانی سەرەکیدا دەخولێنەوە، بەمەبەستی پیشاندانی پلەوپایەکەی، چونکە لە داستاندا هەمیشە هێز و توانای پاڵەوان بە بەهێز و کاریگەر دادەنرێت، تەنانەت لە زۆرێک لە داستانەکاندا پاڵەوانی نێو داستانەکە پلە و پایەی نیمچە خواوەندی هەیە و هێزێکی سەروو هێزی ئاسایی هەیە، گیانێکی نەمری پێ دەبەخشرێ، کە زۆربەی کات ئەم هێز و توانایە لە بەرامبەر هێزی شەڕەنگێز و خراپەکار بەکاردەهێنێت.

شیعری داستانی پێچەوانەی شیعری لیریکییە، چونکە نووسەری داستان خۆی لە هەست و سۆز و هەڵچوونە خوودی و تاکییەکانی ناخی خۆی بەدووردەگرێت، بەرەو بابەتی بوون دەچێت، لەبەر ئەوەی نووسەری داستان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی و پیشاندانی پاڵەوانی چیرۆکەکەی داستانەکەی دادەڕێژێت.

داستان گێڕانەوەیەکە بە شیعرە، ناوەڕۆکێکی قارەمانی هەیە، کە زۆربەی کات تێکەڵی ڕووداوی خەیاڵی و ئەفسانەییەکان دەکرێت و زێتر مەبەستی پیشاندانی پاڵەوانی نێو داستانەکەیە، کە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا مێژوویەکی دووروو درێژی هەیە، بەڵام دەرکەوتنی ژانری داستان (ئیپیک)ی نووسراو لە ئەدەبی کوردیدا، لە بەرامبەر دەرکەوتنی ئەم ژانرە لە ئەدەبیاتی جیهانی و ڕۆژئاوایدا مەودایەکی گەورەیان لە نێواندا هەیە، چونکە داستان لە ئەدەبیاتی جیهانیدا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، کە داستانی (گلگامێش)ی سۆمەری و هەروەها داستانی (ئەلیادە و ئۆدێسە)ی هۆمیرۆسی یۆنانی، کە لە سەدەی هەشتەم و حەوتەمی پێش زاین نووسراون، بەڵام ئەم ژانرە گەورەیە لەنێو کوردیدا بەشیوەی ژانری نووسراو مێژووەکەی ئەوەندە دێرین نییە، ئەوەی تا ئێستا دەست لێکۆڵەران و نووسەرانی کورد و لەهەمان کاتدا دەست ڕۆژهەڵاتناسەکان کەووتون، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەک پێش ئێستا، چونکە: ((کورد ئەدەبیاتێکی بەناوی کلاسیک بە واتا ڕۆژئاواییەکەی نییە، بۆیەش داستانی کوردی تەنێ لە چوارچێوەی فۆلکلۆریەکەیدا هەیە و نەیتوانیوە ببێتە بابەتێکی جیهانی))(مەنتک، ٢٠١٩، ٩٣). کە دەڵێین ئەدەبی کلاسیکی کوردی، واتە ئەدەبی کۆن، پیش ئەوەی ئەدەبی کلاسیکی بە واتای ئەدەبی بەرز بیت.

چۆن بتوانین سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی لە بابەت جۆرەکانی ئەدەب دەستنیشان بکەین؟ بەتایبەت داستانە شیعر، چونکە کورد خاوەنی چەندین تێکستی داستانییە، لەهەمان کاتدا چەندین داستانمان هەیە، کە میللەتانی دراوسێشمان بە هی خۆیانی دەزانن، بە زمان و کلتوری خۆیان دایان ڕشتۆتەوە، دەربارەی سەرەتای داستانە شیعریش لە مێژووی ئەدەبی کوردیمان بیروڕای جیاواز هەیە، چ دەربارەی ئەو داستانانەی، کە هاوبەشن لەگەڵ میللەتانی دیکە و چ ئەوانەی، کە هی خودی میللەتی کوردن و لە خاکی کوردستان ڕوویان داوە و بەزمانی کوردی نووسراونەتەوە.

بەشێک لە شارەزایانی مێژووی ئەدەبی کوردی داستانی بەناوبانگی (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خانی) بەسەرەتای داستانە شیعری نووسراوی کوردی دادەنێن، ((ئەحمەدی خانی ١٦٥٠- ١٧٠٦ زاینی ژیاوە، خاوەنی چیرۆکە شیعری (مەم و زین)ە، دیارە لە پێش (خانی)یش چەندین داستانی نوسراوی کوردی هاوبەش لە نێوان چەند میللەتێکی ڕۆژهەڵاتدا هەیە، وەک (شێخی سەنعانی – فەقێ

تەیران، لەیل و مەجنون، شیرن و فەرهاد ...تاد)، بەڵام خانی لە نووسینی داستانەکەیدا چیرۆکێکی فۆلکلۆری کوردی هەڵبژاردووە، کە لەلای گەلانی دیکە نەبێت))(رەسول، ٢٠١٢، ٥٢١).

## سێیەم/ شیعری فێرکاری:

شیعری فێرکاری هەموو ئەو هۆنراوانە دەگرێتەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی فێرکاریدا بەکاردەهێنرێن، بەبێ ئەوەی کار لە هەست و سۆز بکات، ئەم شێوەی شیعرە وەک هەر سێ شێوە بنەرەتییەکەی دیکەی ژانری شیعر لە یۆنانی کۆندا مێژوویەکی کۆنی هەیە، سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ گریکەکان، بەڵام گریکەکان وەک ژانرێکی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ شیعری فێرکردندا نەکردووە، بەڵکو وەک بەشێک لە شیعری داستانی ئەژماریان کردووە، چونکە ((هونەری شیعری فێرکردن لەناو هونەری شیعری داستانیدا دروست بووە، دواتر وەک جۆرێکی سەربەخۆ ناسراوە))(کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٢٠، ١٨٠). کە دواتر لە وڵاتانی دیکەی رۆژئاوایی و جیهانیدا دەرکەوت، کە بە یەکێک لە شێوەکانی ژانری شیعر دادەنرێت، چونکە ((هۆنراوەی فێرکاری یەکێکە لە چوار هونەرە سەرەکیەکان، لەگەڵ هۆنراوەی (داستان، لیریک، درامی) پەیکەربەندی هۆنراوە پێکدێنن))(قەرەنی، ٢٠٠٧، ٢٤).

شیعری فێرکاری یەکێکە لە چوار هونەرەکانی شیعر، چونکە ((لەڕووی هونەری شیعر نووسینەوە هیچ جیاوازییەک لە نێوان هۆنراوەی فێرکاری و جۆرەکانی دیکەدا نییە، چونکە شیعری فێرکاری و جۆرەکانی دیکەش لێهاتووی و بلیمەتی شاعیریان دەوێ، توانای شاعیر دەخەنە تای تەرازووەوە، بەڵکو جیاوازییەکە تەنیا لە ڕووی ئەو بابەتە دەردەکەوێ کە دەڕیدەبڕن))(رسول، ١٩٨٩، ١٠٦). سەبارەت بە سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هۆنراوەی فێرکاری لە ئەدەبی کوردیدا، ئەوا هۆنراوەی فێرکاری لە کات و سەردەمێکی دیاریکراودا سەری هەڵداوە، چونکە هەر لە زووەوە شاعیران و نووسەرانی کورد هەستیان بە گرنگی ڕۆڵی منداڵ کردووە و بە نەوەی داهاتوویان زانیوە، کە دەبێت گرنگی و بایەخی تایبەتیان پێبدرێت و ڕێنماییان بکرێ و نابێت فەرامۆش بکرێن.

شاعیرانی کورد لە ڕێگای ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکانەوە بەتایبەت ژانری شیعر، هەوڵیانداوە ئامۆژگاری و ڕێنمایی منداڵان بکەن، بەشێک لە نووسینەکانیان بۆ پەروەردە و فێرکاریی منداڵان تەرخان کردووە، ئەگەر چاوێک بە مێژووی شیعری فێرکاریدا بگێرین دەبینین، کە شیعری فێرکاری لە ئەدەبی کوردیدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، چونکە شاعیرانی کورد هەوڵیان داوە لە ڕێگای شیعرەکانیانەوە بایەخ بە پەروەردەکردن و فێرکاریی منداڵانی کورد بدەن، دیارە ئەو دەستنووس و

بەڵگە مێژووویانەی سەرەتای شێوەی شیعری فێرکارییان لە ئەدەبی کوردیدا پێ دیاری دەکرێت، بەشێوەی فەرهەنگۆکێک نووسراون، ئامانجیان فێرکاریی زمانی عەرەبی بووە، واتە مەبەستی سەرەکیان فێرکاری بووە، بەر لەوەی ئامانجیان پەروەردە و فێرکردنی بەها بەرزەکان بێت.

یەکەمین و کۆنترین شیعری فێرکاری لە ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگە شیعریەکەی شاعیری مەزنی کورد (ئەحمەدی خانی) بە نێوی (نوبهارە سەیدایێ مەزن) یان (نوبهارە بچوکان)، ئەم فەرهەنگە (لە ساڵی ١٦٨٢ زاینی نووسراوە، لە ((پێشەکی و سێزدە پارچە و کۆتاییەک پێک هاتووە))(رسول، ١٩٨٩، ١٠٧). شاعیر لە پێناوی منداڵانی کورد ئەم بەرهەمەی نووسیووە، هەروەها ((مەبەستی خانی لە دانانی ئەم فەرهەنگە شیعرییە پەروەردەکردنی منداڵانی کورد بووە، بەهۆی ئەوەی کە شاعیرێکی گەورە و ڕابەرێکی ئێجگار دووربین بووە، نرخی هونەری شیعری بەتەواوی زانیوە و ویستوویەتی بنچینەی ئەم هونەرە، کە (کێش و مۆزیقا)یەتی ڕوونبکاتەوە و منداڵان و شاگردانی کورد فێربکات، کە ئەو کێشە عەروزیانە بناسن کە شیعری کوردی پێدەنووسرێ))(دزەیی، ١٩٨٥، ٢٢ - ٢٣).

دووەمین هەوڵی نووسینی شیعری فێرکاری لە ئەدەبی کوردیدا لە دوای (ئەحمەدی خانی)، دەگەڕێتەوە بۆ بەرهەمە شیعرییەکەی (شێخ مارفی نۆدێی) بە ناونیشانی (لۆغەت نامەی ئەحمەدی)، کە لە ساڵی ١٧٩٥ زاینیدا نووسیویەتی، بە شێوازی شیعری فێرکاری دایڕشتووە، کە وەک ئاماژەی پێدەکات، بە مەبەستی فێرکاریی زمانی عەرەبی بۆ کوڕەکەی خۆی نووسیویەتی، ئەمانە هەوڵە سەرەتاییەکانی نووسینی شیعری فێرکارین، بەم شێوەیە کاروانی شیعری فێرکاری لە ئەدەبی کوردیدا هەنگاوی هاویشت و بەردەوام بوو، کە دواتر چەندین شاعیری دیکەی کورد شیعری فێرکارییان نووسی و  لە قۆناغی دواتردا هۆنراوەی فێرکاری تەنیا لایەنە فێرکارییەکانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو ئامانجە پەروەردەی و بەها ئەخلاقی و لایەنی دیکەشی گرتەوە، کە مەبەستیان پەروەردەکردن وفێرکاریی منداڵانی کورد بووە.

## ژانرە پەخشانی و گێڕانەوەییەکان:

پەخشان یاخود ژانرە پەخشانییەکان بە گشتی دابەشی دوو جۆر یان دووبەش دەکرێن، یەکەمیان ژانرە پەخشانە گێڕانەوەیەکان، کە بەسەر زاری خەڵکەوە دەماودەم ماونەتەوە و گێڕدراونەتەوە، دووەمیان ئەو ژانرە پەخشانیانە دەگرێتەوە، کە نووسراون و بەنێوی کەسەکانەوە

تۆمار کراون، دیارە مێژووی درووستبوون و سەرهەڵدانی ژانرە پەخشانییە گێڕانەوەییەکان لەنێو ئەدەبیاتی کوردی مێژوویەکی کۆن و دوورو و درێژی هەیە، چونکە ژانرە پەخشانییەکان لە سەرەتادا بەشێوەی نووسراو نەبوون، بەڵکو بەشێوەی سەرزارەکی گێڕدراونەتەوە و دەماودەم و پشتاو پشت نەوە لەدوای نەوە بەجێماون، کوڕ لە باوکەوە و منداڵ لە دایکەوە گێڕدراونەتەوە و وتراونەتەوە، ئەمە نەک هەر لەنێو ئەدەبی کوردیدا، بەڵکو لەنێو ئەدەبیاتی جیهانیشدا هەروایە، کە ئەدەبی فۆلکلۆر (زارەکی) پێش ئەدەبی نووسراو درووستبووە، لە هەمان کاتدا سەرچاوەی ئەدەبیاتی نووسراویشە، چونکە ((وێژە و فەرهەنگی پێشکەوتووی هەموو گەل و کۆمەڵێک بناغە و بنەڕەتێکی هەیە، کە ئێستا پێی دەوترێ فۆلکلۆر، یان زانیاری ئەو گەل و کۆمەڵە، ئەو زانیارییە کە پێشینەیەکی مێژووی کۆنی هەیە، لە هەزاران ساڵ لەمەو بەر ماوەتەوە))(بۆرەکەیی، ٢٠٠٨، ٢٨). یان هەر وەک (گۆرکی) دەربارەی فۆلکلۆر دەڵێ: ((بناغەی ئەدەب لە فۆلکلۆر – واتە لە ئەدەبی خەڵکدایە، فۆلکلۆر کەرەسەیەکی خاوی مەزن و کان و سەرچاوەیە بۆ هەموو شاعیران و نووسەران، ئەگەر بە باشی لە ڕابردوو بگەین، بەرهەمی ئەمڕۆمان زۆر ڕەنگین دەبێ و ئەوسا زۆر بە وردی لە گرینگی فۆلکلۆر دەگەین))(ڕەسووڵ، ٢٠١٠، ١٣).

فۆلکلۆر بەشێکی گرنگ و گەورەی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی پێکدەهێنێت، دیارە فۆلکلۆر زۆر بابەتی کەلەپوری و پاشماوەی کۆن دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ((فۆلکلۆر لە کۆڕی ئەدەبییدا پڕ بە پڕ بۆ ئەوە بەکار دەهێنرێت، کە ئەدەبیاتناسان بە بەرهەمی سەرزاری خوڵقێنەرانی گەلی ناو دەبەن، چونکە فۆلکلۆر بە بەرهەمی تاکە کەسێک دانانرێ و دەدرێتە پاڵ هەموو میللەت، ڕووخساری ئاشکرای بریتییە لە سادەیی – چ لەڕووی زمان و چ لەڕووی دەربڕینەوە، شەقڵی تایبەتی ئەو گەلە یا ئەو زەمان و دەورەی خۆی پێوەیە))(هەمان سەرچاوەی پێشو، ١٢). هەروەها ((لە ئەدەبی زارەکی کوردی – بەشی فۆلکلۆر بە درێژایی مێژووی کۆمەڵ بە تەنیا ئاڵا هەڵگری پارێزەری زمان و ئەدەبی نەتەوەکەمان بووە، لەنێو جەرگەی پێوەندییەکانی ئابوری – کۆمەلایەتی سەردەمانی مێژوویدا گۆڕاوە و سەری هەڵداوە، دەم بەدەم و سینگ بە سینگ پاڕاستوویانە))(وەلیانی، ؟، ١٧).

ژانرە فۆلکلۆرییەکان بە شێوەیەکی سادە و ساکار و بەزمانێکی ڕوون و ڕەوان گوتراون، ئەمەش لەبەر ئەوە بووە، کە لە لایەکەوە خەڵکی بە ئاسانی وەریان گرتوون و تێیگەیشتوون، لە لایەکی دیکەوە هۆکاری سەرەکی پاراستنی زمان و کلتوری نەتەوایەتیمان بووە، هەروەها هەموو بابەتە فۆلکلۆرییەکانی وەک: (ئەفسانە و بەیت و حیکایەت و حەیران و گۆرانی و پەندی پێشینان ...هتد)، کە

لەلایەن باب و باپیرانەوە پشتاوپشت گێڕدراونەتەوە و بەسەر زمانەوە ماونەتەوە، بەشێکیان لە شێوەی ژانری شیعر گوتراون، بەڵام بەشێکیان بەشێوەی ژانری پەخشان بوون و گێڕدراونەتەوە، کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بەشێک لەم ژانرە سەرزارەکیانە لەلایەن شاعیران و نووسەرانەوە نووسراونەتەوە و بەنێوی ئەوان تۆمار کراون، کەواتە گێڕانەوە چەمکێکی دانەبڕاوە لە ژانرە سەرزارەکییەکان.

گێڕانەوە مێژوویەکی دووروو درێژی هەیە لەنێو ئەدەبیاتی جیهانیدا، واتە دەتوانین بڵێین لەگەڵ درووستبوونی ژانرەکان گێڕانەوەش سەری هەڵداوە، بەتایبەتی ژانرە ئەفسانەییەکان، کە گێڕانەوە سەرەتاییەکانن، دواتر ئەم گێڕانەوەیە بەپێی تێپەربوونی زەمەن گواستراوەتەوە بۆ ژانرە سەرزارەکی و داستان و هەقایەتە فۆلکلۆرییەکان، بەم شێوەیە هەتا گەیشتە ژانرە هونەرییەکانی ئەم سەردەمە، کە بە پێی گۆڕان و جۆری ژانرەکە ئەدەبییەکە گێڕانەوەکان هەستیان پێدەکرێت و دەگۆڕێت، چونکە ((گێڕانەوە پەیوەندی بە ڕەگ و ڕیشە یان بنچینەی هونەرەکان و بەشەکانی ئەدەبەوە هەیە، خاسیەتێکی بنچینەییە لە شیعری لیریکی و ئیپێکی کوردی وەک سەرەتا و سەرهەڵدان، دواتر لەنێو چیرۆک و داستانە فۆلکلۆری و بەیت و چیرۆکە ئەفسانەیی و میللییەکان دەبینرێت، وە لە ئەدەبی هاوچەرخدا بڕبڕەی پشتی ژانرەکانە))(عومەر، ٢٠٠٥، ٨٢). واتە دەتوانین بڵێین گێڕانەوە لە هەموو ژانرە ئەدەبییەکاندا بوونی هەیە، بەڵام بەپێی جۆری ژانرەکە دەگۆڕێت، چونکە هیچ ژانرێکی ئەدەبی ناتوانێت خۆی لە گێڕانەوە بەدوور بگرێت، بە جۆرێک لە جۆرەکان وابەستە و گرێدراوی گێڕانەوە دەبێت، چونکە گێڕانەوە بنچینە و هونەری سەرەکی درووستبوونی ژانرە ئەدەبییە جۆر بە جۆرەکانە.

گێڕەڕەوەکان بەگوێرەی ژانرەکان و سەردەمەکەی دەگۆڕیت، چونکە ((گێڕەڕەوەکان ئەو کەسە زانا و زیرەک و وشیارانەی نێو کۆمەڵ بوونە، کە بەشێوەی زارەکی و گوتاری دەنگی شتێکیان بۆ خەڵکی گێڕاوەتەوە، هەر لەڕێگای ئەوەوە پەیوەندی لەگەڵ وەرگر یان بینەر یان بۆگێڕدراوە پەیوەندییەکی پتەو و دروستبووە، گێڕەڕەوە خۆی بڕیار دەدات، کە لەو کۆڕ و دانیشتن و مەجلیسانە چی دەبێت بگوترێت و بگێردرێتەوە و چیش فەرامۆش بکرێت و نەگوترێت))(حوسێن، ٢٠٢٠، ٢١٥). واتە گێڕەڕەوە خۆی بابەتێک یان ژانرێکی داستان یان سەرگوزشتە و بابەتە ئەفسانەییەکان هەڵدەبژێرێت و دەیکات بە بابەتی گێڕانەوەکەی، کەواتە ((گێڕانەوەی زارەکی، کە خەسڵەتێکی ئەدەبی فۆلکلۆرییە بەگشتی، هاوکاری ئەو جۆرە ئەدەبە دەکات، بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی خەسڵەتێکی سادە و ساکار و نەرم و نیان و ڕاستگۆیی و واقیعی، وای لێدەکات کە بەپێی گۆڕانی کات و سەردەم خۆی لەگەڵ

بارودۆخە جیاوازەکاندا بگونجێنێت، هەروەها ڕێگا بۆ گێڕەرەوەکان خۆش دەکات، کە بەپێی کات و سەردەم و شوێن شتی لێ کەم و زیاد بکەن))(حوسێن، ٢٠٢٠، ٢١٥). ئەم گێڕانەوەیە لەلایەن حیکایەتخوان و چیرۆکبێژان ئەنجام دەدرێت، کە سەرگوزشتە و چیرۆکە ئەفسانەی و داستانەکان دەگێڕنەوە، یان ئەو گۆرانی و لاوک و بەیتانەی لەلایەن شایەرەکان دەگوترێنەوە، کەواتە گێڕانەوە لە ژانرە فۆلکلۆری و زارەکییەکان جیاوازە لە ژانرە پەخشانییە نووسراوەکان، چونکە لە ژانرە پەخشانییەکان، کە نووسەرەکەی دیارە و خاوەنەکەی دیارە، بەپێی ویستی نووسەر گێڕانەوە ئاراستە دەکات، پابەندی بیر و بۆچوونەکانی نووسەرە و چەندین جۆر گێڕانەوەشمان هەیە، ژانرە گێڕانەوەیی و سەرزارەکیەکان (فۆلکلۆرییەکان) لە چەندین جۆری جیاواز پێکهاتوون، ئێمە بەکورتی چەند ژانرێکیان دەخەینەڕوو:

- گۆرانی: یەکێکە لە بەرهەمە ئەدەبییە سەرزارەکیەکان، کە ((کۆنترین بەشی ئەدەبی فۆلکلۆرە، هەر وەک بەشێکی دیاری هۆنراوەی لیریکییە، ئەم هۆنراوەیە لەزۆر کۆندا وتراوەتەوە، هەر لەو کاتەوەی هۆشیاری لە ئاستێکی نزمدا بووە))(ڕەسووڵ، ٢٠١٠، ٣٢). گۆرانی شوانی یاخود ئاینی کۆنترین جۆری گۆرانییە.

- ئەفسانە: بەرهەمی سەرەتایی ژیانی مرۆڤە، بەرهەمی ئەوکاتەی مرۆڤە، کە بێدەسەڵات بووە بەرامبەر دیاردەکانی ژیان و سروشتی دەوروبەری، چونکە ((ئەفسانە یەکەم بەرهەمی بیرۆکەی مرۆڤە و یەکەم بابەتی ئەو قۆناغەیە، کە مرۆڤ پەنای بۆ هۆش و هزر بردووە و لەگەڵ یەکەم قۆناغی پەرەسەندنیدا هاوەڵی بووە و هەتا ئێستاش هاوەڵێتی، کەرەسەی سەرەکی ئەفسانە خەیاڵە))(دەوڵەت، ٢٠٠٠، ٨٤).

- چیرۆک (سەرگوزشتە): لەنێو کوردا حیکایەت یان نەقڵیشی پێدەترێ، ((چیرۆک بەرەو پێشچوونی ئەفسانەیە، بەڵام کەرەسەکانی چیرۆک لە ژیانەوە وەردەگیرێت، ئەم حیکایەتانە دەماودەم لەلایەن حیکایەتخوان و چیرۆکبێژانەوە گێڕدراونەتەوە و گواستراونەتەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، لەگەڵ گواستنەوەیان خەیاڵێ تێکەڵ دەکەن و بابەتەکان فراوانتر دەکەن، ڕووداوەکان گەورەتر پێشان دەدرێن، نموونە وەک سەرگوزشتەی دوانزە سوارەی مەریوان، مەحمود ئاغای شیوەکەڵ، شەریف هەمەوەند ...هتد))(ڕەسووڵ، ٢٠١٠، ٢٤ - ٢٥).

- داستان: پێشتر ئاماژەمان بە دەرکەوتنی داستانە شیعر یاخود چیرۆکەشیعر کردووە لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵام ئەم داستانانە بەرلەوەی بنووسرێنەوە و تۆمار بکرێن، بە سەدان ساڵ لەنێو ئەدەبی

فۆلکلۆریدا هەبوون و بەسەرزاری خەلکییەوە ماونەتەوە و گێردراونەتەوە، ((داستان بەرهەمێکی چیرۆک ئامێزە، لە فۆرمی وێنەدا باری ژیان و بوونی گەل و پێوەندی کۆمەلایەتی و نەخشەی بەرەو پێشچوونی مێژوویی دەردەخات))(رەسووڵ، ٢٠١٠، ٣١). ئینجا ئەگەر داستانەکە (قارەمانێتی بێت یان دلداری) وەک: (رۆستەم بەگ، رۆستەم و زۆراب، شەریف هەمەوەند، خەسرە و شیرین ...هتد).

- بەیت: لە زمانی کوردیدا بە ((چیرۆکێکی ئەدەبی دەڵێن کە سەبارەت بە ڕووداوێک، داستانێک یا بەسەرهاتێک بە پەخشان وترابێ، وەک بەیتە بەناوبانگەکانی (مەم و زین، ناسر و ماڵماڵ ...هتد) خاوەنەکەیان دیارنییە و لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا وتراوە، بەیتی کوردی ناوەڕۆکێکی نەتەوەیی و حەمماسی و مێژوویی ...هتد هەیە))(سۆران، ٢٠٠٩، ١٢٩).

- ژانرە ئەدەبییە فۆلکلۆرییەکان چەندین ژانری دیکەی وەک (پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و مەتەڵ ...هتد) دەگرێتەوە، کە لە بەشی سێیەمدا بە نموونەوە بەشێکیان دەخەینەڕوو.

بیروڕاکان دەربارەی سەرەتا و یەکەمین دەقی پەخشانی نوسراوی کوردی جیاوازن لە یەکتری، چونکە هەریەک لە نووسەران و شارەزایانی ئەدەبی کوردی  بەپێی ئەو دەستنووس و بەڵگەیەی، کە دەستیان کەوتوون، هەر یەکەیان سەرەتای پەخشانی نووسراوی کوردی دەگێڕنەوە بۆ کات و سەردەمێکی جیاواز، بۆ نموونە مامۆستا عەلائەددین سەججادی یەکەم دەقی نووسراوی پەخشانی کوردی دەگێڕێتەوە بۆ ((کتێبی (سەرئەنجام)ی ئاینی (یارسان) کە زنجیرە سروودێکی دینین، کە هەم بە پەخشان و هەم بە هۆنراوە وتراون، کە نووسراوی ئەم سروودانە تێکەڵاوە لە شێوەی زاری کوردی هەورامی و کرمانجی لەکی و کرماشانییە))(سجادی، ٢٠٠٠، ٢٦-٢٧).

(د. عزیز گەردی) ((یەکەمین و کۆنترین دەقی پەخشانی نووسراوی کوردی دەگەڕێنێتەوە بۆ کتێبەکەی (علی تەرەماخی)، کە گوایە لە ساڵی (١٠٠٠)ی کۆچی نوسراوە، کە کتیبەکەی دوو ناوی هەیە (هذا کتاب عبارە علی الترماخی – هذا کتاب صرف اللسان الکردی))(گەردی، ١٩٨٧، ٦).

(د. شوکریە رسول) لای وایە کە ((کۆنترین پەخشانی هونەری بەرهەمەکەی مەولانا خالیدی نەقشبەندییە بەناوی – عەقیدەی کوردی))(رسول، ١٩٨٧، ٢٤). هەروەها (د. عیزەدین مستەفا رەسول) سەرەتای پەخشانی نووسراوی کوردی دەگێڕێتەوە بۆ ((مەولوودنامەکەی شێخ حوسینی قازی (١٧٩٠ – ١٨٧٠) وردە چیرۆکەکانی ناو مەولوود نامەکە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ئاینین، بەڵام لەڕووی

شێوەی هونەرییەوە هەموو حیکایەتەکان بەدەربڕینی حیکایەتی کراوە دەست پێدەکەن))(حوسێن، ٢٠٠٧، ٧٩).

(عبدالرزاق بیمار) کۆنترین دەقی پەخشانی کوردی دەگێڕێتەوە بۆ ((کتێبە ئاینییەکانی یەزیدی (جیلوە) و (مصحەفی ڕەش) دەڵێ: دوور نییە کۆنترین دەق و پەخشانی کوردییان بۆ بەجێ هێشتبین))(بیمار، ١٩٩٨، ٣١). بەڵام هەرچی (د. فەرهاد پیربال)ە ئەوا بەرهەمەکەی ((مەلا مەحمودی بایەزیدی – بە ناونیشانی مەم و زین (مەمی ئالان)، کە لە ساڵی ١٨٥٦ نووسیویەتی بەیەکەم چیرۆکی کوردی و سەرەتا و یەکەم پەخشانی نووسراوی کوردی دادەنێت))(پیربال، ٢٠٠٠، ١٥).

دیارە پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری هەنگاوی گەورەی بەرەو پێشچوونی ئەدەبیات بووە، نەک لەنێو گەلی کورددا، بەڵکو لەنێو گەلانی دیکەش ئەمە بەدی دەکرێت، کە ئەدەبیاتی کوردی بەتایبەت ژانرە پەخشانییەکان لەسایەی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە هەنگاوی گەورەی هاویشتووە، کە هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی پەخشانە لە ئەدەبی کوردیدا، چونکە ژانرە پەخشانییەکان پێویستیان بە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و کتێب هەیە، بۆیە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆژانەگەری کوردی و بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی پەخشانی کوردیش هەنگاوی بەرەو پێشەوە هاویشت و ڕێڕەوی زانستی خۆی وەرگرت.

یەکەمین ڕۆژنامە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیمان سەری هەڵداوە و دەرچووە بەنێوی ڕۆژنامەی (کوردستان)ە، یەکەم ژمارەی لە ٢٢ نیسانی ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرەی پایتەختی میسر، لەلایەن بنەماڵەی (بەدرخانیەکان)ەوە دەرچووە، چونکە ((لەگەڵ پەرەسەندنی بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی کورد ڕۆژنامەگەری کوردیش پەیدابوو، ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی – سیاسی و ڕۆشنبیری بایەخیان بە مەسەلەی سەربەستی سیاسی کورد دەدا و لەگەڵ لێکۆڵینەوەی مێژووی کلتووری میللەتی کورد و ئەدەب و زمان و فۆلکلۆر بە یەکتریان دەبەستەوە))(خەزنەدار، ٢٠٠١، ١١٣). کە دواتر لە سەرەتای سەدەی بیستەم چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکەی کوردی دەرچوون و چاپکراون، کە ڕێگا خۆشکەربوون بۆ سەرهەڵدانی زێتری ژانرە پەخشانییەکان و بەرەو پێشچوونیان.

دەتوانین بڵێین یەکەمین چیرۆک و پەخشانی نووسراوی هونەری کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدان و دامەزراندنی ڕۆژنامەگەری کوردی، کە لەلایەن: ((فواد تەمۆ – بە ناونیشانی (شوێش) نووسراوە، لە ساڵی ١٩١٣ لە ژمارە ٢ و ٣ گۆڤاری ڕۆژی کورد لە ئیستەنبوڵ بڵاوکراوەتەوە، کە بەسەرەتای چیرۆکی نووسراوی کوردی دادەنرێت))(گەردی، ١٩٨٧، ١٠). کە ئەمە سەرەتای پەخشانی

نووسراوی کوردیشە، ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی تەواو نەکراوە، هەروەها بەشێک لە ڕەخنەگران چیرۆکی (لەخەوما)ی جەمیل صائیب بەسەرەتای چیرۆکی هونەری کوردی و پەخشانی نووسراوی کوردی دادەنێن، بەڵام (د. مەریوان عومەر دەوڵەت) لە نامەی دکتۆراکەیدا (سیما و خەسڵەتی کارەکتەر لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ١٩٢٥ - ١٩٥٠) (یەکەم کورتە چیرۆکی تەواوکراوی کوردی دەگەڕێنێتەوە بۆ کورتە چیرۆکی (دوو عەگید)ی (د. کامەران عالی بەدرخان)، کە لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری هاواردا ساڵی ١٩٣٢ بڵاوکراوەتەوە، بەوەی ئەو کورتە چیرۆکە بنەماکانی هونەری چیرۆکی تێدایە)(دەوڵەت، ٢٠١١، ٣٣- ٣٤). کەواتە ئەوەی، کە گومانی لێناکرێت لە کۆتایی سەدەی نۆزدە، لەگەڵ درووستبوونی بواری چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری کوردی و سەرهەڵدانی ڕەوتی نوێگەری و مۆدێرنیتە لە ئەدەبی کوردیدا، ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکانیش دەرکەوتن و ژانرە پەخشانیەکان ڕێڕەوی هونەری خۆیان وەرگرت و چەندین ژانری پەخشانی جیاواز درووستبوون، کە لە بەشی سێیەمدا بە نموونەوە دەیانخەینەڕوو.

## پۆلێنبەندیی ژانرەکان لە ئەدەبی نوێی کوردیدا:

لەسەردەمی نوێدا ژانرەکان زۆربوون و پەرش و بڵاوبوون، ژمارەیان زۆر و جۆراوجۆر بوون، تێکئاڵاون و سنووری یەکتریان بەزاندووە و ناتوانرێ بەئاسانی لەیەکدی جیابکرێنەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەدەبی کوردی، تاوەکو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم خۆی لە چەند ژانرێکی ئەدەبی دیاری کراودا دەبینێتەوە، کە پێشتر ئاماژەمان پێکردوون، بەڵام پۆلێنکردنی ژانرەکان لە ئەدەبی نوێی کوردیدا پەیوەندی بەو ڕەوتە نوێگەری و مۆدێرنەوە هەیە، کە لە سەدەی بیستەمدا ئەدەبی کوردی گرتەوە، وەکو وتمان لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، لەگەڵ کرانەوەی زێتری کۆمەڵگای کوردی بەڕووی جیهانی دەرەوەدا و سەرهەڵدانی چاپەمەنی و دروستبوونی ڕێکخراوەکان و داگیرکردن و دابەشکردنی خاکی کوردستان و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیستی کوردی و دەیان هۆکاری دیکە، بەڵام لەنێو هەموو ئەم هۆکارانەشدا ڕۆژنامەگەری کوردی ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە سەرهەڵدان و درووستبوونی ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکان بەتایبەت ژانرە پەخشانییەکان، کەوای کرد ئەدەبیاتیش هەنگاوی گەورە بهاوێژێت، ئەدەبی کوردی بەرەو نوێبوونەوە و نوێگەری هەنگاوی هاویشت و ژانری ئەدەبی نوێ درووستبوون.

(د. فەرهاد پیربال) شیعری نوێی کوردی دەبەستێتەوە بە ((بەرواری دەرچوونی یەکەمین چاپەمەنی و ڕۆژنامەی کوردی بەسەرهەڵدانی ئەدەب و شیعری نوێی کوردی دیاری دەکات، کە ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٨٩٨ دەرچووە، دەبێتە بەردی بناغەی بزافی ڕۆژنامەنووسی کوردی و لەنێو منداڵدانی ئەم بزافە ڕۆژنامەنووسییەدا، ژانرە ئەدەبی و شیعرە نوێکان دەردەکەون و گەشە دەکەن))(پیربال، ٢٠٠٥، ٢٤). بەڵام سەرەتای ئەم نوێگەرییە لە ئەدەبی کوردیدا لە (نالی و کوردی و حاجی قادری کۆیی)ەوە دەستپێدەکات، بەڵام لەلای (شێخ نوری شێخ سالح و گۆران) دەگاتە لوتکە، ئەم دوو نووسەر و شاعیرە بە پێشەنگی تازەکردنەوەی ئەدەبی کوردی دادەنرێن، کە ئەمە لە ڕێگای کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆی و دەرەکی بەتایبەت ئەدەبیاتی ئینگلیزی و تورکی کاریگەری لەسەر ئەدەبی کوردی درووستکرد و هەنگاوی بەرەو تازەکردنەوە هاویشت، ئەمەش وایکرد کە چەندین ژانری ئەدەبی جیاواز درووست ببن و سەرهەڵبدەن، بەم جۆرە پۆلێنبەندی ژانرەکان لە ئەدەبی نوێی کوردیدا جیاوازە و چەندین ژانری نوێ و جیاواز لە خۆ دەگرێت.

پۆلێنکردنی ژانرەکان لە ئەدەبی نوێی کوردیدا بەتایبەت ژانری شیعر، کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیسەتەمدا دەست پێدەکات، جیاوازە لە پۆلێنکردنی ژانرەکان لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا، چونکە چەندین شێوەی شیعری بن جۆر و شیعری نوێ درووستبوون، وەک: ((شیعری سەربەست، ستوونی، بینراو، پۆستەرە شیعر، شیعری سپی، پەخشانە شیعر، چیرۆکە شیعر، شیعری ئۆتۆماتیکی، شیعری درامی ...هتد))(پیربال، ٢٠٠٥، ٨٢). کە پێشتر ئاماژەمان بە سێ شێوەی سەرەکی ژانری شیعر کردووە، هەوڵدەدەین ئاماژە بەچەند جۆرێکی دیکەیان بکەین.

جۆرێکی دیکە لە ژانری شیعر لەنێو ئەدەبیاتی جیهانیدا ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە بریتییە لە شێوەی شیعری درامی، کە لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی و جیهانیدا گرنگیی زۆری هەیە و یەکێکە لە شێوە سەرەکییەکانی ژانری شیعر، کە بریتییە لە ژانری (دراما – شیعری شانۆیی)، کە بەداخەوە لە ئەدەبیاتی کۆنی کوردیدا بەرچاو ناکەوێت و ئەم شێوە سەرەکیەی ژانری شیعرمان نییە، پەیدابوونی شیعری درامی مێژوویەکی کۆنی هەیە، ((سەرەتای دەرکەوتنی شیعری شانۆ و هونەری شانۆیی لە وڵاتی گریکی کۆنەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم سەرتایە پێکهاتە و فۆڕمە بەرایییەکانی شانۆی لە خۆ دەگرت))(ڕەئوف، ٢٠١٥: ١١). واتە سەرەتای دەرکەوتنی دراما لە وڵاتی گریکەوە بووە، لەوێوە بە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا و جیهاندا بڵاو بۆوە و سەریهەڵدا.

لە ئەنجامی کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبی و فەلسەفیەکاندا، شیعر و مۆسیقا و سەما بەشداریان کردووە و بۆتە هۆی سەرهەڵدان و دامەزراندنی شیعری شانۆیی (دراما)، کە شیعری درامی بەشێکی

گرنگی ئەدەبیاتی جیهانی پێکدەهێنێت، شیعری درامی لەلای یۆنانییەکان لە دوو جۆری سەرەکی پێکهاتووە، وەک: (تراژیدیا و کۆمیدیا)، کە دواتر بە تێپەڕبوونی سەردەمە جیاوازەکان بۆ چەندین جۆر نێوی دیکە دابەشکراوە.

میللەتی کورد وەکو زۆربەی میللەتانی دی خاوەنی مێژوویەکی کۆنە، خاوەنی کەلەپور و کلتور و ناسنامەی خۆیەتی ((خاوەنی ئەفسانە و داستان و حیکایەت و داب ونەریت و تایبەتی خۆیەتی، ئەم داب ونەریتانە ڕەنگ دانەوەی هزر و ژیاری مرۆڤی کوردن، لەو نەریتانەشدا چەندین توخمی شیعری شانۆیی ئۆپێرا و ئۆپەریت بەدی دەکرین، کە خۆرسکانە میلەتی کورد بەکاری هێناون، لە چوارچێوەی دەقێکی شیعری و ئاواز و گۆرانی و هەڵپەڕکێ و سەما دەمێنێتەوە))(عەولا، ٢٠١١، ٢٣٣). بەڵام هەموو ئەمانە لە چوارچێوەیەکی سادە و ساکاردا ماونەتەوە و نەیان توانیوە ببنە بنەمای سەرهەڵدانی دەقی شانۆیی، واتە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم هیچ جۆرە دەقێکی شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا بەدی ناکرێت، کە دیارە کۆمەڵێ هۆکار هەبوون، بۆ ئەوەی دەقی شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا درەنگ پەیدا ببێت، وەک ((سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی سیستەمێکی داخراو بووە، مۆسیقای کوردیش بەو شێوەیە پێشکەوتوو نەبووە، تاوەکو لەتەک دەقی شیعری بەشداری لە دروستکردنی شیعری ئۆپێرا و ئۆپەرێتدا بکات، چونکە هونەری ئۆپێرا پێویستی بە گۆرانی بێژ و سەما و دانس هەیە، کە ئەمەش لە کۆمەڵگای کوردیدا نەبووە، بەڵکو لە چوارچێوەی شایدا بووە، هەروەها ئەمانەش هونەری شارن، شاریش بەو شێوەیە نەبووە))(عەولا، ٢٠١١، ٢٣٣-٢٣٥). ئەمانە و کۆمەڵێک هۆکاری دیکە، کە بوونەتە هۆی درەنگ سەرهەڵدان و پەیدابوونی دەقی شانۆیی لەنێو ئەدەبی کوردیدا.

بەشێک لە نووسەران و شارەزایان یەکەم دەقی درامای کوردی دەگێڕنەوە بۆ ساڵی ١٩١٩، چونکە: ((یەکەم درامای کوردی لە ساڵی ١٩١٩ لەلایەن (عبدالرحیم رحیم)ی هەکاری بەنێوی (مەمی ئالان) نوسراوە، لە ڕۆژنامەی ژینی ئەستەمبوڵدا بڵاوکراوەتەوە، کە بە مێژووی نووسراوی ئەدەبی درامی کوردی دادەنرێت))(نوری ئەمین، ٢١٠٧: ٩٩)، بەڵام لە چەندین سەرچاوەی دیکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە سەرتای دەرکەوتنی دەقی شانۆی (دراما)ی کوردی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٥ بەشێوەی ئۆپەرێتیش بووە، بۆ نموونە هەریەک لە (د. عطا رشید حسێن و د. مەریوان عمر حسن) لە توێژینەوەیەکیاندا لە گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕیندا بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە دەرکەوتنی شیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردیدا، دەڵێن: ((دەرکەوتنی شیعری ئۆپەریت سەرەتا و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٥ لە شاری سلێمانی بوو، تەنانەت بەشێوەی پەخشانیش بوو نەک شیعر، ئەمەش نیشانە بوو بۆ

وریا بوونەوەیەکی ڕۆشنبیری باژێڕی سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٥ دا لە گوڕێکی ئەدەبی و هونەری و شانۆ پەروەریدا هەڵکەوتبوو))(حسین و حسن، ٢٠١٧: ٢١).

لەم ڕوانگەیەوە (کەمال رەئوف محەمەد) دەڵێ: ((مێژووی سەرهەڵدانی هونەری ئۆپەرێت، وەک بابەتیکی هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٧، کە یەکەم هەوڵی بۆ دراوە بەنێوی (دلاوەران) لەلایەن شاگردانی قوتابخانەی یەکەمی سلێمانیەوە، بنچینەی بابەتەکەشی پەخشانێکی فرەنسەوی وەرگێڕدراوی (مەحموود جەودەت)ی رۆشنبیرە،( شێخ نوری شێخ ساڵح)ی شاعیر، خستویەتیە سەر قاڵبی هۆنراوەی نیشتیمانیەوە))(حوسین و حسن، ٢٠١٧: ٢١).

لە کتێبی (شیعری شانۆیی)دا (عەبدوڵا ڕەحمان عەولا) دەڵێ: ((یەکەم دەقی ئۆپەرێتی کوردی لە سەر دەستی شێخ نوری شێخ ساڵح لە ساڵی ١٩٢٥ بەناونیشانی (دلاوەران) لە دایک دەبیت، (مەحمود زامدار) لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا دەڵێت لام وایە ئەمە یەکەم دەست پێشخەری ئۆپەرێتی کوردی بێت))(عەولا، ٢٠١١: ٢٤٢). بەڵام حەمەی مەلا کەریم ئەو هەڵەیەی عەبدوڵا ڕەحمان عەولا و مەحموود زامدار ڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: ((حەمەی مەلا کەریم، لەسەر زاری (کاکەی فەلاح)دا سەبارەت بە بنچینەی هونەری ئۆپەرێت، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێشخەریەکەی (مەحمود جەودەت)ی شەهید، کە (کاکەی فەلاح) دوای هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر گەیشتە ئەوەی، کە بتوانێ پارچەیەکی پەخشان بدۆزێتەوە، کە ناوەڕکەکەی بە تەواوەتی لە ناوەڕۆکی (دلاوەران) ئەچێ، کە شەهیدی ڕێگەی کوردایەتی خوالێخۆشبوو (مەحموود جەودەت) بە ئیمزای خۆی و لەژێر سەروتاری (انتباە)دا لە ژمارە (٢١) و (٢٢)ی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، بڵاوی کردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٢٥ دەرچووە، لە پێشەکیەکەیدا نوسراوە ئەم گۆرانییە لەلایەن ژنە فرانسزێکەوە، کە ناوی (ماری ژۆزەف شەنی)یەوە وتراوە و لەنێو فرەنسیەکاندا باوە و بووە بە گۆرانیەکی زۆر مەشهور))(حوسێن و حسن، ٢٠١٧: ٢٢)، کەواتە بە پێی زۆربەی سەرچاوەکان دەقە هونەریەکەی (انتیباە)ی مەحموود جەودەت، کە بەپرۆسەی وەرگێڕان و دەستکارییەکی کەمەوە کراوە ... بە یەکەم دەقی شانۆیی سەر بە بواری هونەریی ئۆپەرێت لەئەدەبی کوردیدا دادەنرێت، بەڵام دەقێکی وەرگێردراوە، کە دواتر (گۆران)ی شاعیر دێت، لەسەر دەستی گۆران یەکەم بەرهەمی ئۆپەرێت، کەزادەی هزری شاعیرە و لە چوارچێوەی قاڵبی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا دەنوسرێت، گۆران چەندین بەرهەمی ئۆپەرێت دەنوسێت وەک (گوڵی خوێناوی، ئەنجامی یاران، ئەنجامی ئەژدەهاک، مام چەوەندەر ...هتد).

((گۆران لە ساڵی ١٩٣٤ بەرهەمی ئۆپەریت (گوڵی خوێناوی) دەنووسێت، ئەمە بە یەکەم بەرهەمی گۆران و یەکەم بەرهەمی ئۆپەرێتی کوردی دادەنرێت، چونکە بەرهەمەکەی شێخ نوری شێخ ساڵح

بەرهەمێکی وەرگێڕدراوە، لەبەر ئەوە ئۆپەرێتی (گوڵی خوێناوی) عەبدوڵا گۆران یەکەم بەرهەمی خۆماڵییە و سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا، لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری هەولێر و سلێمانی نمایشکرا، لە ساڵی ١٩٥٠ بە شێوەی گۆرانی لەلایەن (مەحمود مەحمەد) ئاوازی ڕەفیق چالاک لە ڕادیۆی کوردی عێراق تۆمار کراوە))(مەولود و نازم، ٢٠١٨: ٤٥٢). لەدوای گۆرانی شاعیریش چەندین بەرهەمی ئۆپەرێتی کوردی نووسران، بەم شێوەیە هونەری ئۆپەرێتی کوردی بەردەوام بوو، پێشکەوتن و گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینی، بەهەرحاڵ ژانری شیعر دابەشی چوار شێوەی سەرەکی دەکرێت، وەک: (شیعری لیریکی، داستانە شیعر ، شیعری درامی، شیعری فێرکاری)، ئێمە لە بەشی دووەمدا بە نموونەی شیعرییەوە دەیان خەینەڕوو.

هەر ئەم گۆڕانکارییە گەورەیەی، کە بەسەر ژانری شیعردا هات، بووە هۆی سەرهەڵدانی شیعری ئازاد لە ئەدەبی کوردیدا، کە ((سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەم، ئەم ئەزموونە لە ئەدەبی کوردیدا لەلای (عبدوللا گۆران و نوری شێخ ساڵح) دەرکەوت، بەکاریگەری شیعری نوێی تورکی و ئینگلیزی ))(ئەسوەد، ٢٠١١، ٢٠١ - ٢٠٢).

سەبارەت بە سەرهەڵدانی پەخشانە شیعر لە ئەدەبی کوردیدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە هەموو ئەو ((گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی کۆمەڵگای کوردی هەبووە، کە ڕەفتارەکانی شاعیران لە تێکشکاندن و پچڕاندنی پەیوەندییە ئاساییەکان لە زمان و وێنە و ڕیتمی شیعریدا بەرجەستەی کردووە))(بەکر، ٢٠٠٤، ١٠). ئەمە جگە لەو کاریگەرییە جیهانی و ناوچەییەی کاری کردۆتە سەر ئەم ڕەوتە، بەڵام سەرهەڵدان و درووستبوونی پەخشانە شیعر لە ئەدەبی کوردیدا، بەلای (د. محەمەد بەکر) دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ((پەخشانە شیعری کوردی وەک زاراوە لە سەردەمی نوێخوازی و پەنجاکاندا دەرکەوت، لە کۆتایی پەنجاکانەوە ناسێنرا، بەڵام یەکەمین پەخشانە شیعر دەگەڕێتەوە بۆ بزافی (ڕوانگە) و بڵاوبوونەوەی یەکەمین کۆمەڵە شیعری چاپکراوی (پەخشانە شیعر)ی کوردی لە دیوانی (خوا و شار بچکۆلەکەمان)ی لەتیف هەڵمەت لە ساڵی ١٩٧٠ دا))(هەمان سەرچاوەی پێشو، ١٣).

ژانرە پەخشانیەکانیش بەهەمان شێوەی ژانری شیعر، بە کاریگەری ئەم ڕەوتە نوێگەرییە بەرەوو پێشەوە چوون و چەندین ژانری جیاواز درووستبوون، کە پێشتر ئاماژەمان بە چیرۆکە ناتەواوەکەی (شوێش)ی کرد، کە بەسەرەتای چیرۆک و پەخشانی نووسراوی هونەری کوردی دادەنرێت، بەڵام (د. مارف خەزنەدار) دەڵێت: ((لە بیستەکان چیرۆک وەک بابەتێکی سەربەخۆ لە ئەدەبی کوردیدا سەری هەڵدا، کە (جەمیل صائیب) لە ساڵی ١٩٢٥ چیرۆکێکی درێژی ڕۆمان ئاسای نووسییەوە

بەناوی لە - خەوما))(خەزنەدار، ٢٠٠٥، ٣٤)، هەروەها ((لە دوای جەنگی دووەمی جیهان پەخشان بەتەواوی لەسەر پێی خۆی وەستا، چەندین بابەتی پەخشانی وەک وتاری ئەدەبی و چیرۆک پەرەیان سەند، وتاری چیرۆک بڵاوبۆوە، بەڵام چیرۆکی درێژ یان ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا لەنێو کوردانی قەفقاسی ڕوسیا پێش جەنگی دووەمی گێتی سەری هەڵداوە، کە لەژێر کاریگەری ئەوان ڕەحیم قازی ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی نووسیوە))(خەزنەدار، ٢٠٠٦، ٢٥ - ٢٦). بەم شێوەیە لە قۆناغی دواتردا جۆرەکانی دیکەی ژانرە پەخشانییەکانی وەک:(جۆرەکانی چیرۆک و وتار و نامە و گەشتنامە و یادشت ...هتد) دەرکەوتن و ڕێڕەوی هونەری خۆیان وەرگرت.

## بەشی دووەم/

## شێوە بنەڕەتییەکانی ژانری شیعر لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی تاراندا:

## پاری یەکەم/

### - شێوە بنەڕەتییەکانی ژانری شیعر:

شیعر لەڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە چەندین تایبەتمەندی لەخۆ دەگرێت، کە پێکهاتەی شیعرەکە دیاری دەکەن، هەر لەزوەوە لەنێو میللەتانی جیهان شیعر سەری هەڵداوە، ((سەرهەڵدانی شیعر پەیوەندی بە قۆناغێ لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی زمانی مرۆڤەوە هەیە، کاتێ زمان گەیشتە پلەی جوانی و سوودبەخشین شیعریش سەری هەڵدا))(رسول، ١٣، ١٩٨٩). بەتێپەڕبوونی کات ئەم ژانرە گەورەیەی ئەدەب دابەشی چەندین شێوەی شیعری جیاواز بووە، هەریەکە لە ڕەخنەگران و نووسەرانی بواری ئەدەب بەپێی تایبەتمەندی پێکهاتەی شیعر لەم ژانرەی ئەدەبیان ڕوانیوە، لەم ڕوانگەیەوە ژمارەیەکی زۆر لە بیر و بۆچوون هاتوونەتە بەرباس دەربارەی سەرهەڵدانی ژانری شیعر و پێکهاتە و پێناسە و تایبەتمەندییەکانی شیعر، ئێمە ناچینە نێو وردەکاری پێناسە و پێکهاتەی شێوەکانی ژانری شیعرەوە، بەڵکو بەپێی ئەو شیعرانەی لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شێوە بنەڕەتییەکانی ژانری شیعر دەخەینەڕوو، کە خۆی دەبینێتەوە لە چوار شێوە سەرەکیەکەی ژانری شیعر.

## یەکەم/ شیعری لیریکی:

وشە و زاراوەی ((Lyric لیریک لە وشەی یۆنانی (Lyre)وە هاتووە))(هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٣٤). بۆ جۆرە شیعرێک بووە لەگەڵ ئامێرە مۆسیقییەکان گوتراوە، ((شیعری لیریکی واتە شیعری خودی، کە لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە گۆرانی و مۆسیقا و سۆزەوە هەیە، بەڵام ئەم جۆرە گەشەی کردووە لەگەڵ گەشەکردنی شارستانیەت، پەیوەست بووە بە لایەنی عەقڵ و بیرکردنەوە، وە چەندین جۆر شیعری لیریکی هاتنەکایەوە))(اسماعیل، ٢٠١٣، ٨٤ – ٨٥).

شیعری لیریکی بەشێکی گەورەی ئەدەبیاتی کوردی پێکدەهێنێت، کە لەپاڵ وشەی لیریک زاراوەی شیعری (ویژدانی)یشی بۆ بەکاردەهێنرێت، لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان بە ژانراکان و دابەشکردنی ژانرەکانی ئەدەب کرد، ئەوەشمان خستەڕوو کە ئەدەب دابەشی چەندین ژانری جیاواز دەکرێت، چ ئەدەبی نووسراوبێت یان نەنووسراو، کە سروود کۆنترین ژانری ئەدەبییە، مرۆڤ لە سەردەمانێکی زووەوە چ لە مەیدانی کارکردن و هەرەوەزیەکاندا، چ لە بۆنە ئایینیەکاندا ...هتد، سروود و گۆرانیان وتووە، زۆربەی ڕەخنەگران و شارەزایانی بواری ئەدەب ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئەو گۆرانیانە بە شێوەی شیعر نووسراون و ناوەڕۆکێکی لیریکیان هەبووە، هەر بۆیە شیعری لیریکی زیاتر بابەتە خودییەکانە و دەربڕینی ناخی شاعیرە و زیاتر ڕەنگدانەوەی تاقیکردنەوە کەسییەکانی شاعیرن، بەڵام شێوەکانی دیکەی شیعر پێچەوانەی شیعری لیریکن و زیاتر بەلای بابەتە گشتییەکاندا دەڕۆن و دووردەکەونەوە لە بابەتە خودی و تاکیەکان، چونکە شاعیر خۆی بەدوور دەگرێت لە هەڵچوونە تاکیەکانی ناخی خۆی.

شیعری لیریکی لەبەر ئەوەی دەربڕینی هەستە خودی و تایبەتیەکانی نووسەرە، هەر بۆیە چەندین تایبەتمەندی مۆسیقی هەیە، کە کار لە هەست و ناخی خوێنەر و کەسی گوێگر دەکات و ناخ و دەروونی خوێنەر دەوروژێنێ و کار لە هەست و سۆزی دەکات، واتە ئەگەر بڕوانینە ناوەڕۆک و پێکهاتەی شیعری لیریکی ئەوا دەبینین، کە: ((زمانی لیریک تایبەتمەندی فۆنەتیکی مۆسیقایی هەیە، هەندێ جار ئەم تایبەتمەندییە ئەوەندە زاڵە، لەوانەیە تۆ بهەژێنێ بەبێ ئەوەی لە زمانەکەش بگەیت. ئەمەش لەیەکێتی کەش و هەواکەدا، بەتایبەتیش لە شیعردا ڕەنگ دەداتەوە))(هالبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٣٧ – ٣٨).

بەشێکی زۆر لەسەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە شیعری لیریکی کۆنترین ژانری شیعرە، کە ((سەرەتاکانی شیعری لیریک لە یۆنان لای (ساڤۆ)وە دەرکەوتووە، دواتر لای ڕۆمانییەکان و لە سەدەکانی ناوەڕاستیشەوە شاعیرە گەڕۆکەکان بەیارمەتی ئامێری مۆسیقا شیعرەکانیان لەگەڵ ئاوازدا پێشکەش دەکرد، لەناو میلەتانی ڕۆژهەڵاتیشدا شوێنی تایبەتی خۆی هەبووە، کە دەتوانین بڵێین سەرجەم مەبەستەکانی شیعری کلاسیکی کوردی دەچنە خانەی شیعری لیریکەوە وەک شیعری وەسف و ستایش و پیاهەڵدان و غەزەل و شیوەن و داشۆرین ...هتد))(حوسێن، ٢٠٢٠، ٤٠). شیعری لیریکی کوردی شێوەیەکی لێکچووی شیعری گۆرانی فۆلکلۆری کوردییە، کە شیعری لیریکی کوردی بە دوو شێوە و ڕێگا پەیدا بووە: ((لیریکی خودی یان گۆرانی تاکە کەسی و گۆڕانی بە کۆمەڵە، کە

یەکەمیان شیعرێکە (گۆرانییەکە) زۆربەی کات لەگەڵ ئامێری مۆسیقیەوە پێشکەش دەکرێت وەک حەیران، سیاچەمانە، هۆرە، لایلایە ...هتد، بەڵام گۆرانی بەکۆمەڵ لەنێو کلتوری کوردیدا هاوتای گۆرانی بە کۆمەڵە لەنێو ئەدەبیاتی میللەتانی دیکە، کە بەشێوەی کۆمەڵ لە چەند بۆنە و مەراسیمێکی جیاواز دەگوترێن، جا لەکاتی کارکردن و ساوەرکوتان و دروێنە و زەماوەند...هتد))(مەولود و نازم، ٢٠١٨، ١٣٦-١٣٧). شیعری لیریکی بەربڵاوترین و بەناوبانگترین شێوەیە لە نێو شێوەکانی دیکەی شیعردا، لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ کار لەبەرامبەرەکەی و کەسی خوێنەر دەکات، چونکە گوزارشت و بەیانکردنی هەستە خودی و تاکیەکانە، ئەم ژانرەی شیعر دەربڕینێکی ڕاستەوخۆیە.

ئەگەر بڕوانینە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (کوردستان)، دەبینین بەسەدان شیعری لیریکی تێدا بڵاوکراوەتەوە، بەجۆرێک، کە شاعیرانی کورد هەست و سۆز و ناخ و دەروونی خۆیان بەرامبەر بە سرووشتی جوان و دڵگیری کوردستان و ڕەگەزی بەرامبەر و خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان دەربریوە.

شیعری لیریکی لەڕووی مەبەست و ناوەرۆکەوە چەند جۆرێکی جیاواز دەگرێتەوە، لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بەشێکی زۆر لەم مەبەستانەی تێدا بڵاوکراوەتەوە بەم شێوەیە:

## شیعری لیریکی لەڕووی ناوەڕۆکەوە:

### شیعری دڵداری:

شیعری دڵداری یەکێکە لە مەبەستە سەرەکییەکانی شیعری کوردی، بەشێکی بەرچاو لەم مەبەستەی شیعر لە دیوانی شاعیراندا بەرچاو دەکەوێت، ئەم جۆری شیعرە پڕە لە هەست و سۆز و خۆشەویستی و ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ناخ و دڵ و دەروونی شاعیرە، لەبەر ئەوەی ((شیعری دڵداری یەکێکە لە کۆڵەگەکانی ئەدەبیات و شیعر، دەنگی شیعری دڵداری ڕۆژهەڵاتیش لەناو هارمۆنیاتی شیعری مرۆڤایەتیدا ئاوازێکی بڵندە، لەبەر ئەوەی شاعیر و دیوان بێ سۆزی دڵداری ناگونجێن))(غفور، ٢٠١٥، ١٠١). یان ((شیعری دڵداری بە هۆی ناوەڕۆکی دەروون خوازانەوە، زەینی خوێنەر لەگەڵ هەست و دونیای ڕوحی و زەینی کارلێک دەکات، خوێنەر بۆ تێگەیشتن لەم بەرهەمە ناگەڕێتەوە بۆ مەسەلە مێژوویی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو لەگەڵ هەستەکان و مەیل و ئەزموونی دەروونی سەروکاری هەیە، هەر بۆیە شیعری دڵداری بەیان کردنی خودە))(پورنامداریان، ١٣٨٦، ١٣).

مەبەستی دڵداری بەشێکی دیار لەو شیعرانە دەگرێتەوە، کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە، شاعیرانی کورد هەست و سۆزی خۆیان بۆ ڕەگەزی بەرامبەر دەربڕیوە، لەم ڕێگەیەوە ناخی خۆیان بەیان کردووە، لەم ڕوانگەیەوە شاعیرانی کورد ئەم مەبەستەی شیعریان گەیاندۆتە لوتکە، لەم ڕۆژنامەیەدا ژمارەی ئەو پارچە شیعریانەی بۆ ئەم مەبەستە بڵاوکراونەتەوە بریتین لە (٣٦٨) پارچە شیعر، کە مەبەستی دڵداری لەخۆ دەگرن.

(مامۆستا ئەخۆل ١٩١١–١٩٨٨) لەم پارچە شیعرەی خوارەوەدا، لە (ژ٧٠، ل٩، ساڵ: ١٩٦٠)دا بڵاوکراوەتەوە، ئەم شیعرە ناوەڕۆکێکی لیریکی سەرنج ڕاکێشی هەیە، شاعیر دەیەوێت بەرانبەر خۆشەویستی و عەشقێکی سەرکێش بوەستێتەوە و ئارام بگرێت، ناخ و دڵ و دەروون و هەستی خۆی بەم شێوەیە بەیان دەکات و بەم زمانە دێتە گۆ و دەڵێ:

دڵم هەر ئەو دڵەی جارانە، ئێستاکەش ئەناڵێنـــــــــێ

هەناسەی ساردی ناکامـــــــــی، لە سینەم دائەتاسێنێ

ئەگەر جووانیت ســـــەرنجم ڕائەکێشی، مەگرەلێم چونکە

جەمالت پەیکەری ڤێنۆســـــی خووای جوانیش ئەجولێنێ

پەچەت لادە ببینم ڕوت؛ ئەمن خۆ ســـــــەیری تۆ ناکەم

لەڕووی تۆ تێ ئەگەم یەزدان چلۆن نەخشێ ئەنەخشێنێ

لە ناوەڕۆکی ئەم پارچە شیعرەی (مەولەوی ١٨٠٦- ١٨٨٢)دا لە (ژ٥٩، ل١٠، ساڵ: ١٩٦٠)دا بڵاوکراوەتەوە، وا دەردەکەوێ کە ئازیز و خۆشەویستەکەی لێی دوورکەوتۆتەوە، بەدەست دووری لە دولبەر دەناڵێنێ، لەم شیعرەدا وادەردەکەوێ، کە دووری لە یار و دولبەر کاریگەری زۆری لەسەر شاعیر دروستکردووە، بەم جۆرە وەسفی ناخ و دڵ و دەروونی خۆی دەکات؛ کە هیچ کاتێکدا لەبیرمناچێتەوە، من بەهەلی دەزانم کە بە باڵی مەل یان بای شەماڵدا سۆزی دەروونی خۆمت پێبگەیەنم، کە لە دەووری تۆ دڵم پڕ خەم و حەسرەت و ناسۆرە، کە ئەم دوونیایە بەبێ باڵا و بوونی تۆ خۆشی و شادی تێدا نییە، سەرتاپای شیوەنە بۆ من و دەڵێ:

یادم نمەشـــــــی جــــە گردین حاڵدا

چەنـــــــــی باڵ تەیر یـــا وە شەماکدا

ئێزهار ئایـــر گـــــر بەستەی دەروون

دیدەم وە دیدەت فرســـــەت مەزانوون

دڵ دایـــــــم پەڕێت پڕ ئێش و نێشەن

دنیام پەی ئیدەن باڵای تـــــۆ تێشەن

لەم پارچە شیعرەی (حامدی ئالیجانی)دا لە (ژ٢٠٢، ل٣، ساڵ: ١٩٦٣)دا بڵاوکراوەتەوە، کە شاعیر وای دەخاتەڕوو ناخۆشی و دوورکەوتنەوە و خەم و نەهامەتی لەبەر خاتری یار خۆشە، کەوا شاعیر بە جۆرێک گیرۆدەی داوی زولفی یار بووە، هەر بۆیە بەرگەی هەموو ناخۆشی و نەهامەتییەک دەگرێت و دەڵێ:

ناخۆشی لەتاو زلف ڕەشی خۆشـــە

ئەگەر ناز بکا ناز کێشی خۆشـــــــە

وەک فەرهاد مردن لەداخی خۆشـــە

بیت و وەباغەبان لە باغی خۆشـــــــە

(عەلی باپیر ئاغا ١٨٨٦-١٩٧٤) ناسراو بە (کەمالی) لە هۆنراوەیەکی جوان و ناسکدا، لە (ژ٢٠٢، ل٩، ساڵ ١٩٦٣)دا بڵاوکراوەتەوە، بە چەشنێک بە بەژن و باڵا و جوانی شۆخ و شەنگی یاردا هەڵدەدات، بە جۆرێک خۆشەویستی و ناخی خۆی بۆ دەردەبڕێت، کە بەم جۆرە دێتە گۆ و دەڵێ:

بەمردوو ڕوح ئەبەخشــــــــێ پێ کەنینی لێوی شیرینت

لەسەر کام دینـــــی؟ گیانە، پێم بڵێ بابێمـــە سەردینت

لەلام وەک شەککەر و نوقڵ و نەبات و قەند و هەنگوینــە

جنێو و قەهـــــــــر و لێــــــــدان و بیانو گرتن و قینت

دەبینین شاعیر شیعرەکەی بە جۆرێک دارشتووە، کە بەدرێژایی شیعرەکەی دەستەملانێی عەشق و خۆشەویستییە لەگەڵ یارەکەیدا، جوانی و لەش و لار و قسە و گفتاری ئافرەتی وەک ڕەگەز و هاوبەشی ژیان، کردووە بەسەرچاوەی شیعرەکەی.

(صەیدی دووەم ١٧٨٠-١٨٤٦) لەم پارچە هۆنراوە بە چێژەدا، لە (ژ١٦٦، ل١١، ساڵ: ١٩٦٢)دا هاتووە، بە چەشنێک بە جوانی یاردا هەڵدەدات، وەسفی دەکات و خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبڕێت، کە ئەو لەسەر پەیمانی خۆی ماوە و بەڵێن ناشکێنێت، دەبینین شاعیر وشەکانی بە جۆرێک داڕشتووە، کە هەست بەجوانی ناخی شاعیر دەکەین و دەڵێ:

ئەرێ نازەنین، شـــــــــــۆخ ڕەندەکەم

ئەرێ هـــــــــەی نازار دڵ پەسندەکەم

تۆ هەر ئەو خوا جەومـــن هەربەندەکەم

بینایـــــــــــــی چاوان، بەر گوزیدەکەم

من هەر ئەو غولام زەڕ خـــــەریدەکەم

ئیسە، پەرێ چێــــــــش ئەرێ لەیلەکەم

## شیعری نشتیمانی و نەتەوایەتی:

ڕەنگدانەوەی بیری نیشتیمانی و هەستی نەتەوایەتی لە بەشێک لەو شیعرانەی، کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە، هەر چەندە ڕۆژنامەکە لە ژێر چاودێری توندی دەزگا ئەمنیەکاندا بووە، بەڵام لەو شیعرانەی کە لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکراونەتەوە، ئەو هەستە نیشتیمانی و نەتەوایتییە بەدی دەکرێت، کە شاعیرانی کورد خستوویانەتە نێو قالبە شیعرەکانیانەوە، دەربارەی خاکی کوردستان و میللەتی کورد و زوڵم و ستەم و زۆرداری داگیرکەران دواون.

لەم ڕۆژنامەیەدا ژمارەی ئەو شیعرانەی بۆ ئەم مەبەستە بڵاوکراونەتەوە، بریتین لە (٣٥) پارچە شیعر، کە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە توانیویانە ئەم مەبەستەی شیعر بخەنە نێو دیوانی ڕۆژنامەکە، شاعیرانی کورد هەمیشە لەڕێگای شیعرەکانیانەوە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی تاکی کوردیان داوە و هەوڵیان داوە خۆشەویستی نیشتیمان و نەتەوە لە دڵیاندا بچێنن، ویستویانە تاکی کورد تاکێکی هۆشیار و بە ئاگای کۆمەڵ بێت، لە هەمان کاتدا کەسێکی چاونەترس و بوێر و بە هەڵوێست و بەئاگا بێت.

(ئەحمەد موختار بەگی جاف ١٨٩٨-١٩٣٥) لە یەکێک لە شیعرەکانیدا، کە لە (ژ٦٦، ل٧، ساڵ: ١٩٦٠)دا بڵاوکراوەتەوە، هانی کورد دەدات بۆ خوێندن و خوێندەواری و هۆشیارکردنەوەی میللەت و دەڵێ:

لەخەو هەستن! درەنگە میللەتی کورد! خەو، زەرەرتانە

هەموو تاریخی عالەم شاهــــــدی فەضل و هونەرتانە

بخوێنن! چونکە خوێندن بۆ دیفاعـــــی تیغی دوژمنتان

هەموو ئان و زەمانێ، عەینـــی قەڵغان و ســـوپەرتانە

بەخۆڕایــی لە دەستی بەرمەدەن! ئەم خاکە مەحبووبە!

کە تۆزی وەک جەواهیر سورمە و کوحلـی بەصەرتانە

شاعیر میللەتی کورد بە میللەتێکی بێ ئاگا نێو دەبات، کە ئەم خاکە پیرۆزە بە گەوهەر ناو دەهێنێت، گرانبەهایە و بەهەشتێکی سەر زەوییە، دەبێت هەوڵی بۆ بدرێت و بپارێزرێت، ناکرێت بەئاسانی لەدەست بدرێت و هەروا بە ئاسانی بدرێت بەدەست دووژمنانی کوردەوە.

(شاهۆ) لە شیعری (بۆ وەتەن فرۆش) لە (ژ١٨٩، ل٤، ساڵ: ١٩٦٣)دا بڵاوکراوەتەوە، بە دڵێکی پڕەوە هێرش دەکاتە سەر ئەو کەسانەی، کە دەست لەگەڵ دوژمنانی کورد تێکەڵ دەکەن و دەڵێ:

وەتەن فرۆش گوێ ڕاگرە!

ئەوە دەنگی نیشتیمانە،

لەبێ هەستیت پەرێشانە،

زاماری تیغێکی تیژە،

تیغی دەستی ڕۆڵەکەیە:

ئەو ڕۆڵە پەست و بێ ڕەگە،

کە هاوڕێی دوژمنی سەگە،

ڕێگای ناپیاوی لەبەرە،

سەنگەری هۆز پیشاندەرە،

بۆ بڕینی!

بۆ کوشتنی!

بۆ دەس بەستن! ...

شاعیر ئامانج و مەبەستی ئەو کەسانەیە، کە خاک و وڵاتی خۆیان دەفرۆشن و دەبنە داردەستی دوژمنان و بە سەگ و ناپیاو و خۆفرۆش ناویان دەهێنێت، هێرش دەکاتە سەریان و بە شێوەیەک وەسفیان دەکات، کە دەبنە دوژمنی گەل و نەتەوە و ڕێنیشاندەری دوژمن، ئەمە بۆتە دەردێکی کوشندە و دیار لەنێو کورددا، هەمیشە بەدرێژایی مێژوو، لە زۆربەی بارودۆخەکانی ژیانی مێژووی کورد، تاکی کورد خۆی چاوساغی دووژمن بووە.

مامۆستا (هێمن ١٩٢٠-١٩٨٦) لە هۆنراوەی (تۆم هەر لەبیرە) لە (ژ١٨٦، ل٣، ١٩٦٢)دا بڵاوکراوەتەوە، بەجۆرێک هەستی خۆی دەخاتەڕوو، وەها خۆشەویستی نیشتیمان کەوتۆتە دڵیەوە، کە چ لە خۆشی و شاییدا بێت یان ناخۆشی و ماتەم، هەمیشە نیشتیمانی هەر لە یاد و فکریدایە و بۆ ساتێکیش بێ ئاگا و غافڵ نابێت لێی، چونکە بوونی مرۆڤەکان پەیوەسدارە بە بوونی خاک و نیشتیمانەکەیانەوە و دەڵێ:

تۆم هەر لەبیرە

لە شایـــــی دا لە وەختـــــی هەڵپەڕینا

لە خۆشـــــی دا لە کاتـــــی پێ کەنینا

لە کۆڕی ماتەم و گریان و شـــــــینا

ئەمن ئەی نیشتمــــان تۆم هەر لە بیرە

بەشەو تاکوو بەسەرما زاڵ دەبێ خەو

بە ڕۆژ تاکوو دوبارە دێتەوە شـــــەو

(ش.ب. شێواو) لەم پارچە شیعرەیدا کە لە (ژ٤٦، ل٦،ساڵ: ١٩٦٠)دا بڵاوکراوەتەوە، بەنێوی (یادی کوردستان) خۆشەویستی خۆی بۆ خاکی کوردستان دەردەبڕێت، شانازی بە شاخ و دۆڵ و دەشتەکانییەوە دەکات، کە دڵخۆشی ئەو لەم خاکەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بوونی خۆی بە بوونی ئەم خاکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها بە گیانی خۆی بەڵێنی پاراستنی خاکی کوردستان دەدات و دەڵێ:

کوردستان یا خودا دائم ئاباد بـــێ        دوژمنان مات و دۆستان دڵشاد بێ

کوردستان خۆشیت ئارەزوی دڵمە        دەشت و چیای تۆ گوڵزار و گوڵمـە

تازە لاوانت خەڵقـــی ســـەر کۆتە        شــــانازیـــێ بەوان لایەق بە خۆتە

هیچ باکت نەبـــــێ تۆ ئەپارێزین        نەترس و نەبەز مەرد و بەهـــــێزن

ئەمانە و دەیان شیعری دیکەی شاعیرانی کوردی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی کوردستانی تێدا ڕەنگداوەتەوە.

## شیعری کۆمەڵایەتی:

یەکێکە لەمەبەستە دیارەکانی شێوەی شیعری لیریکی، لەم شێوەی شیعرەدا شاعیر هەوڵی ئەوە دەدات کە ((گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و دەردەکانی کۆمەڵ لە هەژاری و نەخوێندەواری و نەخۆشی و لایەنە خراپەکانی کۆمەڵ دەخاتەڕوو، لەهەمان کاتدا هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدات))(رسول، ١٩٨٩، ٨٢). واتە ئەم جۆرە شیعرە ڕەنگدانەوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایە، لە هەناوی کێشەکانی کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کۆمەڵگای کوردی لەبەر ئەوەی کۆمەڵگایەکی نەخوێندەوار و گرفتاری دەردە کۆمەڵایەتییەکان بووە، هەر بۆیە شاعیران بە ئەرکی خۆیان زانیوە، کە ڕابەرایەتی هۆشیارکردنەوەی تاکی کۆمەڵ بگرنە دەست، بۆ ئەم مەبەستە شاعیرانی کورد سەدان پارچە شیعریان نووسیوە، باشترین شوێنیش کە ئەم شیعرانە بگەنە دەست چینەکانی کۆمەڵ ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بوون، چونکە ((هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارێک ئومێدی ئەوەی لێ دەکرێت دەوری ڕابەڕایەتی ببینێ و شوێنێک لە بونیاتی شارەستانیدا بگرێ و وزە و توانا بداتە ڕەوتی گۆڕانی کۆمەڵ، ئەمەش بەوە دەبێت کە لە پێشەوە دەستنیشانی هۆ و بنەمای دواکەوتن و پاشاگەردانی کۆمەڵ دیاربخرێ، دوایش دەوا و چارەسەری بۆ بنووسرێ))(محمد، ١٩٨٩، ٥٧).

لەم ڕۆژنامەیەدا ژمارەی ئەم شیعرانەی بۆ ئەم مەبەستە بڵاوکرانەتەوە، بریتین لە (٩٦) پارچە شیعر، کە ناوەڕۆکی شیعرەکان زیاتر کێشە و گرفتەکانی ئەو کاتەی کۆمەڵ دەخەنەڕوو، ئامانجیان هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگایە.

(نافع مظهر) لەم پارچە شیعرەیدا لە (ژ١٢٤، ل٤، ١٩٦١)دا بڵاوکراوەتەوە، کە ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی و تاڕادەیەکیش سیاسی هەیە، رەخنە لە حکومەتی ئەو کاتەی ئێران دەگرێت، کە جیاوازی لە نێوان خەڵکی شارەکاندا دەکات، ئاگاداری خەڵکی هەژار نییە، خەڵکی لە هەژاری و نەدارییەکی زۆردا گوزەر دەکەن، چی لە خوێندەواری و زانین بکەن، کە بە نارەحەت و زەحمەت سکیان تێر دەکەن، بە دڵێکی پڕەوە دێتە گۆ و دەڵێ:

سەواد چـی لێ بکەم؟ من نانم نییە

قەڕانـــــــــێ لە نێو گیرفانـم نییە

سەد خۆزگـــەم بەوە تێر و دڵشادە

جەحەننەم و جار کە بێ ســــەوادە

سەواد قەت زکی برســـی تێر ناکا

ڕێگەی مەعیشەت بـە کەس فێرناکا

(شاكر فەتاح ١٩١٤-١٩٨٨) لە شیعری (بۆ خانەدانەکان) لە (ژ٢٠٩، ل١٠، ساڵ: ١٩٦٣)دا بڵاوکراوەتەوە، هێرش دەکاتە سەریان و تاوەنباریان دەکات بەوەی، کە ئەوان تەنیا لەسەر جەستەی ماندووی هەژاران دەژین، ئارەق و ڕەنج و ماندوبوونی ئەوان دەخۆن، ئەگەر نا ئێوە لە ئەساسدا هیچتان نییە، تەنیا بەنێوی باب و باپیرانتانەوە دەنازن و پێیان دەڵێ:

بەس خۆت هەڵکێشـــە بە باوانتەوە   بەس پـــێ بنازە بە خزمـــانتەوە

وەرە بە دیـــوان قەومــــی هەژارت   بۆیان بژمێرە کردەوە و کـــردارت

چەند تێکۆشاوی؟چیت بۆ کردوون؟   چەند لە تەنگانە دەستت گرتوون؟

ئەوسا ترازوی تاســەی هـــەژاران   پیشانی ئەدا: سـوکـی یان گـران

یەکێک لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگا بریتییە لە (کرێنشینی- کرێچی)، ئەم بابەتە کێشەیەکی بەردەوامە لە کۆمەڵگدا، بەتایبەت لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا، (محمد سعید حافدی) لەم پارچە شیعرەدا (خاوەن ماڵ بە کرێنشین ئەڵێ) لە (ژ١٣١، ل١١، ١٩٦١)دا بڵاوکراوەتەوە، ئەم بابەتە بە ڕوونی دەخاتەڕوو، کە چۆن خاوەن موڵک کرێچی دەچەوسێنێتەوە و زوڵمی لێدەکات، ناچاری دەکات بە داواکاریەکانی ڕازی بێت، وەک ئەوەی کە بەندەی ئەو بێت و دەڵێ:

خاوەن ماڵ بە کرێنشین ئەڵێ

ئەگــــەر بێتو وەتاغێکــم کـراکــــــەی

دەبــێ عەبدایەتـــی من وەک خوداکـــەی!

پلیکان ساف نەکـا بزماری کەوشـــت!

مەبادا، نێو حەسار کەوشت لە پاکـــــەی!

لە هەشت بەولا چرای بەرقت نەسۆتێ

خەو و خواردن بەبـــێ نۆرەی چراکـــەی

ئەم شیعرە ناوەڕۆکێکی پەیامداری هەیە، شاعیر لە ڕێگەی ئەم شیعرەوە دەیەوێت پەیامی خۆی بگەیەنێتە ئەندامانی کۆمەڵگا، ویستوویەتی ئەوە بۆ کۆمەڵ ڕوونبکاتەوە، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە خاوەن موڵکن، نابێت ببنە هۆی تێدانی کۆمەڵگا و تێکدانی شیرازە و لێکهەڵوەشاندنەوەی خێزان، ئەم دیاردەیە تاوەکو ئێستاش بەزەقی لە کۆمەڵگای کوردیدا بەدی دەکرێت.

(نافع – مظهر) لە هۆنراوەی (دیسان جەژنە و قوڕپێوان)ە لە (ژ٧٢، ل٧، ساڵ: ١٩٦٠)دا بڵاوکراوەتەوە، ئەوە دەخاتەڕوو، کە ڕاستە جەژن سەرچاوەی شادی و خۆشی و بەختەوەرییە،

بەڵام بۆ خەڵکی هەژار و دەست کورت و نەدار جۆرێک لە مەینەتی و نەهامەتییە، دەبێتە بار بەسەر شانی خەڵکی هەژارەوە، کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت ناتوانن پێداویستییەکانیان وەک پێویست دابینبکەن و دەڵێ:

دیسان جەژنە و قورپێوان

ئەی خودا هاوار، وا جەژنـــی تر هات

جا با دانیشم دەس بە ئەژنۆ و مات

وا دیسان جەژنە و قورپێوانە و شین

جەژنیـش مەینەتە بۆ پیاوی بی تین

ژن و کور و کـــــــچ دەوریان داوم

وا لەم ناوەدا منیــش دامـــــــاوم

لەم ڕۆژنامەیەدا دەیان شیعری دیکە هەیە، کە کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەخەنەڕوو، چ لە بارەی حاجییەکی تاوانکار یان بەزۆر بەشودانی کچ و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک بەنێوی شێخ و چاوچنۆکی دەوڵەمەند و کێشەی جوتیاران و ڕەنجدەران و خراپی دۆخی کرێکاران ...هتد.

## شیعری ئاینی:

ناوەڕۆکی ئاینی یەکێکە لە مەبەستە دیارەکانی شیعری کوردی، ئەم مەبەستەی شیعر هەر لە شاعیرە سەرەتاییەکانەوە لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا هەبووە تا دەگات بە شاعیرە کلاسیکیەکان و دواتر، چونکە ئەو شاعیرانە لە حوجرەی مزگەوتەکانەوە فێری خوێندن و نووسین بوون، بابەتە ئاینی و بنەماکانی ئیسلامیان کردۆتە هەوێنی شعرەکانیان، بە جۆرێک شیعرەکانیان لە بازنەی یەکتاپەرستی و تەسەوف دەخولێنەوە. ژمارەی ئەو شیعرانەی لەم ڕۆژنامەیەدا بۆ ئەم مەبەستە بڵاوکراونەتەوە، بریتین لە (١٩٩) پارچە شیعر، کە ناوەڕۆکی ئاینی و تەسەوف و یەکتاپەرستیان هەیە.

(مەلا پەرێشان ١٣٥٦- ١٤٢١) یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە شیعرەکانی زیاتر بەلای مەبەستی ئاینیدا دەچێت، ناوەڕۆکێکی خواپەرستی جوان لە هۆنراوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، لەم شیعرەیدا لە (ژ٥٠، ل٦، ساڵ: ١٩٦٠)دا بڵاوکراوەتەوە، مەلا بە چەشنێکی جوان و دڵێکی پڕەوە لە یەزدان دەپاڕێتەوە، کە خوای گەورە لە گوناهەکانی خۆشبێت، شاعیر لە هەر یەک لە دێڕەکانی نێو ئەم

شیعرەدا، بەچەشنێک لە نوری خوداییدا دەتوێتەوە، وەها دەپاڕێتەوە، کە یەزدان چاوپۆشی لە کەم و کورتی و تاوانەکانی بکات، داوا دەکات یەزدانی مەزن بیخاتە ژێر لوتف و سۆز و بەزەیی و میهرەبانی خۆی و دەڵێ:

زەخم سیاســـــەت فراوان دێرم

دردبــــــێ دەرمان ژعصیان دێـــرم

ئەر نەکەی چارەی زەخــم دیاریم

ئەر نەکـــــەی دەرمان دەردان کـاریم

ئەر قەبۆڵ نەکـــەی ئینا بەوزاریم

فەوا ئەسافا! ژ شـــــــەر مەســـاریم

ئەر بکەی زاری و ئینا بەم قەبۆل

حەبیبت شـــادەن دژمنت مـــــەلـول

محمود سجادی ناسراو بە (کاردۆ) لەم شیعرەیدا، لە (ژ١٤٤، ل٢، ساڵ: ١٩٦٢)دا هاتووە، بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە نووسیویەتی، کە ڕەمەزان یەکێکە لە پایەکانی ئیسلام، موسڵمانان لەم مانگەدا بە ڕۆژو دەبن، زیاتر ڕوو لە خواپەرستی دەکەن، کە حیکمەتی مانگی ڕەمەزان ئاگادار بوونە لە خەڵکی هەژار و نەدار و لێقەوماو، شاعیر بەشێوەیەکی جوان وەسفی مانگی ڕەمەزان دەکات و بەشێوازێکی هونەری دەیخاتە ڕوو و دەڵێ:

یـــا خودا بەخێربــــــێ، مانگـــــی ڕەمەزان

ئەی مانگـــی پیت و خوێندنـــــی قورئان

مانگـــــــــی لێبـــووردن خودای میهرەبـان

کاتـــێ کــــە هاتـــی بەندی بۆ شەیتان

دەرگانەی بەهەشت هەر هەشت تاک ئەکرێ

حەوت دەرگای دۆزەخ هەموو ئەبەسترێ

لەم ڕۆژنامەیدا بابەتێکی دیکەی ئاینی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە بریتییە لە مەولوودنامە، ئەم مەولوودنامانە ناوەڕۆکێکی ئاینیان هەیە، تێیدا مەدح و ستایشی خودا و پێغەمبەر (د.خ) دەکەن، وەسف و لاواندنەوە و پیاداهەڵدانن، بەدەوری بابەتە ئاینییەکاندا دەسوڕێنەوە، لەم ڕۆژانامەیەدا دوو

مەولوودنامەی تێدا بڵاوکراونەتەوە، مەولوودنامەی پێغەمبەری مەزنی ئیسلام حەزرەتی محمد (د.خ) دانراوی (حسنی هەرتۆشی)، ئەم مەولوودنامەیە لە (٦٨) ژمارەدا و لە هەر ژمارەیەکدا پارچەیەکی بڵاوکراوەتەوە، ئەم مەولوودنامانە پڕن لە وشە و دەستەواژەی بێگانە بەتایبەت وشە و زاراوەی عەرەبی، لە (ژ٤٣، ل١٠، ساڵ: ١٩٦٠)دا بڵاوکراوەتەوە، بەم شێوەیە دەستپێدەکات و دەڵێ:

حەمد بێحەد بۆ خودایـــێ عالەمین

ئەو خودایـــێ دایەمە دینێ موبین

ئەم کرێنە ئوممە تا خیر البشـــــر

تابعـــێ ویـــی موقتەدایێ ناموەر

ئەو خودایێ مالکـــێ مولکێ عەزیم

دایەمە میراتا قورئانا کەریـــــم

هەروەها مەولوودنامەی (نەوئەثەر یا مێژوی ژیانی پێغەمبەر د.خ) کە لەلایەن (شێخ محمدی خاڵ) نووسراوە، ئەم مەولوودنامەیە لە (٥) ژمارەدا و لە ژمارەکانی (١٦٦ تاوەکو ١٧٠، ساڵ: ١٩٦٢)دا بڵاوکراوەتەوە.

تەفسیری قورئانی پیرۆز بەشێوەی شیعر بەزاری هەورامی نووسراوە و هۆنراوەتەوە لەلایەن مامۆستای کورد (حاج نور علی الهی) ڕابەری طەریقەی ئەهلی حەق، ئەم بابەتە لە (٥) ژمارەدا و لە هەر ژمارەیەکدا چەند بەشێکی بڵاوکراوەتەوە، لە ژمارە (١٥٥) دەستی پێکردووە و لە ژمارە (١٥٩) دا ڕاگیراوە، ئەم پارچەیە لە (ژ١٥٥، ل٨، ساڵ: ١٩٦٢)دا بڵاوکراوەتەوە.

پەس ئەز ئیبتدا وە نام خـــــــودا

واجـــــب الحمد و واجـــــب الثناء

تەکبیر و تەلمیل، تەوصیف و سپاس

شوکر و تەهنیەت پەی (اس اساس)

وە کەس مەکـــــەم کەنامش (الله)س

(واجب الوجود) فەرد بـــی هەمتاس

باوەڕنامەی (خودا یارت بوو) دانراوی زانای کورد (مەلا عبدلله)ی دشەیی مفتی کوردستان، نووسەر ئەم باوەڕنامەیەی بۆ کورەکەی خۆی نووسیوە، بۆ فێربوون و ئاگاداربوون لە بنەماکانی

دینی ئیسلام، کە بە شێوە زاری هەورامی تێکەڵ بە شێوەی سنەیی نووسراوە، ئەم باوەڕنامەیە بە شیعر هۆنراوەتەوە، لە سەرەتایەکی کورت و دووبەش و خاتمەیەک پێکدێت، کۆی گشتییەکەشی بریتییە لە (١١٦) هۆنراوە، ناوەڕۆکێکی ئاینی هەیە، کار لەسەر بیروباوەڕ و عەقیدە دەکات، لەسەر بنەماکانی ئیسلام دانراوە، ئامانجی فێرکاری بنەماکانی ئیسلام بووە، لە ڕۆژنامەی کوردستاندا لە (١٠) ژمارەدا، واتە لە ژمارە(٦٥ تا ٧٤، ساڵ: ١٩٦٠) بڵاوکراوەتەوە:

خودا یارت بو، خودا یارت بـــــوو    ڕۆڵە ئەرجۆم هەن، خودا یارت بـــوو

بە فەضڵ و ڕەحمەت، نگادارت بـوو    پەی تەحصیڵ عیلم، مەدەد کارت بـوو

بەشی یەکەم: بناغەی ئایین

(بیروباوەڕ بە خودا)

ڕۆڵە ئەصڵ و فەرع، دین و ئیسلامی

مەبۆ بزانـــــی تا نەبـــــی عامـــــی

ئەصڵ و دینیمان باوەڕەن بە حـــــەق

خـــــــودای زولجەلال خەللاق موطڵەق

(باوەر بە فریشتە)

جەودما باوەڕ بە فریشتەی حـــــــەق

مەلائکـــــەی پـــــاک مەعسوم موطڵەق

هەروەها لە ژمارەکانی (٩٨ تا ١٠٤)ی ئەم ڕۆژنامەیدا (حەوت بەندی خانای قوبادی) تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە بە شیعر هۆنراوەتەوە و ناوەڕۆکێکی ئاینیان هەیە، هەروەها لەم ڕۆژنامەیەدا (موناجاتی هەژار) و (کولە و ئاینەمەڵ) و (ئاسمان و زەمین) بڵاوکراونەتەوە، کە مەبەستی ئاینی دەگەیەنن.

## شیعری وەسف:

وەسف یەکێکە لە مەبەستە دیارەکانی شیعر، مەودا و پانتاییەکی زۆری لە بەرهەمی شاعیراندا داگیرکردووە، (د. شوکریە رسول) وای دەبینێت، کە ((وەسف: لاساییکردنەوە و نواندنی شتێکە بەهۆی پیشاندانی سیفەتاکانییەوە))(رسول، ١٩٨٩، ٥٥). چونکە وەسف پیشاندان و دەرخستنی لایەنە جوانەکان و سیفەتە باشەکانی کەسێک یان شتێک یان دیاردەیەکە، هەروەها (د. نبیل ایوب) لەبارەی وەسفەوە دەڵێ: ((وەسف بریتییە لە دەرخستن یان ئاماژەکردن بە شتێک یان شوێنێک یان گیاندارێک یان مرۆڤێک، لە ڕێگای وێناکردنی زمانەوانییەوە ناکەوێتە ژێر دیدی خوێنەرەوە، بەڵام بە شێوازی گوزارەیی تێیدا وێناکردن یەکسانە بە بابەتی وەسفکراو یان شێوازی بینراو، بە سۆز و خەیاڵ وا دەکات دەربڕین یان بابەتی وەسفکراو تێپەڕێنێت و سەر لەنوێ دروستی بکاتەوە، لە گۆشەنیگای خۆیەوە بۆ شتەکان یان ڕووداوەکان))(قاضی، ٢٠٢١، ١٤ - ١٥). تەنانەت وا وتراوە، کە وەسف تێکەڵ بە هەموو ژانرەکانی ئەدەب دەبێت، بەتایبەت ژانری شیعر، چونکە هیچ مەبەستێکی شیعری ناتوانێت خۆی لە وەسف بەدوور بگرێت، بەڵکو بەجۆرێک لە جۆرەکان خۆی تێکەڵی هەموو مەبەستەکانی شیعر کردووە، وەسف پانتایی شیعرەکانی دیوانی ڕۆژنامەی کوردستانی داگیرکردووە، لە ڕێگای وەسفەوە شاعیرانی کورد ڕوئیا و ئەندێشە و بیر و مەبەستی خۆیان دەربڕیوە، لەبەر ئەوە لەم ڕۆژنامەیەدا بەسەدان پارچە شیعر شاعیران بڵاوکراوەتەوە، کە لە ڕێگای وەسفەوە مەبەست و ئامانجەکانی شیعریان گەیاندووە.

لەم ڕۆژنامەیەدا ژمارەی ئەو پارچە شیعرانەی بۆ ئەو مەبەستە بڵاوکراونەتەوە، بریتین لە (٣١٣) پارچە شیعر، شاعیرانی کورد لە ڕێگای وەسفەوە سروشتی کوردستان و وەرزەکانیساڵ و ئافرەت وەک ڕەگەزێکی کۆمەڵ و لایەنە کۆمەڵایەتی و جیاوازییە چینایەتییەکان و بیروباوەڕە ئایینییەکان و دەیان بابەتی دیکەی شیعریان دەربڕیوە.

جوانی سروشتی کوردستان و گوڵ و گوڵزار و بەهار بووەتە سەرچاوەی شیعری شاعیران، شاعیرانی کورد لە ڕێگای وەسفەوە دەگەنە بەرزترین وێنەی هونەری شیعری و هەستی ڕاستگۆیی و پاکی خۆیان بەرامبەر بە سروشت دەردەبڕن و بەجۆرێکی وا تێکەڵ بە سروشت دەبن، کە لە نێویدا دەتوێنەوە، (گۆران) یەکێکە لەو شاعیرە سەرکەوتوانەی بەشێوەیەکی ورد و سەرنجڕاکێش وەسفێکی جوانی سروشتی کوردستان دەکات، لە شیعری (گەشتی هەورامان)دا لە (ژ١٧٨، ل٣، ساڵ: ١٩٦٢)دا بڵاوکراوەتەوە، بەجۆرێک دیمەنەکان دەخاتەڕوو، وێنەیەکی فۆتۆگرافەری شیعری وا دەنوێنێ، وەها پیشانی دەدات، کە کەسی خوێنەر وای دەبینێت لەنێو دیمەنەکەدایە، ئەمەش بۆ ئەو وەسفە جوان و سەرنج ڕاکێشە دەگەڕێتەوە، کە گۆران بەشێوەیەکی هونەری سەرنجڕاکێش لە شیعرەکەدا بەکاری هێناوە.

دیمەنی ڕێگا و بان:

کۆمەڵە شاخێک سـەخت و گەردنکەش،

ئاسمانـی شینــی گرتۆتە باوەش؛

سەرپۆشی لووتکەی بەفری زۆر سپی

بە دارستان ڕەش ناو دۆڵـی کپـی

جۆگــەی ئاوەکان تیایا قەتیسماو:

هەر ئەڕۆن ناگەن پێچـی شاخ تەواو

وەرزی بەهار بە شێوەیەک تێکەڵی شیعری شاعیران بووە، کە کەم شاعیر هەیە ئەم مەبەستەی فەرامۆش کردبێ، لەبەر ئەوەی وەرزی بەهار وەرزی نوێبوونەوە و ژیانەوەی دار و گژوگیا و زەوییە، لەم ڕۆژنامەیەدا چەندین پارچە شیعر لە بابەت وەرزی بەهارەوە بڵاوکراونەتەوە، (پیرەمێرد ١٨٦٧-١٩٥٠) لەم شیعرەیدا لە (ژ١٢٧، ل٣، ساڵ: ١٩٦١)دا بڵاوکراوەتەوە، یەکێکە لەو شاعیرانەی بەشێوەیەک وەسفی بەهار دەکات، کە هەست بە شنەبای بەهار دەکەیت لە شیعرەکەدا، هەست بە جوانی دیمەنی بەهار و ڕەنگا و ڕەنگ وەرزی بەهار دەکەیت، هەر وەک دەڵێ:

دیسان ئەمساڵیش وا گەیمە بەهــار

صەوزەی مەرغوزار، سۆزەی مورغوزار

دوگمــەی سەرسینەی بەیان ترازا

بەیان بە گوڵــی سپــی و سور ڕازا

هەوری بەهــاری کــردی بە هەڵدا

گوڵاڵە خەیمەی ئاڵــــی خۆی هەڵدا

ئافرەت وەک کەرەستەیەکی بە نرخی شیعری لای شاعیرانی کورد لەگەڵ دەرکەوتنی ژانری شیعر دەرکەوتووە، واتە شاعیران لە ڕێگای جوانی و هەست و سۆز و بەژن و باڵا و ...هتد ئافرەتانەوە، کە کارگەریان لەسەر هەست و هۆش و ئەندێشەیان شاعیرانەوە هەبووە، لە ڕێگای شیعرەوە توانیویانە وەسفی ژن وەک ڕەگەزی بەرامبەر بکەن و وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی جوانی ئافرەتان بکێشن، (میرزا عبدالقادری پاوە)ی لەم پارچە شیعرەیدا بەناونیشانی (عەر عەر بێزەکەم)، لە (ژ١٤٧، ل٣، ساڵ: ١٩٦٢)دا بڵاوکراوەتەوە، بەشێوەیەک وەسفی یار دەکات، کە لەلای ئەو لە هەموو

شتێک بەنرخترە، کە لە جوانیدا بێ وێنەیە و ڕووی یارەکەی دەچوێنێت بە گوڵ، بە جۆرێک پیشانی دەدات، کە یار و گوڵ بوون بەیەک و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نەماوە، هەر وەک دەڵێ:

عەر عەر بێژەکەم ...

نەمام نەوڕەس، عـــــەر عـــــەر بێژەکەم

ئاهـــــۆی نەساسڵ، سەحەر خیزەکەم

دڵ روبـــــا دڵبـــــەر دڵ ئاوێزەکـــــــەم

صەوڵ نازپەروەر، شیرین جامە کـــەم

گوڵ وەش، گوڵ قامەت، گوڵ ڕوخسارەکەم

گـوڵ نام، گوڵ ئەندام، گوڵ کەلامەکەم

ئەگەر بەسەرنجدانێکی وردەوە هۆنراوەکانی (مەولەوی ١٨٠٦-١٨٨٢) بخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێ، کە هۆنەری نەمر مەولەوی لە ئەدەب و هونەردا چ پلەوپایەکی بەرز و بێوێنە و بڵندی هەبووە، مەولەوی لە شیعری لیریکیدا دەستێکی باڵای هەبووە و توانیویەتی ئەو شیعرانەی کە بۆ سروشت و ئافرەت و جوانی نووسیونی بگەیەنێتە لوتکە، کە لە زۆربەی ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە پارچەیەک لە هۆنراوەکانی مەولەوی تێدا بڵاوکراوەتەوە، بۆ نموونە لە (ژ٩٧، ل٤، ساڵ: ١٩٦١)دا ئەم شیعرەی مەولەوی تێدا بڵاوکراوەتەوە و دەڵێ:

نازک تەدارەک فەســـــڵ وەهـــــــــارەن

شیرین ئارایـــــش هەردە و کۆســـــاران

گوڵ چون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشـــان

وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان

مـــدیان گوڵاڵان نەپــــــــــای دەربەندان

ئەو یەکتر وێنەی ئارەزوومـــــــــــــەندان

باسی وەرزی بەهار و خۆڕازاندنەوە و نمایشی ئەو وەرزەمان بۆ دەکات، کە چۆن گوڵ وەک ڕووی یارەکەی دەدرەوشێتەوە و بەرگی ناسکی پۆشیوە، کە لەم کەژ و دەشتەدا گوڵاڵەی سێبەری نزارەکان

وەک یار تەماشای یەکتر دەکەن، چەند جوانن و ئەگەشێنەوە، واتا شاعیر پەنا بۆ سرووشت دەبات و لە ڕێگای سرووشتەوە وەسفی ناخ و دڵ و دەروونی خۆی دەکات و هەستی خۆی دەردەبڕێ.

## شیعری لاواندنەوە و شیوەن:

یەکێکە لە مەبەستەکانی ژانری شیعر، پەیوەندی بە هەست و ناخی شاعیرانەوە هەیە، شاعیران لەو کاتەدا ئەم جۆرە شیعرە دەهۆننەوە، کە کەسێکی خۆشەویستیان لەدەست داوە و بە لە دەستدان و مردنی ئەو کەسە هەست بە بۆشایی دەکەن، لەم ڕێگایەوە شیوەنی دڵ و ناخی خۆیان بەیان دەکەن، لە ڕێگای شیعرەوە خۆشەویستی بۆ دەردەبڕن، کەواتە شیعری لاواندنەوە: ((بریتییە لەو جۆرە شیعرەی کە هەست و سۆزی ماتەم و دڵتەنگی خاوەنەکەی پیشاندەدات لە بارەی مردنی کەسێک ... یان لەبارەی لەناوچوون و وێرانکردن و نەمانی شار و شوێنێکەوە بوترێت، واتە مەرجە بۆ کەسی مردوو یان شتی لەناوچوو نووسرابێت))(غفور، ٢٠١٥، ١٠٥). ئەم جۆرە لە شێوەی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا زۆربەی کات بۆ ئەوە وتراوە، کە شاعیران کەسێکی خۆشەویست و دڵسۆزیان لە دەستداوە، جا ئەو کەسە لە خانەوادەکەی بێت یان کەسایەتییەک و نووسەرێک بێت، کە کاریگەری لەسەر شاعیران درووست دەکات و دەیان هەژێنێت، لە ڕۆژنامەی کوردستاندا چەندین پارچە شیعر بۆ ئەم مەبەستە بڵاوکراونەتەوە، کە ژمارەیان بریتین لە (٧٩) پارچە شیعر.

مەولەوی پاش ئەوەی کە (عەنبەر خاتوون)ی خێزانی کۆچی دوایی دەکات، ئەم ڕووداوە کاریگەری زۆری لەسەر مەولەوی دەبێت، بە جۆرێک کار لە هەست و سۆزی دەکات، ئەم پارچە هۆنراوەیەی لەلاواندنەی مردنی خێزانیدا وتووە، لە (ژ١٧٤، ل٧، ساڵ: ١٩٦٢)دا بڵاوکراوەتەوە و دەڵێ:

ئیمساڵ نەو وەهار چون خەزان ســـــەرد
بەرگ وەردباخ مەعدووم بەرد پەی هـــەرد
مشیۆ تاڵەی مـــن خیلاف ئەنگێز بـــــــۆ
وەرنە، کەی، کێ دی، وەهار گوڵ ڕێز بـــۆ
دڵ وە گێج بــــــازی چەپگەر بازیش وەرد
جفت ئارەزوو کـــەرد، چەپگەرد تاق ئاوەرد
بۆی ((عەنبەر)) نە تۆی دەماخم دوور کەرد

فرسەتش ئاوەرد هـــەوای ((وەبـــای)) دەرد

هەرچەندە سەرەتای بەهاری تازەیە، بەڵام بەهاری ئەم ساڵ وەک خەزانی زەرد بوو، ئەو گوڵی منی هەڵوەراند و لەگەڵ خۆی بردی، وادیارە ژیانی من کۆتایی هاتووە، ئەگەر نا کێ دیویەتی لە کات و سەرەتای بەهاردا گوڵ بوەرێت.

(گۆران) یەکێکی دیکەیە لەو شاعیرانەی، کە مردنی جگەر گۆشەکەی کاریگەری زۆری لەسەر دروست دەکات و لە ناخەوە دەی هەژێنێت، دونیا لەبەر چاوی تاریک دەبێت، بە جۆرێ کە لەم شیعرەدا (لەسەرە مەرگی هیوادا) لە (ژ١٨٣، ل٢، ساڵ: ١٩٦٢)دا بڵاوکراوەتەوە، هەست بە ئاهو حەسرەتی ساردی دڵ و دەرونی گۆران دەکەیت، بەم شێوەیە دەی لاوێنێتەوە و هەست و ئێش و ئازاری خۆی دەردەبڕێت و دەڵێ:

لە سەرە مەرگی هیوادا

ڕۆڵەی تاقانەم، هیوای ژیانـــــــــم

ئەستێرە گەشـــــــــــەی بەری بەیانم

ڕۆژی نەورۆزی پڕشنگ زێڕینـــــم

تریفەی سپیـــــــی مانگــــــــی هاوینم

تا دەگاتە

توخوا بـــــەو جووتە چـــاوە شینانە

ئاخــــــر نیگاتە تێر بـــــــۆم بـــــــروانە

دوای ئەوەی لە ژمارە (١٩٥)ی ڕۆژنامەی کوردستاندا، هەواڵی کۆچی دوای مامۆستا (گۆران) بڵاوکراوەتەوە، ئەم ڕووداو و هەواڵە کاریگەری زۆری لەسەر شاعیران و نووسەران و هونەردۆستان درووستکردووە، بە جۆرێک لە ژمارەکانی دواتردا، لەسەر مەرگی ناوادەی گۆران چەندین پارچە شیعر بۆ ئەم مەبەستە بڵاوکراونەتەوە، بەشێوەی شیوەن و لاواندنەوە نووسراون، هەر یەکە لە شاعیران (کامەران، هێمن، شەتاو، ئازاد ...هتد) شیوەنیان بۆ مەرگی گۆران کردووە، بەشێوەی لاواندنەوە ناخی خۆیان هۆنیوەتەوە، لەبەر ئەوەی (گۆران) شاعیرێک و ناوێکی گەورەی دونیای ئەدەب و هەنەر بووە، وە لە ڕۆژنامەی کوردستانیش چەندین پارچەی بەنرخی شیعرەکانی گۆرانی تێدا بڵاوکراونەتەوە، بۆ نموونە شاعیرێک بەنێوی (ئازاد) لە شیعری بۆ (مەرگی گۆران) لە (ژ١٩٧، ل٤، ساڵ: ١٩٦٣)دا بڵاوکراوەتەوە، ناوەڕۆکی ئەم شیعرە و چەندین شیعری دیکە، پێشاندانی ئەم کۆستە گەرەیە لەو سەردەمەدا و دەڵێ:

مەرگی گۆران

ئیتر لەسەر لێـــــــوی بەیان، زەردەخەنەی ڕۆژ نابینن
ئیتر لە بێشکـــــەی خــــەیاڵا، کۆرپەی ئاواتمان نانوێنین
ئیتر (دەنگـی نزمـی عودێ) لە (جەرگـی پەردە) ناتکـــی
ئیتر(تریفەی مانگە شەو) بەناخـــــــی دڵا نالکـــــــێ
لەجێی (جریوەی دارستان) ناڵەی دڵـــی کۆست کەوتووە
گۆران خودای شیعری کوردی لە خاکـــی ردشا خەوتووە
بە (شنەی سێبەری داری تو) ، (عرەقی ماندووی ئەسرین)
بەڵام کوڵـــی دڵـــی زامار، چاومان پڕ نەکا لە ئەسرین

لە ناوەڕۆکی شیعرەکەدا هەست بەو شیوەن و خەمە گەورەیە دەکەیت، کە بە هۆی کۆچی شاعیرەوە دووچاری نووسەران و خوێنەران بۆتەوە، شاعیر شیعرەکەی بە شێوەیەک داڕشتووە، کە ناخ و دەروونی هەژاندون، کە دەبینین بەم شێوەیە ئەم کۆستە گەورەیە دەخاتەڕوو، کە لە دوای مەرگی گۆرانی شاعیر شیعر و ئەدەبیاتی کوردی هەتیو و سەرگەردان کەوتووە.

(عبدالله مفتی زادە) لەم پارچە شیعرەیدا لە (ژ١٣١، ل٢، ساڵ: ١٩٦١)دا بڵاوکراوەتەوە، بە بۆنەی کۆچی دوای باوکییەوە (مەلا محمود مفتی کوردستان) ئەم شیعرەی بەشێوەی لاواندنەوەی نووسیوە، ناوەرۆکی شیعرەکە گوزارشت لە ناخ و دڵ و دەروونی بێ ئۆقرەی دەکات، بە هۆی لە دەستدانی کەسێکی ئازیز و خۆشەویستی خێزانەکەی و دەڵێ:

قەوم و کەس فامیل ئاشنا و دۆس هاوار
بگەن بە دادما، دەخیلەن صەد جـــار
ناخودای کەشتـــی ژینم کــــۆچ ئەکا
باوک حامی دنیا و دینم کــۆچ ئەکـــا
مەشغەڵدار ڕێگـــەی پێشم کـــۆچ ئەکـــا
ڕانمای خەیر ئەندێشەم کـــۆچ ئەکـــا

## شیعری ستایش:

لەم شێوەی ژانری شیعرەدا شاعیر ستایش و پێداهەڵدانی کەسێک یاخود وڵات و خاک و نیشتمان دەکات، جا کەسەکە کەسێکی ئاینی یاخو کەسێکی ناودار یان سەرکردە و دۆست و هاوڕێیەکی نزیک ...هتد بێت، واتە مەبەست لە ستایش: ((بریتییە لە دەرخستنی گشت ئاکامە جوان و سەرنج ڕاکێشەرەکان لە کەسێکدا و ستایش کردنی))(رسول، ١٩٨٩، ٣٤). یان ستایش واتە ((کردەیەکی خیتابی یان ئاخاوتنی (کلام)ی کە لە ڕێگای ئەمەوە دەتوانین پێوەندییەک لە نێوان دوو کەس یان دوو شت درووست بکەین، لە شێوەی دوو جەمسەری یەکێکیان باڵا دەست دەبێت، جا ئەم باڵا دەستییە هەقیقی بێت یان خەیاڵی، کە سیفەتی هەستی براژووبوون یان هەستی بەرزبوونەوەی تێدا بێت))(عومەر، ٢٠١٢، ١٥٥). ئەم مەبەستەی شیعر زۆرجار لەگەڵ وەسف تێکەڵ دەکرێت، بەهۆی نزیکیان لەگەڵ یەکتر، بەڵام ستایش هەمیشە پیشاندانی لایەنە باش و کردەوە بەرزەکانە، لەم ڕۆژنامەیەدا ژمارەی ئەو شیعرانەی بۆ ئەم بەمەستە بڵاوکراونەتەوە بریتین لە (١٥) پارچە شیعر.

(مەلای پەرێشان) لەم پارچە شیعرەیدا لە (ژ٤٧، ل٢، ساڵ: ١٩٦٠)دا بڵاوکراوەتەوە، بەناونیشانی (ستایشی یەزدان) بە شێوازێکی هونەری سەرنجڕاکێش ستایشی پەروەردەگار دەکات و دەڵێ:

ستایشی یەزدان

بەنام خـــودای ڕەحمان و ڕەحیم

بەخشندەی حەیات تەوانای قـــــەدیم

ثەنا گۆی زاتش کـــــۆتا، مەقالەن

پەی بەردەن وە ((کنە)) ذاتش مەحاڵەن

پەی کەلیماتش ئەرمیداد یەم بـــۆ

ثەقەلەین کاتب، ئەشجار قەڵەم بـــۆ

(سالم ١٨٠٥-١٨٦٩) لەم شیعرەیدا کە لە (ژ١٩٠، ل٦، ساڵ: ١٩٦٣)دا بڵاوکراوەتەوە، بە ناونیشانی (عەزیزم) لە ستایش و پێداهەڵدانی هاوڕێیەکی نزیک و خۆشەویستی خۆی نووسیویەتی، کە شاسوارێکی ئازا و بەجەرگ و قارەمانێکی هەڵکەوتوو دەبێت، دەبینین وشە بە وشە و سەرلەبەری شیعرەکە لە چوارچێوەی ستایشدا دەخولێنەوە، هەوڵدانی شاعیرە بۆ پێشاندانی سیفەتە بەرزەکان و وێناکردنیەتی لە چوارچێوەی وێنەیەکی هونەری جوان و بەرزدا، بەم چەشنە ستایشی دەکات و پێیدا هەڵدەڵێت و دەڵێ:

عەزیزم

عـــــەزیزم شاسوارێکە گوزەرکا گـــەر بە ((ئەلبورز))ا

ئەکا زەڕبـــــــی سمـــی ئەسپـــــی لە خارا توتیا پەیدا

بە حوججەت نێزە گەرلێدا، سوپەر وەک کاغــەزی قەندە

بە هەر زەربـــــێ لەگەڵ بازوی ئەو حوکمـــی قەزا پەیدا

سفیدەی چاوی بەد خواهی لە حەسرەت نێزە و دەستـی

زیای درعـــــی ئەکـــــا بــــۆ دوژمنان ڕۆژی سیا پەیدا

## شیعری شانازی:

مەبەستێکی شیعرییە، کە ((شانازی شیعری گۆرانییە و شاعیر شانازی بە خۆی یان کار و سیفەتە چاکەکانی خێڵەکەی یان نەتەوەکەیەوە دەکات، وە یەکێکە لە لقەکانی ستایش))(رسول، ١٩٨٩، ٣٠). واتە بەشێکە لە ستایش و لە شێوەی شانازیکردن دەردەکەوێ، لەم ڕۆژنامەیەدا ژمارەیەکی کەم لەم شێوەی شیعرە بڵاوکراونەتەوە، کە ژمارەیان (٦) پارچە شیعرە.

(نالی) لە (ژ١٨٣، ل٣، ساڵ: ١٩٦٢)دا بڵاوکراوەتەوە، شانازی بە زمانی کوردییەوە دەکات و هاوتای دەکات لەگەڵ زمانەکانی دیکەی وەک فارسی و عەرەبی، ئەوە دەخاتەڕوو زمانی کوردیش هیچی لە زمانەکانی دیکە کەمتر نییە، هیچ کەم و کورتییە نابینم لەزمانی کوردیدا، تۆ ئەگەر شیعری گرانبەها و بەچێژت دەوێ، وەرە سەیری پارچەکانی بکە، کە لە گیانم بەنرخترن، چونکە لەو سەردەمەدا نووسینی شیعر بە زمانی کوردی نەبووە و دەڵێ:

تەبعی شەککەر باری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا

ئیمتیحانـــــی خۆیە مەقسوودی، لە عەمدەن وا دەکا

یا لە مەیدانـــــی فەساحەتدا بە میسلـــــی شەهسوار

بــــێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانـــــی رادەکا

کەس بە ئەلفازم نەڵــــێ خۆ کوردییـــە خۆ کردییـــە

هەر کەســـێ نادان نەبێ خۆی تالیبـــــی مەعنا دەکا

(شێخ محمد قانع) لە شیعری (قانع و هۆزی کورد)دا لە (ژ١٨٨، ل٢، ساڵ: ١٩٦٢)دا بڵاوکراوەتەوە، لەلایەک بەشێوازی ڕەخنە ئامێز گوزارشت لە بارودۆخی ئەو کاتەی میلەتی کورد دەکات، لەلایەکی

دیکەوە شانازی بە میلەتی کورد و سەرکردەکانیەوە دەکات، کە لە مێژوودا ڕەمزی ئازایەتی و فیداکاری و قارەمانێتین و دەڵێ:

کوردە تـــــۆ ئاری نژادی، ئێستە چۆنە ژینـــی تۆ
تـێ بفکرێ کـێ بە پشت و کۆمەک و پەرژینی تۆ
لاپەڕەی مێژوو ئەزانـــێ چۆن بووە تەمکینـــی تۆ
چۆن بوون کەیخەسرەو و دارا و صلاح الدینی تۆ
هەر بژی خاکـــی بەپیت و پڕ گوڵ و نەسرینی تۆ

(میرزا غوڵامی قەیسەوەندی) لەم شیعرەیدا لە (ژ١٣٧، ل١١، ساڵ: ١٩٦١)دا بڵاوکراوەتەوە، هەستی خاوێنی خۆی بەرامبەر بە خاکی پیرۆزی نیشتیمان دەردەبڕێت، بە جۆرێک شانازی بە خاک و خۆڵ و دەشت و دەر و ئاو و هەوای وەتەن دەکات، کە نایگۆڕێتەوە بە هیچ خاک و مەنزڵێکی دیکە، کە بۆتە سەرچاوەی ژیانمان و دەڵێ:

کەفـــێ خاکـــی وەطەن یاران بە گەنجـی شایە گان نادەم
تەپ و تۆزی وەڵاتی خۆم بە بۆی موشکی خوتەن نادەم
کەژ و کێو و دەر و دەشتـــی دەبا هۆشـــی سەری دانا
نزار و بەر بەرۆژێکـــــی بە باغاتـــــی جیننەن نادەم
تا دەگاتە
هەوای سەر عەرزی شیرین و هەوارگەی مەنزڵـی لەیلێ
بە لوبنان و کەژ و کێوی هەموو موڵکـــی یەمەن نادەم

## شیعری مەینۆشی:

مەینۆشی مەبەستێکی شیعری کوردییە، ئەم مەبەستەی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا بەتایبەت ئەدەبی کلاسیکی زیاتر بەدی دەکرێت، زۆرجار شاعیران بە هۆی جەنجاڵی ژیانەوە پەنا دەبەنە بەر ئەم دیاردەیە، مەینۆشی بۆ دەربڕینی مەبەستێکی دیاریکراو و زۆربەی جار بۆ مەبەستی ڕاستەقینەی مەینۆشی بەکار نەهاتووە، بەڵکو ((ئەم مەبەستە تێکەڵ بە سۆفیزم دەبێت و مەبەستی سەرەکی مەینۆشی نییە، بەڵکو بۆ پەردەپۆشکردن و ڕازاندنەوەی دەقەکەیە، چونکە تەواوی وردەکارییەکانی مەینۆشی لەوێدا شێوەی ڕەمزی وەردەگرێت، کە زۆر جاریش ئەم مەبەستە بەپێچەوانەوە لە شێوەی ئامۆژگاری دەردەکەوێ))(مەولود و نازم، ٢٠١٨، ١٥١). ژمارەی ئەو شیعرانەی ناوەڕۆکی مەینۆشییان هەیە و لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکراونەتەوە، بریتین لە (٢٣) پارچە شیعر.

سید محمدامین شێخ الاسلامی موکریان (هێمن) لە (ژ١٢٣، ل١، ساڵ: ١٩٦١)دا بڵاوکراوەتەوە، لەم پارچە شیعرەیدا بە ناونیشانی (تووڕەیی) لە دەست خەم و ئێش و ئازار و ناڕەحەتییەکانی ڕۆژگار پەنا بۆ مەی دەبات، دەیەوێت بۆ ساتێکیش بێت بچێتە دونیای بێ ئاگایی و دورکەوێتەوە لە کێشە و گرفت جەنجاڵییەکانی ژیان و دەڵێ:

ساقیا کوشتمـــــی خەم و مەینەت

دەوەرە لــــەو شەرابە مەستم کـــە

نامەوێ جام و ساغـــــــەر و پیاڵە

بەشی خۆم بۆ لە لۆیچی دەستم کە

وەرە ئەی نازەنین بە خێرا خۆت

گێژ و وێژم بکـــــە بە بادە و مـــەی

(مامۆستا زێوەر ١٨٧٥- ١٩٤٨) لەم پارچە هەڵبەستەیدا لە (ژ١٩٠، ل٤، ساڵ: ١٩٦٣)دا بڵاوکراوەتەوە، بە ناونیشانی (عەرەق ناخۆم) نەک هەر بە بادە و باڵای مەیخانەدا هەڵنادات، بەڵکو بە کارێکی زۆر خراپیشی دەزانێت، لەگەڵ ئەوەی کە مەی سەرچاوەی چەندین نەخۆشییە و دەبێتە هۆکار بۆ تێکدانی دەروونی مرۆڤ، لە هەمان کاتیشدا هۆکارە بۆ دروستبوونی چەندین کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی، بەهۆی دوورکەوتنەوە لە دوونیایی بە ئاگایی و دەڵێ:

عەرەق ناخۆم

عەرەق ناخۆم کە تووشی دەردی سەربـم

گرفتاری هـــــەزار دەرد و خـــەتەر بـــم

هەرچـــی خوا حەز نەکا ئەیکەم بە سرری

ئیتر بـــۆ شەرمەزاری نـــاو بەشەر بـــم

عەرەق ناخۆم کە عومرم کورت و کەم بێ

بە جوانـــــی بـــۆ گرفتاری زەرەر بـــم

عەرەق ناخۆم کە دوو چاری وەرەم بـــم

هێلاکـــی خەستەگی قەلب و جگەر بـــم

## شیعری بۆنە:

هەموو بارودۆخە کۆمەلایەتی و ئابووری و نەتەوایەتی و سیاسی و ئاینی ...هتد، کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان لەسەر ناخ و کەسایەتی مرۆڤ هەیە، لەبەر ئەوەی کە شاعیران و نووسەران وەک تاکێکی بە ئاگای کۆمەڵ هەمیشە بارودۆخە جیاوازەکانی ژیان کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر درووست کردوون، بۆیە بۆ ئەم بۆنانە زۆرجار هەست و هۆشی خۆیان دەربڕیووە، هەندێک کاتیش هەستەکانیان گوزارشتە لە بۆنەیەکی ناخۆش و خەمناک، لەپای بەشداریکردنیان و هەستکردنیان دەیان شیعری جوانیان بۆ ئەم مەبەستانە نووسیون.

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ژمارەی ئەو پارچە شیعریانەی، کە بۆ ئەم مەبەستە بلاوکراونەتەوە بریتین لە (١٧) پارچە شیعر، نەورۆز وەک بۆنەیەکی نیشتیمانی و نەتەوایەتی، بۆتە مەبەستێکی دیاری شیعری و شاعیرانی کورد لەڕێگای ئەم بۆنە نەتەوایەتییەوە، کە وەک نیشانەیەکە بۆ بەگژدا چوونەوەی زاڵمان و زۆرداران، هەلاتنی ڕۆژێکی نوێ، لەهەمان کاتیشدا مژدەی سەرکەوتنی گەلە، هەروەها نیشانەی ژیانەوەی ژیان و دار و درەخت و دەشت و دەرە. بۆ نموونە (کاردۆ) لەم پارچە شیعرەیدا لە (ژ١٤٨، ل٢، ساڵ: ١٩٦٢)دا بلاوکراوەتەوە، بە بۆنەی نەورۆزەوە نووسیویەتی، نەورۆز سەرەتای ساڵی تازەی کوردییە و جەژنی سەرکەوتن و ڕاپەڕین و بەدەست هێنانی ئازادییە، سەرەتای ژیانەوەی کوردستانە، شاعیر بەم شێوەیە هەستی خۆی بۆ ئەم بۆنە نەتەوایەتییە دەردەبڕێت و دەڵێ:

پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز

هەموو دەمێکتان نەورۆز بـــێ خۆشی بۆ گەل و بۆ هۆز بـــێ

دڵتان پڕ شادی و پڕ سۆز بێ     ساڵـــی نویتان پیرۆز بـــێ
ساڵــی تازە خـــــۆی نواند     پشتـی سەرما و سۆڵەی شکاند
کفنی سپـــی گشتی سوتاند     ساڵـــی نویتان پیرۆز بـــێ
لـــە جێــــی بەفرە هــەراڵە     لە جێـــــی سەرما شـــەماڵە

(ابراهیم افخمی) لەم شیعرەیدا لە (ژ١٤٧، ل٣، ساڵ: ١٩٦٢)دا بڵاوکراوەتەوە، بە بۆنەی جەژنی رەمەزانەوە نووسیویەتی، جەژنی رەمەزان یەکێکە لە بۆنە ئایینیەکان، کە موسڵمانان لەو ڕۆژەدا بە بۆنەی تەواوبوونی مانگی ڕەمەزان و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە و سەرکەوتنیان، خۆشی و شادی دەردەبڕن و ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕن، چونکە جەژن نیشانەی ئاشتەوایی و خۆشەویستیی و بەیەکەوە ژیانە و بەم شێوەیە دێتە گۆ و دەڵێ:

جێژنی رەمەزان

چاوەکەم ئەم جێژنە ڕۆژی چاکـەیـە و ئازادییــــــە
ڕۆژی دڵ پاکی لەگەڵ یەک وەختی خۆشی و شادییە
تۆزی کینە بـــی تەکێنە تۆ لە فەرشـــی ماڵــی دڵ
کاتـــی سولْح و ئاشتـــــی ئەییامـــی پیرۆزباییە
هەستە بێنە تاکـــو دەتوانـــی مەتاعـــی ڕاستـــی
وامەزانە ڕۆژی جیژنیش ڕۆژەکانـــی عادییــــــــە

کارەساتی ڕۆژی ڕەشی ٦ ئەیلول، کە ڕۆژێکی ڕەشە لە مێژووی کوردا، لەلایەن حکومەتی فەیصەلی ئەو کاتەی عێراقەوە لە شاری سلێمانی، کۆمەڵێک لە خەڵکی ئەو شارە لەبەر دەرکی سەرا، درانە بەر دەستڕێژی گولە و شەهید کران، دواتر دەستەیەک لە جاش و خۆفرۆشەکان وەفدێک ساز دەکەن و دەچنە بەغدا، ئەم کارەساتە کاریگەری لەسەر زۆرێک لە شاعیرانی ئەو کات دروست دەکات، بەم بۆنەیەوە هۆنراوەیان نووسیوە، (پیرەمێر) یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە بۆ ئەو وەفدەی چوونەتە خزمەت فەیصەڵ، ئەم پارچە شیعرەی نووسیوە لە (ژ١٨٥، ل٣، ساڵ: ١٩٦٢)دا بڵاوکراوەتەوە بەنێوی (وەفدی کوردستان)، کە بە خۆفرۆش ناویان دەهێنێت، هەمیشە کورد باجی کێشە و ململانێی ناوخۆی داوە، لە زۆربەی سەردەمەکاندا بەشێک لە ڕۆڵەی کورد بوونەتە داردەست و ڕێنیشاندەری دووژمنان، ئەمە بۆتە مۆتەکەی میللەتی کورد، لە بەرامبەر ئەمەدا هەمیشە خەڵکی

دڵسۆز بوونەتە قوربانی، کە وایکردووە پیرەمێرد و دەیان شاعیری دیکە، بەم جۆرە بۆ ئەم بۆنە و مەبەستانە دەیان شیعریان نووسیوە و بەم بۆنەیەوە دەڵێ:

وەفدی کوردستان

وەفدی کوردستان میللەت فرۆشان

هەرزە وەکیلــــی شاری خامۆشان

چەپکێ لە گوڵەکەی بەر دەرکی سەرا

کـە بــــە خـــوێناوی میللەت ئاو درا

بیبەن بۆ خزمەت عەرشی عێراقی

بڵێن: یار باقی و هەم صوحبەت باقی

تارای زەرد و سور بەرن بـــــۆ ئەمیر

بڵێن: دوای کوشتار هێشتا تۆی دڵگیر

(عزیز سلطانی کرماشانی) بە بۆنەی چوارەمین ساڵی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستانەوە ئەم شیعرەی نووسیوە و بۆ ڕۆژنامەکەی ناردووە، کە لە (ژ٢٠٨، ل٢، ساڵ: ١٩٦٣)دا بڵاوکراوەتەوە، بەم شێوەیە وەسفی ڕۆژنامەکە دەکات و دڵخۆشی خۆی بەم بۆنەیەوە دەردەبڕێت و دەڵێ:

بەبۆنەی چوارەمین ساڵت دڵم ئاوایـــــــی شێعرایە

چوارەم ساڵــی دەرکەوتن لە ڕۆژنامەی مە کوردایە

کەمانــی ئەلفــی تۆ وەک نۆ خەطــی ئەبرۆیی دڵدارم

دڵم پێچاوەیــی عەشقە و مەحەببەت گرت و خۆیایە

قەڵەم، ئەزمان بە پێشوازی تۆ، هەردوو بە جەولانن

قەڵەم نۆ سێرێ شێعرایە و زمان ژێ نەغمە هەڵدایە

ئەمانە و چەندین بۆنەی دیکە کە شاعیرانی کورد خستویاننە نێو چوارچێوەی شیعرەکانیانەوە، لەم ڕۆژنامەیەدا بەشێکیان بڵاوکراونەتەوە.

## نامەی شیعری:

نامەی شیعری یەکێکە لە شێوەکانی شیعر، کە لەنێو ئەدەبیاتی جیهانی و ئەدەبیاتی کوردیشدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، کە زیاتر لە نێوان دوو شاعیردا دەردەکەوێت، کە لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕی دەکەن، یان ئەو نامانەی کە لە شێوەی شیعردا ئاراستەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەکرێن، کە لە ناوەڕۆکیاندا ئامانج و مەبەستی خۆیان دەردەبڕن، لەهەمان کاتدا شێوەیەکی وەڵامیش وەردەگرن، لەم ڕۆژنامەیەدا چەند نامەیەک بە شێوەی شیعر بڵاوکراونەتەوە، کە بریتین لە (٨) نامەی شیعری و بەشێک لە نامە شیعرییەکانی مەولەوی.

(عمر سلطانی – وەفا) لە وەڵامی نامەیەکی (نافع مظهر)دا، بە ناونیشانی (وەڵامی بەنگین بە نەخشین)، کە سەرەتاکەی پێداهەڵدانە و ناوەڕۆکەکەی شێوازێکی ڕەخنە ئامێز لەخۆ دەگرێت، کە بۆ ڕۆژنامەی کوردستانی ناردووە، لە (ژ١٨٤، ل٧، ساڵ: ١٩٦٢)دا بڵاوکراوەتەوە و دەڵێ:

وەڵامی بەنگین بە نەخشین

سڵاوت لێ بـــێ، ئەی برای ئازیز　　ڕەفیقـــــــــی ژیری، بەهار و پایز

شیعرە جوانەکەت گەیـی بەدەستم　　دەستت مەریزاد، بـرای سەربەستم

تا دەگاتە

بۆ وەدوا کەوتووی، لە هاوڕێکانت　　بـــۆ تاڵ و سوێرە، مایەی ژیانت؟

بۆچـی پێت وایە، لە کونی ژوورو　　پێت دەهۆننەوە، ڕێسمانی و موورو

شاعیرێکی دیکە بە نێوی (لافاو) کە تەنیا ئەم شیعرەی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە لە (ژ٢٠٧، ل٨، ساڵ: ١٩٦٣)دا، بە شێوەی نامەی شیعری و بە بۆنەی دەرچوونی سەرەتای ساڵی پێنجەمی رۆژنامەی کوردستانەوە، ئاراستەی دەستەی نووسەران و رۆژنامەکەی کردووە و دەڵێ:

ڕۆژنامەکاتان هات بـــۆ مەهاباد

هەموو خەڵکەکەی پێوە بوون دڵشاد

پێشکەوتـی ئێوە لە خوا دەخوازین

ڕۆژگار دوورتان کـــا، لە جەور و بێداد

سەرکەوتن لە ڕێی خاکی نیشتمان

خزمەتـــی نەوەی ئەییوبی ئەکراد

## دووەم/ داستانە شیعر:

هەموو نەتەوەیەک شیعری داستانی هەیە، کە تایبەتمەندی و خاسیەت و بیری ئەو نەتەوەیەی تێدا ڕەنگدەداتەوە، ئاوێنەی ژیانی ئەو میللەتەیە کە تێیدا سەرهەڵدەدات، لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا چەندین چیرۆکە شیعری داستانیمان هەیە، کە بەشێکیان موڵکی میللەتی کوردن و بەشێکی دیکەشیان داستانی هاوبەشن لەگەڵ میللەتانی دیکەی ڕۆژهەڵات، کە ڕەگوڕیشەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ فۆلکلۆر، ڕەخنەگران و شارەزایان چەند جۆری داستانیان دیاری کردووە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە ئەدەبی کوردییەوە هەیە، شارەزیان دوو جۆر داستانیان دیاری کردووە، ئەوانیش داستانی (قارەمانێتی و دڵداری)یە، کە بە مانای داستانە کۆنەکانی گریک و ڕۆژئاوا نایەت، بەڵام گەلێک خاسیەتی داستانیان تێدایە، هەر وەک (دکتۆرعیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) دەڵێ: ((ناتوانین بڵێین لەناو کوردا – شتی وەک بەشە نووسراوەکەی یۆنان و رۆمانمان هەیە، هەر وەک زۆربەی گەلانی سەر زەمینیش لەو بابەتانەیان نییە، بەڵام لە فۆلکلۆری کوردیدا گەلێک پۆیەم و ئیپۆپیا هەیە، کە شەقڵی گشتییەکانی داستانی جیهانی و داستانی کوردەواریشیان تێدا دیارە))(ڕەسووڵ، ٢٠١٠، ٤٢).

ئەگەر بڕوانینە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان، دەبینین یەکێک لەو داستانە کوردیانەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، ئەویش داستانی (شیرین و فەرهاد یاخود شیرین و خسرەو)ە، ئەم داستانە بە شیعر بەزمانی کوردی نووسراوە و پاڵەوانەکانی کوردن، لە فۆلکلۆری کوردییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم داستانە بە داستانێکی هاوبەش دادەنرێت لەگەڵ میللەتانی دیکەی ڕۆژهەڵات، چونکە بە چەند زمانێکی دیکەی وەک (فارسی و تورکی) نووسراوەتەوە، ئەم داستانە شیعرە کە لەلایەن (خانای قوبادیەوە ١٧٠٤-١٧٧٨) بە شێوە زاری گۆران نووسراوەتەوە، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چیرۆکەی کە لەسەر زمان و لەنێو سینگی خەڵکیدا بوو، دەم بە دەم هاتۆتە گێڕانەوە، ئەم داستانە شیعرییە ناوەڕۆکێکی دڵداری هەیە، بەڵام پڕاو پڕە لە ڕووداوی تراژیدی و زۆر جار ڕووداوەکان تێکەڵ بە خەیاڵ و ئەفسانە دەکرێن و دوردەکەوێتەوە لە واقیع.

ئەم داستانە شیعرییە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا لە (٢٦) ژمارەدا بڵاوکراوەتەوە، واتە بەزنجیرە لە ژمارە (٢٨) تاوەکو ژمارە (٥٣)، لە هەر ژمارەیەکدا چەند پارچەیەکی لێ بڵاوکراوەتەوە، هەموو پارچەکانی بەتەواوەتی بڵاونەکراونەتەوە، بەڵکو لەنێو ئەو پارچانەی بڵاوکراونەتەوە بەشێک لە دێڕەکانی لێ لابردراوە.

ئەم داستانە شیعرییە ناوەڕۆکێکی دڵداری هەیە، کە ((داستانی دڵداری لە هەموو جیهاندا سۆزێکی تایبەتی و هەستێکی قووڵ و ڕاستگۆییەکی ڕووداوی تێدایە، داستانی دڵداری کوردی لەپاڵ خۆشەویستی و وەفاداری و ڕاستگۆیدا، جۆرێک لە ئازایەتی و فیداکاری دەردەخەن))(ڕەسووڵ، ٢٠١٠، ٥٣). ئەم داستانە باسی خۆشەویستییەکی بێوێنە و پاک دەکات لە نێوان (شیرین و خسرەو)دا تا دەگاتە ڕادەی خۆفیداکردن، لە درێژەی داستانە شیعرییەکەدا ناوی (فەرهاد) دێتە نێو چیرکەکە و دەکەوێتە داوی خۆشەویستی (شیرین)ەوە، کە لەلایەن (خسرەو)ەوە مەرجی هەڵکەندن و کونکردنی کێوی بێستونی بەسەردا دەدات، لە (ژ٢٩، ل٦، ساڵ: ١٩٥٩)دا بڵاوکراوەتەوە و دەڵێ:

ڕۆیـێ جقەی لاڵ خەسرەو مەشەند باد

لطف کـــــەرەم کەرد پەرساجە فەرهاد

ماچان تۆ سەرخێڵ سەنگ تراشانـــــی

جە گەرد ئۆسایـــێ خاستە رئۆسایـــی

ئەر تۆ خـــــــاتری ئێمەت مەنزووڕەن

فەرهادا سەنگ تاشین خەیلێ زەروورەن

بۆ ڕەنجـێ چەنـــی کۆی بێستوون بەر

نەدامان کــــۆ، ئاوێ پـــــەیدا کـــەر

لە (ژ٣٧، ل٨، ساڵ: ١٩٦٠)دا بڵاوکراوەتەوە، لە ئەنجامی ئەو کارەسات و نەهامەتی و ڕووداوانەی نێو داستانە شیعرەکە، کە بەسەر شیریندا دێت، ڕووبەڕووی دەستدرێژی دەبێتەوە، لە ئەنجامدا فەرهاد بەرگەی ناگرێت و خۆی دەکوژێت، شیرین لەسەر جەستەی سارد و سڕی فەرهاد شیوەن دەکات و دەڵێ:

نا گادیش فەرهاد کـــەفتەن سەرنگوون

خەفت خەیر شەن چەنیی خاک و خوون

نەزاناش فەرهاد ، زەدەی زام تـــــەن

خـــــــومار و مەستیش تــــا قیامەتەن

تا دەگاتە

شیرین کە فەرهاد پاسە، دیـــی بەچەم

ساتـــێ تەواسا، بیی وە نەقش سەنگ

ئەم داستانە شیعرە ڕووداوەکانی هاوشێوەی بەشێک لە داستانە جیهانییەکان کۆتاییەکەی تراژیدیایە، چونکە بە لەنێوچوون و کوشتنی پاڵەوانەکانی سەرەکی نێو داستانە شیعرییەکە کۆتایی دێت، لە (ژ٤٧، ل٧، ساڵ: ١٩٦٠)دا بڵاوکراوەتەوە، دوای ئەوەی کە خسرەو دووبارە شیرین ڕازی دەکاتەوە و دەبێتە هاوسەری، لە درێژەی چیرۆکەکەدا (شێرۆ)ی کوڕی خسرەو عاشقی باوەژنەکەی دەبێت و پیلانی کوشتنی باوکی دادەنێت:

سیروســـی بـــە قەسرجام ڕێز زەرگار

کەنیز و غوڵام کـــــەس نەبـــــی بێدار

بەعزێ جەیاران چەنـــــی وێش بەردش

قەست تاج و تەخت بـــابۆی ویش کەردش

پانیا حەرەم بـــــێ شنۆ و بـــــێ دەنگ

دەست دانە خەنجەر مەودای عەجەب ڕەنگ

هۆر کێشا خەنجەر ئەڵمـــاس خۆن ڕێـــز

نیانە سینەی خـــــــەسرەوی پـــــەروێز

دوای ئەوەی کە شێرۆ جێگەی باوکی دەگرێتەوە، شیرین هەراسان و سەرگەردان و پەرێشان دەکات، شیرین داوای چل ڕۆژ مۆڵەت دەکات، بۆ خەم و شین و حەسرەتی لە دەستدانی خسرەو، لە ئەنجامدا شیرین لەسەر گڵکۆی خسرەو بە خەنجەر خۆی دەکوژێت، لە (ژ٥٣، ل٧، ساڵ: ١٩٦٠)دا بڵاوکراوەتەوە و دەڵێ:

چل ڕۆ وادەی شین شیرین بـــــی تەمام

عەزم مەزار کەرد شـــۆخ دڵ ئـــــــارام

ڕوخســـەت واســـت ئەوڕۆ ڕۆنیا وەرا

تایاوا وەسەر گڵکـــۆی خـــــەسرەوشا

تا دەگاتە

جەدمای شیوەن ژارش بــــــەر ئاوەرد

نۆشاش هەرنەو جا گیانش تەسلیم کەرد

دوای بیستنی هەواڵی خۆکوشتنی شیرین، شێرۆ بەرگەی بیستنی هەواڵی خۆکوشتنی شیرین ناگرێت و کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێت، بەم شێوەیە داستانە شیعرەکە بە تراژیدیا کۆتایی دێت، ئەمەش یەکێکە لە تایبتمەندییەکانی داستان لەنێو ئەدەبیاتی جیهانیدا.

هەروەها لە ژمارەکانی (١٦٥ تا ٢٠٩)ی ئەم ڕۆژنامەیە، داستانی شانامەیی (کەنیزەک و یانزەرەزم)ی (سەرهەنگ ئەڵماس خانی کەنوولەیی) بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بەهۆی ڕاگرتنی ڕۆژنامەکە، هەموو داستانە شیعرەکە بەتەواوەتی بڵاونەکراوەتەوە.

## سێیەم/ شیعری درامی (شانۆیی):

شیعری درامی بەو شیعرانە دەوترێت، کە بە شێوەی دراما دەنووسران و بەشێوەی شانۆگەری پێشکەش دەکران، واتا دراما لە کۆندا بە شیعر دەنووسرا، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دراما بە شێوەی پەخشان دەنووسرێت: ((دراما: وشەیەکی یۆنانی کۆنە، لەمەیدانی زمانەوانی کۆنی گریکدا بەواتای (کار) یان (کارکردن)ی بەخشیوە، وشەکە لە بنچینەدا وشەی (dromena) بووە، واتا (شت کار دەکەن)، دیارە ئەم وشەیە بەپێی ڕۆژگار سواوە و بووە بە وشەی (drama _ کارکردن)، لەو ڕۆژەوەی شانۆ سەری هەڵداوە تا ئەمڕۆ ئەم وشەیە بووە بە ناونیشانی ئەو کارە هونەرییەی، کە نوسەرێک بەرهەمی دەهێنێت، دەرهێنەرێک لەسەر شانۆ بەهۆی ئەکتەرەوە بۆ کۆمەڵە خەڵکانێک پیشانی دەدەن))(هەورامی، ٢٠٠١: ٩). یان (دراما- شانۆگەری بەمانای ڕووداوێک یان کردارێک دێت، کە جیاوازە لە چیرۆک و داستان، لەبەر ئەوەی پشت بە گفتوگۆ دەبەستێت نەک گێرانەوە، چونکە بەندە لەسەر کردار یان ڕووداو))(الراجحی، ٢٠٠٧، ٢٨). وشەی دراما بۆ بەرهەمی شانۆیی بەکاردێت، لە کێشە و گیروگرفتەکانی ژیانەوە سەرهەڵدەدات و باسی گرفتەکانی کۆمەڵگا دەکات، واتە هەموو ئەو

ڕووداوانەی لە ژیانماندا ڕوودەدەن، شاعیران و نوسەران بە شێوەی شیعری درامی دەیهۆننەوە، لە ڕێگای کارەکتەرەکانەوە لەسەر تەختەی شانۆ نمایش دەکرێت، ئەم جۆرە دیمەنە لە جۆرەکانی تری شیعردا بەدی ناکریت، چونکە شیعری شانۆیی بە شێوەی بینراو و بەرجەستە لەبەر چاومان نمایش دەکرێن.

شیعری درامی چەند ژانرێکی جیاواز لەخۆ دەگرێت، وەک: (تراژیدیا، کۆمیدیا، تراژیکۆمیدی)، هەروەها هەموو بەرهەمێکی درامی کۆمەڵێک ڕەگەز لەخۆ دەگرێت، وەک (کەسێتی، ڕووداو ، بیرۆکە، چنین، کات، شوێن، گفتوگۆ (دیالۆگ)، مۆنۆلۆگ، گرێ)، کە پێکهاتەی بەرهەمە دراميیەکە پێکدەهێنن.

دراما سەرەتا لە یۆنانی کۆندا لە ئەنجامدانی کۆڕ و کۆبوونەوە فەلسەفی و ئەدەبیەکاندا، شیعر و مۆسیقا و سەما بەشداریان کردووە، بۆتە هۆی پەیدابوونی دراما، دواتر بە تێپەربوونی کات و گۆڕانی سەردەمەکان، شیعری درامی دابەشی دوو جۆری سەرەکی کراوە وەک (ئۆپێرا و ئۆپەریت):

- ئۆپێرا: ئۆپێرا یەکێکە لە شێوە بنەرەتیەکانی شیعری شانۆی بە شیعری گۆرانی ئامێز دادەنریت، شیعری شانۆیی لەسەر تەختەی شانۆ لەگەڵ مۆسیقا تێکەڵ دەکرێت، مێژووی سەرهەلدانی ئۆپێرا دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپا، وشەی ئۆپێرا ((کورتکراوەی ناوە ئیتاڵیەکەیەتی ( opera in musick) بەواتای کارکردن (العمل) دێت و لەوشەی (opus)ی لاتینی وەرگیراوە، لەزمانی عەرەبیدا هەمان ناو بەکار دێت، لە زمانی کوردیدا وشەی (ئۆپێرا) وەک زاراوە بەکاردێت)) (عەولا، ٢٠١١: ١١٧ – ١١٨). یان ئۆپێرا: ((شیعرێکی شانۆییە و بەگۆرانیەوە دەخرێتە ڕوو، لەگەڵ بەکارهینانی ئامێرە مۆسیقیەکاندا، بەبێ بەکارهێنانی دیالۆگ))(حسێن و حسن، ٢٠١٧: ٨). واتە ئۆپێرا شیعرێکی شانۆییە لەسەر تەختەی شانۆ بە گۆرانی سەما پێشکەش دەکرێت، لەم جۆرە شیعرە شانۆییەدا گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان نابینرێت، زۆربەی پێناسەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ئۆپێرا لە شانۆدا بە شێوەی تێکەڵ لەگەڵ مۆسیقا پێشکەش دەکرێت، مۆسیقا بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لێی.

- ئۆپەریت: یەکێکە لە شێوەکانی شیعری شانۆیی و لە ئامێزی شیعری ئۆپێرادا لە دایک بووە، سەبارەت بەزاراوەی ئۆپەریت، ئەم زاراوەیە: ((وشەیەکی ئیتاڵییە، لە سەرەتادا ئۆپەرێت ئاماژە بوو بە ئۆپێرای بچوک، لە سەدەی نۆزدەدا گۆرانکاری بەسەردا هات و ئاماژە بوو بۆ شانۆگەری میلی سوکەڵە، لە زمانی کوردی (ئۆپەرێت) بەکارهاتووە))(عەولا، ٢٠١١: ١٤٦). سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردیدا بەشێوەی شیعری (ئۆپیرا و ئۆپەریت) بووە.

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ئۆپەرێتی (گوڵی خوێناوی) گۆران لە (ژ١٩٨، ل١١، ساڵ: ١٩٦٣)دا بڵاوکراوەتەوە، گۆران ئەم ئۆپەرێتەی لە ساڵی ١٩٣٤ دا نووسیوە، هاوکات ئەمە یەکەمین ئۆپەرێت و شیعری درامی گۆرانە، چونکە ئەم ئۆپەرێتە بنەما و ڕەگەزەکانی شیعری درامی تێدایە، هاوکات گۆران بەشێوەیەکی وا دایڕشتووە، کە لە سەر تەختەی شانۆ نمایش بکرێت.

گوڵی خوێناوی!

کوڕ:

بڕوانە! شایی یە، چۆپییە، لەو ماڵە

گوێ بگرە! زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە!

زەرد و سوور تێکەڵ بوون، ژن و پیاو هەرایە

لەو ناوە هەر هارەی هەیاسەی تۆ نایە!

سا تو خوا خێراکە با بڕۆین دەست بگرین

بە کامی دڵداری پێکەوە هەڵپەڕین!

کچ:

گوڵ نەبێ بۆ سەرم ئاڵ چەپکێ، زەرد چەپکێ

نایەم بۆ زەماوەند، نایەم بۆ هەڵپەرکێ

ئەگەر بڕوانینە ناوەڕۆکی ئەم شیعرە درامییە دەبینین، کە ڕەگەزەکانی درامای تێدایە، واتا بەشێوەیەکی وا دارێژراوە کە پێشکەش بکرێ و نمایش بکرێ، کۆمەڵێک کارەکتەر کە دەوری خەڵکانی گوندنشین دەبینن، لە شوێنێک، کە گوندێکە لە ناوچەیەکی کوردستان، بەشداریان لە ئاهەنگ و زەماوەندێکی گوندەکەیان کردووە، کە کاتی بەڕێوە چوونی ئاهەنگی بووک گواستنەوەیە، تاڕادەیەکی زۆر لەنێو ئەم شیعرە درامییەدا یەکێتی کات و یەکێتی شوێن پارێزراوە، نووسەر توانیویەتی بەشێوەیەکی ورد و سەرجڕاکێش وەسفی دیمەن و شایی و کەسایەتی و جلوبەرگ و ڕووداوەکانی نێو دراماکەی بکات، لە درێژەی شیعرە درامییەکە، کە ڕووداوەکان بەشێوەی گفتوگۆ لە نێوان دوو

کارەکتەرەی سەرەکی نێو دراماکە پیشان دەدرێت، چنین و زنجیرەی ڕووداوەکانی نێو شیعرە درامیەکە بە دوای یەکتردا دێن و یەکتر تەواو دەکەن.

کۆتایی دراماکە بە شێوەیەکی تراژیدییە، کە ئاماژە بە خۆشەویستییەکی پاک و بێ وێنە و ڕاستگۆییەکی وەفادارانە تا ڕادەی خۆفیداکردن دەکات، کە بە کوژران و لەنێوچوونی کەسایەتی سەرەکی نێو دراماکە دەبێت، لە (ژ١٩٨، ل١١، ساڵ: ١٩٦٣)دا بڵاوکراوەتەوە، کە ئەمەش یەکێکە لە بنەما و بنچینەکانی شیعری درامی جۆری تراژیدی.

کچ:

نایەم، گوڵ ماویەتی بۆ سەرم سوور چەپکێ!

کوڕ (یەخەی مراخانیی ترازان)

ناتەوێ ئەم زامی سەر دڵەم لە باتی

کچ:

هەی هاوار! تفەنگی دوشمنیش پێکاتی؟

ڕاکشێ تاوێ سەر بنێرە سەر ڕانم؛

با بگریم بۆ دڵێ بۆ گوڵێ دۆڕانم!

هەروەها لە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا چەندین پارچە شیعری دیکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە ژمارەیان لە (٩) پارچە شیعر زیاترە و لە ناوەڕۆکەکەیاندا ڕەگەزەکانی درامای تێدا بەدی دەکەین، وەک: (کاژی بکیف، دڵداری لادێ، دەمەتەقێی نەزان و نێری، خزمەتکاری خراپ، ئاهەنگ لەناو ران، داستانی شێخێکی ناحەق و عەوام خەڵەتێن ...هتد).

## چوارەم/ شیعری فێرکاری:

لە بەشی یەکەمدا کورتەیەکمان دەربارەی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی شیعری فێرکاری لە ئەدەبی کۆنی جیهانی و ئەدەبی کوردیدا خستەڕوو، ئەوەشمان خستەڕوو کە شیعری فێرکردن پەیوەندی بە

ئامانجە فێرکارییەکانەوە هەیە، واتە بەشی زۆری شارەزایان و ئەدیبان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە شیعری فێرکاری دەبێت دووربێت لە هەست و سۆز و هەڵچوونە دەروونییەکان، بەڵکو دەبێت ئەدەبێکی پابەندبێت بە ئاکار و خورەوشتە جوانەکان و بەها بەرزەکان، کار لەسەر لایەنی عەقڵی بکات و ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی بەدەست بهێنێت، کە ئەویش ئاراستەکردنییەتی بە ئاقاری پەروەردە و فێرکردن، واتە هۆنراوەی فێرکاری ((ئەرکی هۆنراوە لە کاردانەوەیەکی هەڵچوونییەوە بەرەو ئاقارێکی پەروەردەیی دەبات، کە مەبەستە سەرەکییەکەی فێرکردنە، لایەنە ڕۆشنبیرییەکان و پرەنسیپە زانستییەکان لەخۆ دەگرێت))(قەرەنی ٢٠٧٧، ١٣).

زاراوەی شیعری فێرکاری، کە لە ئەدەبی کوردیدا بەکاری دەهێنین لە وشەی ((یۆنانی Didactus وە وەرگیراوە، مانای فێرکردن، فێرکاری دەگەیەنێت، ئەم بەشەی ئەدەب بیری فەلسەفی، ئاینی، ئەخلاقی و زانستی لە فۆرمێکی ئەدەبیدا پێشکەش دەکا))(هالبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٥٠). ئەم وشەیە چەندین زاراوە و پێناسەی جیاوازی لە زمانە جیاوازەکاندا بۆ بەکارهاتووە، کە ئامانجی هەموویان گەیاندنی زانیاری و بەها ئەخلاقییەکانە بە خوێنەر، هەر وەک (د. شوکریە ڕەسول) دەربارەی شیعری فێرکردن، دەڵێ: ((ئەو شیعرەیە کە سوود بە خوێنەر یا گوێگر ئەگەیەنێ، لە هەڵسوکەوت و ژیانی ڕۆژانەیدا، لە ڕێگای دەربڕینی ڕایەک یان پەندێک یا ڕاسپاردنێک یا ئامۆژگارییەک، لە ڕووی هونەری شیعر نووسینەوە جیاوازیی نییە لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی شیعردا، چونکە هەردوو لێهاتووی و بلیمەتی شاعیریان دەوێ، بەڵکو جیاوازیان تەنیا لەڕووی ئەو بابەتەیە کە بەدەوریدا دەسوڕێتەوە))(ڕەسول، ١٩٨٩، ١٠٦). یان مەبەست لە هۆنراوەی فێرکاری ((ئەو نووسین و بابەتانەیە کە لە چوارچێوەی هۆنراوەدا دەهۆنرێتەوە، بە زمانێکی سادە و ساکار تا ئاسانتر و ساناتر بەردید و دڵخوازی منداڵ بکەوێت. یان بەشێوازێکی تر بریتییە لەو بەرهەمە هونەریانەی کە بیر و ئەندێشەی وا دەخەنەڕوو، کە لەگەڵ پەی پێ بردنی منداڵدا بگونجێت))(بەرزنجی، ٢٠١٠، ١٢).

ژمارەی ئەو پارچە شیعرانەی ناوەرۆکی پەروەردە و فێرکارییان هەیە و لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکراوەتەوە، بریتین لە (٧) پارچە شیعر، شیعرەکان ناوەڕۆکەکەیان زیاتر هاندانن بەرەو فێرکردن و زانست و خوێندن.

(نافع مظهر) لەم پارچە شیعرەیدا لە (ژ٧٨، ل٦، ساڵ: ١٩٦٠)دا بڵاوکراونەتەوە، بە ناونیشانی (تێ کۆشە) بە زمانێکی سادە و ئاسان، کە بۆ هاوشاریان و قوتابیانی سەقز و دەوروبەری نووسیوە، داوایان لێدەکات کە هەموو هەوڵ و ماندووبوونێکیان بخەنەگەڕ بۆ فێربوون، چونکە سەرچاوەی

پێشکەوتنی وڵاتان هەوڵدانیانە بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری، چونکە لە ناوەڕۆکی هۆنراوەی فێرکارییدا ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر بەدی دەکرێت، کە بەستنەوەیەتی بە زانست و زانیارییەوە، هەر وەک دەڵێ:

تێ کۆشە

هـاوشاری دڵسۆز، ڕۆڵەی نیشتمان

تەنبەڵی نەکەی ئەمان صەد ئەمان

لە بۆ فێربوونـــی صەنعەت و دانیش

هەتا ئەتوانی کوشیش کە کوشیش

بە چاوی خۆت دیت کـــەوا تراکتۆر

هێزی زۆرترە لە هێزی گـــا بـــۆر

تەواو حاڵی بووی کە هێزی گا شین

چەندی کـــەمترە لە زۆری ماشین

دەتوانین بڵێین هۆنراوەی فێرکاری تەنها ئەنجام و دەلالەتێکی هزری دەدات بەدەستەوە و بابەت و مەبەستەکانی دەردەبڕێت، لایەن و هەستە خودی و تایبەتییەکان بە تەواوەتی پشتگوێ دەخات، هەر وەک (قانع) لە شیعری (لەگەڵ زانین) لە (ژ١٨٣، ل٢، ساڵ: ١٩٦٢)دا بڵاوکراوەتەوە، بەشێوەیەکی ڕوون و بەزمانێکی سادە و ڕەوان و بێ گرێ، هانمان دەدات بۆ خوێندن و فێربوون و کۆششکردن، واتە وشەکانی دوورن لە تەم و مژی و لێڵی و لە ئاستی فێرکردنی منداڵاندان، فێرمان دەکات، کە ئێمەش وەک میللەتانی دیکەی جیهان هەوڵی بە دەستهێنانی زانست و زانیاری بدەین، چونکە زانست و زانیاری سەرچاوەی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی میللەتانە، بە تەواوەتی خاڵییە لە هەستە خودی و ناوەکییەکانی شاعیر و دەڵێ:

لەگەڵ زانین

چاکـــی چلۆنی مەرحەبا زانین    بۆ پێشکەوتنت هـــــــەزار ئافەرین

باوەڕم هەیە بـــە سیدق و یەقین    هەر تۆ پێش ئەخەی کۆمەڵی بێ تین

ئافەرین زانین! هەزار ئافەرین

شێرە گەرچەکت کرد بـە کارەبا ئاسن و دارت وەک کـــەر بار ئەبا

بێ تەلت وشە شارە و شار ئەبا ئـــــــــافەرین لە تۆ، زانین مەرحەبا

ئافەرین زانین! هەزار ئافەرین

هەروەها (جلال شافعی) لەم پارچە شیعرەیدا لە (ژ١٩٨، ل٣، ساڵ: ١٩٦٣)دا بڵاوکراوەتەوە، بە ناونیشانی (ناڵە و ئامۆژگاری) لە سەرەتای شیعرەکەیدا بە شێوەیەکی ڕەخنە ئامێز، ڕەخنە لە باری دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردی دەگرێت، بە دواکەوتوو و نەزان ناویان دەهێنێت، کە هەوڵی بەدەستهێنانی زانست و فێربوون نادەن و لە قاوغی نەزانیندا ماونەتەوە، لەهەمان کاتدا هانمان دەدا بۆ ئەوەی ئێمەش وەک میللەتانی دیکەی دونیا هەوڵی فێربوون و بەدەستهێنانی صەنعەت و زانین و پێشکەوتن بدەین و دەڵێ:

ناڵە و ئامۆژگاری

گـــاڵە و ناڵەکەم بـــۆ ڕۆڵەکانە بـــۆ لاوەکانـــــــی نێو شاخەکانە

بـــۆ ئەوانەیە کە کورت و کەسرن بێ بەش لە بیر و زانین و قەصرن

بێ بەش لە فەنن و کار و صەنعەتن هـــەژار و بێماڵ ڕووت و بەدبەختن

هەروەها باوەڕنامەی (خودا یارت بوو)ی (مەلا عبدللەی دشەیی)، کە پێشتر ئاماژەمان پێکردووە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم باوەڕنامەیە ناوەڕۆکێکی ئاینی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانین بڵێین، کە ناوەڕۆکێکی فێرکاریشی هەیە، چونکە ئامانجی فێرکردنی بنەماکانی ئیسلام و عەقیدەیە، کە بۆ منداڵەکەی خۆی و منداڵانی دیکەی نووسیوە و بە زمانێکی سادە و ئاسان کە زوو لەبەر بکرێت نووسراوە.

## پاری دووەم/

## شێوەکانی دیکەی شیعر:

### چیرۆکە شیعر:

چیرۆکە شیعر ژانرێکی ئەدەبییە، گێڕانەوەی چیرۆکێک یان بەسەرهات و ڕووداوێکە بەشێوەی شیعر دەهۆنرێتەوە، واتە کۆکردنەوەی سیفەت و تایبەتمەندیی هەردوو ژانری شیعر و چیرۆک لە ژانرێکی دیکەدا، لەم چیرۆکە شیعرانەدا زۆرجار پاڵەوانی نێو چیرۆکەکە تەنیا مرۆڤ نییە، بەڵکو ئاژەڵان و گیانداران ڕۆڵی تێدا دەگێڕن و دەبنە پاڵەوانی نێو چیرۆکە شیعرەکە، ((ئەم چیرۆکانە پەیوەندیان بە گەورە و بچوکەکانەوە هەیە، بچوکەکان وەکو بابەتی یاریکردن و کات بەسەربردن گرنگی پێ دەدەن، ئەم چیرۆکە شیعریانە گرنگی بە لایەنی هونەری و پەند و ئامۆژگاری دەدەن))(مستەفا، ٢٠٠٨، ١٠٣).

لە چەند ژمارەیەکی ئەم ڕۆژنامەیەدا چەند چیرۆکێکی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە بەشێوەی چیرۆکە شیعر نووسراون، ژمارەیان بریتییە لە (٦) چیرۆکە شیعر. لەگەڵ چەند پارچە شیعرێکی دیکە، کە گێڕانەوەی چیرۆکیان تێدا بەدی دەکرێت.

(چیرۆکی پشیلە و مشک)ی مامۆستا قانع، یەکێکە لەو چیرۆکە شیعریانەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا لە ژمارە (٢٠٤، ساڵ: ١٩٦٣)دا بڵاوکراوەتەوە، ئەم چیرۆکە شیعرە لە (٦٢) دێڕە شیعر پێکهاتووە، نووسەر ئەم چیرۆکە شیعرەی لەسەر زاری دوو گیانداردا دەگێڕێتەوە، ئەوانیش بریتین لە (پشیلە و مشک)، ئەم دوو ناوە یان ئەم دوو کارەکتەرە، کە لەنێو چیرۆکە شیعرەکە بەکارهێنراون، ناوی خوازراون و بۆ مەبەستێکی تایبەتی و لە جێگەی ناوی مرۆڤ بەکارهاتوون، چونکە ئەگەر لە ناوەڕۆکی چیرۆکە شیعرەکە ورد ببینەوە، ئەوا زۆر بەڕوونی مەبەستی نووسەرمان بۆ دەردەکەوێ لە پیشاندانی بارودۆخی خراپی ئەوکاتەی کۆمەڵگای کوردی، کە خەڵکی تێیدا ژیاوە، بەتایبەت بارودۆخی جوتیاران و ڕەنجدەران و هەژاران بە دەست زوڵم و زۆری ئاغا و دەرەبەگ و دەوڵەمەندەکان، ئەو کات بەتایبەت لە گوند و لادێکانی کوردستاندا بەشێوەیەکی زۆردارانە ماڵ و موڵک و خەرمان و دەستمایە و ماندووبوونی جوتیاران و هەژارانیان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە، ئەم زۆردارانە چەندین فێڵ و تەڵەکەبازی جیاوازیان بەکارهێناوە تاوەکو خەڵکی هەژار و نەدار و ساویلکەیان هەڵخەڵەتاندووە و کەوتوونەتە بەردەستییان، ئەو کات بەهیچ جۆرێک ڕەحمیان پێناکەن و بە چەندین شێوازی جیاواز دەیان چەوسێننەوە، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتیش پاڵپشتیان بووە.

چیرۆکی پشیلە و مشک

ڕۆژێ گوربەیەک پڕ خەت و خاڵـــێ    هەڵتروشکابوو لە گۆشەی ماڵـــێ

تۆزێ ئارەزووی خواردنـــــی ئەکرد    هەرچی ئەبینـی لووتـــی بۆ ئەبرد

لووت بۆ تەشتە نان بۆ تیکە نانـــــێ    دەم بۆ ناو چڵکاو لە بۆ ئیسقانـــێ

تا دەگاتە

شــــــەرتە ئێستا و لا، نوێژ نەفەوتێنم    ڕۆژو و قەت نەخەوم هەتا بمێنم

لە نوێژ و ڕۆژو و لە ئەدای زەکـــات    لە حەج و حەمرە یا لە حەسەنات

تا دەگاتە

مشکێ گوێی لێ بوو، لەم قسە و باسە    زوو باوەڕی کرد کە ئەمە ڕاســـە

کاتـــــــێ پشیلە، مشکی چاو پێکەوت    لە خۆشی مشکە دڵی نەئەسرەوت

چیرۆکەکە بەردەوام دەبێت تاوەکو مشکەکە تکا و پاڕانەوە دەکات بۆ ئازاد بوونی، بەڵام تازە چاری نییە و کەوتۆتە ژێر چنگی تیژی زاڵمەوە:

وەڵامی پشیلە:

وتـــــــــــی بە مشکە، نامخڵەتێنی    بە تاریف کـــردن ملم بشکێنـــــی

تیکەیی چەوری لەم نیوە شــــەوە    کەوتویتە دەستم لەم وەختی شەوە

مشک:

بزانە منیش کـــــــــەوا گـــــــیاندارم

لە ژین حەز ئەکەم، لە مـــــــەرگ بێزارم

پشیلە:

مشکـــــــی تەرەسباب،تۆزێ بــــــفامە

شەئنـــــــــی ئاغایــــــی یەکجار گرانە

هــەتا ئیستیعمار ببـــــــــێ لە مەیدان

ئاغا هـــــەر ئاغاس، وەک جاری جاران

یەکێکی دیکە لەو چیرۆکە شیعریانەی، کە لە ژمارە (٩٧، ساڵ: ١٩٦١)ی ئەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکراوەتەوە، بریتییە لە (چیرۆکی مام ڕێوی) کە هی نووسەر (محمد سدقی موفتی زادە)یە، ئەم چیرۆکە شیعرە لە (١٥٧) دێڕە شیعر پێکهاتووە، ئەم چیرۆکە شیعرەش بەهەمان شێوە لەسەر زاری گیاندارانادا هاتۆتە گێڕانەوە، ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی هەیە، باسی فێڵ و تەڵەکەی کڵاوچییەکان دەکات، ئامانجی هۆشیارکردنەوەی خەڵک و خوێنەرانە، هەوڵدانە بۆ ئەوەی بە قسەی باق و بریق فریو نەخۆن لە ژێرِ هەر پەردە و ناونیشانێک بێت:

مام ڕێوی زۆری برسییە و بۆ خواردەمەنی ئەسوڕێتەوە

ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕێوییێکی پڕ فێڵ

بۆ خواردەمەنی کەوتە گەشت و گێڵ

ئەسوڕایەوە ئەم دۆڵ و ئـەو دۆڵ

ئـــەی دا بــە پاوە بیاوان و چـــۆڵ

تا دەگاتە

باش وایە ڕێگــای شەهادەت بگرم

بەفــــــەن ڕێوازی عبادەت بگـــــرم

ئەو کاتە ریگای حەج ئەگرمە پێش

تا هیچ باڵدارێ لیم نەکـــــا ئەندێش

ئەو ناوانەی بەکارهاتوون ناوی خوازراون و ڕێوی ئاماژەیە بۆ کەسی فێلباز و تەڵەکەباز، ئامانجی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی خۆیەتی، باکی نییە لە بەکارهێنانی هەر ڕێگا و فێڵک بۆ گەیشتن بە مەرام و مەبەستەکانی خۆی.

هەروەها لە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا چیرۆکە شیعری (تۆبەی گورگ، زاهیدی دەسبڕ، فیل و بولبول ...هتد) بڵاوکراونەتەوە.

**سروود:**

سروود یەکێکە لە ژانرەکانی شیعر، کە زیاتر لە قاڵبی لیریکیدا دەردەکەوێت، بەڵام هەندێک جار ئەم سروودانە ناوەڕۆک و مەبەستی فێرکاری و پەروەردەیی دەگرنەوە، ((سروود بە زمانێکی ئاسانی

ئەو تۆ کە بکرێتە گۆرانی یان زوو ئەزبەر بکرێت؛ ئەمەش بۆ دەربڕینی ناوەرۆکە بەرزە ئەخلاقییەکان و شانازییە نەتەوەییەکان و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و ئامۆژگارییەکان. یەکێک لە ئامانجەکانی نووسینی سروود پەروەردەکردنی منداڵ و نەسلی نوێیە بە بیری نیشتیمانی و ئاکاری بەرز و بیری نویێ))(پیربال،٢٠٠٥، ٨٧). سروود لە ئەدەبیاتی جیهانیدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا ((سروود مێژوویەکی کۆنی نییە، لەگەڵ نوێبوونەوە سەری هەڵداوە، سروود هەردەم پەیامێکی ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی، ئایینی هەبووە، بەڵام ئەو تایبەتمەندییەی سروود هەیەتی لە ئەدەبیاتی کوردیدا زیاتر پەیامێکی سیاسییە، واتە سروود لە ئەزموونی شیعری کوردیدا لە بواری فراوانی خۆی دابڕێنراوە، خراوەتە ناو بوارێکی دیکە، بە پلەی یەکەم پەیامێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تاڕادەیەکیش ئەخلاقییە))(عومەر، ٢٠١٢، ١٧٣).

میللەتی کورد بە درێژایی مێژوو میللەتێکی ئازا و بەجەرگ و چاونەترس بووە، بەردەوام لەلایەن داگیرکەران و دەوڵەتانەوە خاکەکەی داگیرکراوە و خەڵکەکەی چەوسێنراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا میللەتی کورد سەری بۆ هیچ داگیرکەرێک شۆڕنەکردووە، لە پشت هەموو ئەو سروودانەی کە شاعیرانی کورد دەربارەی کورد و خاکەکەی نووسیویانە، فەلسەفەی بەرنگاری و بوێری و ئازایەتی و فیداکاری رۆڵەی کورد بەدی دەکرێت، هەر بۆیەش ناوەرۆکی ئەم سروودانەش زیاتر هەڵگری بیری نیشتیمانی و نەتەوایەتین، لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ژمارەی ئەو سروودانەی کە بڵاوکراونەتەوە بریتین لە (٨) پارچە سروود.

(ئەحمەد عارف) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە ئەم سروودەی بە نێوی (کوردین) لە (ژ١٢٥، ل٢، ساڵ: ١٩٦١)دا بڵاوکراوەتەوە، بە زمانێکی سادە و ڕەوان و هەستێکی نەتەوایەتی خاوێن نووسیوە، هانمان دەدات بۆ یەکبوون و یەک ڕیزی و داوای یەکگرتنمان لێدەکات، هانی میللەتی کورددا دەدات، کە دوورکەنەوە لە دووبەرکی ناخۆی، جیاوازی لە نێوان هیچ بەشێک و شوێنێکی کوردستاندا نییە، بەڵکو دژی داگیرکەران و تەماعکارانی خاکی پیرۆزی کوردستانە، کە ڕۆڵەی کورد هەمیشە خوێن گەرم و ئازا و بەجەرگ بووە و دەڵێ:

کوردین

کوردیـــــن دڵ پاکین ئێمە     بـــێ ترس و باکین ئێمە

خوێن گەرم و گەشین ئێمە     ڕۆڵـــــەی شۆڕشین ئێمە

کوردین

کوردێکـــــی کوردستانین     کەرکوکـــی و کرماشانین

دەرسیمـــــــی یا بارزانین     زازۆیـــــــــی یا سۆرانین

سید محمود سجادی (کاردۆ) لەم سروودەیدا (لاوی کورد) لە (ژ١٣٧، ل١١، ساڵ ١٩٦١)دا بڵاوکراوەتەوە، شانازی بە لاوی کوردەوە دەکات، بە چاونەترس و ئازا و بوێر و بەهەڵوێست ناویان دەهێنێت، کە سەر بۆ داگیرکەران و دووژمنانی کورد شۆڕناکەن و داوای مافی خۆیان دەکەن، لەسەر خاک و وەتەنی خۆیان گیانی خۆیان فیدادەکەن و باکیان بە مەرگ نییە، بەم شێوەیە وەسفی لاوی کورد دەکات و دەڵێ:

لاوی کورد

کوردم، کوردێکی چـــالاک   کورد هەر خۆی یانی بێباک

شێری بێشـەی کوردستان   پڵنگـــم لـــە نێــو هــێلان

ئەمن لاوێکـــــــی کوردم   بویـــــێ بە دەست و بردم

هەموو بـــــرا کوردەکانم   وەک خـــــــۆم ئازا ئەزانم

(ڕەئووف دڵدار ١٩١٨-١٩٤٨) لەم سروودەیدا، کە لە (ژ١٧٤، ل١١، ساڵ ١٩٦٢)دا بڵاوکراوەتەوە، یەکێکی دیکەیە لەو شاعیرانەی، کە شانازی بە خاک و ئاو هەوا و دۆڵ و دەشت و شاخەکانی کوردستانەوە دەکات، کە ژیان لە سروشتی کوردستانەوە بەدی دەکات و خۆشەویستی خۆی بۆ کوردستان دەردەبڕێت، فێرمان دەکات کە بوونمان بە ئەم خاکەوە بەندە و ژیانمان لەم خاکەوە سەرچاوەی گرتووە و دەبێت بەگیانمان پارێزگاری لێبکەین و هەوڵی پاراستنی بدەین و دەڵێ:

کوردستانی خۆش نیشتیمانی جوان   تۆ قیبلە گاهـــی منی بێ گومان

چـــــــــاوم پشکۆتوی شاخەکانتە   فێـــری ژیانـــــــــی باخەکانتە

دەنگـــــی شمشاڵـی شـــوانەکانت   زریق و باقـــی جـــــــوانەکانت

(پیرەمێرد) لەم پارچە سروودەیدا لە (ژ١٢٩، ل٤، ساڵ: ١٩٦١)دا بڵاوکراوەتەوە، بە بۆنەی نەورۆز و سەری سالی تازەی کوردییەوە نووسیویەتی، کە نەورۆز بۆنەیەکی نەتەوایەتیی و نیشتیمانی میللەتی کوردە و نیشانەی نوێبوونەوە و ژیانەوەیە، لە هەمان کاتدا ئازایەتی و فیداکاری ڕۆڵەی کورد دەخاتەڕوو، کە چۆن لاوانی کورد بێباکن لە مەرگ و ژین، بە خوێنی خۆیان نیشتمانی خۆیان دەپارێزن و نایانەوێت لە ژێر زوڵم و چەپۆکی داگیرکەراندا بژین و هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەستی دەدەن و دەڵێ:

ئەم ڕۆژی ساڵــی تازەیە نەورۆزە هــــــــاتەوە

جەژنێکـی کۆنــی کوردە بەخۆشـــی بە هاتەوە

چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار

هەر خوێنــی لاوەکان بوو بە گوڵــی ئاڵــی نەوبەهار

ئەو ڕەنگـــە ســـورە بو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد

موژدەی بەیانـــی بۆ گەلـــی دوور و نزیک ئەبرد

هەروەها لەم ڕۆژنامەیەدا سروودی (بەری بەیانە)ی گۆران و چەند سرودێکی دیکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

## شیعری وەرگێڕدراو:

وەرگێڕان واتە گواستنەوەی هەمان واتای نووسین لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، جا ئەم نووسینە دەکرێت پارچە شیعرێک یان وتارێک یان دیوان و کتێبێک ...هتد بێت، (د. هیمداد حوسێن) لە بارەی وەرگێڕانەوە دەڵێ: ((ڕەنگە لە سادەترین پێناسەیدا، بڵێین گەیاندنی زانیارییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە))(حوسێن، ٢٠٠٨، ١٥٦). یان وەرگێڕان وا خراوەتەڕوو کە: ((کردەیەکی ئاڵوگۆڕکەرە لە نێوان دوو زمان، یان چەند زمانێک، جۆرێکە لە گۆڕینەوەی کلتوور، یان ئەوەی پێی دەوترێت گەیاندنی ئامانەتە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکەی بیانی))(محەمەد، ٢٠٢٠، ٦٢). هەروەها (ڕۆمان جاکۆبسن) لە بارەی وەرگێڕانەوە دەڵێ: ((وەرگێڕان شێوەی تێگەیشتنمان دەربارەی شت ئەگرێتەوە، بۆ گۆڕینەوەی نیشانەکانی زمان بە نیشانەیەکی دیکە))(کۆمەڵێک نووسەر، ؟، ١٧). مەبەست لەم گۆڕینەوەیە وەرگێران دەگرێتەوە، لە گۆرینی شێوەی نووسین لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، یان گۆرینی بۆ شێوەی دیکەی هەمان زمان.

وەرگێڕان لە کۆنەوە لەنێو هەموو میللەتانی جیهاندا هەیە و بەدی دەکرێت، ئەم وەرگێڕان و وەرگرتنە هەموو بووارەکانی ژیانی ئادەمیزادی گرتۆتەوە، بەتایبەتی بواری ئەدەبی، دەتوانین بڵێین ئەم وەرگێڕان و وەرگرتنی زانست و زانیارییە شێوەیەکی سروشتی وەرگرتووە، چونکە هیچ میللەتێک بەتەنیا کامڵ و تەواو نییە، بەڵکو هەریەکەیان تەواوکەر و یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ئەوی دیکەیان کەنارگیر و چەقبەستوو نەبێت.

لە ڕۆژنامەی کوردستان چەندین پارچە شیعر و چیرۆک و ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی وەرگێڕدراوی تێدا بڵاوکراوەتەوە، لە بەشی سێیەمدا باسیان دەکەین. ژمارەی ئەو پارچە شیعرە وەرگێڕدراوانەی لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکراونەتەوە بریتین لە (٢٣٣) پارچە شیعر، کە بەشی زۆریان بریتین لە چوارینەکانی (خیام) و چوارینەکانی (قدس نخعی)، چوارینەکانی خیام کە لەلایەن (شێخ

سلام)ەوە وەرگێڕدراونە سەر زمانی کوردی، کە لە ژمارە (٣) تاوەکو ژمارە(٦٣)ی ئەم رۆژنامەیە (٦١) چوارینی تێدا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لە ژمارە (١٣٢) تاوەکو ژمارە (١٧٠) ی ئەم ڕۆژنامەیە (٥٢) چوارینی دیکەی (خیام)ی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە لەلایەن (محەمەد سدیق مفتی زادە) وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، ئەمەش نموونەیەکە لە چوارینە وەرگێڕدراوەکانی (محەمەد سدیق مفتی زادە)، کە چوارینەکانی خیام زیاتر خۆیان لە چوارچێوەی بیر و فەلسەفەی مەی و مەیخواردنەوە دەبینەوە، بە باڵای مەیخانەدا هەڵدەڵێن، لە (ژ١٣٣، ل٢، ساڵ: ١٩٦١)دا بڵاوکراوەتەوە و دەڵێ:

چـــــۆن لە قوڕ ئێمەی هـــێنا دی یەزدان

گیرۆدەی کــــردین بە خەمـــــــی جیهان

بەڵام تۆ لە مەی بەرگـــری ئەکـــــــەی

دەس تەنگـــــــی بەسە بــــۆ بەرگریمان

یان: لە (ژ١٣٣، ل٢)دا دەڵێ:

ئێمە خــــــۆ پێشات سبەی نـــــــازانین

با بژین دڵخۆش دەم بە پـــێ کـــــــەنین

مەی بخۆین بەڕووی مانگی کە زۆر مانگ

هەڵ دێ و ئەنیشـــێ ئێمە هیچ کـــام نین

هەروەها لە ژمارەکانی ئەم ڕژنامەیەدا (١٠١) پارچە لە چوارینەکانی (قدس نخعی) بڵاوکراوەتەوە، کە لەلایەن (شێخ سلام) وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، ئەمە نموونەیەکە لەو چوارینانەی لە (ژ٦٠، ل٤، ساڵ: ١٩٦٠)دا بڵاوکراوەتەوە و دەڵێ:

گوڵچین تۆی گوڵـــێ تێکەڵ کرد بە گــڵ

درک و داڵ سەوز بوو لە سەر پەڕی دڵ

ســــەر لێ شێواوی هەور و ڕۆژ و باین

گوڵـــێ بەیان بــوو، شەو وەری لە چڵ

لەم ڕۆژنامەیەدا (١٩) پارچە شیعری دیکەی وەرگێڕدراو بڵاوکراونەتەوە، کە دەتوانین بڵێین شیعرە وەرگێڕدراوەکان ئاستێکی هونەری بەرزیان هەیە، تایبەتمەندی هونەری خۆیان لەدەست نەداوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەتوانایی وەرگێڕەکان و دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە.

## بەشی سێییەم/

## ژانرە پەخشانییەکان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا:

لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کە ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی دابەشی چەندین ژانری جیاوازی (شیعر و پەخشان) دەکرێت، هەروەها ئەوەشمان خستەڕوو، کە ژانرە پەخشانییەکان جۆرا و جۆر و جیاوازن، و مێژووی دروستبوون و سەرهەڵدانیان جیاوازە لە یەکدی، بە شێک لەو ژانرانە بۆ بەرەبەیانی مێژوو دەگەڕێنەوە، بەڵام چەندین ژانری پەخشانیشمان هەیە، بەتایبەتی لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، کە مێژووی درووستبوونیان تازەیە، بە چەندین هۆکاری جیاوازیش وای کردووە، کە ژانرە ئەدەبییەکان درەنگتر دەربکەون لە چاو ئەدەبیاتی جیهانی بەگشتی، بەتایبەت ژانرە پەخشانییەکان.

ژانرە پەخشانییەکان، کە جۆری دووەمی ئەدەبن، بەتایبەت پەخشانی هونەری بە چەند ژانرێکی جیاواز دەردەبردرێت وەک: (وتار، چیرۆک، شانۆ، نامە، ژیاننامە ...هتد) هەر یەک لەم ژانرانە خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئێمە لەم بەشەدا ئەو ژانرە پەخشانیانە دەخەینەڕوو، کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە.

## پاری یەکەم/

## وتار:

## چەمکی وتار:

وتار ژانرێکی ئەدەبییە بە پەخشان دەنووسرێ، ناوەڕۆکەکەی ئامانج و بیرۆکە و مەبەستێکی دیاریکراو دەگەیەنێت، ئەندێشە و ڕوئیا و بیر و دونیابینی نووسەرەکەی لەخۆ دەگرێت، ئەم ژانرە ئەدەبییە بەشێوەیەکی کورت و ورد و سەرنجڕاکێش باس لە بابەتێکی (ئەدەبی یان زانستی) دەکات، بەزمانێکی وەها دەنووسرێت، کە کار لە بەرامبەرەکەی بکات، زاراوەی وتار ((لە بنەڕەتدا وتار وەک زاراوەیەکی کوردی لە (وتن – وتە - واتا)ەوە هاتووە))(حوسێن، ٢٠٠٩، ٦). یاخود زاراوەی وتار ((چاوگێکە لە ڕیشەی (وتن)ەوە هەڵگوزراوە و بەمانای (وتە) یان (رستەی هەواڵی) دێت، کە ئەم

وشەیەش وەرگیراوی وشە و زاراوەی (essay)یە کە لەوانەیە باشترین هاوواتاکەی (لێکۆڵینەوە) بێت))(موحدە، ٢٠١١، ١٣).

ڕەخنەگران و شارەزایانی ئەدەب تێفکرین و بیروڕای جیاوازیان هەیە بۆ وتار، دەیان پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ وتار کردووە، کە خاڵی جیاواز و نزیک لە پێناسەکاندا بەدی دەکرێت، وەک: ((وتار بریتییە لە پارچە نووسینێکی ئەدەبی کە بە پەخشان دەنووسرێ و بە زمانێکی پاک و ڕەوان دادەڕێژرێ و هەست و بیری نووسەرەکەی دەردەبڕێ))(گەردی، ١٩٨٧، ٣٢). یان وتار: ((هونەرێکی ئەدەبییە بە شێوەیەکی سادە و کورت لە سنورێکی دیاری کراودا نووسەر لێی دەکۆڵێتەوە و بیروڕای خۆی تێدا دەخاتەڕوو))(بەکر، ٢٠٠١، ٢٠٠)، هەروەها (د.سوسن رجب) لە پێناسینی وتاردا دەڵێ: ((پارچە پەخشانێکی کورت، یان مام ناوەندییە، یەکێتی بیری تێدایە و هەندێ کێشەی تایبەتی یان گشتی بە شێوەیەکی خێرا چارەسەر دەکات، ڕەگەزی خودی دەستی بەسەردا دەگرێت)) (مستەفا، ٢٠٠٨، ٧١). یان وتار دەبێت سێ سیمای سەرەکی لەخۆ بگرێت، وەک: ((کورت و چڕ و لە واقیعەوە خواسترابێت و دەست و پەنجەی نووسەری تێدا ئاشکرا بێت))(محەمەد، ٢٠٠٤، ٢١٠). کەواتە دەتوانین بڵێین وتار ئەو کەرەسە خاوەیە، کە نووسەر چۆنی بوێت دەتوانێت بەکاری بهێنێت، لەگەڵ ژینگە و ناوەڕۆک و بابەتی نووسینەکەی خۆی بیگونجێنێت.

وتار وەک بەشێک و یەکەیەکی گرنگی ژانرە پەخشانییەکانە، مێژوویەکی کۆنی هەیە، کە وەک زۆربەی ژانرەکانی دیکەی ئەدەب ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبیاتی کۆنی یۆنان، بەڵام بڵاوبوونەوەی بەشێوەیەکی فراوان و هونەری وەک زۆرێک لە شارەزایانی مێژووی ئەدەب ئاماژەی پێدەکەن، وابەستە و گرێدراوی بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەرییە، بەتایبەت لە ئەدەبیاتی کوردی و ڕۆژهەڵاتیدا، واتە ژانری وتار بە یەکەیەکی گرنگی بواری ڕۆشنبیری و کلتورە جیاوازەکان دادەنرێت، هۆکار و ئاماژەیەکە بۆ دەرخستنی ئاستی ڕۆشنبیری و پێشکەوتن و دواکەوتنی کۆمەڵگا جیاوازەکان بەدرێژایی ڕۆژگاری ڕابردوو لە مێژووی ئەدەبیات و شارەستانی جیهانیدا.

دیاریکردنی نووسین و بڵاوبوونەوەی یەکەمین وتار بە زمانی کوردی، بەر لە بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی کارێکی هەروا ئاسان نییە، چونکە هیچ بەڵگە و دیکۆمێنتێکی مێژوویی دەست شارەزایانی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی نەکەوتووە، کە مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ بەر لە ڕۆژنامەگەری کوردی، هەرچەندە ئاماژەیەک هەیە بۆ دیاریکردنی کتێبەکەی (عەلی تەرەماخی – کتاب صرف لسان کردی) وەک یەکەمین وتار لە مێژووی نووسینی وتار لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵام

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە بزانین، کە ((کورد وەک نەتەوەیەک بەر لە ئیسلام ئاین و کتێبی ئاسمانی تایبەت بەخۆی هەبووە، خاوەنی زمانی خۆی بووە، کوردستان وەک بێشکەیەکی هەرە دێرینی مرۆڤایەتی، کە ئێسکی (نیادەرتاڵی) لێ دۆزراوەتەوە، بە دڵنیایەوە لەنێو قوڵایی ئەم مێژووەدا، لەگەڵ هەڵچنینی شارستانیەتی خۆیدا، لەنێو ئەم مێژووە دوور و درێژەدا وتاری هەبووە، کە بەزمانی خۆیی و زمانی دیکە نووسراون، بەڵام لەبەر ژێردەستەیی و نەبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆ، سەرجەم ئەو وتار و نامە نووسینە سەرەتاییانەی لێ ونبووە یان ونکراوە، بۆیە تا دەستکەوتنی پارچەیەکی کۆنی ئەو مێژووەمان لە شێوەی وتارێکدا ناتوانین بە بەڵگەوە قسە بکەین))(حوسێن، ٢٠٠٩، ٤٦ - ٤٧). کەواتە بەشێوەیەکی گشتی مێژووی وتارنووسین لەئەدەبیاتی کوردیدا لەگەڵ بڵاوبونەوەی چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری کوردی دەست پێدەکات و وابەستە و گرێدراوی ئەو مێژووەیە.

## ڕەگەزەکانی وتار:

وتار بۆ ئەوەی بنەما و بەهای زانستی و هونەری لەخۆ بگرێت، دەبێت پابەند و دەستباری چەند ڕەگەزێکی هونەری بێت، وەک:

یەکەم/ بیرۆکە: بیر یاخود بیرۆکە ئەو مەبەستەیە کە وتارنووس وتارەکەی لەسەر هەڵدەچنێت، چونکە: ((ئەگەر بیرێک نەبێت وتار دەری ببڕێ، مانای وایە وتارەکە گیانی تێدا نابێ و بریتی دەبێت لە کۆمەڵە وشەیەکی ڕیزکراوی بێکەڵک، لەبەر ئەوە بیر ڕەگەزی سەرەکی وتارە))(گەردی، ١٩٨٧٣٢).

دووەم/ زمان: زمان یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی وتار، دەکەوێتە سەر خودی نووسەری وتار، کە بتوانێت زمانێکی سەردەمیانە و بێ تەمومژ بۆ نووسینی وتارەکەی بەکاربهێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت مەبەست و بیرۆکەی سەرەکی وتارەکەی بە ڕوونی بگەیەنێت.

سێییەم/ شێواز: بەکارهێنانی شێوازی ئەدەبی و زمانەوانی جوان بۆ بابەتی وتار، چونکە ((شێواز جەستەیەکی ئەدەبییە، کە هەموو بیرۆکەکانی تێدا جێگە دەبێتەوە، یان ئەو شێوازەی کە نووسەری وتار بەکاری دەهێنێت وەک ڕوونی لە بیروبۆچوون و بەکارهێنانی وشەی واتادار و زانیاری ورد لەسەر بابەتەکە و وردبینی نووسەر لە مەبەستی وتارەکەی دەربکەوێت و لە ڕێگایەوە جوانی و چێژ بە وتارەکە بگەیەنێت))(نجم، ١٩٩٦، ٩٦ - ٩٧).

چوارەم/ پلان: دوای ئەوەی، کە نووسەر بیرۆکەیەکی لەلا گەڵاڵە بوو، ناونیشانێکی درووستی بۆ وتارەکەی هەڵبژارد، پێویستە چوارچێوەی گشتیی وتارەکەی دیاری بکات، هەر سێ ڕەگەزەکانی سەرەتای تێدا ڕەنگبداتەوە، واتە بەشێوەیەکی گشتی وتارنووس دوای دانانی ناونیشان وتارەکەی دابەشی سێ ئاست بکات، وەک: (سەرەتا – ناوەڕۆک – کۆتایی) دەبێت بە سەرەتایەکی ڕوون دەست بە نووسینی وتارەکەی بکات، بەشێوەیەکی هونەری سەرنجڕاکێش ناوەڕۆکەکەی بخاتەڕوو، وە کۆتاییەکەی پوختە و ئامانجی ڕوونی بابەتەکەیەتی.

بەرجەستەکردنی ئەم ڕەگەز و بنەمایانە لە وتاردا، لەلایەک شێوازێکی هونەری و ئەدەبی جوان بە وتارەکە دەبەخشێت، لەلایەکی دیکەوە سەرکەوتوویی وتارەکە دیاری دەکات، لەبەر ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خودی نووسەری وتارەکەوە هەیە، کە تا چ ئاستێک ئەم ڕەگەزە ئەدەبیانەی لە نووسینی وتارەکەیدا بەکارهێناون، چونکە سەرکەوتوویی وتار بەندە بە توانا و سەلیقە و لێهاتووی نووسەر و وردبوونەوە و تێفکرین و لێڕامانی لەو بابەتەی، کە هەڵیدەبژێرێت و ئەو بیر و مەبەستەی دەیەوێت بیگەیەنێت.

## جۆرەکانی وتار:

ئەگەر بڕوانینە تەواوی ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان دەبینین، کە وتار بەشێکی زۆر لە ڕووپەڕی ژمارەکانی ڕۆژنامەکەی داگیرکردووە، بە جۆرێک، کە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە بایەخی زۆر و تایبەتییان بە وتار داوە، بەشێکی زۆر لە وتارەکان بە شێوەی زنجیرە وتار بڵاوکراونەتەوە، کە ژمارەی وتارە بڵاوکراوەکان زیاترە لە (١٢٦) وتار، ئەم ڕۆژنامەیە بەچەندین زار و شێوەزاری زمانی کوردی وتارەکانی بڵاوکردۆتەوە، وتارەکانی نێو ڕۆژنامەی کوردستان بەشێکی زۆریان دەرخەری ڕاستی ئەو بارودۆخەی ئەو کاتەی کوردن، کە ڕۆژنامەکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، بەتایبەت لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری.

وتار بەپێی نووسەر یاخود بابەت دابەشی چەند جۆرێکی جیاواز دەکرێت وەک: (وتاری خودی، وتاری بابەتی، وتاری ڕۆژنامەوانی) ئێمە بەپێی ئەو وتارانەی لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا بڵاوکراونەتەوە، لەڕووی ناوەڕۆک و مەبەستەوە ئەم چەند جۆرەیەیان دەخەینەڕوو:

## یەکەم/ وتاری کۆمەڵایەتی:

وتاری کۆمەڵایەتی هەموو ئەو جۆرە وتارانە دەگرێتەوە، کە دەچنە نێو چوارچێوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، تێیدا باس و بابەتە گرنگەکانی کۆمەڵ و تاک دەخەنە ژێر تیشکی ڕەخنە و شلۆڤەکرن، نەهامەتی و دەردەکانی کۆمەڵ لە (نەخوێندەواری و هەژاری و کێشەکانی ژنان و نەریت و دیاردە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگا و پەروەردە و فێرکردن و تەبەقە و چینەکانی کۆمەڵ بەتایبەت دەربەگ و جوتیاران و کرێکاران ...هتد) دەخەنەڕوو، نووسەری ئەم جۆرە وتارە لەڕێگای وتارەکەیەوە دەچێتە نێو قوڵایی کێشەکانی کۆمەڵ بەدوای سەرچاوەی دەستپێکی گرفت و کێشەکاندا دەچێت، بە پێی ئاستی تێگەیشتنی خۆی وتارەکەی دادەڕێژێت، واتە ئەم جۆرە وتارە لە ناخی کێشەکانی کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت، هەوڵی شیکاری بابەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەدات، وە زۆرجار نووسەر لەڕێگای وتارەکەیەوە هەوڵی چارەسەری گرفتە کۆمەڵایەتییەکان دەدات و ڕێوشوێنی پێویست دەخەنەڕوو، چونکە ئەم جۆرە وتارە گوزارشت لە ئەزموونی خراپی کێشەکانی کۆمەڵگا دەکات، دیاردە دزێوەکانی ژیان لێکدەداتەوە و بە قولایی و کرۆکی کێشەکاندا ڕۆدەچێت.

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا زیاتر لە (٧٥) جۆرە وتاری جیاواز دەربارەی کێشە و گرفت و نەریتە جیاوازەکانی کۆمەڵ بڵاوکراونەتەوە، کە زۆربەی ئەو وتارانە بەشێوەی زنجیرە وتار بڵاوکراونەتەوە، بۆ نموونە لە (ژ٥٢، ل٦، ساڵ: ١٩٦٠)دا (محمد عابد- سراج الدینی) دەربارەی کاریگەرییەکانی قومار و لێکەوتە خراپەکانی، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (قوماربازی) بە شێوەی زنجیرە وتار لە ژمارەکانی دواتریشدا بەردەوام بووە، دەڵێ: ((ئەو ماڵ وێرانە پارەیەکی بە هەزار دەردەسەری، بە ئارەقی نێوچەوان و بەنوکی قەڵەم و دانیشتنی مشتی مێزی دائیرە و خۆ کوێرکردن پێکەوەناوە، کە بیکاتە خەرجی خۆی و ماڵ و منداڵی، یان کەسی سەڵت بۆ پێکهێنانی خێزان، بەڵام کە دەچێتە نێو قومارەوە بە نیازی ئەوەی کیسەی هاوەڵەکانی بەتاڵ بکات و خۆی دەوڵەمەند بێت، کە چی نەک پارەکانی، بەڵکو ئەنگوستیلە و سەعاتەکەشی دۆڕاندووە و بەدەستی بەتاڵ و دۆڕاوەوە دێتە دەرەوە، هەتا وای لێدێ دەکەوێتە ژێر باری قەرزێکی زۆرەوە، دەبێتە گرفتێکی گەورە بۆ خۆی و خێزانەکەی و کۆمەڵگاش)). نووسەر ئەم دیاردە خراپەی کۆمەڵگادا دەخاتەڕوو، کە زۆربەی کات کاریگەرییەکانی بەشێوەیەکە سەردەکێشێ بەرەو لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەی خێزان و هەرەسهێنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە کەسی قومارچی زۆرجار تەنیا بە دۆڕاندنی پارەکانی وازناهێنێت و

سەردەکێشێت بۆ فرۆشتن و دۆڕاندنی کەلوپەلی ناوماڵ و تەنانەت زۆرجار سەردەکێشێت بۆ فرۆشتن و دۆڕاندنی کەسی نزیکی خۆی بەتایبەت ڕەگەزی بەرامبەر.

لە وتارێکی دیکەیدا (عابد- سراج الدینی) لە (ژ٦٥، ل١، ساڵ: ١٩٦٠)دا بە ناونیشانی (منداڵ بەخێوکردن) گرنگی و ڕۆڵ و پێگەی منداڵ دەخاتەڕوو، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لە مەڵبەند و ناوچە کوردستانییەکان کاریگەری و ڕۆڵی ئافرەت لەبەر چاو نەگیراوە لە پەروەردەکردن و بەخێوکردنی منداڵدا، چونکە: ((خوێندەواری و خوێندنەوەی گۆڤار و کتێب کاریگەری زۆریان لەسەر خول و پێگەیاندنی منداڵان هەیە لە ژیانی داهاتوودا، بەڵام لە ناوچە کوردستانییەکان ئەو پێگە و ڕۆڵەی نییە بەتایبەت لەلای ئافرەتان، چونکە منداڵ یەکەم جار، کە پێدەنێتە قۆناغی هەستییەوە بریتییە لە چوارلای باوەشی دایکی، منداڵ واتا دایکی، چونکە چاک و خراپی منداڵ لە دایکییەوە سەرچاوە دەگرێت، یەکێک لەو ڕێگایانەش کە منداڵ دەیگرێتەبەر بۆ نواندنی هەڵسوکەوتی بریتییە لە لاساییکردنەوەی دایکان)). چونکە منداڵ لە باوەشی دایکدا بەڕووی کۆمەڵگادا دەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی منداڵان پایەکی سەرەکی کۆمەڵن و نەوەی دوارۆژن و دەبێت بایەخی تایبەتیان پێبدرێ و پەروەردە و ڕێنموونی بکرێن.

لە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا دەیان کێشە و گرفتی دیکەی کۆمەڵایەتی کراونەتە ناونیشانی وتارە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوکراونەتەوە، وەک: (نەخوێندەواری ژ١١، مرۆڤی خراپ ژ١٦، سەرئەنجامی شەراب خواردن ژ١٨، هەقی هاوسێ گەری ژ٣٧، بوک و خەسو ژ ٦٩، ژن و ژنخوازی ژ٥٦، منداڵ بەشەردان ژ١٣٧، چەنەبازی ژ١٤١، پێ بەقەد بەرەی خۆت ڕاکێشە ژ١٥٥، لەگەڵ منداڵەکانت بزانە چۆن ڕەفتار دەکەیت ژ١٦٢ ...هتد).

## دووەم/ وتاری زمانەوانی:

ڕۆژنامەی کوردستان لە گرنگی و بایەخدان بە زمانی کوردی کەمتەرخەمی نەنواندووە، (محەمەد صەدیقی موفتی زادە)، کە سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانە لە ڕێگای زنجیرە وتارێکەوە بەناونیشانی (چۆن بنووسین و بخوێنینەوە) لە ژمارە (١ تاوەکو کۆتا ژمارە کە ٢٠٩)یە بڵاوکراوەتەوە، لە هەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ڕێزمانی کوردی شیکردۆتەوە و بە نموونەوە خستویەتیەڕوو، لەبەر ئەوەی نووسەر خۆی مامۆستای زمانی کوردی بووە، کاری لەسەر زمان و

ئەدەبی کوردی کردووە، لە ڕێگای ڕۆژنامەی کوردستانەوە توانیویەتی نووسین بە زمانی کوردی شیبکاتەوە و سەرچاوە و لق و پۆپ و پێکهاتەی زمانی کوردی دەستنیشان بکات و بیخاتەڕوو.

لە (ژ١٠، ل٤، ساڵ: ١٩٥٩)دا بڵاوکراوەتەوە، لە وتارێکدا باسی چاوگ و جۆرەکانی چاوگ و سەرچاوەی دروستبوونیان دەخاتەڕوو، وە زۆرجار شێوەزارەکانی دیکەش دەخاتەڕوو و بەراوردیان دەکات، ((مصدر یان ڕیشە، ناوێکە کە مانای کردن، یان بەدی هاتنی کارێ بگەیەنێ، بەبێ ئەوەی کە کاتی کردن یان بەدی هاتنی ئەو کارەی لێیەوە بزانرێ، یان بەجۆرێکی دی ڕیشە ئەوەیە کە فعل و صفتی لێ دروست بکرێ، نیشانەی مصدر بریتین لەم پیتانە کە لە دوای وشەوە دائەمرکێن، وەک: دن، تن، ین، ان، ون – وەکو: کردن، گرتن، برین، خوران، چوون، بەڵام نیشانەی مصدر لە شێوەی هەورامیدا بریتییە لە: (تەی، دەی، ای) وەکو: گرتەی، بەردەی، لەوای)).

لە دوای ناساندنی مصدەرەکان و شیکردنەوەی نموونەکان، کردار (فعل) خراوەتەڕوو، لە (ژ١٥، ل١، ساڵ: ١٩٥٩)دا جۆرەکانی فعل باسکراون، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی فعل لە مصدەرەکانەوە وەردەگیرێت، ((فعل ئەگەر لە ڕۆژگاری ڕابردوودا کرابێ، پێی ئەڵێن فعلی ڕابردوو، وە ئەگەر لە ڕۆژگاری ئێستادا کرابێ فعلی ئەمری پێ ئەڵێن، وە ئەگەر لە داهاتوودا بکرێ، ئەبێتە فعلی داهاتوو، فعلی ڕابردوو ئەکرێتە چوار بەش وەک: ڕابردووی سادە، نەقڵی، استمراری، دوور، بۆ دروستکردنی فعلی ڕابردووی سادە ڕێگا ئەوەیە، کە پیتی (ن) لە دوای مصدرەوە لە شێوەی سۆرانیدا، وە پیتی (ی) لە شێوەی هەورامیدا فڕێ ئەدرێت)).

لە درێژەی زنجیرە وتارەکەی نووسەردا، ئەم ناونیشانە ڕێزمانیانە خراونەتەڕوو، وەک: (ژ١٦ ڕابردووی دوور، ژ٢٩ کرداری داهاتوو، ژ٣١ بەشەکانی کاری داهاتوو، ژ٣٣ دروستکردنی کردوەی داهاتوو، ژ٥٨ دروستکردنی کردەوە بەپێی مانا، ژ٦٣ کردەوەی سادە و تێکەڵاو، ژ٧٩ کرداری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕ، ژ٨١ کردەوەی زانراو و نەزانراو، ژ٨٧ ئەو سێ کردەوەی لەهەر سێ کاتدا بەکار نابرێن، ژ٩٨ چلۆنایەتییەکانی کردەوە، ژ١١٣ ناو و بەشەکانی، ژ١١٨ سیفەتی بکەر (فاعلی)، ژ١٣٥ ناوی ناسراو و نەناسراو، ژ١٤٠ ناوی گشتی و ناوی تایبەتی، ژ١٤٥ ناوی تاک و کۆ، ژ١٤٧ ناوی هاومانا، ژ١٥٠ دابەشکردنی ضەمیر، ژ١٦٥ ناوی ئیشارە، ژ١٦٦ ناوی مەوصول، ژ١٦٩ ناوی ژمارە و ناوی جێگا، ژ١٧٥ ناوی تەئکید، ژ١٧٩ پیت، ژ ١٨٦ لێکۆڵینەوە لەسەر وشەی (کلام)، ژ١٨٧ پیتی باوەڕ (تصدیق)، ژ١٩٠ پیتی درێژ و دووبارە، ژ١٩٢ پیتی بانگکردن (ندا)، ...هتد).

## سێیەم/ وتاری ئاینی:

وتاری ئایینی یەکێکە لە جۆرەکانی وتار، نووسەر تێیدا بنەما و بابەتە ئاینییەکان دەکاتە هەوێنی وتارەکەی، بە ئامانج و ئاراستەکردنی تاکەکانی کۆمەڵ بەرەو خواپەرستی و دروستکردنی تاکێکی ئارام و لەسەرخۆ و پابەند بە دەستوور و یاسا و بنەما و بنچینە و پێوەرە ئاینییەکان، لەم جۆرە وتارەدا نووسەر لایەنێک یان بنەمایەکی ئاین و گرێدراو بەلایەنێکی ژیانەوە وەردەگرێت، کاریگەریەکانی بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە، کە زۆرجار بەشێوەیەک دادەڕێژرێت هەست و سۆزی بەرامبەر دەجولێنێت و تێکەڵ بە واقیعی ژیان دەکرێت، لەڕوانگەی ئاینییەوە بابەتە گشتی و تایبەتییەکان شیکردنەوە و شلۆڤەکردنی پێویستیان بۆ دەکرێت.

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا دەیان بابەت و وتاری ئاینی پەیوەست بەژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵەوە بڵاوکراونەتەوە، بۆ نموونە لە (ژ٣، ل١، ساڵ: ١٩٥٩)دا بڵاوکراوەتەوە، لە وتارێکدا بە ناونیشانی (مسلمان نابێ باری سەرشانی خەڵکی بێ)، کە (عەبدولرەحمانی موفتی زادە) ئامادەی کردووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە مرۆڤی موسلمان هەمیشە لە کاروکردەوەکانیدا وەسەتیەک بەدی دێنێت، بەجۆرێک، کە هەوڵی بەدەستهێنانی قیامەتی دەدات و ئاگاداری ژیانی ڕۆژانەشیەتی و نابێتە بارگرانی بۆ سەر شانی کەسانی دەورووبەری، وەک: ((هیچ شتێک بەلای اسلامەوە ئەوەندە خراپ نییە کە انسان چاوەنوارِی دەستی خەڵکی بکات، دینی اسلام لەگەڵ ئەوەی کە ئەیەوێ انسان بگاتە دوا پلەی معنویات، وە هەموو علمی بزانێت، وە اخلاق رەفتاری خۆی لە هەموو نقص و نالەبارێ پاک بکاتەوە، بە مادیاتیش اهتمامێکی زۆر ئەدا، وە اسلام بەوەش ڕاضی نییە کە موسلمان لایەک بگرێت و لایەکی دی دەستبەردار بێت، واتە دونیا بگری و قیامەت فەرامۆش بکەی، یان قیامەت بگری و دونیا فەرامۆش بکەی، واتا نابێت بۆ تێکۆشان لەیەکیان پشتت لەوەی دیکەیان ساردبێتەوە)).

(احمدی موفتی زادە) لە وتارێکیدا لە (ژ٢٢، ل١، ساڵ: ١٩٥٩)دا بڵاوکراوەتەوە، بە ناونیشانی (موسلمانان لەگەڵ یەکتر بران) ئاماژە بۆ پێوەندیی برایەتیی نێوان موسلمانان دەکات، دیارە ئاینی ئیسلام هەمیشە هانی بەیەکەوە ژیان دەدات، دەیەوێت ئەندامانی کۆمەڵ بە ئاسودەیی و خۆشەویستی و تەبایی ژیان لەگەڵ یەکدیدا بەڕێ بکەن، ((چەنشتێک هەن کە بناغەی سعادەت و بەختەوەری هەموو کۆمەڵێکن، هەر چەن زۆرتر لەو شتانەی تێدابێت پلەی بەختەوەری زیاترە، وە هەرچەند بێبەش بێ لەو شتانە پلەی بەختەوەری کەمترە، وەک علم و شارەستانیەت و سەنعەت و کشتوکاڵ، بەڵام شتێکی

دیکە هەیە، کە هەر کۆمەڵێک تێیدا بەشداربێت خۆشی و سعادەت بۆ ئەو کۆمەڵەیە دەهێنێت وە بە پێچەوانەشەوە، ئەویش دۆستایەتی و برایەتییە لە نێوان ئەفرادی کۆمەڵدا)).

لە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا دەیان وتاری دینی دیکە بەم ناونیشانانە بڵاوکراونەتەوە، وەک: (ژ٤ ئەخلاق، ژ٧ دینی اسلام مقتضای طبیعتی انسانە، ژ١٧ حج، ژ٢٢ باوەڕ، ژ٢٥ موسلمان دەبیت دەر و ناوی وەک یەک بێت، ژ٢٩ موسلمانی بێکار مەبە، ژ ٣٢ چاوەبرکێ، ژ٤١ قازانجی ڕۆژو، ژ٦٦ ڕێگای خواناسی یان طەریقەتی عرفان، ژ١٦٠ خەبات لە پێناوی یەزدان، ژ١٦٢ دەستوری ئاینی بۆ بەختەوەی کۆمەڵ ...هتد).

## چوارەم/ وتاری ئەدەبی و هونەری:

وتاری ئەدەبی یەکێکە لە مەبەستەکانی وتار، ئەم جۆرە وتارە لە جۆرەکانی دیکەی وتار زیاتر پێویستی بە هەست و سۆز و بیروبۆچون و سەلیقەی نووسەر هەیە، لەبەر ئەوەی ئەم وتارە دەچێتە نێو بواری داهێنانی ئەدەبی و هونەرییەوە، چونکە پێویستی بە وردەکاری و وشەکاری زیاتر هەیە، بە چەشنێکی وا دەنووسرێت، کە: ((کێشەیەکی سۆزداریی یان کۆمەڵایەتی و سیاسی چارەسەر بکات، هاریکاری کراوە بە هەڵچوونی ویژدانی و کاریگەری سۆزی و وێنەکێشانی ڕوونبێژی، پشت دەبەستێت بە ڕەگەزی چێژ و خۆشی شەوق و پەرۆشی))(الرحمانی، ٢٠٢١، ٨٣).

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ژمارەیەکی کەم لە وتاری ئەدەبی و هونەری بڵاوکراونەتەوە، بۆ نموونە تەنیا ئەم وتارە لە (ژ١٢٢، ل٨، ساڵ: ١٩٦١)دا هەیە، کە (محەمەد سەدیقی موفتی زادە)، بە ناونیشانی (هونەر) تێییدا باسی هونەر و وتارنووسی و وێژە و وێژەوانان دەکات و دەڵێ: ((لە ڕۆژگارانی زۆر کۆنەوە و لە سەرەتای داهاتنی زمانەوە، کە مرۆڤەکان پێکەوە کۆبوونەوە و لەیەکتری تێگەیشتون، چاک قسەکردن و چاک دەربڕینی بیروڕا دەستی بە حوکم و فەرمایی کرد، هەر کەس چاکتر بزانێ بیروڕای خۆی لە قاڵبی وتاردا دابڕێژێ وتارەکەی زیاتر کاریگەری ئەبێ، کاتێ کە انسان بەکاری ئەو فەننەی زانی هەر کەس بۆ خۆی دەستی بە فێربوونی ئەو زانیارییە کرد، وردە وردە لەنێو گرۆی انساندا وێژەران هەڵکەوتن، دەستیان بە هۆنینەوەی وشەی جوان کرد، هەر گەلێ لەلای خۆیەوە دەستیان کردە دەربڕینی هەستی دەروونی خۆی)). چۆنیەتی دەربڕینی سەرنجڕاکێش دەگرێتەوە.

## پێنجەم/ وتاری ئابووری:

یەکێکە لە مەبەستەکانی وتار، ئەم جۆرە وتارە زێتر خۆی لە چوارچێوەی بابەتە ئابوورییەکاندا دەبینێتەوە، لە کێشە و گرفت و سەرچاوە ئابوورییەکان دەکۆڵنەوە و زۆرجار بابەت و پێشنیار و ڕێگا چارەی پێویست بۆ کێشە و پێشهاتە ئابوورییەکان دەخەنەڕوو، ئەم جۆرە وتارانە زۆربەی کات پەیوەست دەکرێن بەو کێشە ئابووریانەی، کە ڕۆژانە دووچاری هاوڵاتیان دەبنەوە و دووچاری گرفت و دەردەسەریان دەکەن.

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا زنجیرە وتارێکی ئابووری بە ناونیشانی (ئابووری لە دینی اسلام)دا بە زنجیرە لە زۆربەی ژمارەکانی ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە، کە چەندین سەرە ناونیشانی دیکە لەخۆی دەگرێت، بۆ نموونە لە (ژ٩٣، ل١، ساڵ: ١٩٦١)دا وتارێک بڵاوکراوەتەوە، بە ناونیشانی (باشترین یاسای ئابووری) ئەوە دەخاتەڕوو، کە ((لە ڕێگای پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی چینەکانی مرۆڤەوە، هەستی بەربەرەکانێی مانەوە تینی گرتووە، بە دەستهێنانی شتومەکی ژیان ئاڵوگۆڕی بەسەر ژیاندا هێناوە، تا بووە بە هەستی بەربەرەکانی باشترین ژیان، ئینجا لەبەر ئەوە (باشترین ژیان) دوا پلە و حەددێکی بۆ نییە، هەر کاتێ هێزێ لە کاردا نەبێ کە مافی ئەفراد بپارێزێ، ئەوەی کە دەستی بڕوا تا بۆی بکرێ، تەلاش ئەکا بۆ دامرکاندنی ئەو هەستە، کە هەستی مشتومڕ و مانەوەیە، مانەوەی تا ئەسەرێکی مەنفیی لەوەوە بەدی دێ کە نەمانی بەزەیبە بەیەکتر، وە لەو کاتەدا هەستە تەبیعییەکەی مرۆڤ، کە هەستی هاوکاری و مانەوە بووە بە ئەسەری مەنفیی و موسبەتیەوە لەناو ئەچێ: هیچ کەس بەدڵی دا نایە، کە دەسگرۆیی لە کەسێکی تر بکات، واتە هەر پلەیەک بە هەر چەشنێ کە بیروڕا و هێزی پێ بشکێ ستەم ئەکا لە خەڵکی و مافیان ئەکاتە ژێر پێییەوە و هەقیان نادات)). بەڵام بەدەست هێنانی داهات و دابینکردنی ژیانێکی شایستەتر و باشتر، نابێت بەهۆی قۆرخکاری و زیادەڕۆیی و پاوانخوازییەوە بێت، ناکرێت لە پێناو بەدەستهێنانی داهات و ژیانێکی باشتر بۆخۆت، ژیانی کەسانی دیکە بخەیتە ڕەنج و مەینەتییەوە.

## شەشەم/ وتاری مێژوویی:

ڕۆژنامەی کوردستانیش وەک زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دیکە، لە ڕێگەی ئەو وتارانەی کە بڵاویکردوونەتەوە، هەوڵی داوە بەشێک لە مێژووی نەتەوەی کورد بۆ خوێنەرەکانی بخاتەڕوو، لەم ڕۆژنامەیەدا بابەت و وتاری مێژوویی دەربارەی مێژووی نەتەوەی کوردی تێدا بڵاوکراوەتەوە، واتە لەم ڕۆژنامەیەدا چەندین وتاری مێژوویی دەربارەی کورد و مێژووی پەیوەندی نەتەوەی کورد خراونەتەڕوو، بەمەبەستی خستنەڕووی ڕووداوە مێژووییەکان و ڕوونکردنەوەی ڕەگەز و نەتەوەی کورد و پێشاندانی بارودۆخی کورد.

ئەگەر بڕوانینە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەبینین، کە بەشێک لە مێژووی کورد لە ڕێگای ڕۆژنامەگەرییەوە ڕوونکراوەتەوە و خراوەتەڕوو، نووسەرانی کورد بە شێوازی وتاری مێژوویی توانیویانە مێژووی ژیان و شارەستانی کورد و خەباتی نەتەوایەتی و ڕووداوە ناوخۆی و دەرەکییەکانی کوردستان بە خوێنەر و تاکی کوردی بگەیەنن، کە زۆرجار ئەم وتارە مێژووییانە بە مەبەستی هۆشیاری نەتەوایەتی ڕۆڵ دەگێڕن، بەڵام نووسەری وتاری مێژوویی دەبێت ئاگاداری ڕاستی ڕووداوەکان بێت، خۆی بەدوور بگرێت لە پێداهەڵدان و نابێت بەبێ بەڵگە زانیارییەکانی بخاتەڕوو.

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا چەندین وتاری مێژوویی جۆراوجۆر هەن، ئەو وتارانەی دەربارەی مێژووی نەتەوەی کورد و کوردستان و بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی و ڕووداوەکانی پەیوەست بە کوردەوە دەچنە نێو چوارچێوەی وتاری مێژووییەوە، ژمارەیان لە (١٨) وتار زیاترە، کە بەشێکیان بەشێوەی زنجیرە وتار بڵاوکراونەتەوە، بۆ نموونە لە زنجیرە وتارێک بە ناونیشانی (مێژووی پەیوەندی ڕەگەز و نەتەوەی کورد) لە نووسینی (ڕەشید یاسمی)یە، ئامادەکراوی (عبدلرەحمانی موفتی زادە)یە دەربارەی مێژووی پەیدابوونی نەتەوەی کورد دەدوێت، لە (ژ١١٣، ل٢، ساڵ: ١٩٦١)دا بڵاوکراوەتەوە و دەڵێ: ((یەکێ لە لقە بەناو بانگەکانی ڕەگەزی ئاریایی- کە زانا لێکۆڵەرەوەکان لە ئاریایی بوونی ئەوانا هیچ دوودڵیان نییە- کوردەکانن، کە لە ڕۆژگارانی زۆر کۆنەوە ناویان براوە، بەڵام نەکەوتووە پێش چاومان، کە تا ئێستا کەسێ مێژوویەکی ڕێک و جەم و جۆری سەبارەت بەم گەلە نووسیبێت ...، کە لە شەپۆلی گێژاوەکانی ڕۆژگاری بەرز و نزمی کارەساتەکانی مێژوودا زیانێکی نەهێناوە و ئاڵوگۆڕێکی تێدا بەدی نەهاتووە، لە ڕۆژگاری ئەردەشیری هەخامەنشینییەوە تا ئەم دەورە

هەمیشە ئەم گەلە ئەو دلێری و نەبەزی و نەترسی خۆیان پیشانداوە)). نووسەر هەڵی داوە ڕەگەزی کورد وەک میللەتێکی خاوەن کیان و بوونی خۆی بناسێنێت.

(م. ص. م) لە چەند وتارێکیدا بە ناونیشانی (مێژولکەی حوکمەتەکانی کورد)، هەوڵیداوە مێژووی ڕەگەزی کورد و سەرەتای پەیدابوونی کورد لە ناوچە کوردستانییەکان بخاتەڕوو، لە (ژ٢٠٥، ل١٠، ساڵ: ١٩٦٣)دا بڵاوکراوەتەوە، ((لەبەر ئەوەی مێژووی حوکومەتەکانی کورد بە شێوەیەکی ڕیک و پێک نەنووسراوە، لەگەڵ ڕۆژگاری فەرمان ڕەواکانی عەرەب و فارسدا تێکەڵ بووە، زۆر بە سەختەت ئەتوانین کە حوکومەتەکانی کورد یەک لە شوێن یەک بناسین، وە چلۆنایەتی ژیانیان لێک بدەینەوە، لەبەر ئەوە دەستمان دایە نووسینی (مێژولکەی حوکومەتەکانی کورد) تا هەر کەس بتوانێ بە ئاسانی حوکومەتەکانی کورد بناسێ، وە ناوی فەرمان رەواکان و رەگەزەکانیان لەگەڵ ماوەی حوکومەتەکەیاندا بزانێ، ڕەگەزی کورد لە ڕەگەزی (ئاری)یە وە بەرواری کۆچکردنیان لە شوێنێکی دیکەوە بۆ کوردستان، برێ لە مێژوو نووسەکان ئەڵێن لەسەرەتاوە هۆزی کورد لە لێواری باکوری یا باشوری دەریای باڵتیکەوە بۆ مەڵبەندی ئێستای کوردستان کۆچیان کردووە)).

ئەم وتارە مێژوویانەش لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە، گرینگترینیان بریتین لەم ناونیشانانە وەک: (ژ٦٩ نەتەوایەتی کورد و نەتەوایەتی ئێران، ژ٩٧ بەشی وێژەی شەش هەزار ساڵ، ژ٩٧ کاوە و زوحاک، ژ١١٤ دەرکەوتنی شارەستانی سەد هەزار ساڵە لە کوردستانی ئێراندا، ژ١١٦ مێژووی پەیدابوونی کتێب، ژ١٢١ دۆزینەوەی بەردە نووسراوەکەی نیهاوەند، ژ١٢٦ کورتە باسی ماد، ژ١٦٣ شاری خوسرەوی پەروێز، ژ١٨٨ زانیاری کورد، ...هتد).

## حەوتەم/ وتاری سیاسی و نشتیمانی:

ئەم جۆرەش لە وتار زیاتر بابەتە نیشتیمانی و سیاسی و نەتەوایەتییەکان دەخرێنە نێو چوارچێوەی وتارەوە، ئەم جۆرە وتارە پێویستی بە توانا و شارەزاییەکی باشی هەیە، بۆیە پێویستە لەسەر وتارنووس، دەبێت ئاگاداری بارودخە هەنووکەییەکانی ژیانی سەردەمی خۆی و ڕابردوو بێت.

وتاری سیاسی یاخود نیشتیمانی بەشێک لە وتارەکانی ڕۆژنامەکە پێکدەهێنێت، هەندێک لەم جۆرە وتارانەش ڕەنگدانەوەی سیاسەت و حکومەتی ئەو کاتەی ئێران بووە، بەڵام ئێمە ناچینە نێو ئەو

وتارانەی، کە بەباڵای دەسەڵاتی شادا هەڵدەڵێن، لە بەر ئەوەی ڕۆژنامەکە لەژێر چاودێرییەکی توندی دەزگا ئەمنییەکاندا بووە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو سانسۆرانەش، کە لەسەر ڕۆژنامەکەدا هەبووە، نووسەرانی ڕۆژنامەکە کۆمەڵێک وتار و بابەتی نیشتیمانی و سیاسیان دەربارەی کورد بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئەم جۆرە وتارانە کەمن و زێتر بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و لە دووتوێی بابەتی دیکەدا دەربڕدراون.

لەم ڕۆژنامەیەدا زێتر لە (١٠) جۆر لەم وتارە بڵاوکراوەتەوە، بۆ نموونە لە (ژ١٧٤، ل٧، ساڵ: ١٩٦٢)دا بڵاوکراوەتەوە، نووسەر (م. ص. م)لە وتارێکدا بە ناونیشانی (نیشتیمان ویستی) هانی خۆشەویستی نیشتیمان و نەتەوە دەدات، ئەوە دەخاتەڕوو، کە دەبێت مرۆڤ هەمیشە لە پێناو گەل و نیشتیماندا تێبکۆشێت، وەک: ((لە هەر ڕۆژگارێکا کۆمەڵی لە ڕۆڵە خوێن خاوێن و نەبەز و دڵسۆزەکانی نیشتمان، دەسیان داوەتە خەبات کردن و لە خۆبووردن بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری و سەربەرزی گەل و هۆزەکەی خۆیان، بە هێزێکی بەتین و باوەڕێکی قایمەوە ژیانی خۆیان ناوەتە ڕێی ئەوە، کە ژیانێکی ڕێک و پێک و بەرزی و بەختیارییێکی پڕ لە شانازی بۆ هاونیشتیمانیان و هاوخوێنەکانی خۆیان بەدەست بێنن)). ئەمەش ئاوات و مەبەستی هەر تاکێکی خوێن پاکە بۆ خاک و میللەت و نشتیمانەکەی.

## هەشتەم/ وتاری زانستی:

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا وتاری زانستی بوونیان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی وتاری زانستی گرێدراو نەبووە بە تایتڵی (ناونیشانی) کارەکانی ئێمە، هەر بۆیە بە پێویستمان نەزانی کاری لەسەر بکەین.

## پاری دووەم/

## چیرۆک:

چیرۆک یەکێکە لە ژانرە دیارە ئەدەبییەکان، لەنێو ئەدەبیاتی جیهانیدا ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، هەر لە کۆنەوە مرۆڤەکان گرنگییان بەم هونەرە داوە، چونکە بەر لەسەرهەڵدانی چیرۆک بەشێوەیەکی هونەری، لەبەر ئەوەی هەموو میللەتێک خاوەنی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و سەرزاری خۆیەتی، لەنێو ئەم ئەدەبە زارەکییەدا دەیان هەقایەت و بەیت و ئەفسانە و سەرگوزشتەی تێدایە، لەنێو ئەم هەقایەت و ژانرانەدا فۆرم و ڕەگەزەکانی چیرۆکی تێدا دەبینرێت، کە بە سەرەتای ئەدەبیاتی نەنووسراوی هەر میللەتێک دادەنرێت.

چیرۆک بە چەندین شێوە و جۆری جیاواز و پەیوەست بە لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەوە، پێناسە و ناساندنی جیاوازی بۆ کراوە، (د. شوکریە رسول) لەبارەی چیرۆکەوە دەڵێ: ((چیرۆک بریتییە لە گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی یەک لە دوای یەک، کە بەسەر چەند کەسێکی جیاوازدا دێن و تێدەپەڕن لە شوێنێکی دیاریکراودا))(رسول، ١٩٨٩، ١٥٠). یان چیرۆک ((هەواڵێک دەگێڕێتەوە، بەڵام مەرج نییە هەموو هەواڵێک یان کۆمەڵە هەواڵێک چیرۆک بن، جا بۆ ئەوەی هەواڵێک ببێتە چیرۆک پێویستە چەند خاسییەتێکی دیاری تێدابێت، پێویستە هەواڵەکە سەرەتا و ناوەند و کۆتایی هەبێ))(ئەحمەد، ٢٠٠٠، ٢٢١). واتە پێشاندانی هەواڵێک لە چوارچێوەی بەرجەستەکردنی ڕەگەزەکانی چیرۆک، بەڵام ڕۆلان بارت وەها چیرۆک دەخاتەڕوو کە: ((ئاوێنەیەکی فرەیی و هەمە جۆری ئەو ڕووداوانەیە، کە گێڕانەوە دیاری دەکات و لەو کەسانەدا دەخرانەڕوو کە وەسف دەیان دۆزێتەوە))(حەسەن،٢٠١٠، ١٢٣). لە ڕوانگەی هەر یەک لەم پێناسە و دەیان پێناسەی دیکە، کە بۆ ئەو چیرۆک کراون جەخت لەسەر بنەما و ڕەگەزەکانی چیرۆک دەکەنەوە، چونکە هەریەک لە ڕەگەزەکان لەنێو چیرۆکدا پێگە و ڕۆڵ و گرنگی و سەنگی خۆی هەیە. ڕەگەزەکانیش بریتین لە: (ڕووداو، کەسێتی/ کەسایەتی (کارەکتەر)، بیر، شوێن، کات، زمان، گێڕانەوە ...هتد).

لەبەر ئەوەی ئەدەبی کوردی ئەدەبێکی دەوڵەمەندە بە ئەدەبیاتی سەرزاری وەک هەقایەت و داستان و ئەفسانەی کوردی، بەشێک لە توێژەرانی کورد سەرچاوەی سەرهەڵدان و دروستبوونی چیرۆکی کوردی دەگێڕنەوە بۆ ئەدەبی فۆلکلۆری و سەرزاری، بە بناغەی دروستبوونی چیرۆکی کوردی دادەنێن، بەڵام بەشێکی دی لە توێژەرانی کورد، ئەوە ڕەتدەکەنەوە، کە سەرهەڵدانی چیرۆکی

هونەری کوردی بگەڕێتەوە بۆ بناغەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی، (د. حەمە مەنتک) لەم بارەیەوە لە وتارێکیدا بەناوی ڕۆژنامە وەک پێشمەرجی چیرۆکی کوردیدا دەڵێ: ((ئەوە دەسەلمێنم هەتا پەیدابوونی ڕۆژنامە چیرۆک بە واتا مۆدێرنەکەی لە دایک نابێت، بۆیەش چیرۆک بە واتا مۆدێرنەکەی، وەکو ژانرێکی نوێ بە هیچ شێوەیەک لەناو ئەدەبیاتی کۆنی کوردیدا نییە، تاکو ساڵی ١٩١٣ کە فواد تەمۆ لە ژمارە ٢و ٣ی گۆڤاری ڕۆژی کورد لە ئیستەنبوڵ نووسینێک بڵاودەکاتەوە و لەسەر نووسینەکە دەنووسێت چیرۆک، کە یەکەم کەس بووە زاراوەی چیرۆکی لە ئەدەبی کوردیدا بەکارهێناوە))(مەنتک، ٢٠١٩، ١٦٩- ١٧٠). واتە بەشێکی زۆر لە شارەزایانی ئەدەبی کوردی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی چیرۆک پەیوەست دەکەنەوە بە دامەزراندنی چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری لە ئەدەبی کوردیدا، چونکە سەرهەڵدانی چیرۆک و وتار و ڕۆمان و ڕۆژنامە و توێژینەوە و زۆرشتی دیکە، کە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەرکەوتن، پەیوەندی بەو ڕەوتە نوێگەری و مۆدێرنیتێ-وە هەبوو، تەنیا ئەم پەیوەندیانە وای کرد، کە ئەم فۆڕمە نوێیانە لە ئەدەبی کوردیدا دەرکەون، لەگەڵ ئەوەشدا وەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێکردوون، بەشێکی دی لە شارەزایانی ئەدەبی کوردی سەرهەڵدانی چیرۆکی کوردی دەگێڕنەوە بۆ بەر لە ڕۆژنامەگەری کوردی، هەر یەک لە دەقی (مەم و زینی مەلا مەحمودی بایەزیدی و مەولود نامەی شێخ حسێنی قازی)ی بە بەڵگە دەهێننەوە، بەم شێوەیە چەندین بیروڕای جیاواز هەیە، لەسەر سەرهەڵدانی چیرۆکی کوردی، کە لە قۆناغەکانی دواتردا چیرۆک ڕێڕەوی خۆی وەرگرت.

سەرهەڵدانی کورتە چیرۆک لە ئەدەبیاتی جیهانیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە و لەسەر دەستی ((ئەدگار ئەلان پۆی ئەمەریکی و کی دی مۆپاسانی فەرەنسی و چیخۆفی ڕووسی قاڵبی هونەری خۆی وەرگرت و ڕێچکەی تایبەتی خۆی دۆزییەوە))(گەردی، ١٩٨٧، ٤٧). کەواتە کورتە چیرۆک یەکێکە لە ژانرە ئەدەبییەکان، زادەی بیر و هۆشی نووسەرەکەیەتی، وەک زۆربەی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژئاوا.

توێژەران دەیان پێناسەی جیایان بۆ کورتە چیرۆک کردووە، (د. تاهیر ئەحمەد مەککی) دەڵێ: ((چیرۆک حیکایەتێکی ئەدەبییە، هەستی پێدەکەیت و دەیگێڕیتەوە، تا ڕادەیەک کورتە و پلانێکی سادەی هەیە، ڕووداوێکی دیاریکراوە لەبارەی لایەنێکی ژیان، بەڵام وەکو ڕووداوە ئاسایی و لۆژیکییەکانی ژیان نییە، بە گوێرەی ڕوانینێکی نموونەیی و سیمبولئامێز، پەرە بە ڕووداو و ژینگە و کەسەکان نادات، بەڵکو ڕووداوێکی پڕ مانای گەورە لە کات و ساتێکدا کورت دەبێتەوە))(کۆمەڵێک

نووسەر، ٢٠٢١، ٣٥-٣٦). واتە ڕووداوەکانی نێو کورتە چیرۆک بە جۆرێک دادەڕێژرێن، کە گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی هونەری بەرجەستە دەکرێن، وا لە زەین و هۆشی خوێنەر دەکات، بە جۆرێک کاریگەری لەسەر بیری دروست دەکات، چێژی پێدەبەخشێت و لە هەست و هۆشیدا دەمێنێتەوە.

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ژمارەی ئەو چیرۆکانەی بڵاوکراونەتەوە بریتین لە (١٠) چیرۆک، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە چیرۆکنووسانی کورد هەوڵیانداوە ئەو ئامانجەی دەیانەوێت بیگەیەنن بەخوێنەری کورد لە دوو توێی ناوەڕۆکی چیرۆکەکانیاندا، بەتایبەت ئەو بەسەرهات و ڕووداوانەی، کە لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا ڕوودەدەن، خستنەڕووی کێشە و گرفت و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و پێشاندانی لە بەرگێکی چیرۆکدا.

لە ژمارەکانی (٨٧ و ٨٨، ساڵ: ١٩٦٠)ی ڕۆژنامەکەدا چیرۆکێک بەنێوی (شەڕی کەو و مار) بڵاوکراوەتەوە، ئەم چیرۆکە ناوەڕۆکێکی پەیامداری هەیە، کە تێیدا نووسەر لەوێدا بە جوانییەکانی سروشت سەرسامە و دەڵێ: ((کاتێ گەیشتینە لوتکەی چیا و شوێنی ڕاو، کەوێک کە لەلای ژوورمانەوەیە، ویستم تاپڕێکی پێوەبنێم، بەڵام دیم کەوەکە نزیکە و هەڵنافرێ و لێی نزیک بوومەوە، کەمێک چوو بەولادا و کە نزیکتر بوومەوە لە هێلانەکەی، بینیم ڕەشمارێکی گەورە لە ژێر بەردەکە و لە تەنیشت هێلانەکەیەتی و ڕاکشاوە، دەستم نا بە تاپڕەکە و گولەیەکم پێوەنا، مار لەگەڵ تەپ و تۆز تلایەوە و دەستی بە خۆپێچان کرد ... کەوی بەستەزمان لە تەقەی تفنگەکە نزیکەی دە مەترێک فری و بەسەر بەردێکی بەرزەوە، کە چاوی لە کارەسات بێ نیشتەوە، کە دەبوو زۆر زیاتر دووربکەوێتەوە، ئینجا منیش لەسەر بەردەکە هاتمە خوارەوە، سەیری ژێر بەردەکەم کرد، دیم هێلانەیەکی لێیە و برێ هێلکە کەوی تیایە، ئینجا بۆم ڕوون بۆوە ئەو مارە پیسە بۆ خواردنی ئەو هێلکانە هاتووە، ...)) وەک وتمان ئەمە چیرۆکێکی واقیعی پەیامدار و مەبەستدارە، نووسەر دەیەوێت ئەم ڕووداوە بە گوێی خوێنەرانی کوردیی ڕۆژنامەکە بدات، واتە لە ڕێگای ئەم کورتە چیرۆکەوە نووسەر جۆرێک لە ئیحای ژینگە پارێزی دەدات بە گوێی خەڵکیدا، کە بوونەوەرەکانی دیکەش وەک مرۆڤەکان ژینگە و بوون و ژیانی خۆیان خۆشدەوێ، هێلانە بۆ مرۆڤ بریتییە لە وڵات و زادگا و نشتیمان، کە هێلانە وەک شوێنێکی بچوککراوەی زێدئاسایە، چەندە بەرگریکردن لێی لەلایەن گیانلەبەرانەوە ئەرکێکی گرنگە، کە گیانلەبەرانی بێزمان بە گیانی خۆیان بەرگری لە زێد و ژینگە

سروشتکردەکانی خۆیان دەکەن، لە هەمبەر هەموو جۆرە هەڕەشە و مەترسییەک، کە ڕووبەڕووی هێلانەکانیان دەبنەوە، هەر بەو جۆرە پێویستە مرۆڤەکانیش وانە و ئامۆژگاری لێوەربگرن.

لە (ژ١٥١، ل٤، ساڵ: ١٩٦٢)دا چیرۆکێکی دیکە بەنێوی (راوە ئاسک) بڵاوکراوەتەوە، ئەم چیرۆکەش بە هەمان شێوە باسی ڕاو وەک دیاردەیەکی دژە ژینگەیی دەکات، نێوەڕۆکەکەی باسی کۆمەڵێک ڕاوچی بێویژدان دەکات، کە لە پێناو چێژی خۆیان کەتوونەتە کوشتن و لەنێوبردنی گیانداران.

لە (ژ١٥٨، ل٢، ساڵ: ١٩٦٢)دا چیرۆکی (شێخ مرتضی- جن گیر ئەتوانی...؟) بڵاوکراوەتەوە، چیرۆکێکی واقیعی کۆمەڵایەتییە، دەچێتە چوارچێوەی ئەو چیرۆکانەی هەڵگری ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی پەیامدارن، ((دەنگی سۆتی "ئامبولانس" بانگی بوو، کە قەومانی پێشهاتێکی ناگەوار و هێنانی نەخۆشێکی رائەگەیاند، بیمارێکیان لە حاڵەتێکی زۆر مەترسیداردا هێنابوو بۆ نەخۆشخانە، ئەویان بردە هۆڵی عەمەل... کارەساتێکی سەرسام و هاوار و مەترسیداربوو، حاڵی هێندە مەترسیدار، کە سەدی یەک زۆتر هیوا بۆ ڕزگاری نییە، لە پزیشکەکان دەپاڕایەوە کە ئەو بیمارە ڕزگار بکەن، ئەوی بانگکردە لای خۆیی و پێی وت ئەوەی لە دەستمان بێت دریخی ناکەین ...، پێی وت جەنابی دکتۆر دایکم بەدەستی "شێخ مرتضی جن گیر" ئەوی بەم جۆرە بۆ لای مەرگ کێشا...، وتی جەنابی دکتۆر من ئەوم لە گیانی خۆم خۆشتر ئەویٚ، ڕۆژێک کە خێزانم ئازاری هەبووە، دایکم بردوویەتی بۆلای شێخ مرتضی و وتیەتی بایە و دەرمانی داوەتیٚ و دایکیشم کە زۆر باوەڕی بەو شێخە هەیە، ناچاربووم بەگوێی بکەم))* چیرۆکبێژ لەم تێکستەدا کارەکتەری سەرەکییە، کە لەوێدا پەیامەکەی خۆی بە دید و گوێی خێنەرانی دەگەیەنێت، کە چۆن خێزانەکەی دەسخەڕۆی دابونەریتی دواکەتووی کۆمەڵایەتین، پشت بەستوو بەو چینەی کۆمەڵگا لە شێخ و بەنێوی مەلا و فالچی ...هتد، خراپ بەکارهێنانی دین، ئەمانە، کە چۆن خەڵکی ڕەش و ڕووت و هەژار و نەخوێندەوار و بەدبەختی کۆمەڵ دەکەونە داوی ئەم جۆرە کەسانە و دووجاری گرفتیان دەکەن، کە چۆن خێزانەکەی بە قسەی دایکی

* چیرۆکی (گوڵچین) کە لەلایەن (قەدری جان)ەوە نووسراوە، هاوشێوەی هەمان کەیسی چیرۆکەکەی ؛( شێخ مرتضی جنگیر)ە و بە هەمان شێوە چیرۆکێکی پەیامداری هزرییە، باسی دوو کارەکتەر:(گوڵچین و شێخ سەدەق) دەکات، لە کاتێکدا گوڵچین هانا بۆ شێخ سەدەق دەبات، کە گیروگرفتەکەی بۆ چارەسەر بکات، تا باوکی نەیدات بە پیاوێکی پیری ئاغای گوندێکی هاوتەمەنی رکابەری خۆی، کە ئاغای گوندێکی دراوسێیانە، بەڵام شێخ سەدەق ئەم هەلە دەقۆزێتەوە، لە جیاتی یارمەتیدانی گوڵچین و چارەسەرێک بۆی، پەلاماری شەرەفی کچەکە دەدات و ئەنجامێکی تراژیدیایەنەی بەسەردێنێت. بڕوانە (دەوڵەت، ٢٠١١، ١٤٤).

دەرمانی شێخ مرتضی جنگیریان داوەتێ، کە دووچاری گرفتیکی گەورەی تەندروستیان دەکات و خێزانەکەی بەرەو لێواری مەرگ دەبات، بێبەشیان دەکات لە خۆشییەکانی ژیان، ئەم چیرۆکە ئاماژەدانە بە دیاردەیەکی دواکەوتووی کۆمەڵ، دەبینین نەخۆش لە جیاتی سەردانی دکتۆر و وەگرتنی چارەسەری پێویست و ئەنجامدانی پشکنین، بەڵام خەڵکی پەنا دەبەن بۆ لای ئەو جۆرە کەسانە و بەنێوی دەوا و چارەسەرەوە، دووچاری دەیان دەردەسەری و نەهامەتی جۆرا وجۆر دەبنەوە.

چیرۆکەکە ڕەگەزە هونەرییەکانی تێدایە وەک (دیالۆگ)، بەڵام دیالۆگەکان بەشێوەی گێرانەوەی (سەرد)ی داڕێژراون، چیرۆکبێژ خۆی دەیگێڕێتەوە.

ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکانیش ڕووداوی زۆر سادە و سەرەتایین و لە چوارچێوەی ڕووداو و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی وەک: (ڕاو و پاراستنی ژینگە، خراپی و کێشەکانی ژنان لەنێو ماڵ و کۆمەلگا، دوژمنداری، خۆشەویستی، فێڵ و تەڵەکەبازی، ساویلکەی خەڵک و فێڵی شێخ و هاوپیشەکانی ...هتد). واتە بەشێک لە نێوەڕۆکی چیرۆکەکان دوورن لە خەیاڵ و خورافیاتەوە، نووسەران سوودیان لە ڕووداوە واقیعییەکانی ژیان وەرگرتووە، بۆ داڕشتنی چیرۆکەکانیان و گەیاندنی ئامانج و مەبەستی خۆیان، ئەمانەش ناونیشانی ئەو چیرۆکانەیە، کە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراونەتەوە وەک:

- هەڕاڵە و زەمزەمە: ژمارە (٢)
- فرمێسکی نائومێدی: ژمارە (١٠٤).
- پەپولەی پەڕوباڵ سوتاو: ژمارە (١٢.٤).
- لە نێوان مردن و ژیان: ژمارە (١٦٨) تەواو نەکراوە.
- مەلا پیرە: ژمارە (١٨٢).
- کوڕ: ژمارە (١٨٤).
- ناوی گەورە: ژمارە (٢٠٩).

لەڕووی تەکنیک و زمانەوە چیرۆکەکانی ڕۆژنامەکە بە زمانێکی سادە و ڕەوان و بێ گرێوگۆڵ و ڕەوان نووسراون، ئەم بەکارهێنانی زمانێکی سادە و ساکار لە تەواوی چیرۆکەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، ڕەگەزەکانی وەک (گفتوگۆ و مۆنۆلۆگ و وەسف) لە پێشاندانی ڕووداو و کەسێتییەکانی نێو چیرۆکەکاندا دەبینرێت، نووسەران بۆ گەیاندنی مەبەستی نێو چیرۆکەکانیان بەکاریان هێناون،

کە دەتوانین بڵێین چیرۆکەکان بە شێوازی گێڕانەوەی هەقایەتی فۆلکلۆریی داڕێژراون و نووسراون، واتە زمانی هەقایەتیی زاڵە بەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا.

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بەشێک لەو چیرۆکانەی بڵاوکراونەتەوە، نووسەرەکانیان دیارنین و ئاماژە بە ناوەکانیان نەکراون، هەمان بابەت لە (هەقایەت و پەخشانی ئەدەبی)، کە لە پارەکانی دواتردا ئاماژە پێدەکەین دووبارە دەبێتەوە، لە ڕاستیدا وەک توێژەران ئاماژەی پێدەکەن، ئەم شێوازەش پێشتریش دیاردەیەکی ڕۆژنامەوانیی بووە، کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا پێڕەودەکرا، بۆ نموونە (د. حوسێن حەبەش)[١] لە نامەی دکتۆراکەیدا بە ناونیشانی (ڕاپەرینا چاندا کوردی د گۆڤارا هاوارێ دا) ئاماژە ((بۆ ئەو دیاردە ڕۆژنامەوانییە دەکات، کە (میر جەلادەت عالی بەدرخان) بە ئامانجی کۆکردنەوەی نووسەران و شاعیران بە دەوری گۆڤاری (هاوار)دا پەنای بۆ بەکارهێنانی دەیان ناوی خوازراو بردووە و چیرۆکەکانی بەناوی دیکەوە بڵاودەکردنەوە، ئەمەش تەنیا و تەنیا لە پێناو ڕاکێشانی خامەی نووسەران و ئەدیبان بۆ خزمەت بووە بە گۆڤاری هاوار))(حەبەش، ١٩٩٩، ١٦٤). بەڵام ئەو ڕێگایەی، کە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە (کوردستان - تاران) بەگشتی و سەرنووسەری ڕۆژنامەکە هەندێک ڕێگەی دیکەیان پێشانی خوێنەرانی ڕۆژنامەکە داوە، ئازادن لەوەی ناوی خۆیان ئاشکرا بکەن یاخود ئاشکرای نەکەن، هەر وەک ئەو دیاردەیەی، کە ڕۆژنامەکە خستوویەتیەڕوو، ئەویش بڵاوکردنەوەی بەرهەمگەلێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی بێ ناوی نووسەرەکانیان بەدەردەکەون.

## چیرۆکی وەرگێڕدراو:

چیرۆکی وەرگێردراو یەکێکی دیکەیە لەو ژانرە ئەدەبییانەی، کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا گرنگی و بایەخی پێدراوە، چونکە وەرگێڕان کاریگەری گەورەی لەسەر ڕەوتی بەرەو پێشچوونی ژانرە ئەدەبییەکان هەیە لە ئەدەبیاتی میللەتاندا، لەم ڕۆژنامەیەدا یەکێک لە چیرۆکە بەناوبانگەکانی ئەدەبیاتی جیهانی تێدا بڵاوکراوەتەوە، ئەویش بریتییە لە چیرۆکی (هەزار و یەک شەوە)، ئەم چیرۆکە لەلایەن ئەندامانی نێو دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکەوە بەشێوازێکی هونەری زۆرجوان، بە بێ ئەوەی مانا

[١]- (د. حوسێن حەبەش) نامەی دکتۆراکەی بە ناونیشانی (ڕاپەرینا چاندا کوردی د گۆڤارا هاوارێ دا) لە زانکۆی مۆسکۆ لەساڵی ١٩٨٢ بە زمانی ڕووسی نووسیوویەتی، پلەی باڵای وەرگرتووە، سەرپەرشتیارەکەی (قاناتێ کۆردییڤ) بووە.

هونەری و ئەدەبییەکەی تێکبچێت وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، لەبەر ئەوەی ئەم چیرۆکە بۆ چەندین زمانی جیاواز وەرگێردراوە و بە چەندین زمانی جیاواز نووسراوەتەوە، هەروەها بیروبۆچوونی شارەزایان لەیەکتر جیاوازە سەبارەت بەوەی، کە ئەم چیرۆکە سەرەتایەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کام زمان؟ وە سەرەتا لەنێو ئەدەبیاتی کام میللەتەدا سەری هەڵداوە؟ وە ئەمەش دەیان بیروبۆچوونی جیاواز بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەوڵدەدەین چەند بۆچوونێکی توێژەران لەم بارەیەوە بخەینەڕوو:

لەبەر ئەوەی نووسەر و کاتی نووسینی کتێبەکە دیارنییە، نازانرێت ئەسڵی کتێبەکە بۆ کەی دەگەڕێتەوە، هەر بۆیە ((قورسە بتوانین بە ئاسانی ڕاستی کتێبی هەزار و یەک شەوە بزانین بنچینە و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کوێ، چونکە نووسەرەکەی نادیارە و نەزانراوە، هەروەها کاتی نووسینەکە و شوێنی نووسینەکەشی دیارنییە، ڕووداوەکانی پەیوەندیدارن بە کۆمەڵێک چیرۆک و ئەفسانەوە، کە لە دەرەوەی سروشت و پسپۆڕی ئەدەب دان))(ولید جراآت، ٢٠١٢، ١٥٤).

(د. طه ندا) ئەسڵی چیرۆکەکە دەگێڕێتە بۆ ئەدەبیاتی فارسی و دەڵێ: ((بنچینەی چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە دەگەڕێتەوە بۆ کتێبێکی فارسی بە نێوی (هزار افسانە)، کە موسڵمانەکان لە سەدەی سێیەمی کۆچی وەریان گێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی، ئەم کتێبی هەزار و یەک شەوە لە ئەساسدا بابەتەکانی پشت دەبەستێت بە کۆمەڵێک چیرۆک و ئەفسانەی هیندی، واتا دەتوانین بڵێین چیرۆکی هەزار و یەک شەوە سروشتی ئەدەبیاتی چەندین وڵاتی پێوە دیارە، وەک: (فارسی و هیندی و عەرەبی)، واتە سروشتێکی ئەدەبیاتی فارسی هەیە، لەبەر ئەوەی دەگەرێتەوە بۆ کتێبی (هزار ئەفسانە)، وە سروشتێکی ئەدەبیاتی هیندی پێوە دیارە، چونکە بابەتەکانی پشت دەبەستێت بە کۆمەڵێک چیرۆک و ئەفسانەی هیندی، تەبعێکی عەرەبیشی هەیە، بە بەڵگەی ئەوەی، کە کۆمەڵێک چیرۆکی (هارونە ڕەشید) و (ابو نؤاس)ی تێدا باسکراوە، سەرەڕای ئەوەی، کە باس لە شارەکانی بەسرە و بغداد دەکات))(ندا، ١٩٩١، ١٦٠).

دوو زانای گەورەی عەرەب (المسعودی و ابن ندیم) پێیان وایە، کە: ((چیرۆکی هەزار و یەک شەوە لە فارسییەوە وەرگیراوە، بەڵام (ابن مسعودی) پێی وایە ئەسڵی کتێبەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبیاتی فۆلکلۆری، پاشان گۆڕانکاری و کاریگەری ئەدەبیاتی وڵاتانی بەسەردا هاتووە))(هلال، ؟، ٢١٥). هەرورەها (د. محمد غنیمی هلال) پێی وایە، کە: ((بەشێک لە کتێبی (هەزار و یەک شەوە) لە چیرۆکی (السندباد البحری) وەرگیراوە، کاریگەری ئەدەبیاتی یۆنانی پێوە دیارە بەتایبەت ڕووداو و

بەسەرهات و ئەفسانەکانی داستانی بەناوبانگی (ئۆدیسای) هۆمیرۆسی یۆنانی))(هلال، ؟، ٢١٦). کەواتە بیروبۆچوونەکان لە بارەی چیرۆکی هەزار و یەک شەوە زۆرن و جیاوازن لەیەکتر، هەر توێژەرە و لە ڕوانگەی کۆمەڵێک بەڵگەوە بۆ پێکهاتەی چیرۆکەکەی ڕوانیوە.

ئێمەش پێمان وایە، کە سروشتێکی (کوردی)شی هەیە، لەبەر ئەوەی کە سەیری سەرەتای ئەو دەقە وەرگێڕدراوە دەکەین، دەبینین لە سەرەتاکەیدا باسی پاشاکانی (ساسان) دەکات، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە دەگونجێت دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە هەر بەو مەبەستە وەریان گێڕابێت، بۆیە سەرەتاکەی بەوە دەست پێدەکات.

لە ڕوانگەی ئەو بەڵگە و بۆچوونە جیاوازانەی، کە دەربارەی ئەسڵی کتێبی (هەزار و یەک شەوە) خستماننەڕوو، دەتوانین بڵێین، کە ئەو کتێبە لە چوارچێوەی ئەدەبی قەومی گەلێک یان نەتەوەیەک دەرچووە، بەڵکو سنووری هەموو ئادابی هونەری و ئەدەبی گەلانی جیهانی بریوە، بە بەڵگەی ئەوەی کە وەرگێڕدراوە بۆ دەیان زمانی جیهانی وەک: (فارسی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئینگلیزی، عەرەبی، هیندی، کوردی، هەتا بگرە زمانی چینیش، ..هتد)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەم کتێبە کاریگەری درووستکردووە لەسەر ئەدەبیاتی هەر یەک لەو وڵاتانەی، کە کتێبەکەی بۆ وەرگێڕدراوەتە سەر ئەو زمانە.

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا چیرۆکی (هەزار و یەک شەوە) لە ژمارە (١ تاوەکو ١٥٤) بەردەوام بووە و بڵاوکراوەتەوە، ئەم چیرۆکە ( سەد و سی و یەک) شەوی لێ بڵاوکراوەتەوە، چونکە چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە کۆمەڵێک حیکایەتن، کە بە دوای یەکدادێن، بە شێوەیەک لە هەر شەوێکدا بەشێک دەخوێنرێتەوە.

لە (ژ٢، ل٥، ١٩٥٩)دا بڵاوکراوەتەوە، لە سەرەتای چیرۆکەکەدا و لە شەوی یەکەمدا بە بەسەرهاتی (شەهرباز و شازەمانی برای) دەست پێدەکات: ((وەها ئەگێڕنەوە، کە پاشاکانی هۆزی ساسان (ساساڵ) بەسەر دوورگەکانی هیند و چینا حوکمی ئەکرد، وە دوو کوڕی نەبەز و زانای بوو، یەکێکیان ناوی شەهرباز و ئەوی تر ناوی شازمان بوو، شەهرباز کە برا گەورە بوو، بەهۆی دادگەری و نەبەزییەوە دنیاییکی گرت و شازمانی برای پاشای سمرقند بوو، وە هەر دووکیان ماوەی بیست ساڵ لە پایتەختی خۆیانا بە شادی ڕایان بوارد، لە پاشان شەهرباز ئارەزووی چاوپێکەوتنی براکەی کرد، بە وەزیری خۆی فەرمانی دا، کە بڕواتە شوێنی براکەی و دەنگی بکا کە بێت بۆ لای، وەزیر ڕۆیشت و پەیامی شەهربازی بە براکەی ڕاگەیاند، وە براکەی کاروبارەکەی وڵاتی خۆی سپاردە

وەزیری خۆی و لەگەڵ وەزیری براکەیا لە شار هاتەدەر، شەو کەوتە بیری کە ئەو گەوهەرەی کەوا هەڵی بژاردووە بیبا بۆ براکەی بەجێ ماوە، ناچار بەپەلە لەگەڵ دوو کەس لە گەورە نۆکەرەکانی خۆیا گەرایەوە نێو شار، لە ڕێگای کۆشکەکەی چاوی بە ژنەکەی کەوت، کە لە باخەڵ قولە ڕەشێکدا خەوتووە، دونیا لەبەر چاوی تاریک و ڕەش بوو)).

## پەخشانی هونەری:

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کە ئەدەب دابەشی چەندین ژانری جیاوازی شیعر و پەخشان کراوە، ئاماژەمان بۆ ئەوە کردووە، کە ژانرە پەخشانییەکان کە بەشی دووەمی ئەدەبن، دابەشی چەندین جۆر ژانری جیاوز دەکرێن، بەڵام ئەم وشەیە زاراوەی پەخشان ((لەڕووی فەرهەنگییەوە بەمانای بڵاودێت و لەڕووی زاراوەوە: بەواتای نووسینی بێ کێش و سەروا دێت))(طه، ٢٠٠١، ١٠٥). بەڵام پەخشان پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە وەک: ((پەخشان بەو واتایە ئەڵێن کە هەست و هۆش لە شێوەیەکا پیشان بدا و نەشبەسترابێتەوە بە کێش و سەرواوە))(فەتاح، ٢٠٠٤، ٩٧). یان ((پەخشان بەو قسە و ڕستەیە ئەوترێ کە هۆش و هەستی مرۆڤ پیشان بدا و بێبەش بێ لە کێش و سەروا))(سەجادی، ١٣٩٣، ١٢١). ئەمانە و دەیان پێناسەی دیکە بۆ پەخشان کراوە، کە واتا و مەبەستی پێناسەکان لەیەکەوە نزیکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی پێناسەکان ئاماژە بۆ نەبوونی کێش و سەروا دەکەن، بەڵام بەشێک لە پەخشانە ئەدەبییەکان بە شێوەی پەخشانی سەروادار دەنووسرێن، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی عەقڵ و مەنتیق زاڵە بەسەر هەستەکاندا، بە شێوەیەکی ڕوون و ڕەوان ڕاستییە بابەتییەکان دەخاتەڕوو، لە پەخشاندا نووسەر خۆی نابەستێتەوە بە چوارچێوە و قاڵبێکی دیاریکراو، خۆی بەدوور دەگرێت لە وشەکاری و بەشێوەیەکی شیکاریانە بابەت و بیر و مەبەستەکەی بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو.

پەخشان دابەشی دوو ژانری سەرەکی دەکرێن وەک (پەخشانی زانستی و پەخشانی ئەدەبی و هونەری)، کە یەکەمیان زمانی پەخشانێکە ڕاستییە زانستییەکانی پێ دەردەبڕدرێ، وەک کتێبەکانی زانستی (بیرکاری و کیمیا و فیزیا ...تاد) ئەم جۆرە لە ژانری پەخشان دوورە لە هەست و سۆز و ئەندێشەی نووسەرەوە، ئامانجی سەرەکی ئەم جۆرە پەخشانە گەیاندنی زانست و زانیارییە، نووسەر خۆی بەدوور دەگرێت لە وشەکاری و هەستە خودییەکان، بەڵام جۆری دووەمیان کە ئێمە

مەبەستمانە، جۆرە پەخشانێکە کە ڕەنگدانەوەی هەست و خەیاڵ و بیری نووسەرەکەیەتی، نووسەر کاریگەری لەسەر پەخشانەکەی هەیە و هەستی بەرامبەرەکەی دەبزوێنێت و کاریگەری لەسەر دروست دەکات، چێژی پێدەگەیەنێت، ئەمەش بەهۆی دەربڕینی سەرنج ڕاکێش و چنینێکی باش و سوود وەرگرتن لە ناوەڕۆکەکەی.

لەڕۆژنامەی کوردستاندا چەندین پارچە پەخشانی هونەری تێدا بڵاوکراونەتەوە، کە بەشێوەیەکی هونەری سەرنجڕاکێش نووسراون، ژمارەیان بریتین لە (١٨) پارچە پەخشان، بۆ نموونە لە (ژ١١٨، ل٤، ١٩٦١)دا ئەم پارەچە پەخشانە هونەرییە بە ناونیشانی (وتووێژ لەگەڵ وەنەوشە) بڵاوکراوەتەوە و دەڵێ: ((ڕۆژێکی بەهاری سەرسبەینێیکی هەوا ساف بەسروەی نەسیمی بەرەبیانەوە لەخەو هەستام، دیمەنی ڕەنگا و رەنگی سروشت، کە وەکو بوکی نەخشا و بە هازار ڕەنگە خۆی ڕازاندبوەوە هەڵی جواندم، بێ ئەوەی بزانم بۆ کوێ ئەچم، کەوتمە گوێی چەم، فەرشی مەخمەڵی پاچپا و گوڵی ڕەنگا و ڕەنگ کە هەر یەکە بە زمانی حال ڕازێکیان ئەگێراوە دڵی بردم، هەموو سەوزەگیای چەمەن زار و لاشیوەڵ ملوێنکی مرواریيان کردبووە مل، هەڕاڵە بڕەم فرمێسکی لەلاچاو وەستاو، شەونم لەسەر پەڕەی گوڵی (گاکوڕاڵ) ئارەقی سەر گۆنای نازداران و نازک نەوهالان ئەخاتەڕوو)). نووسەر بەشێوەیەکی هونەری زۆر جوان وەسفی بەری بەیان و شەونم و گوڵ و وەنەوش دەکات.

لە (ژ١٣٦، ل٣، ساڵ: ١٩٦١)دا (عابد- سراج الدینی) لە پارچە پەخشانێکی کورت و سەرنجڕاکێشدا بە ناونیشانی (خەزان) تێیدا دیمەنێکی جوانی خەزانی پایز دەخاتەڕوو، وەسفێکی ئەو ڕاز و نیازانە بەیان دەکات و دەڵێ: ((ئێستا کاتێ کە دۆڵەکانی کوردستان یەخ بەندانیان کردووە، لا ژووری شاخەکان کڵاوی مرواری ڕەنگیان ناوەتەسەر، درەختی لادۆل بە واڵای ڕەنگا و ڕەنگی خەزان خۆیانیان ڕازاندۆتەوە، دڵێ هەزار دل حەیرانی پۆشاکی درەخت ئەبێت، بڕێکی زەرد هەڵگەڕاو ئەیەوێ ماڵئاوایی بکات، وە ژیانی کورتی خۆی لەدەست بدات، حەسرەتی جیایی لە چارەیا بە چاکی خۆی ئەنوێنێ، بڕیکی دیکەشیان سور هەڵگەڕاون لە کاتی بێ هیوایدا)).

هەروەها ئەم پەخشانانەش لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراونەتەوە، وەک:

- ژمارە (١٢١) بولبولی بێلانە.
- ژمارە (١٤١) هەسونە و زێڕینە.
- ژمارە (١٤٢) شەوبا.

- ژمارە (١٤٦) داوێنی کۆسار.

- ژمارە (١٧٦) پەلەی پایز.

- ژمارە (١٨٢) دیمەنی کوردستان.

## شانۆنامە:

لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان بە دراما و شیعری درامی و مێژووی سەرهەڵدانی شیعری درامی لە ئەدەبیاتی جیهانی و ئەدەبیاتی کوردیدا کردووە، ئاماژەمان بە یەکەمین و سەرەتای درامای کوردی کرد، هەروەها لە بەشی دووەمدا ئەو شیعرە درامیانەمان خستەڕوو، کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دراما یاخود شانۆ تەنیا لە قاڵبی شیعردا نەماوەتەوە، بەڵکو ئەم ژانرە گەورەیەی ئەدەب بەشێوە ژانری پەخشان نووسراوەتەوە، ئەم ژانرە گەورەیە هەر لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا پێگە و گرنگی خۆی پاراستووە، ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە سەردەمە جیاوازەکاندا بۆ دەربڕینی هەست و چالاکی و هەڵوێستی مرۆڤ بەرامبەر دیاردە جیاوازەکانی سروشت و کۆمەڵگا و ئەو ژینگەیەی کە تێیدا ژیاوە.

لەبەر ئەوەی شانۆ بەشێکە لە چالاکییە کردەییەکانی مرۆڤ، شانۆ هێز و کاریگەرییەکی بەهێز و گرنگی هەیە لەسەر توانا و تایبەتمەندییەکانی لەنێو ژینگە و کۆمەڵەکەیدا، زۆر جار توانای کۆمەڵگا لە شانۆ و شانۆگەریدا پەیوەست دەکرێن بە توانا و ئاستی ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگایە، چونکە شانۆ بەشێکی گرنگی ژانرە ئەدەبییەکان پێکدەهێنێت، لە ڕێگای گفتوگۆی نێو شانۆوە بەدوای کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و نەهامەتییەکانی کۆمەڵدا دەچێت، کاریگەری لەسەر توانای ڕۆشنبیری و فکری تاک هەیە، کەواتە: ((شانۆگەری هونەری دەربڕینی کۆمەڵێک بیرۆکەی تایبەتە بە ژیان، بە شێوەی وێناکردنی ئەو گوزارشتکردنەی، کە دەتوانرێت ڕوونبکرێتەوە بە هۆکاری ئەکتەر و نمایشکارەکانی ناو شانۆگەرییەکە، وە بەشێوەیەکە کە کاریگەری دروستبکات لەسەر دڵ و دەروونی جەماوەر، وە شانۆگەری جیادەکرێتەوە بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، وەک:

١- دەنووسرێتەوە بۆ ئەوەی وێنا بکرێ لەسەر شانۆ.

٢- پشت دەبەستێت بە گفتووگۆ نەک گێڕانەوە، ئەمەش بە پێچەوانەی چیرۆکە.

٣- دابەشدەکرێت بەسەر چەند بەشێکدا وەک: پێشەکی و ناوەرۆک و ئەنجام و کۆتایی))(مصطفی و علی، ١٩٨٩، ١٤٤).

گفتوگۆ خاڵی گرنگی شانۆیە و جیاکەرەوەی نێوان شانۆ و چیرۆکە، هەر وەک (د. محمد غنیمی هیلال) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێ: ((چیرۆک وەک شانۆ وایە و وەکو یەکن، چونکە هەردووکیان ڕووداو لەخۆ دەگرن، بەڵام چیرۆک گرنگی بە وەسف دەدات، وەسفی ژیان و کەسایەتییەکان و ڕووداوەکان دەکات، هەروەها گرنگی بە کێشەی دەروونی کەسایەتییەکان لە ڕوانگەی بەدیهێنانی کارەکانیانەوە دەدات، بەڵام بە مانای نوێ چیرۆک گرنگی بە کاتی ئێستا دەدات، هەتا ئەگەر باسی ڕابردووش بکات، بەڵام شانۆ گرنگی بە گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان دەدات، چونکە گرنگی شانۆ لە گفتوگۆدا دەردەکەوێ))(هلال، ١٩٩٧، ٤٦٤).

نمایشکردنی یەکەمین شانۆ و دیاریکردنی لە ئەدەبی کوردیدا تا ئێستا بیروڕای جیاوازی شارەزایانی ئەم بوارەی لەسەرە، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە یەکەم نمایشی شانۆیی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نمایشانەی، کە لە قوتابخانەکان پێشکەش دەکران، (حەمە کەریم هەرامی) نمایشی یەکەمین شانۆیی دەگەڕێنێتەوە بۆ ((شانۆگەری (قەرالیچە) لە ساڵی ١٩٢٢ لە شاری سلێمانی پێشکەش کراوە))(هەورامی، ٢٠٠١، ٢٩٢). بەڵام (د. فەرهاد پیربال) نمایشی یەکەم شانۆ ((دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٥ بەناونیشانی شانۆگەری (میری دیل) لە شاری هەولێر نمایشکراوە، ڕەنگە بە زمانی عەرەبی بوبێت))(پیربال، ٢٠٠١، ٦٩). یان دیاریکردنی نمایشی شانۆیی ((شانۆگەری علیم و جەهل- لولا المحامی) لەلایەن مامۆستایان و قوتابیانی مەکتەبی یەکەمەوە (ئەوەل) لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٦ پێشکەشکراوە))(عەزیز، ٢٠٠٩، ٨٩). ئەمانە و دەیان بۆچوونی دیکە هەیە دەربارەی یەکەم نمایشی شانۆیی.

شانۆ لە کۆمەڵێک ڕەگەزی ئەدەبی گرنگ پێکدێت، وەک:

- کەسایەتی یان (کارەکتەر ئەو کەسانەی کە ڕۆڵدەگێڕن و ڕووداوەکان دەخوڵقێنن بڕبڕەی پشتی شانۆیە).

- گرێ (واتا قوڵبوونەوەی ڕووداوەکان و خستنەڕووی کێشەکان).

- ململانێ (کێشەی شانۆگەرییەکە، ئەو شانۆگەرییەی ململانێی تێدا نییە، بە شانۆگەرییەکی چەقبەستوو دادەنرێ).

- بیرۆکە (مەبەستی نووسەری شانۆیە لە پێشاندانی لایەنێک لە لایەنەکانی ژیان).

- گفتوگۆ (بەرەو پێشچوونی شانۆگەرییەکە و پیشاندانی ناواخنی کەسایەتییەکانە). بە هەموو ئەم ڕەگەزانەش هەیکەل و پەیکەری شانۆگەری پێکدەهێنن. بڕوانە (عەزیز، ٢٠٠٩، ١٨-٧١).

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا دوو شانۆنامەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، یەکەمیان بە ناونیشانی (نمایشنامەی زەماوەندی- سەید یعقوب- فیروزە و فەرهاد) ئەم نمایشنامەیە لە پێنج پەردە پێکهاتووە، لە (ژ٧٠ تاوەکو ژ٧٤، ساڵ: ١٩٦٠)دا بڵاوکراوەتەوە، کۆمەڵێک کارەکتەر ڕۆڵی تێدا دەگێڕن، وەک:

- سید یعقوب

- حاجی مراد باوکی فیروزە

- فیروزە

- فەرهاد

- کەلانتەر ڕەفیقی حاجی مراد

- نجف نۆکەری سەید یعقوب

- کلاوزەر کارەکەری فیروزە

- خالۆ حەمە مرادی کەمانچەلی

- شێخ جەمال مەلای مارە بڕ

ڕووداوەکان بەشێوەی گفتوگۆ لە نێوان کارەکتەرەکاندا دەست پێدەکات، واتا گفتوگۆ بنەمای سەرەکی شانۆنامەکەیە، ڕووداوەکانی نێو شانۆگەرییەکە لە سەرەتادا بەشێوەیەکی سادە و ئاسایی دەست پێدەکەن، دواتر ڕووداوەکان دەبنە گرێ و ئاڵۆزدەبن و بەرەو لوتکە دەچن، واتە نووسەر بەشێوەیەکی هونەری ڕووداوەکانی بەیەکەوە بەستۆتەوە، کە چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤە، ڕووداوەکان پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە، جەخت لەسەر ڕووداوی سەرەکی دەکەنەوە، ئەویش بەیەکگەیشتنی دوو کارەکتەری سەرەکی ناو شانۆنامەکەیە کە (فیروزە و فەرهاد)ن،

ناوەرۆکی شانۆگەرییەکە باسی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ناشرین و دزێوی نێو کۆمەڵگای کوردی دەکات، ئەویش بەزۆر بەشودانی کچە، بە بیانووی هەژاری و نەبوونی بنەماڵە و خزمایەتی ...هتد، ئەمەش کورتەک لە ڕووداوەکانی نێو شانۆنامەکە:

((فیروزە: تۆ ئاگات لەچییە، کە لەم دڵی وێرانەی منا چۆن ئاگرێ هەڵگرساوە، من چیم لێ ئەبوورێ و چ حاڵێکم هەیە؟

کلاوزەر: نە وانییە ئەز قەزا من لە دەردی دڵی تۆ ئاگادارم، وە زۆر چاکیش ئەزانم کە چیت لێ قەوماوە، بەراستی فیروزە خاتون بەو ئیمامزادەی کولیایی قەسەم من هیچ ناهومێد نیم، عاقیبەت خودای میهرەبان تۆ و فەرهاد بەیەک شاد دەکات.

حاجی مراد: کچی خۆشەویستم هەزار کەڕەت پێم وتی: ئەبێ عیشقی ئەم هەتیوە لاتە سەروپێ پەتییە لە دڵ و مێشکی خۆت دەربکەی، ڕاستە کوڕێکی جوان و چاکە، بەڵام ئاخر هیچی نییە و لاتە ...)).

شانۆنامەی دووەم لە (ژ٩٤ تاوەکو ژ١٢٤، ساڵ: ١٩٦١) بڵاوکراوەتەوە، بە ناونیشانی (باوەژن و دایک و هەنەزا)، لە سێ پەردە پێکهاتووە، پەردەی یەکەم لە (ژ٩٤ تا ١٠٣)، پەردەی دووەم لە (ژ١٠٣ تا ١٠٨)، پەردەی سێیەم و کۆتایی لە (ژ١١٤ تا ١٢٣)، نووسەر شانۆنامەکەی بەشێوەیەک دارشتووە ڕووداوەکانی دابەشی سێ ئاست کردووە، وەک: (سەرەتا و دەستپێکی ڕووداوەکان، ناوەڕۆک و گرێ و هەڵچنینی ڕووداوەکان، وە کۆتایی شانۆگەرییەکە) ئەم شانۆگەرییە ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی هەیە، نووسەر مەبەستییەتی ئەو دیاردە خراپ و قێزەونە لە کۆمەڵگادا بخاتەڕوو، ئەویش (باوەژن یاخود زڕدایکە) هەمیشە ڕۆڵێکی خراپ دەبینن لە خێزان و کۆمەڵگادا، منداڵانی ژێردەستیان بەرەو لێواری سەرگەردانی و نەهامەتی دەبەن و بێ بەشیان دەکەن لە خۆشیەکانی ژیانیان، کارەکتەری سەرەکی ئەم شانۆگەرییە بریتین لە:

باوەژن: بەهەشت خان

کچ: گەلاوێژ

هەنەزا: پڕشنگ

باوک: قادر

ڕووداوەکانی بەم شێوەیە دەست پێدەکان: ((بەهەشت خان: گەلە گیان، ڕۆڵە هەست لەخەو درەنگە بۆ مەکتەن مامۆستاکان لێت زیزدەبن، چایی و خواردن ئامادەکراوە.

گەلاوێژ: ئای دایکەچیت لێم ئەوێ من خەوم دێت وازم لێبێنە.

بەهەشت: کاتێ گەلاوێژی کچی هەستا لە خەو، قیژاندی بەسەر پڕشنگدا و هەی پڕشنگی دایک گۆڕ بە گۆڕ، وەرە ژوورەوە گەلاوێژخان هەستاوە لە خەو، ئاوی گەرم و سابوونی بۆ بێنە با دەم و چاوی بشوات ...

پرشنگ: خەریکی خواردن ئامادەکردن و چایی لێنان و سازکردنی شتومەکە، بەپەلە دەڵێ وا هاتم، لەگەڵ ئەوەی کە زۆر ماندوو دەبێت)).

## پاری سێیەم/

## لێکۆڵینەوەی ئەدەبی:

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی یاخود ڕەخنەی ئەدەبی مەبەستی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە و پیشاندانی بەرهەم و ژانری ئەدەبی دەگەیەنێت، واتە ڕەخنەی ئەدەبی ((بریتییە لەو لێکۆڵینەوەیەی کە گرنگی دەدات بە ناساندن و پۆلێنکردن و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقە ئەدەبییەکان))(ڕەشید، ٢٠١٨، ١٢). ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی مێژوویەکی کۆنی هەیە، لەنێو ئەدەبیاتی جیهانی، بەتایبەت ئەدەبیاتی گریکی کۆن، بەڵام دەرکەوتنی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی بیستەم، یەکەمین کتێب کە دەربارەی ئەدەبی کوردی و بە زمانی کوردی نووسرابێت. بریتییە لە کتێبی ئەنجوومەنی ئەدیبانی (ئەمین فەیزی)، کە لە ساڵی ١٩٢٠ نووسیویەتی و لە ئەستەنبوڵ چاپکراوە، ئەمە یەکەمین سەرچاوە و کتێبی نووسراوی مێژووی ئەدەبی کوردییە، هەرچەندە زۆر لەپێش ئەم بەرهەمەدا لێکۆڵینەوە و ڕەخنە لە شیعری شاعیراندا دەرکەوتبوو، بەڵام بەشێوەیەکی کتێبی یەکەم بوو.

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی ئەدەبی تێدا بڵاوکراوەتەوە، ئەم لێکۆڵینەوانە لە لایەن هەریەک لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە (محەمەد سدیقی موفتی زادە، ئەحمەدی موفتی زادە، عەبدولڕەحمانی موفتی زادە) نووسراون، بەڵام پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ئەو شێوازی لێکۆڵینەوەیەی، کە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە بەکاریان هێناوە، لە کاتێکدا بەشێک لە ژیان و بەرهەمەکانی شاعیرانی کوردیان وەرگرتووە و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و بە دواداچوونیان بۆ کردوون، لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا هەریەک لە شاعیران (مەولەوی، بابا تاهیری هەمەدانی، حاجی قادری کۆیی، سالم، مەلای پەرێشان، دیوانی ملک حسین ...هتد) خراونەتە بەر تیشکی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی سەرەتایی بۆ شیعر و ژیان و بەرهەمی ئەو شاعیرانە کراوە، بەڵام دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوەکان زۆر سادە و ساکارن و نەچوونەتە ئاستی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلەوە و هەموو بوارەکانی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی نەگرتۆتەوە، ئەو شێوازەی کە (مامۆستا عەلائەددین سەججادی) لە نووسینی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا بەکاریهێناوە، لێکۆڵینەوەی لەسەر زۆربەی شاعیرانی کورد کردووە، بەشێک لە ژیان و بەرهەمەکانیانی خستۆتەڕوو، بە هەمان شێوە نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان هەمان شێوازی (مامۆستا عەلائەددین سەججادی)یان بەکارهێناوە

و پەیڕەوکردووە، لە شیکردنەوەو و هەڵسەنگاندنی ژیان و بەرهەمی شاعیران و زمانی ئەدەبی بەرهەمەکانیاندا، بەهەمان شێوە هەمان شێوازی لێکۆڵینەوەیان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا جێبەجێ کردووە، بەڵام لێکۆڵینەوەکانیش کەمتر نین لەو لێکۆڵینەوانەی کە لەو سەردەمەدا دەربارەی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی و بەرهەمی شاعیران هەبوون.

هەموو ئەو لێکۆڵینەوە ئەدەبیانەی، کە نووسەرانی ڕۆژنامەکە دەربارەی بەرهەمی شاعیران لە ڕۆژنامەکەدا بڵاویان کردوونەتەوە، ناچنە دوو توێی توێژینەوەیەکی ڕەخنەی زانستیانەی ئەدەبی، لەسەر بنەمای سیستەمی زانستیانەی تازە و پشتبەستن بە داتاکانی سیستەمی نووسینی لێکۆڵینەوەی زانستیانە نەبووە، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەدا بەکاردەهێنرێت، لێکۆڵینەوەکان دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی خودییە، زۆربەی کات لە شیکردنەوەکاندا دیدی ڕەخنەگر خۆیەتی، بەبێ هێنانی سەرچاوەی دیکە، کە دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوە سەرەتاکانی ڕەخنەیە لەو سەردەمەدا، کە جیاوازە لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەیی و زانستییەکانی ئەم سەردەمە.

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی ئەدەبی تێدا بڵاوکراوەتەوە، بۆ نموونە لە (ژ٢٦، ل٩، ساڵ: ١٩٥٩)دا بڵاوکراوەتەوە، لە شیکردنەوە و پێشاندانی ژیان و بەرهەمی بابا تاهیری لورستانی بەم جۆرە دەستپێدەکات و دەڵێ: ((بابا طاهیری هەمەدانی یەکێکە لە وێژەوانە کوردەکان، کە ڕۆژگار گەلێک ستەمی لێکردووە، بەڵام ئەو تیشکە خاوێنەی کە لە دوو بەیتییەکانی بابەی لوڕا خۆیان شاردووەتەوە دووای هەزار ساڵێ، مێژوونووسە گەورە و تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای خستە جموجۆڵەوە، هەڵی نان، کە لەبەر ڕوناکی ئەو تیشکانەدا، شوێن هەڵگەن و بزانن: ئایا چ هەتاوێکی پڕ نوور بوو، کە دوای ئەوە لە کەل چوو بەو دیوا، بەجارێ ڕوومەتی خۆی لە کوێستان و گەرمێن و خۆرەتاو و نسارەکانی کوردستان شاردەوە، بە هۆی ئەو تیشکانەوە، چرای شانازی لەبەر پێی گەلەکەیا ئەگرێ، ئالای سەربەرزی لە مەیدانی ئەدەب و حیکمەت و عیرفانا نەخشینە)). لە ژمارەکانی دواتردا بە دوورو درێژی و بە نموونەی شیعرییەوە، لە دایکبوون و زمانی شیعری و فەلسەفەی پشت دووبەیتییەکانی و عالەمی ڕووحی بابا تاهیر خراوەتەڕوو.

لە ژمارە (١ تا ٥، ساڵ: ١٩٥٩)دا ژیانی حاجی قادری کۆیی و چەند نموونەیەکی شیعری بڵاوکراوەتەوە: ((ناوی قادری کوڕی احمد، ناوی دایکی فاتێ بووە، لە ساڵی ١٨١٥ی زاینی، ١٢٣٦ی هجری، لە دێی گۆڕ قەرەج، کە دێیەکە لە باشووری ڕۆژئاوای شاری کۆیە هاتۆتە دونیاوە، هەر لە منداڵیەوە بابی لە دونیا دەردەچێ، حاجی لە فەقیەتیا بە هاوڕێیەتی مەلا عبداللەی جلی زادە، شاری

سلێمانی و سەردەشت و سابڵاخ و شنۆ و کەرکوک و هەولێر، بە شوێن خوێندنا ئەڕوا، حاجی کاتێ دەچێتە ئەستەنبوڵ لەوێدا بووە بە مامۆستای کوڕەکانی بەدرخان پاشا، بەو بۆنەوە ئەستێرەی بەختی درەوشایەوە ...، لە تەمەنی ٧٧ ساڵی و لە ساڵی ١٣١٣ی هجری هەر لە شاری ئەستەنبول کۆچی دوای کردووە و لەوێ نێژراوە)).

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا وەک وتمان کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە دەربارەی ژمارەیەک لە شاعیران کورد کراوە، وەک:

- حاجی قادری کۆیی، ژمارە (١ تاوەکو ٥).
- سالم، ژمارە (٦ تاوەکو ١٢).
- لێکۆڵینەوە و کورتە باسی زانایان و شاعیرانی کورد، ژمارە (١٣ تاوەکو ٢٥).
- بابا تاهیر، ژمارە (٢٥ تاوەکو ٦٩).
- مەلا پەرێشان، ژمارە (٥٢ تاوەکو ٦٩).
- مەولەوی تاوەگۆزی، ژمارە (٢٩ تا وەکو کۆتا ژمارە کە ٢٠٩)یە.
- کنز العرفان، دیوانی (میر محمد صالّح حسنی) ژمارە (٥٨ تاوکو ١٦٥).
- ملک حسین، ژمارە (٩١).

## نامەی ئەدەبی:

نامە یەکێکە لە ژانرە ئەدەبییەکان، دەبێت بە زمانێکی ئەدەبی نووسرابێت و سۆز و ئەندێشە و خەیاڵی تێکەڵکرابێت، هەر لە زووەوە لەنێو ئەدەبیاتی جیهانیدا سەری هەڵداوە، بەتایبەت ئەو نامانەی، کە بە زمانێکی ئەدەبی و هونەری نووسراون، نامە یەکێک بووە لە سەرچاوەکان بۆ ڕوونکردنەوەی پێشهات و هەقیقەتی ڕووداوەکانی سەردەمەکەی، سەرهەڵدانی نامەنووسین بەشێوەی پەخشان لە ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە بزافی ڕۆژنامەگەری کوردی، بەڵام ((بە زمانی کوردی نەبوون، بەڵکو بەزمانی عەرەبی و فارسی بوون، بەڵام نووسینی نامە بە زمانی کوردی و سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ دەرچوونی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە))(غفور، ٢٠١٥، ١٦٧). بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە

بزانین، کە بەهۆی ئەوەی، کە کورد لە مێژووی ژیانی ڕابردوویدا، لەبەر ئەوەی کیان و قەوارەیەکی سەربەخۆی نەبووە، بەردەوام خاکەکەی داگیرکراوە، هەموو ئەو بارودۆخە سیاسی و سەربازی و ئابوورییانەی، کە لە کوردستاندا بوونی هەبووە، وای کردووە، نەک تەنیا نامە، بەڵکو زۆرێک لە ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکانی لەنێو بچێت و بفەوتێت، بەڵام لەم سەردەمەدا بەهۆکاری ئەوەی، کە هۆیەکانی پێوەندیکردن زۆر بوون و بەئاسانی دەتوانرێت پێوەندیی بەیەکدییەوە بکرێت، نامەنووسی ئەو ڕۆڵە گرنگەی جارانی نەماوە.

نامەنووسین چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، بە چەند چەشنێک گوزارشتی لێکراوە: ((دەسکێ هۆش و بیرێکە بە جۆرێکی سەرزاریی یان نووسراو، بە شێوەیەکی ئاسایی یان هونەرانە، لە یێکێکەوە، لە کۆمەڵێکەوە، لە دەزگەییکەوە بۆ ییکێ، لایێ دەنێردرێت، مەبەستیشی خولقاندنی پێوەندی، ناسیاریی، لێک حاڵی بوون- بە چاک و خراپەوە- و شارەزاییە))(محەمەد، ٢٠٠٤، ٤٩). یان نامەی ئەدەبی واها دەخرێتەڕوو کە ((ئەو ئاخاوتنەیە کە دەنگت ناگاتە یەکێک ڕووبەڕوو قسەی لەگەڵ بکەیت، جا دێی بە نووسین یان ڕاسپاردنی یەکێکی تر بە زار پێی ڕادەگەیەنیت))(محمد، ١٩٨٩، ١٢٣). واتە ڕۆڵی نامە.. دروستکردنی پێوەندیی بووە لەنێوان دوو کەس یان دوو لایەندا، بەشێوەی وەسف و پێداهەڵدا و ڕوونکردنەوە نووسراون، یان گەیاندنی وەڵامی پرسیار و گومانەکان بووە، و زۆرجار ئەو نامانە زمانی ئەدەبی زاڵە بەسەریاندا، بە مەبەستی جوڵاندنی هەستی کەسی بەرامبەر لە کاتی خوێندنەوەیاندا و کاریگەربوونی خوێنەرە بە ناوەڕۆک و پێکهاتەی نامەکە.

توێژەران بە گشتی نامەیان بۆ چەند جۆرێک دابەشکردووە، (عەبدلڕەزاق بیمار) نامەی دابەشی دوو جۆر کردووە:

((- نامەی گشتی: بریتین لەو نامانەی، کە لە دەزگاکانی میریدا بەکاردەهێنرێن.

- نامەی تایبەتی: ئەو نامانە دەگرێتەوە کە نووسەرێک بۆ دۆست و خزم و هاوڕێیەکی خۆی دەنێرێت))(بیمار، ١٩٩٨، ٢٣٣). بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەو نامانەن، کە بە شێوەی ئەدەبی نووسراون و زمانی ئەدەبی و هونەری زاڵە بەسەریاندا، ئامانج و مەبەستی ئەدەبی دەگەیەنن، لە نێوان شاعیران و نووسەراندا ئاڵوگۆڕ دەکرێن، یان ئەو نامانەی ئاراستەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کراون.

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا چەند پارچەیەک لە نامەی ئەدەبی بڵاوکرانەتەوە، لە بەشی دووەمدا ئەو نامانەمان خستوونەتەڕوو، کە بەشێوەی ژانری شیعر نووسراون، لەم بەشەدا ئەو نامانە دەخەینەڕوو، کە بە زمانی پەخشان نووسراون.

لە (ژ١٧٢، ل٣، ساڵ: ١٩٦٢)دا نامەیەکی مامۆستا (هێمن)ی تێدا بڵاوکراوەتەوە، پاش ئەوەی، کە دەستەی ڕۆژنامەکە گازندەی ئەوەیان بە شاعیر گەیاندووە، کە بەنێوی دیاری شیعرە بە نرخەکانی خۆی نانێرێت بۆیان، هەر بۆ ئەم مەبەستە مامۆستا هێمن ئەم نامەیەی لەگەڵ چەند شیعرێکی خۆیدا بۆ دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە ناردووە، ((پاش سوپاسکردنی ڕۆژنامەکە، کە فەرامۆشیان نەکردووە، بەڵام دڵنیایان دەکات لە خزمەتکردنی زمان و ئەدەبی کوردی سارد نەبوومەتەوە، هەتا ڕەگێکی تەڕم مابێ هەرچی لە دەستم بێ کۆتایی ناکەم، بەڵام داخەکەم سەرچاوەی تەبعم وشک بووە، شاعیر ئینسانێکی عادی نییە، نازانم شێت و نەزانە، یا ژیر و وریایە، هەرچی هەیە وەک خەڵکی دی ناچێ، هەست و بیری لەگەڵ مەردم جیاوازە، وە ئەگەر وەک خەڵک بیر بکەیتەوە، ناتوانی شوێنەواری بەکەڵک لەپاش خۆی بەجی بهێڵێت، دیتنی دیمەنێکی جوانی طەبعێکی لەنجەولاری کیژێک، سەیری هەڵپەڕین و ڕەشبەڵەک، تەماشای گوڵ و تیشکی مانگ، گزنگی هەتاو، گوێ لێبوونی ئاهەنگی مۆسیقای قاسپەی کەو و بولبول، بۆ من ئیلهام بەخش بوون)). هەروەها چەند نامەیەکی دیکەی زۆرکەم، کە ناوەرۆکێکی ئەدەبیان هەبێ لە ڕۆژنامەکادا بڵاوکراونەتەوە.

## ژیاننامە:

ژیاننامە یەکێکە لە ژانرە ئەدەبییەکان، پیشاندان و ناساندنی هەلومەرج و بارودۆخە جیاوازەکانی ژیانی ڕابردووی کەسێکی ناسراوی کۆمەڵە، کە پێگە و ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە لە کۆمەڵگادا، چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ ژیاننامە کراوە، لە چەندین ڕوانگەوە پێناسەی ژیاننامە کراوە و خراوەتەڕوو، کە خاڵی هاوبەش لە زۆربەی پێناسینەکاندا بەدی دەکرێ.

لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا بەم شێوەیە پێناسەی ژیاننامە کراوە و دەڵێ ژیاننامە: ((مێژووی ژیانی مرۆڤەکانە و جۆرێکە لە ئەدەب))(ئیسماعیل، ٢٠١٢، ١٦). واتە نووسینەوەی مێژووی ژیانی مرۆڤەکانە، بەڵام هەموو کەسێک نا، بەڵکو ئەو کەسانەی، کە لەنێو کۆمەڵگادا کاریگەرییان هەیە و کارەکتەری ڕووداوەکانی سەردەمەکەی خۆیانن، لێرەدا مێژووی ژیانی کەسێتییەکان بەشێوەی ئەدەبی

دەنووسرێتەوە، یان ژیاننامە: ((لە بارەی کەسێکی هەڵکەوتووەوە دەنووسرێ، بۆ ئەوەی زیاتر کەسایەتی و شکۆمەندی ئەو مرۆڤە دەربخرێ و پلە و پایەی بخرێتە بەرچاو))(محمد، ١٩٨٩، ١١١). چونکە ژیاننامەی کەسێکی ئاسایی نانووسرێتەوە، بەڵکو کەسێتییەکی کاریگەر و هەڵکەوتووی کۆمەڵ پیشاندەدەرێت.

(فیلیپ لۆجۆن) نووسەری فەرەنسایی لە بارەی ژیاننامەوە دەڵێ: ((گێڕانەوەیەکی پەخشان ئامێزە، کەسێکی واقیعیبین دەربارەی بوونی خودی خۆی دەنووسێت و جەخت لەسەر ژیان و مێژووی کەسیی خۆی دەکاتەوە))(ئەبوبەکر، ٢٠٠٧، ٩٣). ئەمانە و دەیان پێناسەی دیکە بۆ ژیاننامە کراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ژیاننامە: ((جۆرێکە لە ئەدەب، لێکۆڵینەوەی مێژوویی و چێژوەرگرتنی چیرۆکی بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، بۆ دیراسەکردنی ژیانی کەسێک و وێنە کێشانی وردی ئەو کەسایەتییە))(ئیسماعیل، ٢٠١٢، ١٦). کە واتا ژیاننامە پێشاندانی شریتی ڕابردووی کەسێکە لە بارەی ڕووداوەکانی ژیانی ئەو کەسە و سەرگوزشتە و پێشهات و ڕووداو و کار و کردەوەکانی ژیانی کەسەکە بە شێوەی فۆتۆگرافەری بە زمانێکی ئەدەبی دەنووسرێتەوە.

ژیاننامە لەسەر بنەمای ڕاستیی ڕووداوەکان ژیانی کەسایەتییەکانی کۆمەڵ دەنووسێتەوە، هەر بۆیە ڕاستگۆیی لە ژیاننامەدا خاڵی هەرە گرنگ و جەوهەرییە، هەر ئەمەشە جیای دەکاتەوە لە چیرۆک، چونکە ((جیاوازی لە نێوان ژیاننامە و چیرۆکدا هەیە، بەوەی کە چیرۆکنووس ئازادە لە ئەفراندنی کەسایەتییەکان و بنیاتنانی ڕووداوەکان، واتە وەسفی کەسایەتییەکان و بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان و دروستکردنی جیهانێک هیچ پەیوەندی بە واقیعەوە نەبێت، بەڵام ئەمە تەواو پێچەوانەی ژیاننامەیە، کە دەبێت لەسەر بنەمای ڕاستی ڕووداوەکان و بەڵگەنامە و دەستنووس و گەواهی کەسەکان بنووسرێتەوە، تاوەکو بتوانرێت ڕاستی ڕووداوەکان پیشان بدرێت))(مستەفا، ٢٠٠٨، ١٠٨).

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ژیاننامەی چەند کەسێتییەکی تێدا بڵاوکراوەتەوە، بەتایبەت ژیان و بەرهەمی چەند شاعیرێکی کورد، لەگەڵ کورتەیەک لە ژیانی چەند کەسێتی و مێژوونووسی کورد، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو ژیاننامانەی کە لە ڕۆژنامەکادا بڵاوکراونەتەوە کورتن و ناچنە نێو چوارچێوەی ژیاننامەیەکی تێر و تەسەل و تەواو.

لە ژمارەکانی (١٩٥ و ١٩٧، ساڵ: ١٩٦٣)دا پاش بڵاوکردنەوەی هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا (گۆران)، لەو دوو ژمارەیەدا (ناو و ژیان و بەرهەم و هەوڵەکانی گۆرانی شاعیر) لە شێوەی

نووسینەوەی ژیاننامەدا بڵاوکراوەتەوە، ((گۆران ناوی عبدالله بەگ کوڕی سلێمان بەگە، لە ساڵی ١٩٠٤ی زاینی کە ڕێککەوتی لەگەڵ ساڵی ٢٥١٦ی کوردیا هەیە، لە شاری هەڵەبجە لە دایک بووە، سەردەمی منداڵی لە هەڵەبجە بووە، وە خوێندنیشی بەهۆی بێکەسی و هەژارییەوە ڕێکوپێک نەبووە، لە ژیانیدا تووشی چەندین بەڵا و دەردەسەری بۆتەوە، لە ساڵانی نێوان ١٩٢٥ تا ١٩٣٧ مامۆستای قوتابخانەی هەڵەبجە بووە، بەڵام بە هۆی تووشبوونی بە نەخۆشی سەرەتان لە ڕۆژی ٢١/ ١١/ ١٩٦٣ کۆچی دوایی کرد، جگە لە بوارە وەزیفییەکەی خۆی، گۆران لە هۆنراوەدا دەستێکی باڵای هەبووە، توانیویەتی هۆنراوەی کوردی بەرەو لوتکە و بە ئاقارێکی دیکەدا بەرێت، خاوەنی چەندین کۆمەڵە شیعرە وەک: بەهەشت و یادگار، فرمێسک و هونەر ...هتد، لە ساڵی ١٩٥٧ س. ج. ئێدمۆندس، کە کورد ناسێکی ئینگلیزە، لە کتێبەکەیدا گەشتی هەورامانی بە پیتی لاتینی کوردی نووسیەوە)).

لە ژمارەکانی (١١٢، ساڵ: ١٩٦١) و (١٦٢، ساڵ: ١٩٦٢)دا کورەتە باسێکی ژیاننامەی مێژوونووسی بە توانای کورد (ڕەشید یاسمی) تێدا بڵاوکراوەتەوە، ((ڕەشید یاسمی کوری محمد ولی خان پیر پنج، لە ساڵی ١٣١٤ی کۆچی لە دایک بووە، باب و باپیرەکانی ڕەشید لە بەگزادەکانی هۆزی گۆران بوون، خوێندنی سەرەتایی لە کرماشان تەواوکردووە، پاشان چۆتە قوتابخانەی (سن لویی) فەرەنسەوییەکان و لەوێ زمانی فەرەنسی فێربووە، لە ساڵی ١٢٩٧ی هەتاوی سەرێکی لە بەغدا و بەیروت داوە، لەگەڵ زانا و نووسەرە کورد و عەرەبەکاندا ئاشنا بووە، لە پاش دامەزراندنی زانستگەی تاران بە مامۆستا هەڵبژێردراوە و مێژووی ئێرانی لە پاش ئیسلام دەرس ئەدا، بۆ لێکۆڵینەوەی وێژەیی ڕۆیشتووە بۆ فەرەنسا، مامۆستا گەلێک کتێب و هۆنراوەی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە، هۆنراوەکانی بە فارسی نووسیوە، یەکێک لەو کتێبانەی بەنێوی (مێژووی پەیوەندی ڕەگەزی کورد) بەزمانی فارسی و لەلایەن (عبدالرحمن موفتی زادە)وە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە)).

لە رۆژنامەی کوردستاندا ژیاننامەی کۆمەڵێک لە شاعیر و نووسەر و کەسێتیی دیکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، وەک:

- یەک هەسارەی ڕۆشن لە ئاسمانی کورد (حاج نور علی الهی) (ژ ١١٩).
- مەلا مارفی کۆکەیی (ژ ١٤٤).
- زانای کورد (مهدی فەرەهپود) (ژ ١٨٩).

- طاهر بەگی جاف (ژ ١٩٩).

- هەروەها ژیاننامەی بەشێک لەو شاعیرانەش بڵاوکراوەتەوە، کە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ئاماژەمان پێکردوون.

## پاری چوارەم/

## ئەدەبی فۆلکلۆر:

لە بەشی یەکەمدا ئەوەمان خستەڕوو، کە ئەدەبی کوردی وەک ئەدەبی میللەتانی جیهان خاوەن مێژوو و هەگبەیەکی دەوڵەمەندە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری، کە هەزاران ساڵە بەسەر زاری خەڵکەوە ماوەتەوە و تاکی کورد پشتاوپشت و سینگ بە سینگ پاراستوویانە، ئەوەشمان خستەڕوو، کە سەرچاوە و هێزی ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ فۆلکلۆر و لەوێوە هێز وەردەگرێت.

وشەی فۆلکلۆر وشەیەکی لاتینییە پێکهاتەیەکی تێکەڵی هەیە و لە دوو وشە پێکدێت، بەم شێوەیە هاتووە: ((فۆلکلۆر زاراوەیەکی زانستییە، لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی(١٨٤٦) وەک زاراوەیەکی زانستی بەکار هاتووە، ئەم زاراوەیە وشەیەکی لێکدراوە لە دوو وشە پێکهاتووە، (Folk) کە بە واتای خەڵک دێت، (Lore) بە واتای (چیرۆک، پەند، زانست) هاتووە، واتا گشتییەکەی بریتییە لە پەندی گەل یان زانستی گەل))(موکری، ١٩٨٤، ٢٩). فۆلکلۆر زۆر بابەتی کۆنی کەلەپوری نەتەوایەتی دەگرێتەوە وەک: ((پاشماوەی جلوبەرگی کۆن و ڕایەخ و هۆی تیا خواردن و نەخش و نیگار ...هتد، بەڵام لە کۆڕی ئەدەبیدا پڕاوپڕ بۆ بەرهەمی سەرزاری خوڵقێنەری گەل ناو دەبرێ و بەکاردێ))(ڕەسوول، ٢٠١٠، ١١ – ١٢).

پێناسەی زۆر بۆ فۆلکلۆر کراوە، بەڵام ئامانج و مەبەستی زۆربەیان لەیەکدییەوە نزیکە، زۆربەیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە فۆلکلۆر بەرهەمێکی کۆنی میللەتانە و ئامانجیان هۆشیارکردنەوەی تاکی کۆمەڵگایە، چونکە بەرهەمی فۆلکلۆری ئەزموون و دانایی و هۆشیاری هەزاران ساڵەی خەڵکە، کە لە تاڵی و سوێری و خۆشیەکانی ژیان ئەزموونیان کردوون، بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ نەوەی دوای خۆیان جێیان هێشتوون، چونکە ئەدەبی فۆلکلۆری وردەکاری و سەلیقە و ڕەگەزەکانی ئەدەبی بە شێوەیەکی ورد و سەرنجڕاکێش تێدا بەکارهاتووە، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەدەبی سەرزارییە، کە لەبەشی یەکەمدا بەشێکیمان ڕوونکردۆتەوە، ئەدەبی سەرزاری بەشێوەیەکی کورت و سەرنجڕاکێش، بە زمانێکی سادە و ئاسان دەردەکەوێ، بەڵام لە دووتوێ و ناوەڕۆکەکەیدا بیر و مانایەکی گەورە لە خۆی دەگرێت، ئامانجی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ژیانە، بە سەرچاوەی ئامۆژگاری دادەنرێت و ناوڕۆکی فێرکاری و پەروەردەیی لە ناوەخنەکەیدا دەردەکەوێ، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی بۆ کات بەسەربردن و بزەی لێو گوتراوە.

وشەی (فۆلکلۆر) یەکەم جار لە وڵاتانی ئەورووپاوە سەری هەڵداوە، بەکارهێنانی بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، لەوێوە خۆی خزاندە نێو ئەدەبیاتی جیهانی، بەڵام کۆکردنەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێنسانس، سەرەتای کۆکردنەوەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی، کە گرنگیان بە ئەدەبیاتی کوردی داوە، هەر وەک (د. شوکریە رەسول) ئاماژەی پێدەکات و دەڵێ: ((یەکەمین کۆنترین سەرچاوەی کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی دەستنووسی (میسروب ماشتوسە)یە لە ماتێنەدەرانی ئەرمەنستانی سۆڤیەتی لە ساڵی (١٧١١)وە لەوێ پارێزراوە، بەڵام هێشتا نەزانراوە کێ نووسیویەتی))(رەسول، ١٩٩٧، ٣٣). کە دواتر چەندین هەوڵی کۆکردنەوەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری (سەرزار)ی کوردیی دراوە، بەڵام وەک هەمیشە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەشێک بوون لەو مەڵبەندانەی، کە هۆکاربوون بۆ بڵاوکردنەوە و پاراستنی بەشیکی دیاری ئەم سامانە نەتەوایەتییە، ڕۆژنامەی (کوردستان) لە بایەخدان و بڵاوکردنەوەی ئەدەبی فۆلکلۆر (سەرزار)ی کوردی کەم تەرخەمی نەنواندووە و بەشێکی بەرچاو لە ئەدەبی فۆلکلۆری بڵاوکردۆتەوە، دیارە بەشەکانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی چەندین شێوەی جیاواز دەگرێتەوە، ئێمە تەنیا ئەو شێوانەی ژانرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر، کە لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا بڵاوکراونەتەوە دەخەینەڕوو، وەک:

## یەکەم/ پەندی پێشینان (مەتەڵە):

پەند هونەرێک یاخود ژانرێکی ئەدەبی کۆنی مرۆڤە، سەرچاوە دەگرێت و دروستدەبێت لە قوڵایی ناواخن و ئەزموونەکانی مرۆڤایەتیدا، هەڵگری ئەزمون و لێزانین و توانا و بیروبۆچوونە بەدوایەکدا هاتووەکانە لەنێو خەڵکدا، بە شێوەی قسە و لەسەر زاری خەڵکی نەوە لە دوای نەوە گواستراوەتەوە و گێڕدراوەتەوە، ئەم گواستنەوەیە بە شێوەی خۆرسکی و ئۆتۆماتیکی بووە، ئەم پەندانە بەشێوەی کورت و پوخت و سەرنجراکێش و مانادار گوتراون، بە شێوەیەک داڕێژراون کە لە ناوەڕۆکەکەیاندا واتا و مەبەستێکی زۆر لەخۆ دەگرن، واتە لە نووسیندا سادە و ساکارن، بەڵام ناوەڕۆکێکی پڕاوپڕ لە ئامۆژگاری و حیکمەت و دانایی لەخۆ دەگرن.

پەند هەڵە و نەهامەتی و خۆشی و ناخۆشی و کەم و کورتییەکانی ژیانیان پێ ڕەنگرێژ کراوە، کەواتە پەندی پێشینان وەک لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێ ئەزموونی ژیانی مرۆڤە، جا ئەم ئەزموونە

باشبێت یان خراپ، تاڵبێت یان شیرین، واتە ئەم پەندانە نادرێنە پاڵ تەنیا نووسەرێک، بەڵکو پاشماوەی سەدان ساڵەی میللەتانە.

توێژەرانی ئەدەب بە چەندین شێوەی جیاواز پێناسە و چەمکی پەندیان خستۆتەڕوو، دەیان پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بۆ نموونە: ((پەند ئەو وتە کورتەیە کە بیرێکی مەبەستداری تێدا چەسپیوە))(کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٩، ٣١). چڕکردنەوەی واتا و گەیاندنی پەیامە لە قسەکردنێکی کەمدا، یان ((پەندی پێشینان وتارێکی کورتی، ڕێک و پێکی، جوانی و بەتامی و بەتەوژمی، کاریگەرە، کە لە دڵ و دەروونێکی، بێداری و ئاوەدانی، ئاگاداری، پێشینانەوە هاتبێتە دەرەوە، لەدوای بەراورد و تاقیکردنەوەیەکی دوور و درێژ))(محەمەدی خاڵ، ٨). یان پەندی پێشینان ((بێژەیەکی سوکەڵە و سانای سەرزمانە بۆ مەبەستی ئامۆژگاری و وریاکردنەوە و پێشبینی و سەرنجدان و تێڕامان یان شیکردنەوەی هەڵوێستێک بەکاردەهێنرێت))(حەسەن، ٢٠٠٩، ٩). هەر دوو پێناسەکە ئاماژە بە کورتی و سادەیی پەندی پێشینان دەکەن، بەڵام مانا و دەلالەتێکی زۆر لە ناوەڕۆکدا لەخۆ دەگرن، بەڵام چەمکی پەند لەڕووی زمانەوانیی و زاراوەییەوە بەم شێوەیە خراوەتەڕوو:

- چەمکی پەند لەڕووی زمانەوانییەوە: (ابن منظور) لەڕووی زمانەوانییەوە پەند بەمجۆرە دەناسێنێت، کە ((شتێک دەهێنرێتەوە بە شتێکی دیکە، یان نمونەیەک بۆ نمونەیەکی دیکە دەهێنرێتەوە))(سومیە و انفال، ٢٠٢٠، ٢١). هەروەها (الفیروز آیادی) وای دەبینێت، کە پەند ((وتەیەک یان قسەیەکی جوڵاوی مانادارە، نموونە بە نموونەیەکی دیکە هێنراوەتەوە بۆ نموونەیەکی دیکە، نموونە بووە بە بەشێک لە پەند))(هەمان سەرچاوەی پێشو، ٢١).

- چەمکی پەند لەڕووی زاراوەییەوە: پەند هونەرێکی کۆنە بەشێوەیەکی بەربڵاو داڕژراوە لە قوڵایی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکاندا، هەڵگری شارەزایی نەوەکانی پێش خۆیەتی، کە گوازراوەتەوە بۆ نەوەی دوای خۆیان، کە (ابن المقفع) بەم شێوەیە دەیخاتەڕوو و دەڵێ: ((ئەگەر هەموو ڕستەکان بکەین بە پەند، دەتوانین عەقڵمان ڕۆشن بکەین، وە بەڕوونی گوێمان لێبێت، وە بەشێوەیەکی بەرفراوان گەل قسەی پێبکات))(هەمان سەرچاوەی پێشو، ٢٢).

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ئەدەبێکی دەوڵەمەندە بە پەندی پێشینان، پەند هەر لە کۆنەوە لەنێو کورددا بەم شێوەیە هاتووە، کە بۆ هەموو دیاردە و کار و کردەوەیەکی ژیانی ڕۆژانەیان پەندێکیان هەبووە، واتە بۆ هەموو ڕەنگەکانی پەیوەست بە ژیانی تاکی کوردییەوە لە (خۆشەویستی و ڕق و کینە و مامەڵەکردن و ڕەوشت و بەرزی و نزمییەکانی ژیان) جۆرێک لە پەندیان هۆنیوەتەوە، کە

ڕەنگدانەوەی مێژووی ژیانی کوردە، ئەزموون و فەلسەفەی ژیانی خۆیانیان گوتۆتەوە، هەر وەک (عومەر شێخەڵا دەشتەکی) دەربارەی پەندی کوردی دەڵێ: ((پەندی کوردی بریتییە لە ڕستەیەکی کورتی سادە و لێکدراوی سەرزاری ڕەمەکی مەردم، وەیا پەخشانێکی ڕازاوە وەیا یەک دوو هۆنراوەن چەمک و واتایەکی گەورە دەدەن بە دەستەوە، لە بۆتەیەکی جوانی کوردیدا داڕێژراون))(گوڵ عەنبەری، ٢٠١١، ١٣).

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر پەندی کوردی تێدا بڵاوکراونەتەوە، کە ژمارەیان بریتین لە (٤٥٣) پارچە پەند، کە زمانی لیریکی زاڵە بەسەر نێوەڕۆکی پەندەکاندا، ئەمانەش چەند نموونەیەکن لەو پەندانە:

- لە (ژ١، ل٨، ساڵ: ١٩٥٩)دا بڵاوکراوەتەوە، (شەنە چی لەمەنە کەمترە؟) دەربارەی کەسێک دەوترێ، کە لە هاوچەرخەکانی خۆی بەجێ نەمێنێ، هەوڵ و تێکۆشان بدات.

- لە (ژ١١، ل٣، ساڵ: ١٩٥٩)دا بڵاوکراوەتەوە، (کا هی خۆت نەبوو: کادان هی خۆت بوو). ئەم پەندە بە کەسێکە دەگوترێ: کە لە ماڵی خەڵکیدا ڕەحم بە زگی خۆی نەکا، لەبەر ئەوەی خۆی پێوەی ماندوو نەبووە، هەر بۆیە هەرچی بکەوێتە بەردەستی دەیخوات، تا نارەحەت دەبێ.

- لە (ژ١٥، ل٥، ساڵ: ١٩٥٩)دا بڵاوکراوەتەوە، (من چەمەوشم؟ تەموورەکەم چەمەوشێ؟) (من چی ئەڵێم و هاوڕێکەم چی دەڵێ) پەندێکی کرماشانییە، کاتێک کەسێک هاوڕێیەکی نەفام و نەزان و تێنەگەیشتووی هەبێ، هەر ئامۆژگاری و قسەیەکی بۆ بکەی، هیچ تێنەگا و ئەو شتێکی دیکە و مەبەستێکی دیکە بڵێ.

- لە (١٥، ل٥، ساڵ: ١٩٥٩)دا بڵاوکراوەتەوە، (بەدەنم کەردێ چە ناژەن – پەنەم وەچادی: قیخاژن!)، پەندێکی هەورامییە (هەموو جەستەم دەرزی ئاژنین بکەن، بەو شەرتەی پێم بڵێن: کوێخا ژن) بەکەسێک دەگوترێ، کە بەناو و شۆرەتییەوە بنازێ و دڵخۆشی بکات، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی هەوڵ و ماندووبوون و نارەحەتی بکێشێ.

هەروەها لە ژمارەکانی (٢٩ و ٣٤ و ١٤٦)دا ئەم پەندانەش بڵاوکراونەتەوە:

- شمشێری مصری لە کێلانا ناوەستێ.

- هەرچی لە دێزەدا بێ بە کەوچ دەردێ.

- لەگەڵ گورگ شادی ئەکات و لەگەڵ مەڕ شیوەن.

- کە گلۆڵەم کەوتە لێژی، کەس خاسم پێ نابێژێ.

هەروەها لەم ڕۆژنامەیەدا دەیان پارچە پەندی دیکەی گەلانی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە لە لایەن دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەکەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، ئەمەش چەند نموونەیەکن لەو پەندانە، کە لە (ژ١١٤، ل٤، ساڵ: ١٩٦١)دا بڵاوکراونەتەوە، وەک:

- ئەوەی کە زمان ئەیڵێیت، پێویست نییە دڵیش بیڵێت. (فەرەنسایی)

- دڵی پاک و خاوێن، ڕوومەتی خاوەنی ڕووناک و جوان ئەکا. (هۆڵەندی)

- قانوونی هەر وڵاتێ نوێنەری شارەستانی ئەو وەڵاتەیە. (ئەڵمانی)

- حوشتر کە برسیشی بێ، لە دە گوێدرێژ زۆرتر بار ئەکێشێ. (هیندی)

هەروەها لە ژێر ناونیشانی ئامۆژگاریدا، دەیان پارچە پەند و وتەی کەسانی ئاینی و کەسایەتییە ناودارەکانی جیهانی تێدا بڵاوکراونەتەوە، کە ناوەڕۆکێکی پەند و ئامۆژگاری لەخۆ دەگرن، ئامانجیان ڕێنموونی تاکەکانی کۆمەڵە.

## دووەم/ هەقایەت:

هەقایەت بەشێکی گرنگی فۆلکلۆرە، پشت بە گێڕانەوە دەبەستێت، لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کە هەقایەتە فۆلکلۆریی و میللییەکان بەشێکی دانەبڕاون لە گێڕانەوە، کە گێڕەرەوەکان یان هەقایەتخوانەکان بەگوێرەی سەردەم و بارودۆخە جیاوازەکان گێڕانەوەکان ڕێکدەخەن، واتە ((هەقایەت فۆڕمێکی گێڕانەوەیە، ئەو بەسەرهات و ڕووداوانە دەگێڕێتەوە، کە ڕاستەقینەن، یان ڕووداوە ڕاستەقینەکە لە بیری هەقایەتخوانەکە بەسوود وەرگرتن لە خەیاڵەوە بە پرۆسەیەکی عەکسییەوە بەرهەمی هێناوە، ڕەگەزە ئەدەبییەکانی وەکو سۆز و خەیاڵ و بیر دەوری جوان دەبینن لە داڕشتنەوەی، مەبەستی چێژبەخشین و واتا گەیاندنە بە خەڵکی))(عەبدوڵڵا، ٢٠١٤، ٢٧). یان ((هەقایەت بریتییە لە گێڕانەوەیەکی زارەکی ڕێکوپێک))(عومەر، ٢٠١٢، ٢٨٣).

(د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول) لە بارەی هەقایەتەوە دەڵێ: ((هەقایەت بەرەو پێش چوونێکی مێژوویی ئەفسانەیە و لە ڕووی داڕشتنەوە لەو دەچێت، هەر چەندە لە ڕووی کەرەسە و ناوەڕۆکەوە هەندێ جیاوازیان هەیە))(ڕەسوول، ٢٠١٠، ٢٤). هەقایەت سەرتاسەری ڕابردوو دەگێڕێتەوە، زۆرجار تێکەڵ بە خوڕافیات دەکرێت، کە فۆڕمی ئەم جۆرە ئەدەبە بە زمانێکی سادە و ساکار دەگێڕدرێتەوە، کە ئەمە شەقڵی تایبەتی ئەم جۆرە ئەدەبەیە، ئەمەش پێچەوانەی چیرۆکی هونەرییە.

لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا کۆمەڵێک هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی بڵاوکراونەتەوە، بۆ نموونە لە ژمارە (٨٩ تاوەکو ٩٤،ساڵ: ١٩٦١) هەقایەتی (سوزەی کوێستان) بڵاوکراوەتەوە، (هەقایەتەکە باس لەوە دەکات، کە سەرسبەینێیەکی زوو لە گوندێکی کوێستان دوو کەس بە ناوەکانی (شاوەیس و باوەیس) بە نیازی ڕاو و تەڵە گێڕانەوە خۆیان ئامادە دەکەن و لە دێ دەردەکەون، لەو کاتەی ئەوان لە ماڵ دێنە دەر، کوێستانی کۆس کەوتوو، ئارامی گرتبوو لە گێژەڵوکە و باو و بۆران، کاتێ کە لەڕێگەی ئاواییەوە ئەیان ویست لە ماڵ دەرچن، لەنزیکی حەوزی مزگەوت دووچاری مام (الله کەرەمی) ڕیش سپی ئاوایی هاتن، دوای سەلام و هەواڵ پرسی، شاوەیس وتی مامەگیان ماوەیەکە بە هۆی با و بۆرانەوە نەچووینەتە ڕاو، سەرمان لە تەڵەکان نەداوە ....، پیرەمێر تکا و پاڕانەوەی لێکردن، کە ئەمڕۆ کاتی ڕاونییە، بەپێی تاقیکردنەوەی من ئەمڕۆ کوێستان لە هەموو ڕۆژێ خراپترە ....، دوای چەندین ئامۆژگاری، بەڵام باوەیس باوەڕی بە قسەکانی پیرەمێردەکە نەکرد و شاوەیسی ڕازی کرد و ڕێگایان گرتەبەر، دوای بەرزبوونەوە و گەیشت بە بەرزای و دەست کردن بەڕاو تووشی بۆران هاتن). لەم هەقایەتەدا ناوی کەسەکان ناوی فۆلکلۆرین و بە شێوازی گێرانەوە داڕێژراوە، ناوەڕۆکی هەقایەتەکە پڕاوپڕە لە پەند و حیکمەت و ئامۆژگاری، بە زمانێکی سادە و ڕەوان و بێ گرێ و گۆڵ داڕێژراوە، بە ئاسانی دەتوانین لە واتا و مەبەستەکەی بگەین.

لە (ژ١٣٤، ل٢، ساڵ: ١٩٦١)دا هەقایەتی (حاکم و ژنەکەی) بڵاوکراوەتەوە، ئەم هەقایەتە (ئەوە دەگێڕێتەوە کە حاکمی شارێ زۆر حەزی لە کتێب خوێندنەوە بووە، دوای تەواوکردنی کارەکانی ڕۆژانەی، شەوانەشی بە کتێب خوێندنەوە بەڕێدەکرد، کاتی بۆ ژن و منداڵەکانی تەرخان نەدەکرد، شەوێک ژنەکەی پێی وت ئەو کتێبە چی لێنووسراوە کە تۆ سەری لێبەرز ناکەیتەوە، حاکم وتی ئەمە مەکری ژنانی تێدایە...، بۆیە ژنەکەی داوێ بۆ حاکم دادەنێ و وای بڵاودەکاتەوە کە حاکم نەخۆشە...، بۆ ماوەی چەند شەوێک حاکم بێهۆش دەکا و جارێک دەینێرێتە تەکیەی شێخ و دەیکات بە دەروێش و جارێک دەیکات بە سەماکار ...هتد، لە ئەنجامدا حاکم مات و سەرگەردان دەبێت و سەر لە خۆی

دەرناکات، لە کۆتایدا ژنی حاکم دۆخەکە وەک خۆی لێ دەکاتەوە و لە شەوێکدا حاکم دەگێڕێتەوە بۆ ماڵەوە و تێی دەگەیەنێت مەکری ژنان چییە...). هەقایەتەکە سەرتاپای گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردووە، هەموو ئەو مۆتیڤانەی کە ژنی حاکم ڕووبەڕووی حاکمیان دەکاتەوە، پەیوەندیان بە دونیای کۆن و ڕابردوەوە هەیە و هیچ قسە و گوزارشتێکی لەسەر واقیعێکی ئێستا نەکردووە.

لە (ژ١٨٣، ل٩، ساڵ: ١٩٦٢)دا هەقایەتی (چیرۆکی کوردی پاشا و سێ براکە) نووسینی (سید محمود سجادی- کاردۆ)[٢] بڵاوکراوەتەوە، ئەم هەقایەتە باسی سێ برا دەکات، کە کە پاشا لەگەڵ خزمەتکارێکیدا بەنێوی دەروێشەوە سەردانی سێ براکە دەکات: ((یەکەم ماڵ کە چوون ماڵی برا بچووک بوو، لێیان خواست کە ئەم شەو میوانیان بێت، بەخێر هاتنی کردن، دیان جەناگەی سپی بووە، لێیان پرسی کە جوانێکی چل سال بۆ وای لێهاتووە، خاوەن ماڵ بانگی کردە ژنەکەی، ژنەکە گرماندییە ملی و وتی: چیت ئەوێ لێم جالجاڵۆکە سوورە، زەهرمار، وتی پێویستە خۆراکێک ئامادە بکەی بۆ ئەم میوانانەمان، چیت بۆ ئامادەبکەم، مەگەر ماڵەکەت چی تێدایە...، لە شەوی دووەمدا چوون بۆ لای برای نێوەند، کە لێیان پرسی تەمەنت چەندە؟ کە ریشت تەواو سپی نەبووە، وتی لە شەستی تەمندام، لەبەر ئەوەی ژنی خاوەن ماڵ جاریک وەڵامی مێردەکەی ئەدایەوە و جارێک پشت گوێی ئەخست، بەیانی کە چوون بۆ لای برا گەورە دیان ڕیشی تەواو رەشە ئەگەر چی تەمەنی هەشتایە، کە هۆیان لێپرسی: وتی پێیان سەرتان سور نەمێنێ دەروێشینە، لێرە بمێنن با بۆتان دەربکەوێ، هەر چەندە لە دوو براکەی هەژارتر بوو، بەڵام ژنەکەی کوێرانە فەرمانبەری بۆ ئەکا، کە بانگی لێ ئەکرد، ژنەکەی ئازا ئەیووت: گیان کارەکەرتبم)). ئەم بابەتە تەواوی بنەماکانی حیکایەتی تێدایە و دەچێتە نێو قاڵبی حیکایەتەوە، نێوەڕۆک و سەرتاپای هەقایەتەکە چەندین پەند و ئامۆژگاری تێدایە، بە زمانێکی بیگرێ و ڕەوان و دوور لە فەنتازیا و لێڵی نووسراوە، بە شێوەیەک دەگێڕدرێتەوە

---

[٢] - سەید محمودی سجادی؛ ڕەگ و ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەورامانی تەخت، ناوچەی دێی کەلجی و هەجیج، خوێندنی بەکالۆریۆسی لە یاسا تەواوکردووە، ماوەیەکی زۆر وەک قاضی (دادوەر) لە شاری سنە کاری کردووە، خولیا و ئاواتی بەرهەمی ئەدەبی و فۆلکلۆری کوردی بووە، تەنانەت یەک دوو ساڵی تەمەنی تەرخان کردووە بۆ کۆکردنەوەی بەشێکی زۆر لە بابەتی فۆلکلۆری چ نووسراو و چ بینراو، لە ناوچەیەک لە نزیک شاری سنە، کە پێی دەڵێن (لەیلاخ)، دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران پێوەندیی بە ریزەکانی حیزبی دیموکراتەوە دەکات و تا دوا ساتەکانی ژیانی لەگەڵ ئەو حیزبەدا ماوەتەوە، وەک باس دەکرێت لە ئاوی سیرواندا لە ساڵەکانی نزیکی ١٩٨٥ و ١٩٨٦ی میلادیدا لە نێو ئاوەکەدا خنکاوە، لە ٦٠ و ٧٠ کانی تەمەنیدا بووە، لە ڕۆژنامەی کوردستانی تاراندا دەستێک و ڕۆڵێکی چاکی هەبووە لە چیرۆک و بەرهەم و بابەتە فۆلکلۆرییەکاندا. (سەجادیی، ٢٠٢٢، ؟).

که حیکمەت و دانایی و دەرس و پەندی لێوەربگیرێت، ناوەڕۆکەکەی جۆرێک لە دزێوییەکانی کۆمەڵگا پیشان دەدات.

لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان ئەم هەقایەتانەش بڵاوکراونەتەوە وەک:

- ئەبو علی سینا و نەخۆش: ژمارە (١١٤)
- بەسەرهاتی کوێخا محمد: ژمارە (١٤٤)
- چیرۆکی کوردی: ژمارە (١٥٠)
- ڕاوێژی باغەوان: ژمارە (١٦٠)

## سێیەم/ گاڵتە و گەپ (بۆ پێکەنین):

یەکێکی دیکەیە لە ژانرە فۆلکلۆرییەکان، هەر لە زووەوە لەنێو میللەتاندا بڵاوبۆتەوە، کە زۆرجار بە نوکتە ناوی دەهێنرێت، زیاتر بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش و بزەی لێو دەگوترێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئارامییەک بە دڵ و دەروونمان دەبەخشێت، بەشێوەی چیرۆک ئامێز دادەڕێژرێت، لەگەڵ ئەوەی، کە شێوەیەکی کۆمیدی هەیە، بەڵام ناوەڕۆکێکی ڕەخنە ئامێزی هەیە، بەوەی کە زۆربەی کات کەموکورتی و ناتەواوی و دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵ بەشێوەی نوکتە و پێکەنیناوی دەخاتەڕوو، وە بەشێوەی ڕەخنە دەردەکەوێ، واتە ((قسەی خۆش چیرۆکێکی کورتە، بەڵام بە جۆرێکی گاڵتەئامێز داڕێژراوە و گیانێکی پێکەنینی کراوە بە بەردا، لە ڕووی ژانری ئەدەبییەوە دەچێتە ڕیزی حیکایەتی کوردییەوە، پێکەنین لە ئەدەب و ژیاندا جاری وا هەیە هۆیە، جاری وا هەیە لە خۆیدا مەبەستە))(ڕەسوول، ٢٠١٠، ١٣٢). یان نوکتە بەم شێوەیە وەسف دەکرێن، کە ((کۆمەڵە باسێک، یان حیکایەتی کورتن، شێوازێکی کۆمیدیانی هەیە، مەبەستیانە واقیعێکی خراپ لە ڕوویێک لە ڕووەکانەوە زەقتر بکەنەوە، بە زۆربەی لایەنەکانی ژیاندا شۆڕبوونەتەوە))(عەبدوڵڵا، ٢٠١٤، ١٩٧). کەواتە دەبینین، کە دەیان پێناسە و بیروبۆچوونی جیاواز هەن دەربارەی پێکەنین و گاڵتە و گەپ، کە خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە بەوەی، کە ئامانجی سەرەکی هەموو پێناسەکان ئەوەیە، کە دیاردە باش و خراپەکانی ناو کۆمەڵگا بەشێوەیەکی کۆمیدی بخەنەڕوو، لەم ڕێگایەوە خۆشی و شادی و بزە بخەنە

سەر لێوی گوێگر یان خوێنەر، وە زۆرجاریش ڕەخنە گرتنە لە دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵ و پیشاندانییەتی بە شێوەی گاڵتەئامێز.

ڕۆژنامەی کوردستان لە بڵاوکردنەوەی گاڵتەوگەپ و نوکتە کەمتەرخەمی نەنواندووە، بۆ ئەم مەبەستەش لە گۆشەی (بۆ پێکەنین یان نوکتە یان مەسەلەی کوردی) دەیان پارچە پەخشانی کورتی بۆ ئەم مەبەستە بڵاوکردۆتەوە، کە ژمارەیان بریتییە لە (٢٦٢) پارچە، کە ئامانجیان خۆشی و بزە خستنەسەڕ لێوی خوێنەرەکانیان بووە، لە هەمان کاتدا جۆرێک لە ڕەخنە و ئامۆژگاری لەخۆ دەگرێت بەشێوەی کۆمیدی و گاڵتە ئامێز.

لە (ژ١٥، ل٣، ساڵ: ١٩٥٩)دا ئەم نوکتەیە هاتووە، بەناونیشانی پێم بڵێ ... : ((کابرایەک ڕۆیشت یەخەی دراوسێیەکەی گرت و پێی وت: دوێنێ شەو خەووم دی، کە حاکم لەگەڵ تۆدا قسەی ئەکرد، وە لەو کاتەدا تۆ ڕوانیت بۆ من، زوو پێم بڵێ بزانم، کە حاکم لە بارەی منەوە چی بە تۆ وت)). ئەم نوکتەیە لەگەڵ ئەوەی کە بۆ بزەی لێو و دەربڕینی خۆشی گوتراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی و ڕەخنە ئامێزی هەیە، بەشێوەیەکی کۆمیدی و پێکەنیناوی ڕەخنە لەو جۆرە کەسانە گرتووە کە بەردەوام بەدوای وتە و کەم و کورتییەکانی خەڵکەوەن.

لە ژمارە (ژ١٦ ، ل٦، ساڵ: ١٩٥٩)دا ئەم نوکتەیە بڵاوکراوەتەوە: ((حاکمێ زۆر رژد و بەرچاو تەنگ بوو، ڕۆژێ یەکێ لە هاودەم و هاونشینەکانی پێی وت: شتێ بکە نیشانە بۆ ئەوەی، کە هەر کاتێ ئێمە ئەو شتە ببینین، بڕۆین و وەلات چۆڵ بکەین، کە بحەسێیتەوە، حاکم وتی: هەر کاتێ لە ئاشپەزم پرسی: چیت لێناوە؟ هەمووتان بڕۆن و کەس لەلای من دانەنیشێ)). ئەم نووکتەیە زیاتر لە بارەی کەسێکەوە دەوترێ، کە ڕەزیل و پیسکە و بەرچاوتەنگ بێت، تەنیا بەرژەوەندی خۆی دەبینێ و هاوکاری کەسەکان ناکات و چاکەی خەڵکی لەبەرچاو ناگرێت.

لە (ژ٤٦، ل٩، ساڵ: ١٩٦٠)دا بڵاوکراوەتەوە: (منیشی لەگەڵ خۆیدا برد! کابرایەک ڕۆیشتە ماڵی ڕەفیقێکی وە دەرکی تەقاند، خاوەن ماڵ بە کوڕەکەی وت: ڕۆڵە بڕۆ دەرکی دەرباز بکەرەوە، وە هەر کەس بوو، بڵێ: باوکم چۆتە دەرەوە، کوڕە دەرکی کردەوە، میوان پرسی: بابت لە ماڵایە؟ وتی نا، ئەمە تاوێکە چۆتە دەرەوە، دیسان پرسی: تەنیا خۆی ڕۆیشتووە؟ وتی ئەمنیشی لەگەڵ خۆیدا برد!!) ئەم نوکتەیە لەگەڵ ئەوەی خەندە بەخشە، بەڵام لەلایەک پێمان دەڵێت، کە سەردانی کردن ئادابی خۆی هەیە، لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەو کەسانە دەوترێ کە ڕاستییەکان ناڵێن و ژیانیان بە درۆ و فێڵ و تەڵەکەبازی دەبەنەسەر.

## چوارەم/ شیعری گۆرانی:

لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کە هۆنراوەی گۆرانی کۆنترین ژانری ئەدەبییە، بەشێکی گرنگی ئەدەبی فۆلکلۆرییە، واتە ئەو گۆرانیانەی کە بەسەر زاری خەڵکییەوە ماونەتەوە و وتراونەتەوە، خاوەنەکانیان دیارنییە و دەدرێنە پاڵ میللەت. لە کۆندا لەبەر ئەوەی نووسین نەبووە، هەر بۆیە ڕاستەوخۆ ئەو گۆرانیانەیان وتوون، بەسەر زارەوە ماونەتەوە، کە واتە گۆرانی بریتییە لە ((چرین و دەنگ هەڵبڕینی ئەو ئاوازانەیە کە گوزارشت لە خۆشی و ناخۆشی ئەو یادەوەریانە دەداتەوە لە ئەنجامی کپبوونەوەیان لە دەروونی مرۆڤدا پەنگیان خواردووەتەوە))(هەورامی، ٢٠٠٧، ١٠٩). لەبەر ئەوەی گۆرانی بەشێکە لە شیعری دڵداری، هەر بۆیە گۆرانی پێکهاتە و ناوەڕۆکێکی لیریکیی هەیە، واتە زمانی لیریک زاڵە بەسەر گۆرانییەکان و کار لە ناخ و دەروونی گوێگر دەکەن.

گۆرانی لەڕووی پێکهاتە و ناوەڕۆک و مەبەستەوە چەندین جۆری جیاوازیان هەیە، ئێمە ناتوانیتن بچینە نێو وردەکاری جۆر و پێکهاتەیان، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی کەم لە گۆرانی لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا بڵاوکراونەتەوە، بەشێکی ئەو گۆرانیانەی کە بڵاوکراونەتەوە، بریتین لەو گۆرانیانەی، کە هونەرمەندی مەزن (حەسەن زیرەک) وتوونیەتەوە، زمان و ناوەڕۆکی لیریکی زاڵە بەسەر گۆرانیەکاندا و ژمارەیان (٦) پارچە گۆرانین، ئاماژە بە چەند دانەیەکیان دەکەین، ئەم پارچەیەی خوارەوە نموونەیەکە لەو گۆرانیانەی کە لە (ژ٥٦، ل١٠، ساڵ: ١٩٦٠)ی ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە:

باغەوان

باغەوان گیان من غەریبم، ڕێگای باغـــت لە کوێیە؟
عاشقـــی چاوی لێو ئاڵم، مەمکـــی زەردە بەهێیە
دەوەرە بمدەرێ ماچـــــێ، پڕ بە دڵ ئیشتیام لێیە
وەرن جەرگـــم هـــەڵدڕن دەبا گـــیان ڕزگار بـــێ
سەر و ژێر ڕاخەری من با قوڕ و بەرد و دار بـــێ
ئەممان هەر بەو شەرتەی من کە چاوێکم لە یار بێ

هەروەها لە (ژ٥٥، ل٥، ساڵ: ١٩٦٠)دا ئەم گۆرانییە بڵاوکراوەتەوە:

لای، لای، لای، کەویَ گەردن بەخالَیَ

ئەریَ ڕاستەی خیابان گیانەکەم باغــی میللەتیــی

ئەریَ هەر لە تۆ جوانە وەی کراس چیتی شیرکەتی

ئەریَ وەک لیرەی ئێران زۆر جوان و پڕ قیمەتــی

لای، لای، لای، (وەی) کەویَ گەردن بەخالَــــــیَ

گیان، گیان، گیان، گیان، کوشتمی دوو لیمۆی بالَــی

دەبینین کە زمانی لیریکی بەسەر ناوەڕۆکی هەردوو گۆرانییەکە زاڵە، بەشێوەک داڕێژراون هەست و جۆش و خرۆش لە ناخماندا دەوروژێنن.

هەروەها لە (ژ ٥٤، ل٣، سالْ: ١٩٦٠)دا گۆرانی (چارۆکە هەولێرییە) بڵاوکراوەتەوە.

## پێنجەم/ مەتەڵ:

مەتەڵ بەشێکی ئەدەبیاتی فۆلکلۆرە، ئەو مەتەڵانە هەزاران ساڵە بەسەر زاری خەڵکەوە ماونەتەوە، شێوەیەکی کورت و پوخت و سەرنجڕاکێشیان هەیە، بەشێوەیەکی لێڵ و نادیار دەوترێن، زۆرجار لە شێوەی هۆنراوەدا دەگوترێن، بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش دادەڕێژرێن، ((مەتەڵ لە ئەدەبی فۆلکلۆردا هەندێک جار بێ مەبەستە و بۆ کات بەسەر بردن و زاخاوی مێشکدانەوەیە، وە هەندێک جاریش مەبەستی تایبەتی ژیانیان هەیە))(ڕەسوول، ٢٠١٠، ١٧٢). ئەم مەتەڵانە شێوەیەکی پرسیاری لەخۆ دەگرن، هەر لەزووەوە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا گوتراون.

ڕۆژنامەی کوردستان لە بڵاوکردنەوەی ئەم ژانرەش خۆی نەبواردووە، بەڵام کە سەیری ژمارەکانی ڕۆژنامەکە دەکەین، دەبینین ژمارەیەکی کەمی لێ بڵاوکراوەتەوە، بۆ نموونە لە ژمارە (١٤٤، سالْ: ١٩٦٢)دا ئەم مەتەڵانە بڵاوکراونەتەوە:

- پشتــــی هەســــــانە و بەری قورئانە

بڕیَ قاتڵـــــی ڕووحــــــــی ئینسانە (قارچک)

- کارزانە و بێ گیانم، شەش پایە و دۆسم

لە دین لانادا، وەک مـــــــــەلا قاسم (تەرازو)

- نۆ بوکـــــــی بـــەهار، بەرزە وەک چنار

سەوزە وەک خەیار، ترشە وەک هەنار (ڕێواس)

ئەم مەتەڵانەی کە لە ڕۆژنامەدا بڵاوکراونەتەوە بەشێوەی هۆنراوە داڕێژراون و ناوەڕۆکێکی لیریکی سەرنج ڕاکێش لەخۆ دەگرن، پەیوەندیان بە هەست و هۆشی مرۆڤەکانەوە هەیە، ئاگایی مرۆڤ بە تاقی دەکەنەوە، یان بۆ زاخاوی مێشک و کات بەسەربردن وتراون.

# ئەنجامەکان

١- ڕۆژنامەی کوردستان یەکێکە لەو ڕۆژنامانەی، کە گرنگیی زۆری بە ئەدەبیاتی کوردی داوە و بەشێکی زۆر لە ڕووپەڕی ژمارەکانی ڕۆژنامەکەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە، ئەم ڕۆژنامەیە لە ساڵی ١٩٥٩ لە شاری تاران بە زمانی کوردی و دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی دەرچووە، بۆ ماوەی زیاتر لە (٤) ساڵ بەردەوام بووە، لە ماوەی دەرچوونیدا (٢٠٩) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

٢- ژانرە ئەدەبییەکان لە کۆندا لەسەر بنەمای پاکژی جۆر سنوربەندی نێوان ژانرەکان دیاری کرابوو، بەڵام لە قۆناغی دواتردا بە هۆی تێکەڵاوی و چوونە ناویەکی ژانرەکان و سنوربەزاندنی نێوانیان، ناتوانرێت بە ئاسانی سنووری نێوان ژانرەکان لەیەکدی جیابکرێتەوە و ژانرەکان ئاوێتەی یەکدی بوون.

٣- لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەکە لەژێر چاودێری دەزگا ئەمنییەکانی ئێراندا دەرچووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە خۆیان نەبواردووە و بەشێک لەو شیعرانەی شاعیرانی کوردیان بڵاوکردۆتەوە، کە دەچنە چوارچێوەی بەرگریکردن لە خاک و نەتەوەی کورد، هانی بەیەکەوە ژیان و خۆشەویستی خاک و نەتەوەی کورد دەدەن.

٤- لەڕێگای ئەو شیعرانەی، کە بڵاویان کردوونەتەوە، هەوڵی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییان داوە و هەوڵیانداوە گیروگرفت و دەرد و ئاریشەکانی کۆمەڵ و دیوە خراپەکانی کۆمەڵ بخەنەڕوو، بۆ ئەمەش بەشییکی دیار لە مەبەستەکانی شیعری کوردییان بڵاوکردۆتەوە.

٥- داستانە شیعر وەک بەشێکی گرنگیی ئەدەبیاتی کوردی، گرنگیی خۆی هەیە لەم ڕۆژنامەیەدا و یەکێک لە داستانە شیعرە بەناوبانگەکانی ئەدەبیاتی کوردی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە داستانی (شیرن و خەسرەو)ە.

٦- ڕەنگدانەوەی ئامانجە فێرکاری و پەروەردەییەکان لە بەشێک لەو شیعرانەی لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراونەتەوە، هاندانی منداڵانی کورد بۆ فێربوون و بەدەستهێنانی زانست و زانیاری.

٧- وتار یەکێکە لەو ژانرانەی، کە لە ڕۆژنامەکەدا بایەخی زۆری هەیە، دەیان وتاری جۆربەجۆری تێدا بڵاوکراوەتەوە، وتارەکان زۆربەی لایەن جیاوازەکانی ژیانیان گرتۆتەوە.

٨- ڕۆژنامەی کوردستان گرنگیی زۆری بە زمانی کوردی داوە، سەرنووسەری ڕۆژنامەکە، هەر لە یەکەم ژمارەوە تا دواهەمین ژمارەی بەزنجیرە وتار دەربارەی ڕێزمانی کوردی، کاری بۆ شیکردنەوە و ناساندنی ڕێزمانی کوردی کردووە.

٩- ژمارەیەکی کەم لە چیرۆک لەنێو ئەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکراونەتەوە، ئەو چیرۆکانەشی، کە بڵاوکراونەتەوە بەشێکیان لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگاوە وەرگیراون، زمانی چیرۆکەکان سادە و ساکارن، زمانی هەقایەتی زاڵە بەسەر چیرۆکەکاندا.

١٠- دراما وەک نموونەی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە، چ بەشێوەی ژانری شیعر، یان ئەو شانۆنامانەی، کە بە شێوەی ژانری پەخشانی نووسراون، لە ڕۆژنامەکەدا چەند شانۆنامەک بڵاوکراوەتەوە.

١١- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەشێکی ڕۆژنامەکە پێکدەهێنێت، لەلایەن دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکەوە گرنگی پێدراوە، بەڵام لێکۆڵینەوەکان لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی سەرەتایین و نەگەیشتوونەتە ئاستی لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی زانستیانە.

١٢- دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە بایەخیان بە وەرگێڕان داوە، وەرگێڕانیش ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکانی گرتۆتەوە، سەرەڕای وەرگێڕانی چەندین بابەتی مێژوویی و سیاسی و بابەتی دیکەی پەیوەست بە لایەنی ڕۆژنامەگەرییەوە، هەروەها وەرگێڕانی بەشێکی شاکاری گەورەی ئەدەبی جیهانی چیرۆکی (هەزار و یەک شەوە)ی ئەنجامداوە.

١٣- ئەم ڕۆژنامەیە گرنگیی بە بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری وەک: (پەندی پێشینان، هەقایەت، گاڵتەوگەپ، مەتەڵ، گۆرانی) داوە و بایەخی ئەم ئەدەبەشی لە پێگەی ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەک زانیووە،

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:

### کتێب:


١- ئەریستۆ (٢٠١٠)، شیعر (پۆیەتیکا)، وەرگێڕانی: د. محەمەد کەمال، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢- ئەرەستۆ (٢٠١١)، هونەری شیعر، وەرگێرانی: عەزیز گەردی، چاپی دووەم، چاپخانەی کەنج، سلێمانی.

٣- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠٠٦)، ئەزموونی خوێندنەوە، چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٤- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٥- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، چابخانەی تاران، بڵاوکراوەی ناوەندی خەزەلنووس.

٦- ئەلرەحمانی، د. ئەحمەد (٢٠٢١)، تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و پراکتیزەکردنیان، وەرگێڕانی: پ.د. سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

٧- ئیسماعیل، نەسرین رەئووف (٢٠١٠)، ئەرکی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا ساڵانی (١٩٢٠-١٩٥٨)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٨- ئیسماعیل، نیعمە قەرەنی (٢٠١٢)، هونەری ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٩- الماضی، د. شکری عزیز (٢٠١٠)، تیۆری ئەدەب، وەرگێڕانی: پ.ی.د. سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

١٠- بەرزنجی، ئەحمەد سەید عەلی (٢٠٠٤)، سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح، کتێبی دووەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

١١- بەرزنجی، ئەحمەد سەید علی (٢٠١٠)، ئەدەبی منداڵان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٢- بەکر، د. محەمەد (٢٠٠٤)، پەخشانە شیعری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٣- بۆرەکەیی، سدیق (٢٠٠٨)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

١٤- بیمار، عبدالرزاق (١٩٩٨)، پەخشانی کوردی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکراوەی کوردی، بغداد.

١٥- پیرباڵ، د. فەرهاد (٢٠٠٠)، مەلا مەحمودی بایەزیدی یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کوردی، دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٦- پیربال، د. فەرهاد (٢٠٠١)، مێژووی شانۆ لە ئەدەبی کوردیدا- لە کۆنەوە تا ١٩٥٧، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٧- پیربال، فەرهاد (٢٠٠٥)، ڕەگوڕیشەکانی تازەبوونەوەی شیعری کوردی ١٨٩٨-١٩٥٨، چاپ و بڵاوکردنەوەی: دەزگای کوردستان، هەولێر.

١٨- حەسەن، شەوکەت مەلا ئیسماعیل (٢٠٠٩)، پەندی پێشینان و هەندێ زاراوەی کوردی – ئینگلیزی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

١٩- حسین، هەڤاڵ ئەبوبکر (٢٠٠٧)، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ژیان و ژیندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٢٠- حوسێن، د. هیمداد (٢٠٠٧)، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٢١- حوسێن، د. هیمداد (٢٠٠٨)، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٢٢- حوسێن، پ.د. هیمداد (٢٠٢٠)، ئەدەبی نوێی کوردی (لێکۆڵینەوە و رەخنەی پراکتیکی)، بەرگی یەکەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر، هەولێر.

٢٣- حوسێن، پ.د. هیمداد و نازم، سەنگەر (٢٠٢٠)، ئەدەبی جیهانی چەمک و مێژوو و ئارێشەکان، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر، هەولێر.

٢٤- خاتەمی، محمود (٢٠١٣)، سەرەتایە لەسەر فەلسەفەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: سەعید کاکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢٥- خاڵ، شێخ محەمەدی (٢٠٠٠)، پەندی پێشینان، چاپی سێییەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢٦- خانی، ئەحمەدی (١٩٧٩)، نوبهارا سەیدایێ مەزن، کۆکردنەوەی (صادق بهاالدين الاميدى)، چاپی یەکەم، چاپخانەی الجمح العلمی الكردى.

٢٧- خەزنەدار، د. مارف (٢٠٠١)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢٨- خەزنەدار، د. مارف (٢٠٠٥)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٢٩- خەزنەدار، د. مارف (٢٠٠٦)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٣٠- دەوڵەت، د. مەریوانی عومەر (٢٠١١)، سیما و خەسڵەتی کارەکتەر لە کورتە چیرۆکی کوردی نێوان (١٩٢٥-١٩٥٠)دا، چاپخانەی دیلان، سلێمانی.

٣١- دزەیی، علی فەتاح (١٩٨٥)، نەوبەهاری خانی و ئەحمەدی شێخ مارفی نۆدی، لێکۆڵینەوە و بەراورد کردن، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.

٣٢- رسول، د. شوکریە (١٩٨٧)، زمان و ئەدەبی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٣٣- رسول، د. شوکریە (١٩٨٩)، ئەدەبی کوردی و هەنەرەکانی ئەدەب، زانکۆی سەلاحەددین، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر.

٣٤- رسول، د. شوکریە (١٩٩٧)، ڕێگاکانی کاری مەیدانی فۆلکلۆری کوردی، هەولێر.

٣٥- ڕەئووف، دانا (٢٠١٥)، تیۆرەکانی دەرهێنانی شانۆیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

٣٦- ڕەسوول، د. عیزەدین مستەفا (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٣٧- ڕەسوول، پ.د. عیزەدین مستەفا (٢٠١٢)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

٣٨- ڕەشید، د. فۆئاد (٢٠١٨)، میتۆدۆلۆژی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٣٩- سۆران. ح. س (٢٠٠٩)، ویژە و فۆلکلۆری کوردی.

٤٠- سجادی، علاءالدین (٢٠٠٠)، مێژووی پەخشانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٤١- سججادی، عەلائەددینی (١٣٩٣)، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە.

٤٢- سەججادی، عەلائەددین (٢٠٢١)، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە.

٤٣- شەمیسا، د. سیروس (٢٠١٨)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، وەرگێرانی: هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم، چاپی یەکەم، ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٤٤- شوان، د. ابراهیم احمد (٢٠١٢)، ئەدەبی کۆنی کورد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٤٥- عەبدوڵلا، د. ئیدریس (٢٠١٤)، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆریی، بەرگی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٤٦- عەبدوڵلا، د. ئیدریس (٢٠١٤)، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆریی، بەرگی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٤٧- عەزیز، یۆئیل یوسف و ئەلواستی، د. سەلمان داوود و ئەلنەجم، عەبدول وەهاب (؟)، وەرگێڕانی ئەدەبی، وەرگێڕانی: غازی فاتع وەیس، بەشی کوردی، کۆلێژی ئاداب، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٤٨- عەولا، عەبدوڵڵا رەحمان (٢٠١١)، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٤٩- عومەر، د. موحسین ئەحمەد (٢٠٠٥)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و بڵاوکردەوەی ئاراس، هەولێر

٥٠- عومەر، د. موحسین ئەحمەد (٢٠١٢)، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

٥١- قەرەنی، ئەحمەد (٢٠٠٧)، شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا- نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٥٢- کۆمەڵێک نووسەر (٢٠٠٩)، سەرنجێک لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٥٣- کۆمەڵێک نووسەر (٢٠٢٠)، فەلسەفەی ئەدەب، وەرگێڕانی: د. هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر، سلێمانی.

٥٤- کۆمەڵێک نووسەر (٢٠٢١)، کورتە چیرۆک و مەرجە هونەرییەکانی، وەرگێڕانی: سەنگەر زراری، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای فام.

٥٥- گەردی، عەزیز (١٩٨٧)، پەخشانی کوردی، بەشی کوردی- کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدیدین.

٥٦- گوڵ عەنبەری، ڕاستگۆ خلیل (٢٠١١)، پەندی پێشینان لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند.

٥٧- مەلازادە، د. ڕێبوار محمد (٢٠٢٠)، تیۆری ئەدەبی دەقی شیعری کوردی لە تیۆری ئەدەبیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

٥٨- مەلازادە، د. ڕێبوار محمد (٢٠٢١)، زانستی دەق لە ئەدەبدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

٥٩- مەنتک، د. حەمە (٢٠١٩)، چەشە و چەشنە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەم و زین، هەولێر.

٦٠- مەولود، د. ڕێزان ساڵح و نازم، سەنگەر (٢٠١٨)، ژانرە ئەدەبییەکان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر، هەولێر.

٦١- محەمەد، کەمال ڕەئووف (٢٠٠٤)، ئەدەبی نامەنووسینی کوردی، جزمی: یەک، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٦٢- محەمەد، سمکۆ (٢٠٢٠)، ژانرە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم.

٦٣- موکری، کامەران (١٩٨٤)، ئەدەبی فۆلکلۆری، بەشی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٦٤- موحدە، زیا (٢٠١١)، وتارنووسین، وەرگێڕانی: جمال محمدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٦٥- نوری ئەمین، محەمەد ئەمین محەمەد (٢٠١٧)، ژانرە ئەدەبییەکان (مێژوو- سەرهەڵدان- گەشەسەندن)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەزمر، سلێمانی.

٦٦- نۆدهی، شێخ مارف (١٣٩١)، لوغەت نامەی ئەحمەدی، چاپی نۆیەم، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە.

٦٧- هاڵبێرگ و دانەرانی تر، پیتەر (٢٠١٨)، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی، وەرگێڕانی: ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی سێییەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

٦٨- هەورامی، حەمە کەریم (٢٠٠١)، درامای کوردی لە ناو درامای جیهاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٦٩- هەورامی، حەمە کەریم (٢٠٠٧)، ئەدەبی منداڵانی کورد دوای ڕاپەڕین، بەرگی دووەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٧٠- وەلیانی، عەزیز (؟) ژیلەمۆ- ئاوڕێک لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی.

٧١- Hebeş, Hûsên, Bbn (١٩٩٩) ,Raperîna Çanda Kurdî Di Kovarê Hawarê de, Çapa dudiyê.

## نامەی ئەکادیمی:

١- ئەحمەد، نەوزاد عەلی (٢٠٠٠)، هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا ١٩٦١- ١٩٩١، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢- بەکر، هیمداد حوسێن (٢٠٠١)، ئەدەبی ڕۆژنامەنووسی سەردەمی کۆماری کوردستان، نامەی دکتۆرا، ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٣- طه، عبدالصمد اسلام (٢٠٠١)، ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا ١٩٣٢-١٩٤٣، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٤- حەسەن، یاسین ڕەشید (٢٠١٠)، ڕۆڵی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە بایەخدانی بە هونەرەکانی ئەدەبی کوردی ٢٠٠٠-٢٠٠٧، نامەی دکتۆرا، ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

٥- حەمەئەمین، باخان ئەحمەد (٢٠١٤)، شیعری چیرۆکئامێز لە ئەدەبی کەردیدا (بە کەرەسەی کرمانجی خوارو) سالآنی ١٩٩٠-٢٠٠٠، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٦- حوسێن، سالار عوسمان (٢٠٠٩)، وتارناسی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٧- عەبدولغەفوور، هەژار ئەحمەد (٢٠١٣)، روانینێکی رەخنەیی لەسەر نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٨- عەزیز، کەیفی محەمەد (٢٠٠٩)، ڕەخنەی درامی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا (باشوری کوردستان ١٩٧٠-١٩٩١)، نامەی ماستەر، ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

٩- غفور، عبدالصمد قادر (٢٠١٥)، ژانرەکانی ئەدەب لە گۆڤاری هەتاودا، نامەی ماستەر، ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٠- قاضی، ڕەوەند حمەجزا (٢٠٢١)، ئیستاتیکای وەسف لە چیرۆکە شیعرەکانی ئەنوەر قادر محەمەددا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١١- محەمەد، ئاریان ئیبراهیم (٢٠٠٤)، ڕۆژنامەی برایی- برایەتی (١٩٦٧-١٩٧٤) و ڕۆڵی لە پێشخستنی ئەدەب و رۆشنبیریی کوردیدا، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٢- محمد، محمد دلێر امین (١٩٨٩)، رۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٣- مستەفا، مستەفا سالَح (٢٠٠٨)، پەخشان لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا (١٩٢٦-١٩٣٢)، نامەی ماستەر، ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

## گۆڤارەکان:

١- حسێن، پ.ی.د. عطا رشید و حسن، پ.ی.د. مەریوان عمر (٢٠١٧)، دەقی هونەری ئۆپەریت لە گەشەسەندنی شانۆی کوردی ساڵانی حەفتاکان (داپیرەی زانا) وەک نموونە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ساڵی چوارەم، ژمارە (١٣)، کانونی یەکەمی (٢٠١٧).

٢- خەیات، ئاری عوسمان (٢٠١٥)، تیۆری ژانرە ئەدەبییەکان (گرفت، سەرهەڵدان، پێکداچوون و نەمان)، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢١٦).

٣- دەشتی، د. عوسمان (٢٠١٣) کێ لە پشت دەرکردنی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی تارانەوە بوو، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٤)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٤- دەوڵەت، مەریوان عومەر (٢٠٠٠)، میتۆلۆژیا و بەشێک لە خواوەندەکانی یۆنان و جیهانی کۆن، گۆڤاری هەڵوێستی نیشتیمانی، ساڵی سێیەم، ژمارە (٥).

## ڕۆژنامەکان:

١- ڕۆژنامەی کوردستان (١٩٥٩-١٩٦٣)، تاران، چاپخانەی اختر شمال، ئامادەکردن و لە چاپدانەوەی بنکەی ژین و ئەکادیمیای کوردی، (٢٠١٢)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

## چاوپێکەوتن:

١- سەججادی، د. عەدنان، چاوپێکەوتن لە بەشی فارسی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، لە ڕێکەوتی ١/ ٨/ ٢٠٢٢، کات (١٠)ی پێشنیوەڕۆ.

## سەرچاوە عەرەبییەکان:

١- - اسماعیل، د. عزالدین (٢٠١٣)، الآدب و فنونه: دراسة و نقد، دار الفكر العربى.

٢- الاسدى، حیدر على (٢٠١٩)، تداخل الاجناس الادبية واثرها الجمالى فى النص المسرحى العربى، الطبعة الآولى، دار امجد للنشر والتوزیح.

٣- الراجحى، د. عبده (٢٠٠٧)، محاضرات فى الآدب المقارن، دار النهضة العربية، بيروت – لبنان.

٤- المحمودى، احمد عبسى (٢٠١٧)، مجلة العلوم الانسانية.

٥- جراإت، د. رائد وليد (٢٠١٢)، حكايات ((الجارية توود)) من كتاب آلف ليلة و ليلة: قرادة نصية، مجلة جامعة دمشق، المجلد:٢٨، العدد (٣-٤).

٦- دوزه، متى (٢٠١٨)، تداخل الانواع الآدبية والفنية فى الكتابة الشعرية الجزائرية المحاصرة، آطروحة الدكتوراه، كلية الاداب واللغات، جامعة الاخوة منتورى - قسنطينة.

٧- ستالونى، ايف (٢٠١٤)، الآجناس الآدبية، ترجمة: محمد الزكراوى، طبعة١، توزيع: مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

٨- سومية، بوفركاس و آنفال، لعرباوى (٢٠٢٠)، تداخل الانواع الآدبية فى رواية نسيان com لآحلام مستغانمى، جامعة آكلى محند آولحاج- البويرة، جزائير.

٩- شريف، عبدالعزيز (١٩٩٢)، الآدب الفكاهى، طبعة١، الشركه المصرية العالمية للنشر والتوزيع، لونجمان.

١٠- مصطفى، د. فائق و على، عبدالرضا (١٩٨٩)، فى النقد الآدبى الحديث، منطلقات و تطبيقات، وزارة التعليم العالى، جامعة موصل، طبعة١، دار الكتب للطباعة والنشر.

١١- مندور، د. محمد (٢٠٠٦)، الآدب و فنونه، الاداره العامة للنشر، الطبعة الخامسة.

١٢- نجم، محمد (١٩٩٦)، فن المقالة، دار الثقافه، ط٣، بيروت.

١٣- ندا، د. طه (١٩٩١)، الادب المقارن، دار النهضة العربية، بيروت، لبنان.

١٤- هلال، د. محمد غنيمى (١٩٩٧)، النقد الآدب الحديث، دار النهضة العربية مصر للطباعة والنشر.

١٥- هلال، د. محمد غنيمى (؟)، الآدب المقارن، دار النهضة العربية مصر للطباعة والنشر، القاهرة.

١٦- ويلك، رينية (١٩٨٧)، مفاهيم نقدية، ترجمة: د. محمد عصفور، الطبعة الاولى، عالم المعرفة.

## سەرچاوە فارسییەکان:

١- تقی، پورنامداريان (١٣٨٦)، انواع ادبی، مجله علوم ادبی دانشگاه قم، سال ١، شماره ٣.

٢- سيماداد (١٣٩٠)، فرهنگ اصطلاحات ادبی، چاپ پنجم، انشرات مرواريد، تهران.

## الملخص

الأجناس الأدبية من المصطلحات الأدبية المعاصرة الّتي تحمل معان متعدّدة منها: (الشكل، النوع، الصنف، المادة الأدبية)، وهذا يعني أنّ هذا المصطلح يتضمن جميع القوالب الفنية الّتي لجأ إليها الشعراء للتعبير عمّا في داخلهم.

في الزمن القديم (الكلاسيك) وعلى أساس نظافة الجنس تمّ رسم الحدود بين الأجناس الأدبية واضحة، وبشكل من الأشكال هناك نوع من الحرية للأجناس، ولكن في المراحل التي أتت بعده قد أُخترقت هذه الحدود وتم تخليط الأجناس الأدبية، فأصبحت مدمجة وضيّعت هذه الحرية امتلكتها سابقا.

وعلى سبيل المثال (القصة الشعرية أو النثر) جمع بين مميّزات جنسين مختلفين من الأجناس الأدبية أو الأكثر في جنس أدبي جديد واحد، إحدى الصحف الّتي اهتمّت كثيرا بالأدب عموما وبالأدب الكوردي خصوصا حيث اختصّت أكثر صفحاتها لهذا المقصد، هي صحيفة (كوردستان) والّتي كانت تصدر في مدينة طهران باللغة الكوردية وباللهجات الكوردية المختلفة، واهتمامنا لهذه الصحيفة يرجع إلى عدم اهتمام الباحثين بها إذ لم نجد قيام أحد منهم بالبحث في منشوراته الأدبية، في حين أنّ إصدارها دام لمدّة ٤ أعوام ووصل أعدادها إلى ٢٠٩ عدد، ومن خلالها قامت الصحفية باهتمام بالغ بالشعر والأجناس الأدبية المختلفة، وقد أُصدر عددها الأول بتأريخ ٦/ ٥/ ١٩٥٩ وآخر عددها أُصدر في ٢٩/ ٥/ ١٩٦٣، وقد لاحظنا أنّها في عمرها المحدود اهتمّت بالشعر بالغ الاهتمام مقارنة بجميع الأجناس الأدبية ومع ذلك لم تنس الاهتمام بالأجناس الأدبية الأخرى، بل لكلّ منها مكانة تليق بها في الصحيفة.

هذه الدراسة معنونة بـ (انعكاس الأجناس الأدبية في صحيفة كوردستان الطهرانية ١٩٥٩-١٩٦٣) تمّ تقسيمها على ثلاثة أقسام فضلا عن مقدمة ونتائج وقائمة المصادر،

فأمّا القسم الأول ففيه تناولت مصطلح الأجناس الأدبية (النشأة والتطور)، ومن خلاله أتيت بوجهة نظر يونان القديم للجنس الأدبي ومفهوم نظرية التقليد وتقسيم الأجناس الأدبية ودمجها مع البعض، كما تناولت هذه الجوانب كلّها في الأدب الكوردي.

وأمّا القسم الثاني تمّ تقسيمه على جزأين، فأمّا الجزء الأوّل تمّ تخصيصه لتعريف صحيفة كوردستان الطهرانية، وعرض الأشكال الأساسية للشعر في الصحيفة استعانة بالأشعار المنشورة فيها، وأمّا الجزء الثاني تم تخصيصه لعرض الأجناس الأخرى المنشورة في الصحيفة نفسها.

وفي القسم الثالث والأخير تم تناول أنواع النثر المنشورة في الصحيفة، إضافة إلى تقديم بداية نظرية لكل واحد من هذه الأنواع التي تم عرضها خلال الدراسة، وكل هذا في أربعة أجزاء، فالجزء الأول تم تخصيصه لذكر لمفهوم الخطاب وأسسه وأجناسه وأنواعه، وفي الجزء الثاني تناولت القصة والتمثيل اللّتان عُرضتا على شكل نثري أدبي، وفي الجزء الثالث عرضتُ الدراسات والرسائل والسيرة الأدبية، كما قد تناولت في الجزء الرابع والأخير الأجناس الأدبية الفولكلورية.

وأخيرا أتينا بقائمة المصادر والمراجع اعتمادا على ترتيب الأبجدية الكوردية.

## Abstract:

The term genre in the field of literature means: (shape, type, genre, race, literary element), meaning the concept of genre includes all the artistic frames and patterns that poets and writers use to mold and express their minds and emotions. In the old classical era, based on the purity of genres, the boundaries between literary genres were clearly defined, generally there was a kind of independence of genres, but in the later stages the boundaries between genres were crossed and genres were mixed. With going into each other, genres were losing their sanctity and independence, for example, the genre (poetry stories or poetry prose) is a collection of characteristics of two genres or more within a new literary genre, one of the newspapers that has paid great attention to Kurdish literature and literary genres in general, A large part of the newspaper's issue is dedicated to publishing this purpose, including the Kurdistan Newspaper, which is published in Tehran in Kurdish dialects and different kurdish-language sub dialects. One of the importances for pointing on this newspaper is that, so far, no researcher has done independent research on the genres in this newspaper, which has lasted for more than four years. The newspaper was in its ٢٠٩th issue, the newspaper was in great importance to the genre of poetry. The newspaper's first issue was published on May ٦, ١٩٥٩, and the last was published on May ٢٩, ١٩٦٣. This means that the Kurdistan newspaper has paid more attention to the genre of poetry than any other genre of literature during its years of life. Poetry has its own position and importance in this newspaper, but the prose genres, however, make up a significant part of the genres in the newspaper, and have an important role in the newspaper.

This research, entitled "Reflection of Literary Genres in The Kurdistan Newspaper of Tehran ١٩٥٩-١٩٦٣", is divided into an introduction, three sections, results, and sources, in the first part, introducing the concept and term "emergence and development". We have presented, divided into several parts, the views of ancient Greek literature on genres, concepts and pioneers of the theory of imitation, classification and integration of literary genres have been presented, as well as the emergence and classification of genres in Kurdish literature. In the second part, divided into two parts, the introduction of tehran's Kurdistan newspaper in the first year featured the original genres of poetry in the kurdistan newspaper as an example of poetry in the newspaper, and in the second year other types of poetry were

presented in the newspaper. In the third part, the prose genres presented in the newspaper, presenting a theoretical beginning for each of the genres discussed in the research, by dividing them into four sub parts. In the first year, the concepts, principles, and races of the article and the types of articles were presented in the Kurdistan Newspaper, as well as in the second sub part, fables and theatre were presented in the form of prose. In the third sub part, we presented research, letters and literary biographies, and folklore genres were presented. In the fourth sub part, The sources have been organized and separated according to the Kurdish alphabet and to the language forms and rules

# پاشکۆ

## ئاماری ژانرە ئەدەبییە بڵاوکراوەکانی نێو ڕۆژنامەی (کوردستان)ی تاران (١٩٥٩-١٩٦٣)

شیعر پانتاییەکی فراوانی لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا داگیر کردووە و گرنگی زۆری پێدراوە، لەم ڕۆژنامەیەدا سەدان پارچە شیعری شاعیرانی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە ژمارەی ئەو شاعیرانەی شیعرەکانیان بڵاوکراونەتەوە زیاتر لە (١١٩) شاعیر، واتە شاعیر هەیە تەنیا یەک شیعری بڵاوکرەوەتەوە، بەڵام چەندین شاعیریش هەیە کە بەشێک لە دیوانەکەی بڵاوکراوەتەوە.

کۆی گشتی ژمارەی ئەو پارچە شیعرانەی، کە بڵاوکراونەتەوە بریتین لە (١٤٢٢) پارچە شیعر، لەگەڵ دوو داستانە شیعر، هەروەها بڵاوکردنەوەی بەشێک لە دیوانی شاعیران و مەولوودنامە و بابەتی دیکەی ئەدەبی بە شیعر، هەروەها ڕۆژنامەکە گرنگی و بایەخی بە شیعری هەموو سەردەم و قۆناغەکان داوە، واتە هەر لە شاعیرە سەرتاییەکان و کلاسیکییەکان تا دەگاتە شاعیرانی سەردەمی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە شیعریان لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە، ئەمە جگە لە بڵاوکردنەوەی شیعری شاعیرانی هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان.

هەروەها لەم ڕۆژنامەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە ژانرە پەخشانییەکانی تێدا بڵاوکراوەتەوە، بەتایبەت وتار، کە زیاترن لە (١٢٦) وتاری جیاوازی تێدا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها چەندین کورتە چیرۆک و نامەی ئەدەبی و جۆرەکانی دیکەی ئەدەبی تێدا بڵاوکراونەتەوە، لەگەڵ زیاتر لە (٧٣٩) پارچە لە ژانرە جیاوازەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری تێدا بڵاوکراوەتەوە.

| بابەت | ژمارە |
|---|---|
| شیعری لیریکی | ١١٥٩ |
| شیعری داستانی | ٢ |
| شیعری درامی | ٩ |
| شیعری فێرکاری | ٧ |
| ژانرە شێوە بنەڕەتییەکانی شیعر | ١١٧٧ |
| شێوەکانی دیکەی شیعر | ٢٣٩ |

| | |
|---|---|
| کۆی گشتی ژانری شیعر | ١٤١٦ |
| وتار | ١٢٦ |
| چیرۆک | ١٠ |
| چیرۆکی وەرگێڕدراو | ١ |
| پەخشانی هونەری | ١٨ |
| شانۆنامە | ٢ |
| لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | ٨ |
| نامەی ئەدەبی | ٤ |
| ژیاننامە | ١٤ |
| ژانرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر | ٧٣٩ |
| کۆی گشتی ژانرە پەخشانییەکان | ٩٢٢ |

کەواتە ژانری شیعر لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی تاراندا، لە هەموو ژانرەکانی دیکە، زێتر بڵاوکراوەتەوە و هەر بەواتە ڕێژەکەی زێترە.